# بەرەو دیمەشق



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی
**دانا ڕەئووف**

ئۆگۆست ستریندبێرگ

# بەرەو دیمەشق

وەرگێڕان لە سویدییەوە

خەبات عارف

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق



هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئۆگۆست ستریندبێرگ
بەرەو دیمەشق
وەرگێڕان لە سویدییەوە: خەبات عارف
پێشەکی – وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: فەرهاد شاکەلی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٧٨
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٧٨ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# پێشەکی

نووسینی: گوننار ئۆللێن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فەرهاد شاکەلی

سێیینە گەورەکەی ستریندبێرگ بەرەو دیمەشق گەلێک ڕاز و نهێن دەخاتە پێش ئەو کەسانەی کەمئەزموونن. گۆڕانی تایبەتیی حاڵەکانی، پێشانگەی کەسە تا نیوە ناڕاستەکانی، بەشە خەیاڵی و سەیرەکانی، هەموو ئەمانە پێکەوە، دەیکەنە کارێکی تا ڕادەی گێژکردن دەوڵەمەند، بەڵام تا ڕادەیەکیش ''زەحمەت.'' ناکرێ بۆ ئەوانەی حەزیان لە درامای ئاسانە یا ئەوانەی بۆ خۆخلافاندنی کاتەکی دەگەڕێن، ڕاسپێری [ی بینینی] بکرێن. بەرەو دیمەشق لەگەڵ توێژی سەراوی و ڕوواڵەتیی ژیانی مرۆڤدا خەریک نابێت، بەڵکە لەو قووڵاییانە دەتوێژێتەوە کە تێیاندا کێشەکانی خودا و مردن و ئەبەدییەت دەبنە واقیعی ترسێنەر.

گەلێ نووسەر، بێگومان، لەگەڵ قووڵترین کێشەکانی مرۆڤایەتیدا خەریک بوونە بێ ئەوەی، هەر لەبەر ئەو هۆیە، توانیبێتیان مەیلی ئێمە ڕابکێشن. ڕەنگە لە پێشکەشکردنی بابەتدا فەلسەفەیەکی یەکجار زۆر و هونەرێکی یەکجار کەم هەبووبێت، ڕاستییەکی یەکجار کەم و بەرزفڕینێکی یەکجار زۆر بەرەو بەرزایی و بەرەو ئاسمان. بەڵام دراماکەی ستریندبێرگ وا نییە. ئەم درامایە ڕێککەوتن و پاکتاوکردنێکی ڕوون و ئاشکرای چەند بابەتێکە لەنێوان تاکەکەسێکی ئاڵۆزکاو و دڵکێش نووسەر- و ڕابوردووی خۆیدا، دیمەنە ڕاستەقینەکانیش بە وردەکارییەوە لە ژیانی پڕ لە گۆڕانی خۆیەوە گوێزراونەتەوە.

لەبەر ئەوەیش، بۆ بە تەواوی تێگەیشتنی بەرەو دیمەشق پێویستە بە لای کەمەوە لایەنە گرنگەکانی ئەو پاشخانەی ژیانی ڕاستەقینە، کە دراماکەی لەسەر هەڵچنراوە، بزانرێت.

بەشی یەکەم و دووەمی سێیینەکە لە ساڵی ١٨٩٨دا نووسراون، بەڵام بەشی سێیەمی بڕێک دواتر خراوەتە سەر، ساڵانی ١٩٠٠-١٩٠١، ساڵی ١٨٩٨ ستریندبێرگ تەنیا نیواونیو لەو قەیرانە هەرە سەختە ڕزگاری بووبوو، کە یەکێک بوو لەو کۆمەڵە قەیرانەی دەبوو لە ژیانی پڕ لە کێشە و زەحمەتی خۆیدا پێیاندا تێپەڕێت. ئەو لە خراپترین قۆناغی تۆقین، کە بە شێوەیەکی ترسناک گەیاندبوویە نزیکی دواسنوورەکانی ئاوەز چاک بووبووەوە و وای هەست دەکرد کە ڕەنگە بتوانێت سەرلەنوێ چاو بکاتەوە و بە ئازادی هەناسە بدات. ئەو هێشتا لەو گوشارە ڕەوانییەی کاری تێدا کردبوو، دەرنەچووبوو، بەڵام گرژییە هەرە سەختەکانی دەروونی ئارام بووبوونەوە و هەستی دەکرد پێویستە چاوێک بەوەدا بگێڕێتەوە کە ڕووی دابوو، بەشە شاراوەکانی ژێر ئەزموونە لە ژماردننەهاتووەکانی خۆی کورت بکاتەوە و هەوڵ بدات هەڵیانسەنگێنێت. ئەنجامی ئەدەبیی ئەم حیساب و کیتابە لەگەڵ ڕابوردوودا بەرەو دیمەشق بوو.

دەکرێ بەرەو دیمەشق بە درامای ژنومێردایەتی، درامای ڕاز و نهێنی، یا درامای تۆبە و پەشیمانی و بادانەوە ناو ببرێت بەپێی ئەو سەنگینترییەی دەدرێتە ئەم یا ئەو لە تایبەتمەندییەکانی. ئەودەم

پرسیارێک سەر هەڵدەدات: ئەوە کامە لایەنی دراماکە بوو کە قووڵترین بایەخی بۆ نووسەر خۆی هەبوو؟ وەرام لە ناوی دراماکەدا دەدۆزرێتەوە، کە ئاماژەیە بۆ چیرۆکی نامەی حەوارییەکان لە بابەت سەفەرەکەی ''ساوڵ''ی ستەمگەر و گاڵتەکارەوە کە، کاتێ بە ڕێگاوە بوو بەرەو دیمەشق، خەونێکی ترسناکی بینی و بوو بە هۆی ئەوەی ''ساوڵ''ێک کە ڕقی لە مەسیح بوو، بگۆڕێت و ببێتە ''پاوڵوس''ی حەواری و نێردراوی کافرەکان. درامای ستریندبێرگ باسی پێشکەوتنی نووسەر دەکات تا دەگاتە تۆبە و پەشیمانی و ئەوە پێشان دەدات چۆن پلە بە پلە شتە دنیاییەکان، ناوبانگی زانستی و لە سەرووی هەموویشیانەوە ژن بەرەڵا دەکات و لە دواییدا، کە ئیتر هیچ شتێک نایبەستێت بەم جیهانەوە، سوێندی کەشیشی دەخوات و دەچێتە دێرێکەوە کە ئیتر لەوێ هیچ ئایینێک و شەریعەتێک فەرمانڕەوا نییە، بەڵکە مرۆڤایەتییەکی بیرفراوان و خەڵوەتنشینی کاریگەرە. هەرچۆنێک بێت، ئەوەی بەپێی هەستێکی ناوەکی، دراماکەی ستریندبێرگ لە چیرۆکەکەی ئینجیل جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە تۆبەکردنەکە خۆی –ئەگەرچی ئەوەی ڕێگەی بۆ خۆش دەکات، چ لە ڕووی لۆگیکییەوە و چ لە ڕووی دەروونییەوە بە شێوەیەکی باوەڕسازانە باس کراوە– سروشتی بڕیارێکی یەکجاری و لەگۆڕاننەهاتووی نییە، بەڵکە بە پێچەوانەوە بە جۆرێک دوودڵی و نادڵنیاییەوە وەسف کراوە. وەژوورکەوتنی نەناسراوەکە بۆ ناو دێرەکە، وەک دەرئەنجامێک هەستێکی وا دەدات کە بەشێکە لە پێکهاتەیەکی مەنتیقی. نووسەر پڕبەدڵ لەگەڵی نییە. بە کارەکانی دواتری ستریندبێرگدا ئەوەیش ڕوون دەبێتەوە کە بێگومان ئەو



قەیرانە سەختەی تێیدا دەژیا، گەیاندییە شکڵپێدانەوەیەکی تەواو و بە شێوەیەکی بنجبڕ بوو بە هۆی ئەوەی پشت لە شتی دنیایی بکات، کە بە ڕاستی بە ئارەزووی خۆی لێی چەشتبوو، و ڕوو بکاتە بابەتی خودایی. بەڵام ئەمە بەو مەعنایە نییە کە هەر لەوێدا و دەمودەست دینێکی تایبەتی قەبووڵ کردووە، مەسیحییەت یا هیی تر. بێگومان ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت لە تەفسیری نووسەر خۆی لەم بارەیەوە نزیکتر ببێتەوە، بەوەی کە بەرەو دیمەشق نەک وەک درامای تۆبە و پەشیمانی بناسێنێت، بەڵکە وەک درامای خەبات، وەک چیرۆکی زیارەت و حەجێکی پشوونەدەرانە و دژوار بەناو وەهم و خەیاڵاتی دنیادا بەرەو ئەو سنوورەی کە ئیدی لەودیویەوە هەتاهەتایی و ئەبەد لە ئاشتییەکی شکۆداردا پەخش بووەتەوە. ئەمە لە دراماکەدا وەک شاخێک وێنا کراوە کە لووتکەکانی دەگەنە سەرووی هەورەکان.

لەم دوایین پاکتاوکردنەی چیرۆکەکەدا، بابەتێک بایەخێکی سەردەستانەی هەیە، لە سەرتاپێی سێیینەکەدا جار لە دوای جار دووبارە دەبێتەوە؛ بابەتی ژن. ستریندبێرگ خۆی، بێگومان، وەک نووسەرێک لەبارەی ژنەوە ناوی دەرکرد؛ دڵڕەقانە وەسفی ڕقبوونەوە لە خۆشەویستی و ئەو دۆزەخەی کردووە کە دەکرێ ژنهێنان دروستی بکات، ئەو ئافەرێنەری ''بەرگرینامەی شێتێک'' و ''سەمای مەرگ''ـە، سێ جار ژنی تەڵاق داوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ژنی دەپەرست ـــ هاوکاتیش شەیتانانە ڕقی لە ڕەوشتی فریودەرانەی ژن بوو، کە بە هۆیەوە شکست لە دوای شکستی بەسەردا هات. هەر جارێک کە سەرلەنوێ تووشی عیشق دەبوو، خۆی لەگەڵ ''هێرکولێس''ی تایتاندا بەراورد دەکرد، کە شاژنە ئۆمفالێ بەسەر هێز و توانستیدا سەر

کەوت؛ ئۆمفالێ پێستی شێرەکەی ئەوی لە بەر دەکرد، کەچی ئەو دەبوو بە بەرگی ژنانەوە، بە دیار چەرخی خەڕەکەوە دابنیشێت. مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسانی تێبگات کە بۆ پیاوێکی خۆپەسەندی وەک ستریندبێرگ، دەبێ کێشەی پێوەندیی ئەو لەگەڵ ژندا ببێتە بابەتێکی هەرە بنەڕەتی و ژیاری کە هەموو حەج و زیارەتی دیمەشق بەستراوە بە چارەسەرکردنەکەیەوە.

ساڵی ١٨٩٨، کە بەشی یەکەم و دووەمی سێیینەکە نووسران، ستریندبێرگ دوو جار بوو ژنی هێنابوو؛ هەردوو ژنهێنانەکەیش نابەختەوەرانە گەیشتبوونە کۆتایی. لە ساڵی ١٩٠١دا کە دیمەنەکانی زەماوەندەکەی بەشی سێیەم نووسران، ستریندبێرگ تازە تووشی ئەزموونی شاگەشکەبوونی ئەوینێکی تازە بووبوو کە، هەرچۆنێک بێت، زۆری نەبرد تاریکی دایپۆشی. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە لە هەموو ژیانی هەستەکیی خۆیدا، ستریندبێرگ هونەرمەند بوو، هەر لەبەر ئەوەیش پیاوی وزە و تەوژم بوو، بە خۆبەخۆیی و سافیلکەیی و توندیی منداڵێکەوە. بۆ ئەو، خۆشەویستی هیچ پێوەندییەکی بە ڕێزگیراوی و حیسابکاریی دنیاییەوە نەبوو؛ حەزی دەکرد وەک هەورەتریشقەیەک بیری لێ بکاتەوە کە بە هێزێکی ڕووخێنەرانەوە لە مرۆڤە ئاساییەکان دەدات، وەک ئەو برووسکەیەی "زیۆس"ی توانا دەیهاوێشت. ئاسانە لەوە تێبگەین کە پیاوێک بەم میزاج و خووەوە هێندە بۆ ژیانی ژنهێنان دەست نادات، کە تێیدا فیداکاری و سەبری پیاوانە تاقی دەکرێتەوە. بێجگە لەوەیش هەرسێ ژنەکە خۆیشیان هونەرمەند بوون، یەکێکیان نووسەر، دووەکەی دیکەیش هونەرپیشە، هەموویشیان کەسانی ناودار بوون، پلەیەکی ویست و خۆپێشخەرییان



هەبوو، کە ئەگەرچی نەیدەتوانی بارتەقای ئەوەی ستریندبێرگ بێت، بەڵام دیسانیش دەیتوانی ناکۆکییەک بەرهەم بهێنێت سروشتی نەرمتر بێت لەوەی درامانووسی سوێدی.

لە سێیینەکەدا ژنی یەکەمی ستریندبێرگ، سیری فۆن ئێسن، کە ژنومێردایەتییەکەیان بەختەوەرترین و درێژخایێنترین بوو (١٨٧٧–١٨٩١)، لەویش زیاتر ژنی دووەمی، "فریدا ئوول"ی نەمساوی (ساڵانی ١٨٩٣–١٨٩٧ ژنی بوو) بوونەتە بابەت و ناوەڕۆکی وێنەی خانم. لە دیمەنەکانی ژنهێنانی بەختەوەرانەی بەشی سێیەمدا هەندێ یادەوەریی زەماوەندەکەی ستریندبێرگ، کە ئەودەم تەمەنی پەنجاودوو ساڵان بوو، لەگەڵ "هارییێت بۆسسە"ی هونەرپیشەی پەنجاوسێ ساڵیدا دەناسینەوە. ئەو ژنومێردایەتییە لە ١٩٠١ەوە تا ١٩٠٤ بەردەوام بوو.

کەسایەتیی خانم لە بەشی یەکەم و دووەمدا بە شێوەیەکی گشتی لە وێنەی هەندێ یادگاریی فریدا ئوول و ژیانی پێکەوەیان کێشراوە. ئەو یادەوەرییانە لە کاتی نووسینی درامایەکەدا تا ڕادەیەک تازە بوون. هەر لە سەرەتای شووکردنیەوە بە ستریندبێرگ ژیانیان پڕ بوو لە کێشە. لە پاییزی ١٨٩٢دا ستریندبێرگ لە کۆمەڵە دوورگەکانی ستۆکهۆڵمەوە باری کرد بۆ بەرلین و لەوێ ژیانێکی بۆهیمیانەی پڕ لە دەردیسەری دەژیا لەناو هونەرمەنداندا کە لە مەیخانەی "زووم شڤارتزەن فێرکەل: بۆ تووتکەبەرازی ڕەش" کۆ دەبوونەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٣دا ئاشنایەتیی لەگەڵ فریدا ئوولدا پەیدا کرد و دوای کۆمەڵێک کێشە و سەختی توانیی ڕۆژی دووەمی مانگی مایس زەماوەندەکەیان لە دوورگەی هێلیگۆلاند ڕێک بخات، چونکە لەوێ

قانوونی ئینگلیزیی ژنهێنان پێڕۆیی دەکرا، کە لە قانوونی ئاڵمانی کەمتر سەخت بوو. ڕەوشت و میزاجی عەسەبییانەی ستریندبێرگ هیی ئەوە نەبوو بەرگەی مانگی هەنگوینێکی هێمن و ئارام بگرێت؛ هەر زوو خۆی و فریدا لە ڕێگای هامبورگەوە ڕوویان کردە ''گرەیڤسئێند.'' ستریندبێرگ یەکجار نائارام بوو، لەوێیش نەمایەوە و چوو بۆ لەندەن. ژنەکەی لەوێ بەجێ هێشت تا وتووێژی بۆ بکات بۆ بەرهەمهێنانی شانۆنامەکانی، خۆیشی بە تەنیا چوو بۆ سێللین لە دوڕگەی ڕویگەن، دوای ئەوەی ناچار بوو لە هامبورگ ڕاوەستێت، چونکە پارەی پێ نەمابوو. ستریندبێرگ مانگی تەمموز لە ڕویگەن مایەوە و دوای ئەوە چوو بۆ ماڵی خەزوورانی لە مۆندسێ، نزیکی سالزبورگ لە نەمسا. بڕیار وا بوو لەوێ ژنەکەی ببینێت. بەڵام کە لە هاتندا لە لەندەنەوە چەند ڕۆژێک دوا کەوت، ستریندبێرگ خۆی پێ نەگیرا و چوو بۆ بەرلین، فریدا ئوولیش دوای ماوەیەکی کورت گەیشتە ئەوێ. لەو کاتانەدا بوو کە هەوڵ درا وەرگێڕانە ئاڵمانییەکەی ''بەرگرینامەی شێتێک'' ڕێی پێ بگیرێت کە گوایە ناڕەوشتانەیە. ئەم کتێبە وێنەیەکی بێڕووپۆش و چڕی شەخسیی یەکەم ژنهێنانی ستریندبێرگ پێشکەش دەکات و خۆی وای نیاز بوو تەنیا دوای مردنی بڵاو بکرێتەوە، وەک بەرگرییەک دژی ئەو تاوانبارکردنانەی ڕووبەڕووی دەکران، لەبەر هەڵسوکەوتی لەگەڵ سیری فۆن ئێسندا. ستریندبێرگ دوای ماوەیەک بێگوناهـ دەرچوو، بەڵام پێش ئەوە خەیاڵی زووگڕگرتووی تووشی هەژانێکی قووڵی کردبوو، ئەمەیش دەبووە هۆی خێراکردنی ئەو قەیرانەی وا پێ دەچوو نزیک دەبێتەوە.

دوای سەفەرێک بۆ بروین، کە ستریندبێرگ لەوێ کارە



زانستییەکەی خۆی، ''ئانتیبارباروس''ی نووسی، خۆی و ژنەکەی لە مانگی تشرینی دووەمدا گەیشتنە ماڵی باپیرە و داپیرەی فریدا ئوول لە گوندە بچکۆلەکەی دۆرناخ، ناوچەی دانووبی سەروو؛ بەوەیش ئاخری گەڕانەکانی ساڵی ١٨٩٣ گەیشتنە کۆتایی. ماوەی چەند مانگێک ئاشتییەکی ڕێژەیی لە ماڵە بچکۆلەکەی هونەرمەندەکاندا فەرمانڕەوا بوو، بەڵام لەدایکبوونی کچەکەیان، شێشتین، لە مانگی مایسدا، لەپڕ ئەم ئاسوودەیی و ئارامییەی بڕییەوە. ستریندبێرگ، کە لە ساڵی ١٨٨٠وە لە خەمۆکییەکی عەسەبیدا دەژیا، وای هەست دەکرد منداڵەکەی ئەمی خستووەتە لاوە، بە ئاسانی هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد لە ژینگەیەکدا، وەک لە کتێبی ''وەستای کەرەنتین''دا، کە ژیننامەی خۆیەتی، ئاوای باس کردووە: ''شتومەکی خۆراک، گوو، ئەو دایەنانەی وەک مانگای شیردەر دەعاملێنران، چێشتلێنەر و سەوزەی گەنیو.'' ئەو تاسەی پاکی و ئاشتیی دەکرد و لەو نامانەدا کە بۆ هاوڕێیەکی هونەرمەندی نووسیون، باسی چوون بۆ دێر و خەڵوەتخانە دەکات. بیری لەوەیش کردبووەوە کە خۆی یەکێک لە ئاردێننەس بدۆزێتەوە و بە دوورودرێژی لەسەر خشتەی بنەماکانی کارکردن و جلوبەرگ و نانخواردنی نووسیبوو. تاسەی دوورکەوتنەوە و حەزی هاوبەشی لەگەڵ هاوڕێکەی پاریسیدا (مۆسیقاژەنێک بوو ناوی لیۆپۆڵد لیتمانسۆن بوو) ستریندبێرگی ڕاکێشا بۆ پاریس و لە سەرەتای پاییزی ١٨٩٤دا لەوێ نیشتەجێ بوو. ژنەکەی چوو بۆ لای، بەڵام لە کۆتاییی پاییزدا دیسان بەجێی هێشت. بە ڕاستی ستریندبێرگ لەم کاتەدا تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەوە نەدەشیا لەگەڵی بژیێت.

بیری شێتانەی ڕاونان و ورێنە داگیریان کردبوو، گومانی نەخۆشانەیشی سنوورێکی نەبوو. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەو نیوەهۆشیاری ئەوە بوو کە هەڵەیەک لە توانستە عەقڵییەکانیدا هەیە و لە سەرەتای ١٨٩٥دا، بە کۆمەکی کەشیشی سوێدی، بە ڕازیبوونی خۆی چوو بۆ نەخۆشخانەی سانکت لویس لە پاریس. لە کاتی ئەزموونە کیمیاییەکانیدا، کە دەیویست بە هۆیانەوە زێڕ بەرهەم بهێنێت، دەستی خۆی سووتاندبوو، لەبەر ئەوە دەبوو بۆ ئەوەیش بچێت بۆ چارەسەر بگەڕێت. لە نامەیەکدا لەبارەی ئەمەوە وەهای نووسیوە:

"دەچم بۆ نەخۆشخانە چونکە نەخۆشم، چونکە دوکتۆرەکەم بۆ ئەوێی ناردووم، چونکە پێویستیشم بەوەیە وەک منداڵێک ئاگایان لێم بێت، چونکە ڕووخاوم... ئەوەیش ئازارم دەدات و دڵتەنگم دەکات کە کۆئەندامی عەسەبیم داڕزاوە، ئیفلیجە، هیستیرییە..."

ستریندبێرگ پێشتر هەرگیز وەک ئەم ماوەیە لە پەرێشانیدا نەژیابوو، چ لە ڕووی فیزیکییەوە بێت یا عەقڵی. بە ئەعسابی ورد و خاشەوە، هەندێجار لەسەر کەناری شێتبوون، بێ هیچ بژێوێک و هۆیەکی مانەوە، بێجگە لەوەی کە دۆستەکان بۆیان پێکەوە دەنا، دوور لە ژنی دووەمی، کە دەستی پێ کردبوو بە ڕەسمی داوای تەڵاق بکات، دوور لە نیشتمانی خۆی و بێ هیچ ئومێدێک بە پاشەڕۆژ، هەموو ئەمانە گەیاندبوویانە قەیرانێکی قووڵی ئایینی.

بە هێز و توانستێکی ناعەقڵگیرانەوە لەوەدا سەر کەوت لەم قۆناغە سەختەدا ڕێگە بۆ خۆی بکاتەوە و بەو ئەنجامە سەرنجڕاکێشە گەیشت کە ئەو بۆهیمی و خوانەناس و گاڵتەکارەی جاران، وردەوردە وای لێ هاتبوو بە دڵنیاییی چەسپاوی پەیامبەرێکەوە سەر هەڵبداتەوە،



تەنانەت بچێتە قۆناغێکی تازەی داهێنانەوە، ڕەنگە لە جارانیش بەهێزتر. مرۆڤ ناتوانێت بیر لەوە نەکاتەوە کە پیاوێک بتوانێت سەر بکەوێت بەسەر قەیرانێکی ئاوەها ترسناکدا کە کۆمەڵێک ساڵی خایاندووە، وەک ئەمەی ستریندبێرگ، بە ئاوەزێکی نەڕووشاوەوە و تەنانەت بە هێزێکی زیادبووی ئافراندنەوە، لە ڕاستیدا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە سیستێمی ئەعسابی بە شێوەیەکی نائاسایی هەستەوەر بوو، دەبێ کەسێکی نائاسایی بەهێز بووبێت هەم لە ڕووی فیزیکییەوە و هەمیش لە ڕووی هۆش و ئاوەزەوە.

بۆ ئەوەی زۆر لە نزیکترەوە ئەوە دیاری بکەین کە شانۆنامەکە چ پێوەندییەکی ڕاستینی لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی ژیانی بێپێشووی ستریندبێرگدا هەیە، کە وێنەیەکی گشتیمان لەبارەیەوە خستە بەرچاو، دەبینین کە نووسەر تا ڕادەیەکی زۆر کەڵکی لە ئەزموونەکانی خۆی وەرگرتووە، بەڵام گونجاندوونی، کۆی کردوونەوە و شتی دیکەیشی خستوونەتە سەر، بە جۆرێک کە ئەنجامەکە تێکەڵاوییەکە لە ئەزموونی ڕاستین و لە خەیاڵ، هەر هەموویشی لە تەشکێکی هونەرمەندانەی زۆر بە وردی نەخشەبۆکێشراودا داڕێژراوە.

جارێ هەر لە سەرەتاوە ئەگەر تۆزێک لای بەشی یەکەمدا ڕابوەستین، ئاشکرایە کە گەڕان و هاتوچۆی خێرای نەناسراو و خانم لەنێوان گوشەی شەقامەکە، ژووری هۆتێلەکە، زەریا و ژووری گوڵڕەنگدا، پێکەوە لەگەڵ خەسوودا، بنەڕەتەکەیان زۆرجار بە ورد و درشتەوە- دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی و هەڵسوکەوتی شێتانەی ستریندبێرگ و فریدا ئوول. من هەندێ نموونە دەخەمە بەرچاو. لە کتێبێکی فریدا ئوولدا کە بۆ شووکردنی خۆی بە بلیمەتە سوێدییەکەی

تەرخان کردووە (هەندێ بەشی نایاب و کەموێنەیە بەڵام زۆریش پشتی پێ نابەستریێت) ئەوە دەگێڕێتەوە کە مانگی پێش شووکردنەکەی ژووری گرتبوو لە خانووی ژمارە یەکی شەقامی [Neustädtische Kirchstrasse]، لە بەرلین، کە ڕووبەڕووی کڵێسایەکی گۆتیک بوو لەسەر شەقامی دۆرۆتین [Dorotheenstrasse]، و کەوتبووە سەر چوارڕێیانی نێوان پۆستەخانەکەی سەر شەقامی دۆرۆتین و قاوەخانەی [زووم شڤارتزەن فێرکەل: بۆ تووتکەبەرازی ڕەش] لەسەر شەقامی ڤیلهێلم [Wilhelmstrasse]. وا دیارە ئەم دیمەن و ژینگەیەی بەرلین، ڕێکوپێک و هەر وەک خۆی لە دیمەنی پێشەکیی بەشی یەکەمدا بەرهەم هێنراوەتەوە، کە نەناسراو و خانم لە دەرەوەی کڵێسایەکی گۆتی، لە نزیکی پۆستەخانەیەک و قاوەخانەیەک، یەکتر دەبینن. دیمەنە شادیهێنەکانی کەنار زەریا، بێگومان، بیرەوەریی خۆشیبەخشی هێلیگۆلاندن [Heligoland]، و باس و وتووێژە زۆرەکان لەسەر مەسەلەی پارە، لە ناوەڕاستی مانگی هەنگویندا بە تەواوی ڕوونکەرەوەن کە بزانین درامانووس هەمیشە و بەردەوام گیرۆدەی کێشەی پارە بوو، ئەگەرچی هەندێجار پاداشتی گەورەیشی وەردەگرت و کە بزانین هەر ئەم نادڵنیاییە لە ڕووی دارایی و پارەوە یەکێک بوو لە هۆیە گرنگەکانی ئەوەی کە باوکی فریدا ئووڵ دژی ئەوە بوو کچەکەی شووی پێ بکات. هەروەهایش، دیمەنەکانی لادێ لە بەشی یەکەمدا، بیر دەگوێزنەوە بۆ ناوچە گرددارەکانی [گرداوییەکانی] دەوروبەری دانوب، کە پڕن لە دیمەنی خاچ و پەرستگاکانی پاکبوونەوە لە گوناهـ ، کە ستریندبێرگ لەوێ، لای خەزوور و خەسووی ژیا، لە مۆندسێ و لەگەڵ داپیرە و باپیرەی ژنەکەیدا لە دۆرناخ و لە گوندی



کلام کە لەو نزیکەیە و بە ئاش و ئاسنگەری و گەناوە تاریک و لێڵەکەی ناسراوە. ژووری گوڵڕەنگ ئەو ناوە بوو لەو ژوورەی نابوو کە ئەو دەمەی لەگەڵ خەسووی و کریستین (شێشتین)ی کچیدا لە کلام لە پاییزی ١٨٩٦دا تێیدا دەژیا، وەک خۆی لە کتێبی دۆزەخ [Inferno]دا، کە یەکێکە لە ژیننامەکانی، دەیگێڕێتەوە. بەم شێوەیە دەتوانین بەردەوام بین و پێشانی بدەین چۆن ئەو جێگایانەی لە دراماکەدا تووشیان دەبین، زۆربەی جار یەک دەگرنەوە لەگەڵ ئەو جێگایانەدا کە ستریندبێرگ سەری لێ داون لە ماوەی سەفەرەکەیدا لە ساڵانی ١٨٩٣–١٨٩٨دا. بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی لێرەدا جێگە نابێتەوە، ناتوانین شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلتر لەم بوارەدا پێشکەش بکەین.

ئەوەی کە نەناسراو دۆستی گیانی بە گیانیی ستریندبێرگە بە گەلێک شێوە ئاشکرایە، تەنانەت بە جیا لەو ڕاستییەی کە گەڕانەکانی نەناسراو لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، وەک پێشتریش بینیمان، ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە گەڕانەکانی ستریندبێرگ خۆیەوە هەیە. نەناسراو، وەک ستریندبێرگ، نووسەرە؛ ژیانی منداڵیی کە پڕ بووە لە ڕق، هەر ئەوەی ستریندبێرگە. وردەکاریی دیکە –وەک ئەوەی، بۆ نموونە، کە ئەنجومەنی کڵێسا ویستوویەتی منداڵەکەی لێ وەربگرێت و لێی دوور بخاتەوە، کە بە هۆی نووسینەکانیەوە تووشی دادگاییکردن، نەخۆشی، هەژاری، تاراوگە، تەڵاقدان بوو؛ کە بەپێی وەسفکردنی پۆلیس وا ناسێنراوە کەسێکە جێگایەکی هەمیشەییی نییە، داهاتی نادیارە؛ ژنی هێناوە، بەڵام ژن و منداڵی بەجێ هێشتووە؛ هەڵگری بیروباوەڕی ڕووخێنەرانەیە لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە (بە

هۆی کتێبی ژووری سوور، هەرێمی تازە و کاری دیکەوە ستریندبێرگ بوو بە ئالاهەڵگری گەورەی ڕادیکالەکانی سوێد لەو هەڵمەتەدا کە دەیانکرد دژی نەریتخوازی [conventionalism] و بیرۆکراسی)؛ کە هەستێکی وا دەگەیێنێت بە تەواوی هۆش و ئاوەزی خۆی پێ دابین ناکرێت؛ کە چاودێری منداڵەکانی لە دووی دەگەڕا چونکە پارەی کۆمەکی گوزەران (نەفەقە)ی نەدابوو– ئەمانە هەموو هاوشێوەی ئەزموونەکانی ستریندبێرگی بەدبەخت خۆین، بە هەموو شکستە تاڵەکانی ژیان و سەرکەوتنەکانی دنیای نووسینیەوە.

ئەو دیمەنانەی کە تێیاندا نەناسراو دڵنیا نییە ئەو مرۆڤانەی لە بەردەمی خۆیاندا دەیانبینێت، کەسانی ڕاستن یا نە –باسکی سواڵکەرەکە دەگرێت تا بزانێت ئایا کەسێکی ڕاستین و زیندووە– یا ئەو جارانەی کە وا پێ دەچێت خەونبین و بیرخوێنەرەوەیە –وەسفی مەتبەخەکەی ماڵی باوکی ژنەکەی دەکات بێ ئەوەی هەرگیز چاوی پێ کەوتبێت و بیرەکانی ژنەکانی پێ دەزانێت پێش ئەوەی دەریانببڕێت– بنەڕەتی قووڵی ئەمانە لە پێکهاتەی هۆشەکی و ئاوەزی ستریندبێرگدایە، بەتایبەت لە ماوەی گوشارەکەدا لە ناوەڕاستی ١٨٩٠ـەکاندا، کە بە قۆناخی دۆزەخ ناودێر کراوە، چونکە لەو کاتەدا ستریندبێرگ پێی وا بوو لە جەهەننەمدا دەژی. شاگردی هەرە ناسراوی ستریندبێرگ، پرۆفیسۆر مارتین لام [Martin Lamm] لە کتێبەکەیدا لەسەر دراماکانی ستریندبێرگ لەم ڕووەوە دەنووسێت:

"بۆ تێگەیشتنی بەشی یەکەمی بەرەو دیمەشق دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کە نووسەر هێشتا لە خەونە ترسناکەکان و وڕێنەکانی ڕاونران ڕزگاری نەبووبوو. ئەو دەتوانێت بە شێوەیەکی هونەرمەندانە یارییان



پێ بکات، هەندێ جار وا هەست دەکات پێی خۆشە بیانکاتە جەفەنگ، بەڵام هێشتایش بۆ ئەو "نیوچەڕاستییەکی ترسناک"یان تێدا بوو. ئەمەیە کە دراماکە دەکاتە درامایەکی هێندە گێژکارانە، بەڵام هاوکاتیش هێندە بەهێز و کاریگەر. دواتر، کاتێ وەسفی حاڵەتی خەونبینین دەکات، ئاوێتەیەکی فێڵبازانە لە واقیع و شیعر دەئافرێنێت. ئەو کاری هونەریی دڵپەسەند و جوانی دیکە بەرهەم دەهێنێت، بەڵام چیی تر ئەو هەستەی نیگەرانی و دڵتەنگییەی ڕۆحێک نادات کە بۆ خۆڕزگارکردن لە تۆڕی بڕوا چەسپیوەکان تێدەکۆشێت."

بە سیستێمی یەکجار هەستەوەرانەی ئەعسابەوە، ستریندبێرگ، وەک نەناسراو، بەڕاستی ئەو هەستە دەدات کە کەسێکی خەونبین بووە. بۆ نموونە، هاوڕێی نووسەری، ئالبێرت ئێنگستروێم، ئەوەی گێڕاوەتەوە چۆن ئێوارەیەک، کە لە دەرەوەی ستۆکهۆڵم لە کۆمەڵەدوڕگەیەک بوون، دوور لە هەموو شارستانەتییەکەوە، لە پڕ ستریندبێرگ هەستی کردووە کە کچە بچکۆلەکەی نەخۆشە و ویستوویەتی هەر یەکسەر بگەڕێتەوە بۆ شار. هەر وایش بوو، دەرکەوت کە کچەکە ڕێک لەو کاتەدا کە ستریندبێرگ هەستی پێ کردبوو، نەخۆش کەوتبوو. هەرچی بیرخوێندنەوەیە، وا دیارە بە بچووکترین گۆڕانی دەربڕین و زۆر جاریش بێ هیچ هۆیەکی دیار و ئاشکرا، ستریندبێرگ دەیتوانی ئەنجامگرییەکی ڕوون هەڵهێنجێنێت، هێندە ڕوون وەک بڵێی لە وشەیەکی دەربڕدراو یا کردارێکەوە دەستی کەوتبێت. دەبێ ئەمە لە بیری خۆماندا هەڵگرین کاتێک، بۆ نموونە، تاوانبارکردنەکانی ستریندبێرگ دژی ژنەکەی لە کتێبی بەرگرینامەی شێتێکدا هەڵدەسەنگێنین، ئەو کتێبەی خانم لە بەرەو دیمەشقدا

دەیویست بیخوێنێتەوە، ئەگەرچی نەناسراو قەدەغەی کردووە و دەبێتە هۆی ئەنجامی کارەساتئامێز. لە بەشی سێیەمی دراماکەدا ستریندبێرگ ڕێگە بە نەناسراو دەدات ئەم کێشەیەی بیرخوێندنەوە لەگەڵ ژنی یەکەمیدا بخاتە بەر گوتوبێژ. نەناسراو دەڵێ:

''ئێمە هەڵەیەکمان کرد کاتێ پێکەوە دەژیاین، چونکە یەکترمان بەوە تاوانبار دەکرد کە بیری بەد و خراپمان هەیە پێش ئەوەی ببنە کردار؛ ئێمە لە جێی واقیع، لە وەهمی ئاوەز و هۆشەکیدا دەژیاین. بۆ نموونە، جارێکیان من سەرنجم دا کە چۆن تۆ کەیفت بە نیگای ناپاکانەی پیاوێکی غەریب دەهات و تۆم بەوە تاوانبار کرد کە بێوەفایت''؛

خانمیش، بە گوێرەی دڵی ستریندبێرگ، وەها وەرامی دەداتەوە:

''تۆ لەوەدا هەڵە بوویت، ڕاستیش بوویت. چونکە بیری من گوناهبارانە بوو.''

لەبارەی کەسەکانی دیکەوە لە پێشانگای کەسایەتییەکانی بەشی دووەمدا، پێشتر ئەوەمان پێشان دا کە خانم لە هەموو وردەکارییەکاندا هاوشێوەی ئاشکرای ژنی دووەمی ستریندبێرگە؛ فریدا ئوول. وەک ئەو، خانم کاتۆلیکە، باپیرەیەکی هەیە، در. کۆرنێلیوس ڕایش –لە دراماکەدا پێی دەگوترێت پیرەمێرد– کە حەزی لە تەقەکردنە (تفەنگبازییە)؛ دایکێکی هەیە، مارییا ئوول، کە مەیلی بۆ ئاخاوتەی دینی هەیە، بە شێوەکەی ستریندبێرگ خۆی؛ وردەکارییەکی دیکە، ئەو ڕاستییەی کە تەمەنی هەژدە ساڵان بوو، کاتێ یەکەم جار پەڕییەوە بۆ کەنارەکەی ئەوبەر، تا ببینێت ئەوە چی بوو کزکز لەناو تەمە دوورەکەدا دەبریسکایەوە، لەگەڵ قسەیەکی فریدا ئوولدا یەک دەگرێتەوە کە لە دێرێکدا بووە و نەیتوانیوە لێی بچێتە دەرێ تا



گەیشتووەتە تەمەنی هەژدە ساڵ و نیو. لەلایەکی دیکەیشەوە، کەسایەتیی سەرەکیی دووەمی مێیینەی دراماکە لەگەڵ هاوشێوەکەی خۆی لە ژیانی ڕاستەقینەدا لەوەدا یەک ناگرێتەوە کە وا دادەنرێت پێشتر شووی بە دوکتۆرێک کردبێت، پێش ئەوەی ڕەدووی نەناسراو، واتە ستریندبێرگ، بکەوێت. لێرەدا هەندێ یادەوەریی یەکەم ژنهێنانی ستریندبێرگ نەخشێکیان هەیە.

سیری فۆن ئێسن، ژنی یەکەمی ستریندبێرگ، ژنی ئەفسەرێک بوو، بارۆن ڕانگەل. ئەم ژنومێردە لە ماڵەکەی خۆیاندا وەک دۆستێک بە خۆشەویستییەوە پێشوازییان لە ستریندبێرگ دەکرد. هەر زوو خۆشەویستی لە نێوان سیری فۆن ئێسن ڕانگەل و ستریندبێرگدا کڵپەی ستاند. سیری تەڵاقی لە مێردەکەی وەرگرت و شووی بە ستریندبێرگ کرد. بارۆن فۆن ڕانگەل ماوەیەکی کەم دوای ئەوەیە ژنێکی تری هێنا، کە ئامۆزای سیری فۆن ئێسن بوو. ئێمە کە ئەم پێچەڵپێچانەی ژنهێنان و شووکردنە بزانین، تێدەگەین کە دەبێ ستریندبێرگ هەستی بە چی کردبێت، کە ئەو جارەی، لە کاتێکدا دەیویست بچێت بۆ هێلیگۆلاند بۆ خواستنی فریدا ئوول، چاوی بە مێردی پێشووی ژنی یەکەمی (سیرین فۆن ئێسن)، واتە بارۆن ڕانگەل، کەوت لە وێستگەی لێرتەر لە بەرلین و بۆی دەرکەوت کە ئەویش، وەک ستریندبێرگ، خەریکی کاروباری عیشق و دڵدارییە. کە هەموو ئەم شتانە بزانین، پێویست ناکات پێوەندییە یەکجار پێچەڵپێچەکانی ژنهێنان و شووکردنی ناو بەرەو دیمەشقمان پێ سەیر بێت، کە، بۆ نموونە، دوکتۆر، لەبەر خاتری نەناسراو، خانم تەڵاق دەدات، بۆ ئەوەی یەکەم ژنی نەناسراو بخوازێت. بێجگە لە بارۆن

ڕانگەل، دوکتۆرێک لە شاری ئویستاد، لە باشووری سوێد –در. ئیلیاسسۆن کە چاودێریی ستریندبێرگی دەکرد لە ماوەی هەرە زەحمەتدا– بووەتە مۆدێل بۆ دوکتۆر. ئێمە بە تایبەت سەرنجی ئەوە دەدەین کە وەسفی ماڵەکەی دوکتۆر، کە لە سێ لاوە دەورەی حەوشێکی داوە، لەگەڵ ئەو جۆرە خانووسازییەی بەتایبەت هیی ناوچەی باشووری سوێدە یەک دەگرێتەوە. کاتێ دوکتۆر دڵڕەقانە بۆ نەناسراوی ڕوون دەکاتەوە کە تیمارخانەکە، "کۆمەکی چاک،" نەخۆشخانە نییە، بەڵکە شێتخانەیە، ئەو هەر گومانەکانی ستریندبێرگ خۆی دەردەبڕێت کە نەخۆشخانەی سانکت لویس، وەک لە سەرەوە باس کرا، ستریندبێرگ لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٥دا لەوێ خەوێنرابوو، بەڕاستی دەکرا بە شێتخانەیەک دابنرێت.

تەنانەت کەسایەتییە لاوەکییەکانیش، وەک سێسار و سواڵکەرەکە، لە ژیانی ڕاستەقینەدا هاوشێوەی خۆیان هەیە، ئەگەرچی بە گشتی ئافەریدەی خەیاڵکردن و بەرهەمی بیری خۆین. چاودێرەکەی شێشتینی کچی، کە خزمێکی فریدا ئوول بوو، ناوی در. سێسەر ڕ. ڤ. ڤێیر بوو. هەرچی سواڵکەرەکەیشە ڕەنگە ئەوە بەس بێت قسەیەکی ستریندبێرگ بگوێزینەوە کە هەستی چۆن بوو کاتێ ڕووبەڕووی گەلەکۆمەی برادەرانی پاریسی بووەوە:

"من سواڵکەرێکم مافی ئەوەی نییە بچێت بۆ قاوەخانەکان. سواڵکەر! وشەی ڕاست ئەوەیە؛ لە گوێیەکانمدا دەزرنگێتەوە و سوورییەکی سووتێنەر دەخاتە سەر گۆناکانم، سووریی شەرم، نزمی و توورەیی!

"کە بیر لەوە دەکەمەوە شەش حەفتە لەمەوپێش لای ئەم مێزەدا



دانیشتبووم! بەڕێوەبەری شانۆکەم پێی دەگوتم مامۆستای خۆشەویست؛ ڕۆژنامەوانەکان هەوڵیان دەدا دیدارم لەگەڵ بکەن، وێنەگرەکان دەپاڕانەوە ڕێگەیان بدەم وێنەم بفرۆشن. ئێستایش: سواڵکەرێکم، پیاوێکی داخکراو، دەرکراوێک لە کۆمەڵگە!"

دوای ئەمە دەتوانین تێبگەین بۆچی ستریندبێرگ لە بەرەو دیمەشقدا بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی سەرسووڕهێن کەوتووەتە ناو ئەو گومانەوە کە خۆی سواڵکەرەکەیە.

وەک بینیمان، بەشی یەکەمی بەرەو دیمەشق هاوکاتیش ئافراندنێکی ئازادانەی خەیاڵ و درامایەکی وێنەدارانەیە. ڕەگەزەکانی ڕیالیزم ئاشکرایەکی زبر و بەهێزن، بەڵام وا داڕێژراون و چەکوشکاری کراون کە ببنە کارێکی هونەری، بە هێزی خەیاڵی پێکهاتەیی کە زۆر بۆ سەرووتری ئەرکی ڕیالیزمێکی وەسفکارانە بەرز دەبێتەوە. دیمەنەکان بە زنجیرەیەکی ژمێردراو خۆ دەنوێنن تا دەگەنە وێنەی نەخۆشخانەی ناوەندی، لەوێوە بە ڕێکخستنێکی پێچەوانە بەناو نیوەی دووەمی دراماکەدا دەگەڕێنەوە و بەو جۆرەیش دەبنە سیمبۆل و نیشانەی خۆدووبارەکردنەوەی بەردەوامی ژیان، واتە دووبارەبوونە [Gentagelse]ەکەی کیرکەگۆرد [Kierkegaard]. یەکەم بەشی بەرەو دیمەشق ئەو بەشەیانە کە زۆر زیاتر لەسەر شانۆ بەرهەم هێنراوە. ئەمە شیاوی تێگەیشتنە، ئەگەر بیر بکەینەوە لە پێکهاتە و چنینە سفتەکەی و پتەویی باوەڕەکەی بە میهر و ڕەحمەتێکی خودایی کە بەختیاری و بەدبەختیی مرۆڤ بڕیار دەدات و ڕێنوێنی دەکات، جا ئیتر تاکەکەس بە توورەیی ڕاپەڕێت یا هێمنانە خۆ بە دەستەوە بدات و ملکەچ بێت.

بەشی دووەمی بەرەو دیمەشق پڕە لە دیمەنی خوان و میوانداریی کیمیاگەری گەورە، کە بە هەموو شتە نائاساییە خەیاڵکردەکانیەوە، یەکێکە لە هەرە پێشنیازدەرەکانی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئافرێنرابێت لە بابەتی کەونارای ناپایەداریی ساماندا. لە سەرەوە ئەوە پێشنیاز کرا کە دوو هۆکار هەبوون لە پشت هەموو ئەوانی دیکەوە کە ستریندبێرگیان بە دنیاوە دەبەست و وایان لێ دەکرد لە بەرانبەر دێر و خەڵوەتگادا دوودڵ بێت؛ یەکێکیان ژن بوو، کە لە بەشی دووەمدا خۆی لێ ڕزگار دەکات، دوای لەدایکبوونی منداڵەکە –ڕێک وەک ئەوەی لە هاوسەرێتییەکەیدا لەگەڵ فریدا ئوولدا ڕووی دا– ئەوی دیکەیش شەرەفی زانستی بوو، کە لە بەرزترین پایەیدا، بۆ ستریندبێرگ، هاوکێشی دەستەڵات و توانستی بەرهەمهێنانی زێڕ بوو. ئەو ئەزموونانەی ستریندبێرگ بۆ ئەم مەبەستە لە کەچە ئازمایشگاکانیدا دەیکردن لە ژماردن نەدەهاتن، بەڵام شکستهێنانەکانیشی لە ژماردن نەدەهاتن. بۆ نووسەری ناسراوی جیهان، شەرەفی ئەدەبی واتایەکی کەمی هەبوو لە بەرانبەر بچووکترین پێشبینیی ئەوەدا کە وەک زانایەکی ناودار و گەورە بناسرێت.

هاریت بۆسسە پێی وتم کە ستریندبێرگ کەمجار شتێکی لەبارەی کارە ئەدەبییەکانی خۆیەوە دەگوت، هەرگیز گوێی بەوە نەدەدا خەڵکانی دیکە کارەکانی وییان پێ چۆنە، خۆیشی ماندوو نەدەکرد ڕانانەکان بخوێنێتەوە؛ بەڵام لە سەرێکی ترەوە زۆرجار، بە چاوی درەوشاوە و شانازییەکی منداڵانەوە، تیلمە کاغەزی پێشان دەدا، کە سەرێکی هەندێ پەڵەی قاوەیی و زێڕینی پێوە بوون. دەیگوت ''بڕوانە، ئەمە زێڕی بێ غەل و غەشە و خۆم دروستم کردووە!'' بەڕاستی



بەرانبەر گاڵتەپێکردنی سەرسەختانەی شارەزایانی زانستی، ستریندبێرگ دەگەیشتە بێئومێدی لەبارەی بەهرە و توانستی خۆیەوە و هەستی دەکرد خەونەکانی سامان و دەوڵەمەندیی دەپووکێنەوە، هەروەک چۆن نەناسراویش لەو میوانداری و خوانە شکۆدارەدا کە لەسەر شەرەفی ڕێک خرابوو بە سەری هات –نان و خوانێک کە بە ڕاستی هاوڕێکانی پاریسی نەخشەیان کێشابوو، نەک، وەک ستریندبێرگ حەزی دەکرد بڕوا بکات، لەسەر شەرەفی زانای گەورە، بەڵکە بۆ نووسەری گەورە.

لە بەشی یەکەمی ڕێگای دیمەشقدا، نەناسراو بە دوودڵییەکەوە دەڵێ ''لەوانەیە'' کە خانم دەیەوێت بیبات بۆ کڵێسای پاراستن؛ لە کۆتاییی بەشی دووەمیشدا هاوار دەکات: ''وەرە، کەشیش، پێش ئەوەی پەشیمان ببمەوە''؛ بەڵام لە بەشی سێیەمدا بڕیارەکەی دوابڕیارە، دەچێتە ناو دێرەوە. هۆیەکەیشی ئەوەیە تەنانەت خانمیش لە دۆنی سێیەمیدا پێشانی نەداوە دەتوانێت لەگەڵ ژیاندا ئاشتی بکاتەوە. دیمەنەکانی ڕۆژی زەماوەندی هاریت بۆسسە و نووسەری بەتەمەن، کە تۆزێک پێشتر بوو، دەبنە لووتکەی بەشی سێیەم و لەو نووسینە هەرە دڵبزوێن و شیعرییانەن کە ستریندبێرگ لە هەموو ژیانیدا نووسیونی.

لەپاڵ ئەوەدا کە باوەڕی بە جۆش و خرۆشی خۆشەویستی دەپووکێتەوە، نەناسراو تووشی بێهومێدییش دەبێت کە دەبینێت منداڵەکەی ناتوانێت چاوەڕوانییەکانی ئەم بەدی بهێنێت. کۆبوونەوەی سیلڤیای کچ و نەناسراو ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ ڕووداوێکی لاوەکیی هاوینی ١٨٩٩، کە ستریندبێرگ، دوای دەرد و ڕەنجێکی چەندساڵە لە وڵاتانی بێگانە، چاوی بە دوڕگە بەردینە خۆشەویستەکانی سوێد

کەوتەوە و، چاویشی بە گرێتای کچی هەرە خۆشەویستی کەوتەوە. گرێتا لە فینلاندەوە هاتبوو بۆ لای باوکی. بە پێچەوانەی ئەوەی لە دراماکەدا گێڕدراوەتەوە، وا پێ دەچێت یەکگرتنەوەی باوک و کچ زۆر بەختەوەرانە و پڕ لە خۆشەویستی بووبێت. بەهەرحاڵ ئەوە لای ستریندبێرگی پلیشاوەی دەستی چارەنووس بووەتە خوویەک کە لە نووسینەکانیدا، تۆزێک ڕەنگی ڕەش تەنانەت لە خۆشترین بیرەوەرییەکانی هاوینیشی هەڵبسوێت. ڕەنگە تاریکەکانی سەر پالێتەکەی، هەتا دوایی، لە ڕەنگەکانی دیکە بەهێزتر بوون.

دواین وەژوورکەوتنی دێر زیاتر سیمبۆلێک بوو بۆ نووسەری تێکۆشاو کە خەونی بە ئاشتی و تۆبەکردنەوە دەبینی، نەک شتێکی ڕاستەقینە لە ژیانیدا. ڕاستە ئەو ساڵی ١٨٩٨ سەری لە دێری بێنێدیکتی مارێدسووس لە بەلژیک دابوو، کتێبخانە دەوڵەمەندەکەیشی ڕۆڵێکی تایبەتی لە دراماکەدا هەبوو، بەڵام هەر دوای ئەوەی شەوێکی لەوێ بردە سەر، تێگەیشت کە ژیانی دێر و کڵێسا دڵی ڕاناکێشێت.

ئەگەر بەگشتی تەماشا بکەین، سێیینەکە دەبێتە نوختەیەکی وەرچەرخان لەناو بەرهەمە دراماتیکەکانی ستریندبێرگدا. چڕبوونەوەی مەنتیقی و حیساببۆکراوی کارە ناتورالیستییەکانی ساڵانی ١٨٨٠، مەیدانیان بەجێ هێشتووە بۆ شێوەیەکی ئازادانەتری داڕێشتن، کە گرنگیی دەوروبەر تێیدا لە دیالۆگ زیاترە، تایبەتییە مۆسیقی و خەونئاساکانیش لە کورتبوون گرنگترن. بەرەو دیمەشق وردەکارییەکی زۆری ژیانی ڕاستەقینەی تێدایە، کە بە شێوەیەکی ناتورالیستانەی زبر بەرهەم هێنراونەتەوە، بەڵام ئەمانە، وەک چۆن شتەکان لە کارەکانی سەرەتایدا لە چاوی نووسەرەوە دەبینران، وەک



واقیع ئەندازەیی نین، بەڵکە بە ڕازێکی خەونئاسا دەپێچرێنەوە. هەر وەک چۆن لە خاتوو جولیا و باوکدا ستریندبێرگ لە درامای ناتورالیستیدا ڕێبەرایەتیی کردبوو لە ١٨٨٠کاندا، لە ساڵانی دەوروبەری سەدەی تازەدا، بە هۆی بەرەو دیمەشقەوە کە خولێکی سیمبۆلی بوو، بنەڕەتی تازەی بۆ شانۆی ئەوروپایی دامەزراند کە وردەوردە لە کۆمەڵێ فۆرمولەی چەسپاودا چەقیبوو و گیری خواردبوو. بەرەو دیمەشق بوو بە نیشانەیەک لە ئەدەبی دنیادا، چ وەک کارێکی درەوشاوەی هونەری و چ وەک بەرهەمهێنی تەکنیکی شانۆی تازە.

گوننار ئوللێن [Gunnar Ollén] ڕۆژی ٢٢-١١-١٩١٣ لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە، پرۆفیسۆری زانستی ئەدەبییاتە. دوکتۆرنامەکەی لەسەر ئاوگوست ستریندبێرگ نووسیبوو. ساڵی ١٩٤١ لە دەستگای پەخشی ڕادیۆ دامەزرا و ساڵانی ١٩٥٠-١٩٧٩ سەرۆکی بەشی باشووری سوێدی ڕادیۆی سوێد بوو، کە لە ساڵی ١٩٥٨ەوە تەلەڤیزیۆنی سوێدیش هەر سەر بەو دەستگایە بوو. لە ساڵانی ١٩٥٠دا کەسێکی پێشەنگ بوو لە بواری کاری تەلەڤیزیۆندا. ئوللێن لە چوارچێوەی پرۆژەی ستریندبێرگدا کار دەکات، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانی ستریندبێرگ لە چاپێکی گشتگری نیشتمانیدا.

# بەشی ١

## کەسەکان

نەناسراو

ژن

سواڵکەر

دوکتۆر

خوشک

پیر

دایک

ئەبەدیسان[١]

کۆنفێسور[٢]

کەسانی لاوەکی و سێبەرەکان



## دیمەنی هەموو بەشەکان

بەشی یەکەم: لە سووچی جادەکەدا، لەلای دوکتۆر.

بەشی دووەم: لە ژووری ئوتێلەکەدا، لەلای زەریاکەوە، لەسەر ڕێگە سەرەکییەکە، لای شیوەکە، لە موبەقەکەدا.

بەشی سێیەم: لە ژوورە سوورەکە، لە پەرستاگەکە، لە ژوورە سوورەکە، لە موبەقەکە.

بەشی چوارەم: لای شیوەکە، لەسەر ڕێگە سەرەکییەکە، لای زەریاکە، لە ژووری ئوتێلەکە.

بەشی پێنجەم: لەلای دوکتۆرەکە؛ لە سووچی جادەکەدا.

# بەشی یەکەم

## لە سووچی جادەکەدا

سووچی کۆلانێک، نیمکەتێک بۆ دانیشتن لەژێر درەختێکدا؛ لەوێوە دەروازەکانی لای پانی کڵێسایەک، پۆستەخانە و کورسییەکانی دەرەوەی قاوەخانەیەک دەبینرێن. پۆستەخانە و قاوەخانەکە داخراون.

ئاوازی خەمناکی بەرێکردنی مردوویەک نزیک دەبێتەوە و پاشان دوور دەکەوێتەوە.

نەناسراوەکە لەسەر قەراخی شۆستەکە ڕاوەستاوە و دڵنیا نییە لەوەی بەرەو کوێ بڕوات. زەنگی بورجی کڵێسایەک لێ دەدات: لە پێشدا چوار جار؛ چارەکەکان، بەرزتر دێنە بەرگوێ؛ پاشان سێ جار، درێژخایەنتر، لێ دەدەن.

ژنەکە دێتە ژوورەوە، سڵاو لە نەناسراوەکە دەکات، دەیەوێت تێپەڕ بێت، بەڵام ڕادەوەستێت.

**نەناسراو:** ئەوە تۆی. لە دڵی دابووم کە دێیت.

**ژن:** کەواتە داوات کردبوو بێم؛ بزانە، منیش هەستم پێ کردبوو. بەڵام ئەی تۆ بۆ لە سەرسووچی کۆڵانەکە ڕاوەستاویت؟

**نەناسراو:** نازانم؛ کاتێک کە چاوەڕێم، دەبێت لە شوێنێکدا بووەستم.

**ژن:** چاوەڕێی چی دەکەیت؟

**نەناسراو:** ئەگەر بمتوانیایە بیڵێم. ـ چڵ ساڵە چاوەڕێی شتێکم، پێم



وایە پێی دەوترێت بەختیاری، یا ڕەنگە تەنیا کۆتاییی بەختیاری بێت. ـ دیسان گوێ لەو ئاوازە ناقۆڵایانە بگرە، گوێ بگرە! مەڕۆ، مەڕۆ، تکات لێ دەکەم، چونکە کاتێک دەڕۆیت، دەترسم.

**ژن:** بەڕێزم، هاوڕێم! ئێمە، دوێنێ، بۆ یەکەمین جار، یەکتریمان بینی و چوار سەعات لەگەڵ یەکتردا و بەتەنیا قسەمان بۆ یەکتر کرد. تۆ بەشداریی منت بەئاگا هێنایەوە، بەڵام نابێت هەر لەبەر ئەوە، چاکیی من خراپ بەکار بهێنیت.

**نەناسراو:** ڕاست دەکەیت، نابێت وا بکەم. بەڵام تکات لێ دەکەم، بەتەنیا بەجێم مەهێڵە. من لە شارێکی نامۆدام، هاوڕێیەکم نییە و ئەو کەمە ئاشنایانەش کە هەمن، وا دێنە پێش چاوم زیاتر نائاشنا، یا دوژمنم، بن.

**ژن:** لە هەموو لایەک هەر دوژمن، لە هەموو جێیەک هەر تەنیا! ئەی ژن و منداڵەکانت بۆ بەجێ هێشت؟

**نەناسراو:** ئەگەر دەمزانی بۆ! ـ ئەگەر، لە سەرووی هەر شتێکیشەوە، دەمزانی بۆ هەم، بۆ لێرە ڕاوەستاوم، ئەگەر دەمزانی دەبێت بەرەو کوێ بڕۆم، یا چی بکەم. ـ لەو بڕوایەدایت، کە خەڵکانێک لە ژیاندا هەبن پێشتر نەفرەتیان لێ کرابێت؟

**ژن:** نا، لەو بڕوایەدا نیم.

**نەناسراو:** تەماشام کە!

**ژن:** بەڵام ئەی قەت هیچ شتێک لە ژیاندا دڵخۆشی نەکردوویت؟

**نەناسراو:** نەء؛ کاتێکیش کە وەک ئەوە بووبێت کەسێکم هەبێت، هەر تەنیا بۆ ئەوە بووە تەڵەیەک بێت تا زیاتر بەرەو ئەو کڵۆڵییەی

تێیدام ڕام بکێشێت و بەردەوام بم؛ جارێک لە جارانیش کە میوەی زێڕین بەربووەتەوە نێودەستم، یا ژەهراوی بووە یا لە ناوەوە بۆگەن.

**ژن:** لەسەر چ دینێکیت ــ ببوورە کە لێت دەپرسم؟

**نەناسراو:** ئەم دینە: کە زۆرم بۆ هات، دەڕۆم و ڕێی خۆم دەگرمە بەر.

**ژن:** بۆ کوێ؟

**نەناسراو:** بەرەو قڕبوون. ئەمەش؛ ئەوەی کە مردن لەنێو دەستمدایە، هێندەی دڵ حەز بکات ئەو هەستەم پێ دەدا کە بەدەسەڵاتم...

**ژن:** خوا هاوار بۆ تۆ، تۆ یاری لەگەڵ مردندا دەکەیت!

**نەناسراو:** ڕێک وەک ئەوەی کە یاری لەگەڵ ژیاندا دەکەم ــ ئاخر من نووسەر بووم. بەبێ ئەوەی ئاگام لەو خەمگینییە زگماکە بووبێت کە لەگەڵمدایە هیچ شتێکیشم بەتەواوی و پڕ بەدڵ بە هێند نەگرتووە، تەنانەت خەمگینییە گەورەکانیشم و هەندێک کات دوودڵم لەوەی کە ژیان لە شیعرەکانی من زیاتر ڕاستەقینەیی تێدا بێت. (ئاوازی بەڕێکردنی مردووەکە دەبیستریت، سروودەکان: دۆ پرۆفیندیس. دیسان دێن! نازانم بۆ دەبێت بەم دەوروبەرەدا، بەم شەقامانەدا، بێن و بچن!

**ژن:** لێیان دەترسیت؟

**نەناسراو:** نا، بەڵام بێزارم دەکات، چونکە وەک لەناوچوون بێت وەهایە لە مردن نا، بەڵام لە تەنیایی دەترسم، چونکە لە تەنیاییدا ڕووبەڕووی کەسێک دەبیتەوە. نازانم ئاخۆ ئەوە کەسێکی ترە یا خۆمم کە هەست بەبوونی دەکەم، بەڵام لە تەنیاییدا تەنیا نیت. هەوا چڕوپڕتر دەبێت، هەوا سەوز دەبێت و زیندەوەران دەڕوێن،



وەک ئەوەی بەچاو نەبینرێن، بەڵام هەستیان پێ دەکەیت و دەژین.

**ژن:** هەستت بەمە کردووە؟

**نەناسراو:** ئا، من، ماوەیەکە، هەست بە هەموو شتێک دەکەم، بەڵام وەک جاران نا، ئەوسا کە تەنیا شت و ڕووداوم دەبینین، ئەوسا کە شێوە و ڕەنگم دەبینین، بەڵکو ئێستا بیر و ماناش دەبینم. ژیان، کە جاران پڕوپووچییەکی گەورە بوو، ئێستا مانایەکی وەرگرتووە، ئێستا لەوێدا کە جاران هەر ڕێککەوتم دەبینی، هەست بە مەبەستێکیش دەکەم. کە دوێنێش بەو شێوەیە تۆم بینی، ئەو بیرەم بۆ هات کە تۆ ڕێت کەوتووەتە سەر ڕێی من بۆ ئەوەی یا لە ناوم ببەیت، یا ڕزگارم بکەیت.

**ژن:** بۆ دەبێت لە ناوت ببەم؟

**نەناسراو:** چونکە ئەوە ئەرکی تۆیە.

**ژن:** من بە هیچ جۆرێک ئەم شتانەم لە بیردا نییە و تۆش کە بە شێوەیەکی سەرەکی هاودەردیی منت بە ئاگا هێناوەتەوە – ئا، من هەرگیز لە ژیانی خۆمدا بە مرۆڤێک نەگەیشتووم کە تەنیا بە بینینی بمهێنێتە گریان... پێم بڵێ، چی شتێک ویژدانت ئازار دەدات؟ هیچ ڕەفتارێکت کردووە شایانی لۆمەکردن بێت، کە ئاشکرا نەبووبێت یا سزا نەدرابێت؟

**نەناسراو:** بێ هۆ نییە ئەم پرسیارە دەکەیت! من زیاتر، لە خەڵکی تر، لەوانەی کە بە ئازادی دەگەڕێن، مۆرکی تاوان بەسەر ویژدانمەوە نییە – – – با، یەک: نەمدەویست ببم بەو کەسەی ژیان گاڵتەی پێ دەکات.

**ژن:** بۆیە هەر کەس ناچار دەبێت ڕێ بدات، کەم تا زۆر، فریو بدرێت تا بتوانێت بژی.

**نەناسراو:** ئەوەش لەوە دەچوو ئەرکێک بێت و منیش دەمویست خۆمی لێ لادەم... یا نهێنییەکی تریش لە ژیانی مندا هەیە، کە بۆ خۆم هەستی پێ ناکەم... دەزانیت، کەسوکارم دەگێڕنەوە کە گوایا من بە منداڵی لەلایەن جنۆکانەوە فڕێنراوم.

**ژن:** ئەمە چییە؟

**نەناسراو:** منداڵێک بە منداڵێکی تازەلەدایکبوو گۆڕدراوەتەوە.

**ژن:** جا باوەڕت بەمە هەیە؟

**نەناسراو:** نا، بەڵام پێم وایە لێچوواندنێکە کە جۆرە مانایەکی بۆ من هەیە. وەک منداڵ هەموو کات دەگریام و وا پێ دەچوو کە بە زەحمەت لەگەڵ ژیاندا هەڵبکەم، ڕقم لە دایک و باوکم بوو وەک چۆن ئەوان ڕقیان لێم بوو، بەرگەی زۆرلێکردنم نەدەکرد، هیچ یاسایەکیشم قەبووڵ نەدەکرد، تاکە تاسە و ئارەزووم بۆ دارستان و زەریا بوو.

**ژن:** قەت هیچت لە نادیارەوە بینیوە؟

**نەناسراو:** قەت! بەڵام زۆربەی جاران وام هەست کردووە، کە دوو بوونەوەری جیاواز جڵەوی چارەنووسی منیان گرتووە: یەکەمیان هەرچییەک داوای دەکەم دەمداتێ، بەڵام ئەوی تر لە تەنیشتییەوە ڕاوەستاوە و دیارییەکە پیس دەکات، بەجۆرێک کە دەگاتە دەستم هێندە بێ نرخە، کە نامەوێت لە نێودەستمدا بێت. ئەوە ڕاستییە کە من خواستی هەرچییەکم لە ژیاندا هەبووبێت، هاتووەتە دەستم بەڵام هەمووشیان هەر بێ نرخ بوون.



**ژن:** هەموو شتێکت بەدەست هێناوە و لەگەڵ ئەوەشدا نارازیت.

**نەناسراو:** ئەمەشە من بەنەفرەتی ناو دەبەم...

**ژن:** نەفرەت مەکە! بەڵام ئەی بۆ خواستەکانی خۆتت بە ژیانێکی تری دوور بەم ژیانە، کە لەوێ هیچ پیسییەک نییە، نەسپاردووە؟

**نەناسراو:** چونکە بێجگە لەم ژیانە گومانم لە هەموی ژیانێکی تر هەبووە.

**ژن:** ئەی جنۆکەکان؟

**نەناسراو:** ئەویان ئەفسانەیەک بوو و هیچی تر!. بەڵام نەختێک لەسەر ئەم نیمکەتە دانەنیشین؟

**ژن:** با، بەڵام ئەوە چییە کە چاوەڕێیت؟

**نەناسراو:** ڕاستییەکەی چاوەڕێم پۆستەخانە بکرێتەوە، نامەیەکی لێیە، بەبێ ئەوەی هێشتا بەدەستم گەیشتبێت، چاوەڕوانی ئەوەیە بیگەڕێنمەوە. (دادەنیشن.) نەختێک باسی خۆتم بۆ بکە! (ژنەکە بەقولاپ دەچنێت.)

**ژن:** شتێک نییە باسی بکەم.

**نەناسراو:** سەیرە، بەڵام من زیاتر دەمەوێت بیر لە تۆ وەک کەسێک، نەک کەسێکی دیاریکراو، بکەمەوە، کەسێکی بێناو نیوەناچڵیش نەبێت نازانم ناوت چییە، با نەختێک بیر بکەمەوە و بزانم دەکرێت ناوت چی بێت! ئا، با ناوت ئێڤا بێت. (بە دەست ئاماژەیەک بە کوالیسەکە دەکات.) شەیپوورلێدانە. (دەنگی بەڕێکردنی مردووەکە دەبیسترێت.) دیسان بەڕێکردنی مردووەکەیە! ئەی تەمەنت، چونکە نازانم تەمەنیشت چەندە...

لێرەوە ئیتر تۆ تەمەنت سی و چوار ساڵە و کەواتە لە ساڵی ١٨٦٤دا لەدایک بوویت. – ئێستاش نۆرەی کارەکتەرەکەتە، چونکە ئەویش هەر نازانم. تۆ کارەکتەری کەسێکی زۆر چاکت هەیە، چونکە دەنگت هەمان ئاوازەی دەنگی دایکە مردووەکەمم بیر دەهێنێتەوە – مەبەستیشم لە دایک، چەمکی نابەرجەستەی دایکە، ئەوەی بە "دایک" ناو دەبرێت، چونکە دایکم، دایکی خۆم، هەرگیز دەستی بە سەروچاومدا نەهێناوە، بەڵام بیرمە کە لێی دەدام. ئا، چونکە بۆ خۆشت دەیبینیت، من لەنێو ڕقدا لە دایک و گەورە بووم. ڕق! ڕەق بەرانبەر ڕەق! چاو لە بری چاو! سەیری ئەم جێبرینەی سەر ناوچەوانیشم بکە، ئەمە جێی تەورێکە براکەم پێیدا کێشام، ئەو برایەی کە بە بەردێک ددانی پێشەوەیم شکاند. لە ناشتنی باوکیشمدا ئامادە نەبووم، چونکە لە زەماوەندی خوشکەکەم کردمیە دەرەوە. من لە جێگەی نووستنێکی بیژۆک، جێگەی نووستنی بیژۆکی دایک و باوکێک و لە کاتی لێکۆڵینەوەی هۆکاری نابووتبوونیاندا لەدایک بووم، لە کاتێکدا کە خێزانەکەم بە جلوبەرگی پرسەوە لە پرسەی مامێکمدا بوون کە خۆی خۆی کوشت. ئێستا خێزانەکەمان دەناسیت. گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە! بەزەحمەتیش خۆم لە پێکەوە چواردە ساڵ سزا بەکارکردن ڕزگار کردووە و هەر بۆیەش گشت هۆیەکەم بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بم، نەک کتومت دڵخۆش... بەرانبەر بەجنۆکەکان.

**ژن:** بەخۆشییەوە گوێت لێ دەگرم، بەڵام بۆت نییە توخنی جنۆکەکان



بکەویت، چونکە ئەمیان زۆر زۆر ئازارم دەدات!

**نەناسراو:** ڕاستیت دەوێت من باوەڕم پێیان نییە، بەڵام بە هەمان شێوەش هەردەم دەگەڕێنەوە. ئەی ئەوانیش بۆ خۆیان چەند ڕۆحێکی ناپیرۆز نین، کە بە ئاشبوونەوە نەگەیشتوون؟ با! کەواتە منیش منداڵێک لە منداڵەکانی جنۆکەکانم. جارێک لە جاران پێم وا بوو کە ئاشتبوونەوە نزیکە، ئەوە لە ڕێی ژنێکەوە بوو، بەڵام کەس نەیدەویست گەورەتر بێت، هەر بۆیەش لەوێوە حەوتەمین دۆزەخ دەستی پێ کرد.

**ژن:** ئۆف لە دەست تۆ! تۆ ناپیرۆزیت، بەڵام بەو شێوەیە نامێنێتەوە.

**نەناسراو:** مەبەستت لەوەیە زایەڵەی زەنگەکان و ئاوی پیرۆز دەتوانن هێمنم بکەنەوە... هەوڵم دا، بەڵام تەنیا خراپتر بوو. بۆ من وەک ئەو بەدکارە بوو کە هێمای خاچ دەبینێت. با ئێستا لەبارەی تۆوە بدوێین؟

**ژن:** پێویست ناکات! ئەی قەت کەس بەوە تاوانباری کردوویت کە بەخراپە دیارییەکانی خۆت بەکار دەهێنیت؟

**نەناسراو:** بەهەموو شتێک تاوانبار کراوم. کەس لە شارەکەی مندا هێندەی من مایەی ڕق و کینە نییە، کەس هێندەی من مایەی قێزوبێز نییە. بەتەنیا دەڕۆیشتم و بەتەنیاش دەگەڕامەوە. ئەگەر بچوومایەتە جێیەکی گشتییەوە، خەڵکی پێنج فرسەخ لەو جێیەی من لێی بووم دوور دەکەوتنەوە. ئەگەر بمویستایە ژوورێک بەکرێ بگرم، بەکرێ درابوو. قەشەکان لەو جێیەوە کە قسەیان بۆ خەڵک دەکرد و ئامۆژگارییان دەکردن، نەفرەتیان لێ دەکردم، مامۆستاکان لە جێیەکانی خۆیانەوە و دایک و

باوکانیش لە ماڵەکانیانەوە. جارێک لە جاران شورای کلێسا ویستی منداڵەکانم لێ زەوت بکات. ئەوسا بە شارای مەرگ گەیشتم و مشتم بەرەو – ئاسمان، هەڵبڕی.

**ژن:** بۆ ئەوەندە ڕقیان لێت دەبێتەوە؟

**نەناسراو:** نازانم! با، نەمدەتوانی ئازار و ناڵەی خەڵک ببینم – و بە دەنگ هاتم و نووسیم: خۆتان ڕزگار بکەن، منیش یارمەتیتان دەدەم. هەروەها بە هەژارەکەم وت: ڕێ مەدە بەوەی دەوڵەمەند خوێنت بمژێت؟ بە ژنیشم وت: ڕێ مەدە پیاوەکەت سەرت پێ نەوی بکات! هەروەها، ئەمیان لە هەموویان خراپتر، بە منداڵانم وت: گوێڕایەڵی دایک و باوکتان مەبن، کاتێک لەگەڵتان ناهەقن. دایک و باوکان: با، بەتەواوی تێیان ناگەیت، چونکە پێکەوە هەم دەوڵەمەند و هەم هەژارەکانیش، ژنان و پیاوان، دایک و باوکان و منداڵانم لێ هەڵگەڕانەوە و بوون بەدوژمنم و بێجگە لەمەش: نەخۆشی لەگەڵ هەژاریدا هات، سواڵکەری لەگەڵ بێ ئابڕوویی، لێک جیابوونەوە، مەحکەمە و حاکمان و وڵاتبەدەرکردن، تەنیایی و ئێستاش دوای هەموو ئەمانە – پێت وایە کە تێکچووبێتم؟

**ژن:** نا...

**نەناسراو:** دە بەدڵنیاییەوە تۆ تاکەکەسیت، بەڵام هەر لەبەرئەوەش ئەمە هێندەی تر بەبایەخترە لام.

**ژن:** (هەڵدەستێت.) دەبێت بەجێت بهێڵم...

**نەناسراو:** تۆش؟

**ژن:** بەڵام تۆ نابێت لێرە دانیشیت، نابێت لێرە بمێنیتەوە.



**نەناسراو:** ئەی کەواتە بۆ کوێ بچم؟

**ژن:** دەبێت بچیتە ماڵەوە و کار بکەیت.

**نەناسراو:** من کرێکار نیم، نووسەرم.

**ژن:** نامەوێت بریندارت بکەم و ڕاست دەکەیت: نووسین دیارییە دەدرێت، بەڵام دەشتوانرێت بسەنرێتەوە. لە دەست خۆتی مەدە!

**نەناسراو:** بۆ کوێ دەچیت؟

**ژن:** ئیشێکم هەیە و..

**نەناسراو:** ئیمانداریت؟

**ژن:** نا هیچ نیم.

**نەناسراو:** باشتر، کەواتە دەبێت ببیت بە شتێک. ئۆف، ئاواتم ئەوە بوو باوکە کوێرەکەت بوومایە، کە بەنێو بازاڕەکاندا بۆ گۆرانی وتن دەتگێڕا، بەڵام نەگبەتییەکە ئەوەیە کە ناتوانم پیر ببم ئەمەش هەروەها تایبەتە بە منداڵی جنۆکەکانەوە، ئەوان گەورە نابن، تەنیا هەر سەریان زل دەبێت و دەقیژێنن... خۆزگە سەگی کەسێک بوومایە و دوای بکەوتمایە، بۆ ئەوەی قەت بە تەنیا نەمێنمەوە – جار ناجارێک نەختێک خواردن، جاروبار شەقێک، جارنا دەست پێداهێنان، دووجار قامچی و...

**ژن:** دەبێت بڕۆم! تا دوایی!

**نەناسراو:** (بیرڕۆیشتوو.) تا دوایی!

(لەسەر نیمکەتەکە دەمێنێتەوە، شەپقەکەی دادەگرێت، ناوچەوانی دەسرێت. ئەمجا بەگۆچانەکەی لە بەردەمی خۆیدا نیگار دەکێشێت.)

**سواڵکەر:** (دێتە ژوورەوە. سەروڕوویەکی سەیر و جلوبەرگێکی زۆر سەیری لە بەردایە؛ لەنێو بەردڕێژی سەر ڕێگەکەدا شت هەڵدەگرێتەوە.)

**نەناسراو:** چی هەڵدەگریتەوە، سواڵکەر؟

**سواڵکەر:** پێش هەر شتێک: بۆ؟ پاشان من سواڵکەر نیم هیچم لێ داوا کردوویت؟

**نەناسراو:** کەواتە داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام زۆر زەحمەتیشە مرۆڤ بە سەروچاو و جلوبەرگ هەڵبسەنگێنرێ.

**سواڵکەر:** ڕاست دەکەیت و هەر واشە. بۆ نموونە دەتوانیت هەڵیبێنیت من کێم؟

**نەناسراو:** نە دەتوانم و نە دەمەوێت، بە یەک وشە، هیچ گرینگییەکم بۆ نییە.

**سواڵکەر:** کێ دەتوانێت پێشوەخت ئەوە بزانێت، گرینگیش بەشێوەیەکی ئاسایی دوای ئەوە و کاتێک کە کات ئیتر بەسەر چووە، دێت. ڤیرتوس پۆست نوموس!

**نەناسراو:** چی! تۆی سواڵکەر زمانی ڕۆمانییەکان دەناسیت؟

**سواڵکەر:** ببینە، گرینگیت بەئاگا دێتەوە. ئۆمنە تولیت پونکتوم کوی میسکویت ئوتیلە دولکی. ئەوە منم کە لە هەر شتێکدا لە ئەستۆم گرتبێت، سەرکەوتووم، تەنیا بەو هۆیەشەوە کە قەت هیچ شتێکم نەکردووە. من دەتوانم خۆم بە پۆلیکراتێس[3] ناو ببەم، ئەوەی ئەڵقەکەی هەیە. دەزانیت هەرچییەک لە ژیان داوام کردبێت بەدەستم هێناوە؟ بەڵام قەت هیچیشم نەویستووە و لەبەرئەوەش کە بەدەست بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنەوە



ماندوو بووم، ئەڵقەکەم فرێ دا. ئێستا کە پیر بووم، پەشیمانم و لەنێو بەردڕێژی سەر ڕێگەکاندا بەدوایدا دەگەڕێم، بەڵام بەوەی کە ئەم گەڕانە ڕەنگە درێژ بخایەنێت، ناتوانم، لەبەرئەوەی کە ئەڵقە زێڕینەکەمم دەست ناکەوێتەوە، چەند قنگەجگەرەیەک هەڵبگرمەوە.

**نەناسراو:** نازانم ئاخۆ گاڵتە دەکەیت یا قسەکانتن بێ سەروبەرن.

**سواڵکەر:** بزانە، من بۆ خۆشم ئەوە نازانم.

**نەناسراو:** بەڵام ئەی تۆ دەزانیت من کێم؟

**سواڵکەر:** بەهیچ جۆرێک و هیچ گرینگییەکیشم بۆی نییە.

**نەناسراو:** گرینگیدان بەشێوەیەکی ئاسایی دوای ئەوە دێت... نا، گوێ بگرە: تۆ لەوێدا ڕاوەستاویت و بەوەی کە خەریکە قسەکانی تۆ دەڵێمەوە، گاڵتەم پێ دەکەیت. ئەمە وەک ئەوەیە بەدوای قنگەجگەرەی خەڵکی تردا بگەڕێیت. چ شوورەیییەکە!

**سواڵکەر:** (شەپقەکەی هەڵدەبڕێت.) ناشتەوێت لە دوای منەوە جگەرە بکێشیت؟

**نەناسراو:** ئەو جێبرینە چییە بەناوچەوانتەوە؟

**سواڵکەر:** کەسێکی نزیکی خۆم وای لێ کردووم.

**نەناسراو:** دەترسم. دەتوانم دەستێکت لێوە بدەم، بۆ ئەوەی بزانم ڕاستەقینەیت؟ (دەست لە قۆڵی سواڵکەرەکە دەدات.) ئا، ڕاستەقینەیە! بەڕێزتان دەتوانن پارەیەکی کەم قەبووڵ بکەن بەرانبەر بەوەی کە پەیمانم پێ بدەیت بچیت لە گەڕەکێکی تری دوورتر بەدوای ئەڵقەکەی پۆلیکراتێسدا بگەڕێیت. (پارەیەکی بۆ

ڕادەگرێت.) پۆست نوموس ڤیرتوس... نا، ئەوەتا دیسان لێرەدا ڕاوەستاوم و دەجوومەوە. بڕۆ! بڕۆ!

**سواڵکەر:** دەڕۆم، بەڵام ئەوە زۆر زۆرە. سەیرکە، سێ بەچواریت دەدەمەوە و ئیتر کەسمان، لەوە زیاتر کە وەک دیارییەکمان لە هاوڕێیەک وەرگرتبێت، قەرزارباری یەکتر نین!

**نەناسراو:** دیاریی هاوڕێیەک! بۆ من هاوڕێی تۆم؟

**سواڵکەر:** هەر نەبێت من هاوڕێی تۆم و کاتێکیش پیاو لە دنیادا بەتەنیا دەمێنێتەوە، پێویست ناکات هێندە بەوردییەوە لە خەڵک بڕوانێت، هێندە لە خەڵک ورد بێتەوە.

**نەناسراو:** ڕێم بە وەک ماڵئاوایی ئەم وشە بچکۆلەیەت بەدوادا فڕێ بدەم: بێ شەرم!

**سواڵکەر:** بەخۆشییەوە، بەخۆشییەوە، بەڵام کە یەکترمان بینییەوە لە بەرانبەریدا وشەیەکی بەخێرهاتنەوەم لێت دەوێت کە لەمەیان بچووکتر نەبێت. (دەڕوات.)

**نەناسراو:** (دادەنیشێت و بەگۆچانەکەی لە بەردەمیدا نیگار دەکێشێت.) ئێوارەی ڕۆژی یەکشەمەیە! ئێوارەی درێژخایەن و دێز و بێزارکەری یەکشەمە، کە خێزانەکان کەلەرمی کوڵاو و گۆشتی ڕانی گا و پەتاتەی بە کاڵی پاککراویان خواردووە. پیرەکان ئێستا سەرخەوی دەمەوئێواران دەشکێنن، گەنجەکان یاریی شەترەنج دەکەن و جگەرە دەکێشن، خزمەتکارانیش بۆ خوێندنی گۆرانیی ئێوارە لە کڵێسان و دوکانەکانیش داخراون. ئاخ، لە دەست ئەم پاشنیوەڕۆ درێژە دڵتەقێنە، پاشنیوەڕۆی پشوودان، کە ڕۆح تێیدا لە جووڵە دەکەوێت، کە بینینی



دەموچاوی ناسیاوێک تێیدا هێندەی چوون بۆ بارێک دوورەدەست و نەشیاوە...

**ژن:** (گەڕاوەتەوە، گوڵێکی لە بەرۆکی داوە.)

**نەناسراو:** سەیرکە! خەتای خۆمە کە ناتوانم دەمم بکەمەوە و شتێک بڵێم، بەبێ ئەوەی یەکسەر و بەدوایدا لێی پەشیمان ببمەوە و نکووڵیی لێ بکەم.

**ژن:** هێشتا هەر لێرەیت؟

**نەناسراو:** ئا، کە لێرە دانیشتووم و لەسەر لمەکە دەنووسم یا کە لە شوێنێکی تر، وا دێتە پێش چاو کە هیچ سەرنجێک بەلای خۆیدا ڕانەکێشێت، تەنیا لە لمەکە دەنووسم.

**ژن:** چی دەنووسیت؟ با بیبینم!

**نەناسراو:** نووسراوە ئێڤا، ١٨٦٤... نا، پێی پێدا مەنێ...

**ژن:** جا چی دەبێت؟

**نەناسراو:** نەگبەتی بۆ تۆ و... بۆ منیش.

**ژن:** ئەمەش دەزانیت؟

**نەناسراو:** ئا! ئەوەش دەزانم کە ئەو گوڵەی بە سنگتەوەیە ماندراگۆرایە.[٤] بەپێی هێماکانیش مانای بەدکاری و قسەبۆهەڵبەستن دێت، بەڵام لە دەرمانسازیدا جاران شێتی چاک کردووەتەوە. دەمدەیتێ؟

**ژن:** (دوودڵە.) دەرمانسازیی جاران؟

**نەناسراو:** بێگومان! نووسینەکانمت خوێندووەتەوە؟

**ژن:** خۆشت دەزانیت خوێندوومنەتەوە، خۆشت دەزانیت کە من

سوپاسی تۆ دەکەم بەرانبەر بەو پەروەردەیەی بەرانبەر بەئازادی و مافی مرۆڤ و نرخی مرۆڤ هەمە!

**نەناسراو:** کەواتە کتێبەکانی دوایت نەخوێندووەتەوە...

**ژن:** نەء، ئەگەر لەوانەی یەکەم نەچن، بەهیچ جۆرێک نامەوێت لەبارەیانەوە بزانم!

**نەناسراو:** چاکە! کەواتە پەیمانم پێ بدە کە قەت جارێکی تر کتێبێکی من نەکەیتەوە.

**ژن:** با لە پێشدا بیری لێ بکەمەوە! – باشە، پەیمان بێت!

**نەناسراو:** چاکە! بەڵام ئەم پەیمانە مەشکێنە! ژنی ڕیششینیشت[٥] لە بیر نەچێت، کە بە دەست خۆتێهەڵقورتاندن و ملومۆوە بووە گاڵتەچی و دەرگەی ئەو ژوورەی کردەوە کە نەدەبوو بکرێتەوە...

**ژن:** هەست دەکەیت داواکانت چەند لە داواکانی ڕیششین دەچن؟ ئەی هەست بەوە ناکەیت کە لە دەمێکەوە ئەوەم لە بیر کردووە، کە من مێردم هەیە و مێردەکەم دوکتۆرە و یەکێک لەو کەسانەیە کە بە چاوی ڕێز و ستایشەوە لە تۆ دەڕوانێت، بە جۆرێک کە هەردەم ماڵەکەی بە ڕووتدا کراوەیە، کاتێک کە دەتەوێت پێشوازیت لێ بکرێت؟

**نەناسراو:** من هەرچییەک تا ئێستا کردوومە بۆ ئەوە کردوومە ئەمەم لە بیر بچێتەوە و هێندەش لە بیری خۆمدا سڕیومەتەوە کە لە ڕاستیدا هیچ مانایەکی نەماوە.

**ژن:** دە ئەگەر وایە، دەتەوێت ئەم ئێوارەیە لەگەڵمدا بێیتەوە بۆ ماڵەوە؟

**نەناسراو:** نەء! بەڵام تۆ دەتەوێت لەگەڵمدا بێیت؟



**ژن:** بۆ کوێ؟

**نەناسراو:** دنیا فراوانە، بۆ هەر کوێیەک دەتەوێت. هیچ ماڵێکم نییە، تەنیا کۆڵەپشتێک و هیچی تر، پارەش جاروبار هەمە، بەڵام زۆر بەدەگمەن ئەمەش شتێکە کە ژیان لێم توندە و نایەوێت بمداتێ، ڕەنگە لەبەرئەوەش بێت کە بە هێزەوە داوام نەکردووە و پێم دانەگرتووە.

**ژن:** ئمم!

**نەناسراو:** دەی، چی دەڵێیت؟

**ژن:** سەیرە بەلامەوە کە بەرانبەر بەم گاڵتەیەت تووڕە و زویر نابم.

**نەناسراو:** گاڵتە یا نا، بۆ من هەر یەک شتە و یەک مانای هەیە – – – دەی! ئێستا ئۆرێلەکە لێ دەدات و هێندەش نابات مەیخانەکە دەکرێتەوە.

**ژن:** کەواتە ڕاستە کە دەخۆیتەوە؟

**نەناسراو:** زۆریش! خواردنەوە وا لە ڕۆحم دەکات کۆختەکەی خۆی بەجێ بهێڵێت. دەفڕم و ئەوە دەبینم کە هیچ کەس بە بیر و خەیاڵیدا نەهاتووە و ئەوەش دەبیستم کە هیچ کەس نەیبیستووە...

**ژن:** ئەی ڕۆژی دوایی؟

**نەناسراو:** جوانترین ئازارەکانی ویژدانم هەن، هەستی پەشیمانی و تاوان تاقی دەکەمەوە؛ ئەو هەستەی دڵ دەتوێنێتەوە، لەو کاتەدا کە ڕۆحم وەک دووکەڵ بەسەر ناوچەوانمەوە لەنگەری گرتووە و دەڕەوێتەوە، تام و چێژ لە ئازارەکانی لەشم دەکەم، وەک نێوانی

ژیان و مردنە، کاتێک ڕۆح هەست دەکات باڵەکانی خۆی کردووەتەوە و ئەگەر بیەوێت دەتوانێت بفڕێت.

**ژن:** بەدوامدا وەرە با بچینە کڵێساکەوە، تەنیا یەک چرکە، بۆ ئەوە نا گوێت لە ئامۆژگاریی هیچ قەشەیەک بێت، تەنیا بۆ ئەوەی زەنگی پڕ لە ئاوازەی نوێژی ئێواران ببیستیت.

**نەناسراو:** نا، کڵێساکە نا! ئەویان زۆر ئازارم دەدات و وام لێ دەکات هەست بەوە بکەم کە سەر بەوێ نیم، کە ناپیرۆزم و کە قەت جارێکی تر هەر هێندەی بتوانم ببمەوە بە منداڵ دەتوانم سەر بەوێدا بکەمەوە.

**ژن:** هەر ئێستا هەست بەم هەموو شتە دەکەیت؟

**نەناسراو:** بەوەندە گەیشتووم و بۆ من لەوە دەچێت ئەنجنراو لە مەنجەڵەکەی مێدییادا[٦] بم و بکوڵێم، ئەمجا یا دەچمە نێو دنیای جادووگەرییەوە یا گەنج دەبمەوە و لەنێو گۆشتاوەکەی خۆمەوە هەڵدەستمەوە! هەمووشی بەدەست شارەزایی و لێهاتوویی مێدیایە.

**ژن:** وەک ئەوانەیە زۆر تێگەیشتوون. دەی با ببینم ئاخۆ سەرلەنوێ منداڵ نابیتەوە؟

**نەناسراو:** کەواتە دەبێت هەر لێرە و لە تەنیشت ئەم بێشکەیەوە بێت – – و ئەو کەسەش کە شایانی خۆمە بێتەوە!

**ژن:** هەر ئاوها! – بەڵام لێرە چاوەڕێم بە تا دەچمە ناو کڵێسا بچووکەکەی (سانت ئێلیسابێت)[٧]ەوە. ئەگەر قاوەخانەکە کرابێتەوە، بەوپەڕی ڕێزەوە داوات لێ دەکەم، مەخۆوە، بەڵام خۆشبەختانە داخراوە.



**نەناسراو:** (دادەنیشێتەوە و لەسەر لەکە بەگۆچانەکەی شت دەنووسێت.)

(میوانان و شەش کەس کە جلوبەرگی قاوەییان پۆشیوە و لە خزمەتی لە گۆڕنانی مردوودان دێنە ژوورەوە. یەکێک چەپکەگوڵێکی قاوەیی پرسە و ئاڵایەکی هەڵگرتووە کە نەخش و دروشمی داربڕەکانی پێوەیە و یەکێکی تریش تەورێکی گەورەی داربڕین کە بە چڵوچێوی دارسنەوبەر ڕازێنراوەتەوە، سێیەمیش پشتییەک و کوتەکی دەستی قسەکەرێک. لە بەردەم قاوەخانەکەدا ڕادەوەستن و چاوەڕێ دەکەن.)

**نەناسراو:** زەحمەت نەبێت، مردووەکە کێیە؟

**میوانی یەکەم:** داربڕێک بوو! (دەنگێکی لێ بەرز دەبێتەوە، وەک دەنگی چکەی سەعات.)

**نەناسراو:** داربڕێکی ڕاستەقینە یا لەوانەی لەبن دیواران، بن دیوارە بە دار دروستکراوەکان، دانیشتوون و پەنجەیان دەتەقێنن؟

**میوانی دووەم:** هەردووکیان، بەڵام زیاتر ئەوەیان کە لەبن دیواران دادەنیشن و پەنجە دەتەقێنن ئەمە چی پێ دەوترێت؟

**نەناسراو:** (لەبەر خۆیەوە.) قەشمەر! ئێستا دەیەوێت گاڵتەم پێ بکات و ناوی ئەو قالۆنچەیە بهێنێت کە مردن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام من، بۆ ئەوەی تووڕەی بکەم و ڕقی هەڵبستێنم، وەڵامێکی تری دەدەمەوە. مەبەستتان لە زەڕنگەرە؟

**میوانی دووەم:** نا، مەبەستم لەوە نییە. (دیسان چکەچکی سەعاتەکە دەبیسترێت.)

**نەناسراو:** نیاز لەوەیە بمترسێنیت یا موعجیزە بۆ مردووەکە بنوێنیت؟

لە حاڵێکی وەهادا دەمەوێ پێت ڕابگەیەنم کە من نە دەترسم و نە باوەڕیشم بەموعجیزە هەیە. هەر چۆنێک بێت، ئەمە نەختێک دەگمەنە کە ئێوەی میوانان بە جلوبەرگی قاوەییەوە لە پرسەدان، ئەی بۆ ڕەشتان لەبەردا نییە، کە هەم هەرزان و جوان و هەم گونجاویشە؟

**میوانی سێیەم:** لە گەوجێتیی ئێمە ڕەشە، بەڵام ئەگەر بەڕێزتان فەرمان بدەن، لەبەر تۆ دەبێت بە قاوەیی.

**نەناسراو:** ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم کە ئێوە پێکەوە زۆر سەیرن و منیش هەست بەنیگەرانییەک دەکەم کە دەبوو بە هیی شەرابەکەی دوێنێم بزانیایە. بەڵام ئەگەر بڵێم ئەوە چڵوچێوی دارسنەوبەرە لە دەوروبەری تەورەکە، کەواتە دەبێت ببیستم کە چڵوچێوە – ئا، چییە؟

**میوانی یەکەم:** قەدی دارمێوە.

**نەناسراو:** خۆشم هەستم کرد چڵوچێوی دارسنەوبەر نییە. سەیرکە: ئەوە مەیخانەکە دەکرێتەوە – ئاخرێکەی!

(قاوەخانەکە دەکرێتەوە، نەناسراو لەسەر مێزێک دادەنیشێت و شەرابی بۆ دەهێنرێت. میوانەکان لەلای مێزە بەتاڵەکانەوە دادەنیشن.)

**نەناسراو:** مایەی دڵخۆشییە کە دەبینم میوانەکان دوای ئەنجامدانی ئەو کارە پیرۆزەی لەسەر شانیان بوو خۆیان سەرمەست بکەن.

**میوانی یەکەم:** ئەو کەسێکی بەکەڵک نەبوو، نەیدەتوانی ژیان بە جیدی وەربگرێت.

**نەناسراو:** بێگومان بە خراپییش خواردنەوەی گرانیشی خوادووەتەوە؟





**میوانی دووەم:** هەروەهاش بوو.

**میوانی سێیەم:** بژێویی ژن و منداڵەکانیشی لەسەر خەڵکی تر بوو.

**نەناسراو:** ئەمە شتێکی باش نەبوو. بەڵام بێگومان هەر لەبەرئەوەشە هاوڕێیەکانی بەو شێوە جوانە بەسەر لاشەکەیدا دەلاوێننەوە و پەسنی کار و کردەوەکانی دەکەن. زەحمەت نەبێت پاڵ بەمێزەکەوە مەنێ، کە خەریکی خواردنەوەم.

**میوانی یەکەم:** کە من دەخۆمەوە، ڕاستە کە...

**نەناسراو:** کە من، ئا، چونکە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان من و ئێوەدا هەیە.

میوانەکان (هەڵدەقوڕێنن.)

**سواڵکەر** (دێتە ژوورەوە.)

**نەناسراو:** سەیرکەن ئەوە سواڵکەرەکەیە کە بەدوای شتدا دەگەڕێت.

**سواڵکەر** (لای مێزێکەوە دادەنیشێت و داوای شەراب دەکات.) شەراب! شەرابی مۆسێل![8]

**خانەخوێ:** (بەتابلۆیەکەوە دێتە دەرەوە.) فەرموو بڕۆ! کە تۆ باربووی خۆتت نەداوە، شەرابیش ناخرێتە بەردەمت. ئەوەتا، ئەوەش بڕیاری دادگە و ئەوە ناوەکەت، ئەوەش تەمەن و کارەکتەرەکەت.

**سواڵکەر:** ئۆمنییا سێرڤیلیتەر پرۆ دۆمیناتیۆنە! من پیاوێکی ئازادم و خوێندنی ئەکادیمیم هەیە، لە کاتێکدا کە نەمویستوە کەس بەنوێنەری خۆم بگرم، باجم پشتگوێ خستووە. مۆسێل!

**خانەخوێ:** ئەگەر یەکسەر و هەر ئێستا نەڕۆیت گەڕانەوەشت بۆ خانەی هەژارانی سەر بە شارەوانی دەکەوێتە بەلاش!

**نەناسراو:** بەڕێزان ناتوانن ئەم کێشەیە لە شوێنێکی تر ببڕیننەوە. ئەوەتا میوانەکانتان بێزار دەکەن!

**خانەخوێ:** با، بەڵام دەبێت ببیت بەشاهیدی ئەوەی کە بەڕاستی بەڕێوە بچێت...

**نەناسراو:** نەخێر، من پێم وایە کە سەرلەبەری ئەمە تا بڵێیت ناخۆشە و چونکە پیاو باجێکیش کە لەسەرێتی نایدات ئمم! بەڵام پیاو خۆ مافی ئەوەی هەیە لەو شتە بچکۆلانەش وەربگرێت کە دەبن بەمایەی ئاسوودەیی.

**خانەخوێ:** ئاوها، ئەمیش یەکێک لەوانەیە، کە بەم دەوروبەرانە دەگەڕێت و هەرچیوپەرچییان لە ئەرکەکانی سەر شانیان ڕزگار دەکات.

**نەناسراو:** نەختێکی تێدا بهێڵەوە! دەزانیت کە من کەسێکی بەناوبانگم؟

خانەخوێ و میوانەکان (پێ دەکەنن.)

**خانەخوێ:** لەوانەیە ناو و ناوبانگ زڕاو! گوێ بگرە، دە با سەیرێکی ئەم تابلۆیە بکەین و بزانین ئەو نیشانانەی لێرەدا هەن لەگەڵ سەروسەکوتی تۆدا دێنەوە یا نا! سی و هەشت ساڵ، قژ قاوەیی، سمێڵ، چاوشین، کاری هەمیشەیی نییە، دەرامەتی دیار نییە، ژنی هێناوە، بەڵام دەستی لێ هەڵگرتووە و منداڵەکانیشی بەجێ هێشتووە، بیروڕاکانی سەبارەت بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان گێرەشێوێنن و کە لە سەروسیمایشی ورد دەبیتەوە زیاتر شێتێکت بەبیردا دێتەوە... وایە یا نا!

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت، ڕەنگ و ڕووی زەردهەڵگەڕاو و تێک شکاوە.)



ئەمە چییە؟

**خانەخوێ:** ئۆباڵت بەئەستۆم، هەرچییەکم وت ڕاست بوو.

**سواڵکەر:** ڕەنگە ئەوە ئەو بێت و من نەبم.

**خانەخوێ:** ڕەنگە! ئێستا پێم وایە کە بەڕێزتان دەتوانن قۆڵ بکەن بەقۆڵی یەکتردا و بڕۆن.

**سواڵکەر** (ڕوو لە نەناسراو.) وەرە با بڕۆین!

**نەناسراو:** بڕۆین! ئەمە لە پیلانگێڕان دەچێت!

(زەنگی بورجی کڵێساکە لێ دەدرێت، خۆر دەردەکەوێت و پەنجەرە خڕە نەخشێنراوەکەی سەر دەرگەکە، کە دەکرێتەوە و ناوەوەی کڵێساکەی لێوە دەردەکەوێت، ڕووناک دەکاتەوە، دەنگی لێدانی ئۆرێلەکە، کە ئاوازی ئڤە ماری ستێلا لێ دەدات دەبیسترێت.)

**ژن:** (لە کڵێساکەوە دێتە دەرەوە.) لە کوێن، چی دەکەن؟ بۆ دیسان بانگتان کردم! وەک ئەوەی منداڵ بن و خۆتان بە داوێنی تەنوورەی ژنێکەوە هەڵواسیبێت!

**نەناسراو:** دەترسم، شت ڕوو دەدەن، کە ناتوانرێت بە ڕێگەیەکی سروشتی لێک بدرێنەوە.

**ژن:** خۆ تۆ لە هیچ شتێک، تەنانەت لە مردنیش، نەدەترسایت.

**نەناسراو:** نەخێر، لە مردن نا، بەڵام لەوە، لەوەی تر! لەوەی ناناسرێت!

**ژن:** گوێ بگرە، هاوڕێم، دەستتم بدەرێ با بتبەم بۆ لای دوکتۆر، چونکە نەخۆشیت! وەرە!

**نەناسراو:** ڕەنگە. بەڵام لە پێشدا شتێکم پێ بڵێ: ئەمە کەرنەڤالە یا

وەک ئەوەیە کە دەبێت ببێت؟

**ژن:** لەوەیە ڕاستییەکەی ئەوان بێت...

**نەناسراو:** بەڵام ئەی ئەو سواڵکەرە، بەدڵنیاییەوە ئەو مرۆڤێکی ناحەز و خراپە. ڕاستە کە لە من دەچێت؟

**ژن:** نا، ئەگەر لەسەر خواردنەوە بەردەوام بیت، وەک ئەوت لێ دێت. بەڵام ئێستا دەبێت بچیت بۆ پۆستەخانەکە و نامەکەت بهێنیت، دواییش بەدوامدا دێیت.

**نەناسراو:** نا، ناچم بۆ پۆستەخانە. لەوەیە نامەکە لە نووسراو و بابەتی دادگە زیاتری تێدا نەبێت.

**ژن:** بەڵام ئەی ئەگەر ئەوانەی تێدا نەبوو؟

**نەناسراو:** ئەوەش نەبێت، لە بەدکاریی زیاتری تێدا نییە.

**ژن:** چۆنت دەوێت وا، کەس لە دەست چارەنووسی خۆی ڕزگاری نابێت. ئا لەم چرکەیەشدا وا هەست دەکەم کە هێزی لە خۆمان بەدەستەڵاتتر قسە و باسیان لە ئێمە کردووە و بڕیارێکیشیان داوە.

**نەناسراو:** تۆش! دەزانیت کە هەر ئێستا گوێم لە زرمەی چەکوشی دادگە بوو، گوێم لێ بوو کورسییەکان لە مێزەکان دوور خرانەوە و خزمەتکارانیش کرانە دەرەوە... ئاخ، لە دەست ئەم نیگەرانییە.... نا، دوات ناکەوم و لەگەڵ تۆش نایەم.

**ژن:** بلێ، چیت لە من کردووە... لە ژوورەوە، لە پەرستگە بچکۆلەکەدا، نەمدەتوانی هیچ نزایەک، هیچ پاڕانەوەیەک، ببینمەوە، مۆمێک لەسەر قوربانیگاکە کوژایەوە و بایەکی ساردیش بەسەر سەر و دەموچاومدا هەڵی کرد، ڕێک لەو کاتەدا کە گوێم لە دەنگی تۆ



بوو بانگت دەکردم.

**نەناسراو:** من بانگم نەکردیت، تەنیا تاسەم دەکردیت...

**ژن:** تۆ ئەو منداڵە لاوازە نیت کە دەوری دەگێڕیت، هێز و توانای تۆ بێ هاوتایە و لێت دەترسم...

**نەناسراو:** کە بەتەنیام، وەک کەنەفت و لە پەلوپۆکەوتوویەک بێ هێزم، بەڵام هەر هێندە دەستم لە کەسێک گیر ببێت، بەهێز دەبم! ئێستاش دەمەوێت بەهێز بم و هەر لەبەرئەوەش لەگەڵ تۆ دێم!

**ژن:** وا بکە و لەوانەشە بتوانیت لە دەست گورگەپیاو[٩] ڕزگارم بکەیت!

**نەناسراو:** گورگەپیاو؟

**ژن:** من وا ناوی دەبەم...

**نەناسراو:** چاکە! کەواتە لەگەڵم، لەگەڵ شەڕی جنۆکان، ڕزگارکردنی شازادان، کوشتنی گورگەپیاوانم، ئەمەش وەک ئەوەیە بژیت!

**ژن:** وەرە، فریادڕەسم!

(پەچەکەی سەر ڕووی لادەبا، بە پەلە دەمی ماچ دەکات و بەپەلەش دەچێتە دەرەوە.)

(ئەکۆردێکی چەند ئاوازەی بەرز بەدەنگی ژنان، کە زیاتر لە قیژە دەچێت، لەنێو کلێساوە، دەبیسترێت. یەکسەر پەنجەرە خڕە ڕازاوەکەی سەر دەرگەکە تاریک دادێت، ئەو درەختەی بەسەر نیمکەتەکەوەیە دەلەرێتەوە، میوانانی بەڕێکردنی تەرمی مردووەکە لە جێگەکانی خۆیان هەڵدەستن و، وەک ئەوەی شتێکی نائاسایی و تۆقێنەریان بینیبێت، تەماشای ئاسمان دەکەن.)

نەناسراوەکە (بەپەلە بەدوای ژنەکەدا دەڕواتە دەرەوە.)

## لای دوکتۆر

کێڵگەیەک، خانوویەک لە ناوەڕاستیدا، خانووەکە لە سێ لاوە بە ڕیزەخانووی تر دەورە دراوە، خانوویەکی یەک نهۆمییە لە دار و تەختە و سەربانەکەی بە خشت گیراوە. پەنجەرەی بچووک لە هەرسێ ڕیزەکەدا هەیە. خانووەکە لەلای ڕاستەوە بەرهەیوانێک و دەرگەی شووشەی تێدایە. لەلای چەپەوە، لە بەرپەنجەرەکاندا، ڕیزە گوڵەباخێک و چەند پوورەهەنگێک هەن. لە نێوەڕاستی کێڵگەکەدا کۆتەرەدار لەسەر یەکتر، لە شێوەی گومبەزێکی ڕۆهەلاتیدا، هەڵچنراون؛ لە تەنیشتییەوە بیرێک هەیە. بەسەر ڕیزەخانووەکەی ناوەڕاستەوە لقوپۆی سەرەوەی دارگوێزێکی گەورە سەری دەرکێشاوە. لە سووچی دەستە ڕاستەوە دەرگەیەکی دەچێتەوە سەر باخچەیەک.

کیسەڵێکی گەورە لە نزیک بیرەکەوە هەیە. لەلای ڕاستەوە پلیکانەیەک بەرەو ژێرزەوینێک کە شەرابی تێدا هەڵدەگیرێت داکشاوە. سندووقێکی سەهۆڵهەڵگرتن و تەنەکەیەکی خۆڵ و خاشاک. لە بەرهەیوانەکەدا کورسی و مێز دانراون.

**خوشک:** (لە بەرهەیوانەکەوە دێتە دەرەوە و تەلەگرامێکی بەدەستەوەیە.) ئەوەتا بەدبەختی ڕووی کردووەتە ماڵەکەت، براکەم!

**دوکتۆر:** نەگبەتی کەی ڕوو لە ماڵی من نەبووە؟

**خوشک:** بەڵام ئەمجارەیان ئاخ! ئینگەبۆری دەگەڕێتەوە و بە تەنیایش نییە و لەگەڵ خۆیدا – هەڵیبێنە!

**دوکتۆر:** نەختێک بوەستە! دەزانم، چونکە دەمێکە لە دڵی داوم و بەتاسەوەش بووم. بەچاوی ڕێز و ستایشەوە سەیری ئەو



نووسەرەم کردووە، لێی فێر بووم و بەئاواتەوە بووم بیناسم. ئەو دێ، وا نییە! ئینگەبۆری لە کوێ ئەوی دۆزیوەتەوە؟

**خوشک:** بێگومان، لەناو شار، دوور نییە لەو هۆڵەی نووسەران لێی دادەنیشن!

**دوکتۆر:** زۆرجار لە خۆمم پرسیوە، ئاخۆ ئەو پیاوە هەر ئەوەیە کە لە قۆناخی ئامادەییدا هاوڕێی قوتابخانەم بوو. هەردووکیان هەر هەمان ناویان هەیە. هیوادارم وا نەبێت، چونکە ئەو کوڕە گەنجە نەگبەتی و ترس لە چاوانی دەبارین، بەو تەمەنەش بەسەری بردووە، دەبێت هێندەی تر بەدبەختی و نەگبەتیی بەسەر خۆیدا داباراندبێت.

**خوشک:** مەهێڵە بێتە ماڵەکەت، بڕۆ و سەفەر بکە، بیانوویەک بهێنەوە کە نەخۆشێک دێت و سەردانت دەکات.

**دوکتۆر:** نا، چونکە پیاو ناتوانێت لە دەست چارەنووسی خۆی ڕابکات...

**خوشک:** تۆ، تۆ کە قەت خۆت لە بەرانبەر هیچ شتێکدا دانەنەواندووە، ئێستا لە ئاست ئەم خێوەدا کەوتوویتە سەر چۆکان و ئەمەش ناو دەنێیت چارەنووس!

**دوکتۆر:** ژیان ئەمەی فێر کردووم و کات و هێزێکی زۆریشم لە شەڕی خۆلادان لەو شتەدا بەفیڕۆ داوە کە ناتوانیت خۆتی لێ لابدەیت.

**خوشک:** بەڵام بۆ دەهێڵیت ژنەکەت بەو نێوەدا بێت و بچێت و هەم خۆی و هەم تۆش تووشی شەرم و شوورەیی بکات؟

**دوکتۆر:** خۆت دەزانی بۆ! چونکە کە لە دەست مارەبڕییەکەی پێشووی ڕزگارم کرد، لە بەرانبەر ئەو زیندانەی کە تێیدا بوو، هیوای

ژیانێکم خستە بەردەمی لە ئازادیدا. بێجگە لەوەش نەمدەتوانی، ئەگەر ئەو گوێڕایەڵ و ملکەچم بووایە یا ئەگەر بۆ خۆم بمتوانیایە فەرمانی بەسەردا بدەم، خۆشم بووێت.

**خوشک:** کەواتە تۆ دۆستی دوژمنەکەتی.

**دوکتۆر:** هێواش، واش نا!

**خوشک:** ڕێشی پێ دەدەیت ئەوە بهێنێتە ماڵەکەت، کە دەیەوێت لەناوت ببات. ئاخ، ئەگەر دەتزانی چەند بێ سنوور ڕقم لەو پیاوە دەبێتەوە!

**دوکتۆر:** دەزانم، دەزانم! دوا کتێبیشی زۆر قێزەونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە نەخۆشییەکیش لە هەست و نەستەکانمان ڕادەماڵێت.

**خوشک:** هەر بۆیە دەبوو بیانخستایەتە شێتخانەوە...

**دوکتۆر:** زۆرن ئەوانەی وایان وتووە، بەڵام من ناتوانم ئەوە ببینم کە سنووری بەزاندبێت...

**خوشک:** لەبەرئەوەی تۆ خۆت لە کەس ناچیت، وەک کەس ناکەیت و ڕۆژانەش ژنێکی بەتەواوی شێتوێتت لە نزیکەوەیە.

**دوکتۆر:** من ناتوانم نکووڵی لەوە بکەم کە کەسانی شێتوێت هەردەم توانای بەرەوخۆڕاکێشانێکی بەهێزیان لەسەر من هەبووە و هەر نەبێت ڕەسەنیش سادە و زۆر گشتی نییە.

(دەنگی کەشتییەکی هەڵمین دەبیسترێت.) ئەوە چی بوو! کەسێک بوو قیژاندی!

**خوشک:** پەشێویت، براکەم؛ هیچ نییە، تەنیا دەنگی کەشتییە



هەڵمییەکە بوو... بەڵام ئێستا لێت دەپاڕێمەوە: بڕۆ و سەفەر بکە!

**دوکتۆر:** پێم وایە کە خۆشم ئەوەم دەویست، بەڵام وەک ئەوەی لە ئەرزەکە چەقیبێتم... دەزانیت، کە لێرەدا ڕاوەستاوم، پۆرترێتەکەی ئەو دەبینم، ئەو پۆرترێتەی لە ژووری کارکردنەکەمە... ڕۆشناییی ڕۆژیش سێبەرێکی بەسەردا کێشاوە و بەجۆرێک ڕەنگ و ڕووی شێواندووە هەر لە ... دەچێت... ئەمە شتێکی ناخۆشە. دەبینیت لە کێ دەچێت؟

**خوشک:** لەوەی کە هەر خراپەی دەوێت! ڕاکە و سەری خۆت هەڵگرە!

**دوکتۆر:** ناتوانم!

**خوشک:** بەڵام هەر هیچ نەبێت لەسەر خۆت بەدەنگ بێ...

**دوکتۆر:** قەت کەمتەرخەمیم نەکردووە! بەڵام ئەمجارەیان وەک ئەوەیە باوبۆرانێک بەرەو ئێرە بێت. چەندان جار ویستوومە سەری خۆم هەڵبگرم و ئێرە بەجێ بهێڵم، بەڵام نەمتوانیوە. ئەمە وەک ئەوەیە ژێرەوەم لە ئاسنی خاو بێت و منیش دەرزییەکی موگناتیسی... ئەگەر بەدبەختییش بەسەرمدا دابباریت، هەڵبژاردەی من نییە... ئەوەتا خەریکە لە دەرگەکەوە ئاودیو دەبن.

**خوشک:** گوێم لە هیچ نەبوو!

**دوکتۆر:** بەڵام من، من گوێم لێیە! ئێستا دەشبینم! ئەوە، هاوڕێکەی سەردەمی منداڵیمە. ئەو لە قوتابخانە سەرپێچییەکی کرد و... گوناهـ خرایە ملی من و من سزا درام. بەڵام ئەو نازناوی (سێسار)ی[١٠] پێ درا، ناشزانم بۆ!

**خوشک:** ئەم پیاوەش...

**دوکتۆر:** ئا، ئەوە ژیانە ئیتر! – (سێسار)!

**ژن:** (دێتە ژوورەوە.) ڕۆژباش، پیاوەکە، کەسێکی نامۆی خۆشەویستم لەگەڵدایە.

**دوکتۆر:** گوێم لێ بوو. با بفەرمووێت، بەخێربێت!

**ژن:** لە ژووری میوانە، بۆ ئەوەی یەخەکەی بگۆڕێت.

**دوکتۆر:** خۆشحاڵیت بەوەی بەدەستت هێناوە؟

**ژن:** بە دڵنیاییەوە ئەو بەدبەختترین کەسێکە لە ژیانمدا تووشی بووبێتم.

**دوکتۆر:** زۆر ناڕۆیت!

**ژن:** با، چونکە ئەوەی هەیە بەشی هەموومان دەکات.

**دوکتۆر:** بێگومان. بەڵام خوشکێ تۆ برۆ و ڕێگەی پێشان بدە.

(خوشک دەڕوات.)

**دوکتۆر:** لەوە دەچێت سەفەرەکەت خۆش و سەرنجڕاکێش بووبێت؟

**ژن:** ئا، تووشی زۆر کەسی سەیر بووم... هیچ نەخۆشێک سەردانی کردوویت؟

**دوکتۆر:** نا، لە بەیانییەوە کەس سەری بەهۆڵەکەدا نەکردووە. لەوە ناچێت کارم باش بەڕێوە بچێت.

**ژن:** (دۆستانە.) بەستەزمان... بەڕاست، نابێت ئەو لێژنە دارە کەڵەکەبووە بهێنرێتە ژوورەوە؟ لەوێ کەوتووە و شێ هەڵدەهێنێت!

**دوکتۆر:** (بەبێ ئەوەی لۆمەکردن بەقسەکانیەوە دیار بێت.) با،



بێگومان! هەر ئەوەش نا، دەبێت پوورەهەنگەکانیش قانگ بدرێن و هەنگوین بگیرێت، هەروەها دەبێت میوەی باخچەکەش بچنرێتەوە، بەڵام هەرچەند دەکەم دەستم ناچێتە هیچیان تێی ناچێت...

**ژن:** ماندوویت، پیاوەکەم!

**دوکتۆر:** ماندووم لە هەموو شتێک؟

**ژن:** (بەبێ ڕووگرژکردن.) ژنێکی خراپیشت هەیە، کە ناتوانێت لە هیچ شتێکدا یارمەتیت بدات!

**دوکتۆر:** (بەنەرمونیانییەوە.) کە من وا بیر ناکەمەوە، تۆش نابێت وا بڵێیت.

**ژن:** (ڕووی لە بەرهەیوانەکەیە.) ئێستا!

**نەناسراو:** (لە دیمەنی یەکەم گەنجانەتر خۆی گۆڕیوە، کراوەیی و لەڕووییەکی بەناچاری پێوە دیارە، وا دیارە دوکتۆر دەناسێتەوە، بەخۆیدا دەشکێتەوە و بەرەوپێش سەرسم دەدات، بەڵام زوو بەخۆیدا دێتەوە.)

**دوکتۆر:** بەخێربێیت!

**نەناسراو:** سوپاس، دوکتۆری بەڕێز!

**دوکتۆر:** لەگەڵ خۆتاندا کەشوهەوایەکی خۆشیشتان هێناوە، کە ڕەنگە پێویستیش بێت، چونکە شەش هەفتەیە لێرە باران نەبڕاوەتەوە...

**نەناسراو:** شەش! یا حەوت؟ ئەگەرنا وەکو تر باران، دوای بارانی حەوت ڕۆژەی نووستن،[11] تا حەوت هەفتە بەردەوام دەبێت و

خۆش ناكاتەوە... بەڵام ڕاست دەكەیت، هێشتا نۆرەی ئەوە نەهاتووە – چەند گەمژەم من، هممم!

**دوكتۆر:** بۆ ئێوە، كە بەخۆشیی ژیانی شارەوە خووتان گرتووە، ڕەنگە ئەم ژیانە سادەیەی گوند یەكلایەنە و ناخۆش بێتە پێش چاوتان.

**نەناسراو:** نەخێر، نە ئێرە خۆش و نە ئەوێش، دڵم بە هیچیان ناكرێتەوە... ببوورە كە خۆبەخۆ پرسیارێک دەكەم: ئەرێ ئێمە پێشتر، لە گەنجیدا، یەكترمان نەبینیوە؟

**دوكتۆر:** نەخێر، قەت.

(ژنەكە لەلای مێزەكەوە دانیشتووە و بە قولاپ دەچنێت.)

**نەناسراو:** دڵنیایت؟

**دوكتۆر:** تەواو دڵنیام! هەرچییەكت نووسیوە لە سەرەتای سەرەتاوە خوێندوومەتەوە و، دەشزانم كە ژنەكەم پێی وتوویت، بەوپەڕی گرینگییەوە نووسینەكانتم خوێندووەتەوە، هەر بۆیە ئەگەر پێشتر یەكترمان بناسیایە، دەهاتەوە بیرم، هەر نەبێت ناوەكەتم دەهاتەوە بیر. هەر چۆنێک بێت، ئێستا دەبینیت، ڕەوش و ژیانی دوكتۆرێكی گوند چۆنە.

**نەناسراو:** ئەگەر تۆش هەستت بەوە بكردایە، ژیانی ئەوەی بە فریادڕەس ناو دەبرێت چۆن بووە، نەدەبوویت بەو كەسەی ئیرەیی بەو ژیانە دەبات.

**دوكتۆر:** ڕەنگە هەستی پێ بكەم، لە كاتێكدا كە بینیومە خەڵک چۆن دەستبەند و پێبەندەكانی خۆیان خۆش دەوێت. ڕەنگە هەر بەو شێوەیەش بمێنێتەوە، چونكە تا ئێستا وا بووە!



**نەناسراو:** (گوێ بۆ دوور ڕادەگرێت.) سەیرە: كێیە لە ماڵە دراوسێكەتانەوە، مۆسیقا لێ دەدات.

**دوكتۆر:** نازانم ئاخۆ كێ بێت؟ ئینگەبۆری، تۆ دەزانیت؟

**ژن:** نا!

**نەناسراو:** ئاوازی ڕێپێوانی پرسەی (مێندێلسۆن)[١٢]ە، لە كۆڵم نابێتەوە و ناشزانم ئاخۆ لە گوێمدا دەزرنگێتەوە یا...

**دوكتۆر:** گوێزرنگانەوەت لەگەڵدایە؟

**نەناسراو:** نا، زرنگانەوە نا، بەڵام لەوە دەچێت هەندێک ڕووداوی واقیعیانەی بچووک كە هەردەم دووبارە دەبنەوە شوێنم كەوتبن و لە كۆڵم نەبنەوە.... ئەی ئێوە گوێتان لە دەنگی مۆسیقا نییە؟

**دوكتۆر و ژن:** با! مۆسیقا لێ دەدرێت...

**ژن:** ئاوازی مێندێلسۆنیشە...

**دوكتۆر:** بەڵام شتێكی سەیریش نییە...

**نەناسراو:** وایە، دەزانم، بەڵام ئەوەی كە ڕێک لە شوێن و كاتی خۆیدا لێ دەدرێت... (هەڵدەستێت.)

**دوكتۆر:** بۆ ئەوەی هێمن بیتەوە، دەچم و لە خوشكەكەم دەپرسم... (دەچێتە هەیوانەكە.)

**نەناسراو:** (ڕوو لە ژنەكە.) لێرە دەخنكێم! یەک شەویش لەژێر ئەم بنمیچەدا خۆر ناكەمەوە. پیاوەكەت لە گورگ دەچێت و تۆش لە حزووری ئەودا دەگۆڕدرێت و دەبێت بەپەیكەرێک لە خوێ. لێرە لەم ماڵەدا، لە باخی ئەم ماڵەدا، كەسێک كوژراوە و ڕۆحیانەتەكەی بەم نێوەدا دێت و دەچێت و هەر هێندەش

هۆیەکم دۆزییەوە بەپەلە ئێرە بەجێ دەهێڵم.

**دوکتۆر:** (دێت.) ژنە پۆستەچییەکەیە، ئەوە پیانۆ لێ دەدات...

نەناسراو (پەشۆکاوە.) چاکە! – دوکتۆر شوێنی ژیانەکەت یەکاویەک و برنجییە و هەرچییەکیش لێرەدا هەیە نائاساییە. با دوور نەڕۆین و لەو لێـــژنەدارە هەڵچنراوەوە دەست پێ بکەین...

**دوکتۆر:** ئەوەتا ئێستا دووجار برووسکە لێی داوە...

**نەناسراو:** شتێکی ناخۆشە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە جێی خۆیدا هێشتووتەتەوە؟

**دوکتۆر:** ئا، هەر لەبەرئەوەش هێشتوومەتەوە و ئەمساڵیش دوو لێژنەی ترم لەسەر هەڵچنیوە، بەڵام هەر بە تەنیا لەبەر ئەوە نا، بگرە لەبەر ئەوەش کە هاوینان سێبەرم بۆ دەکات. ڕووەکی تەرزفرێدەری منە... کە پاییزیش هات، دەچێتە ناو ئەو کۆختەوە کە کۆتەرەداری تێدا هەڵدەگرین...

**نەناسراو:** (بەدەوروبەری خۆیدا دەڕوانێت.) هەروەها گوڵەخەربەقیشت هەیە... ئەمانەت لە کوێ بوو، هاوینە و گوڵیان گرتووە... سەیرە، هەموو شتێکی ئێرە پاشەوپاشە...

**دوکتۆر:** ئەها، ئەوانە دەڵێیت... ئا، نەخۆشێکم هەیە، لێرە دەژی و باری دەروونیی نەختێک شێواوە...

**نەناسراو:** لێرە لە ماڵەوە؟

**دوکتۆر:** ئا، بەڵام سروشتێکی ئارام و هێمنی هەیە، بە تەنیا هەر بیر لە بێ سەروبەریی سروشت دەکاتەوە و پێی وایە ئەوە دەبەنگییە



کە گوڵەخەربەق دەبێت لەنێو بەفردا بمێنێتەوە و سەرمای بێت، بۆیە هەڵیان دەگرێت و دەیانباتە ژێرزەوینەکەوە و بەهاران دەریان دەهێنێتەوە و دەیاننێژێتەوە.

**نەناسراو:** شێتێک لە ماڵەکەتدا هەیە؟ ئەمە تا بڵێیت ناخۆشە!

**دوکتۆر:** بەڵام زۆر ئارام و بێوەیە.

**نەناسراو:** ئەی چۆن شێت بووە؟

**دوکتۆر:** خۆت بیڵێ چۆن. ئەمە بەتێکچوونی باری دەروونی ناو دەبرێت و هەر لەبەر ئەوەش ئێش و ئازارێک نییە کە تووشی لەش بووبێت.

**نەناسراو:** بەڵام ئێستا لێرەیە – لەم نزیکانەیە؟

**دوکتۆر:** شێتەکە؟ ئا، بەرەڵایە، لە باخچەکەدا دێت و دەچێت و خەریکی ڕێکوپێککردنی ژیان و گەردوونە، بەڵام ئەگەر هەبوونی ئەو ئازارت دەدات، دەتوانین بیخەینە ژێرزەوینەکەوە و دەرگەی لەسەر کلۆم بدەین.

**نەناسراو:** بۆ دەهێڵن ئەو بەستەزمانانە بژین؟

**دوکتۆر:** ئاخر قەت نازانرێت ئاخۆ ئامادەن یا نا...

**نەناسراو:** ئامادە بۆ چی؟

**دوکتۆر:** بۆ ئەو دنیا!

**نەناسراو:** جا شتی وا کوا هەیە!

(پشوو)

**دوکتۆر:** کێ دەزانێت!

**نەناسراو:** نازانم، بەڵام ئێرە، ماڵەکەتان، زۆر ترسناکە، ڕەنگە

مردوویشی لێ بێت؟

**دوکتۆر:** مردووشی لێیە! لێرە لەم سندووقی سەهۆڵهەڵگرتنەدا چەند پارچە ئێسکێکم هەڵگرتووە کە پاشان دەیاننێرم بۆ ئەنجوومەن... (قاچ و قۆڵێک دەردەهێنێ.) تەماشا!

**نەناسراو:** نا، خۆ ئەمە وەک لای سوارەی ڕیششین وایە.

**دوکتۆر:** (بەتوندییەوە.) مەبەستت چییە؟ (چاو دەبڕێتە ژنەکە.) ڕەنگە پێت وا بێت منیش ژنەکانم دەکوژم؟

**نەناسراو:** نا... دوور بێت لە هەموومان، خۆ ئاشکرایە شتی وا ناکەیت. – بەڵام ڕۆحیانەتی مردووانیش لەم ماڵەدا دێن و دەچن؟

**دوکتۆر:** ڕۆحیانەتی مردووان! بۆ ئەمەیان لە ژنەکەم بپرسە!

(چووەتە پشت لێژەدارەکەوە، بەجۆرێک کە لە ژن و نەناسراوەوە دیار نییە.)

**ژن:** (ڕوو لە نەناسراو.) دەتوانیت دەنگ هەڵبڕیت، چونکە مێردەکەم گوێی گرانە و باش نابیستێت، بەڵام تەماشای دەم دەکات و بەوەدا دەزانێت چی دەوترێت و ناوترێت!

**نەناسراو:** کەواتە فرسەت دەهێنم و دەڵێم کە قەت نیو سەعاتی لەمە ناخۆشترم نەبینیوە. ئێمە لێرە ڕاوەستاوین و خەریکی قسەی بێ سەروبەر و هاتەروپاتەرانین، ئەمەش بە تەنیا هەر لەبەرئەوەی کەسمان ناوێرێت باسی بیر و بۆچوونەکانی خۆی بکات. نەختێک لەمەوبەر هێندە دڵتەنگ و پڕ لە ئازار بووم، کە دەمویست چەقۆکەم دەربهێنم و شادەمارەکانم هەڵبێمەوە تا نەختێک فێنک ببمەوە، بەڵام ئێستا ئیتر ئارەزووی ئەوە دەکەم



چی لە دڵمدایە هەڵی برێژم و وەک قومبەلەیەک بیتەقێنمەوە و بیبەم بە ئاسماندا. ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە ڕووبەڕوو پێی بڵێین کە بە نیازین پێکەوە ڕابکەین، کاتی ئەوە نەهاتووە پێی بڵێین کە ئیتر تاقەتی گێلی و گەلۆرییەکانیت نەماوە؟

**ژن:** ئەگەر ئاوها قسە بکەیت، ڕقت لێ هەڵدەگرم و ڕقم لێت دەبێتەوە. پیاو دەبێت لە هەموو پێوەندییەکدا پڕ بە پێست و ڕێکوپێک ڕەفتار بکات.

**نەناسراو:** چەند باش پەروەردە کراویت!

**دوکتۆر:** (دێتە دەرەوە، لە هەردووکیانەوە، کە لەسەر گفتوگۆکەیان بەردەوامن، دیارە.)

**نەناسراو:** لەگەڵم دێیت، پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت؟

**ژن:** بەڕێز...

**نەناسراو:** پێم بڵێ، بۆ دوێنێ ماچت کردم...

**ژن:** بەڕێز...

**نەناسراو:** بیر بکەوە، ئەگەر گوێی لەوە بێت کە دەیڵێین... زۆر ساختە دێتە پێش چاو...

**دوکتۆر:** دڵی میوانەکەمان بە چی خۆش بکەین؟

**ژن:** میوانەکەمان داوایەکی زۆری لەسەر ئەو شتانە نییە کە دڵ خۆش دەکەن، چونکە ژیانی هێندە بەخۆشی و شادی نەگوزەراندووە...

**دوکتۆر:** (فوو بە فیکەیەکدا دەکات.)

(شێتەکە لە باخچەکەدا دەبینرێت، تاجە گوڵینەیەکی کردووەتە

سەر و جلوبەرگێکی سەیری پۆشیوە.)

**دوکتۆر:** سێسار! وەرە، وەرە بۆ ئێرە!

**نەناسراو:** (ئەمە ناخۆش کاری لێ کردووە.) ناوی سێسارە؟

**دوکتۆر:** نا، نازناوێکە و من بە یادی هاوڕێیەکی قوتابخانەمەوە بەسەریمدا دابڕیوە...

**نەناسراو:** (نیگەرانە.) ئەمە چییە؟

**دوکتۆر:** ئەمە حاڵەتێکی نائاساییە، بەڵام من گوناهەکەم کردە ملی خۆم.

**ژن:** (ڕوو لە نەناسراو.) قەت بیستووتە منداڵێک هێندە خراپی بەسەر هاتبێت؟

**نەناسراو:** (نارەحەتە.)

**شێت:** (دێتە ژوورەوە.)

**دوکتۆر:** وەرە ژوورەوە و سەرت لە بەردەمی ئەم نووسەرە گەورەیەدا دانەوێنە، سێسار.

**شێت:** نووسەرە گەورەکەیە؟

**ژن:** (ڕوو لە دوکتۆر.) بۆ دەبێت بانگی بکەیت بۆ ئێرە، لە کاتێکدا کە دەبێتە مایەی ئازاردانی میوانەکەمان؟

**دوکتۆر:** سێسار نابێت بێئەدەب بێت، ئەگەرنا بە قامچییەکە سەروگوێلاکی شینومۆر دەکەمەوە.

**شێت:** سێسارە، بەڵام گەورە نییە! چونکە نازانێت کامیان لە پێش کامیانەوەیە، مریشک یا هێلکە. بەڵام من ئەمە دەزانم.

**نەناسراو:** (ڕوو لە ژنەکە.) من دەڕۆم، بە ڕێی خۆمدا دەڕۆم! بۆسەت



بۆ ناومەتەوە، یا چ باوەڕێکم هەبێت؟ هێندە نابێت و بۆ خۆشی لەبەر دڵی من هەنگەکانیش بەرەڵا دەکات؟

**ژن:** چەندیش ناخۆش بێتە پێش چاوت، بەڵام بێ سنوور باوەڕت بە من هەبێت، هێندەش دەنگ هەڵمەبڕە...

**نەناسراو:** بەڵام ئەم گورگە تۆقێنەرە قەت وازمان لێ ناهێنێت، قەت!

**دوکتۆر:** (سەیری سەعاتەکەی دەکات.) بمبوورن بەڕێزان، بەڵام من دەبێت، بۆ سەعاتێک، بۆ سەردانی نەخۆشێک بڕۆم. بە هیوای ئەوەی چاوەڕوانیتان درێژ نەخایەنێت.

**نەناسراو:** من خووم بەوەوە گرتووە چاوەڕوانی ئەوە بم کە قەت نایەت...

**دوکتۆر:** (ڕوو لە شێتەکە.) سێسار، خوێڕی، وەرە ئێرە! تا بتبەم و ژێرزەوینەکەت لەسەر داخەم! (لەگەڵ شێتەکەدا دەڕوات.)

**نەناسراو:** (ڕوو لە ژنەکە.) ئەمە چییە؟ کێیە کە دوام کەوتووە و لە کۆڵم نابیتەوە؟ تۆ دڵنیام دەکەیت کە پیاوەکەت خۆی بە دۆستی من دەزانێت، منیش باوەڕت پێ دەکەم و کەچی ناتوانێت دەم هەڵبێنێتەوە و قسەیەک بکات بەبێ ئەوەی من بریندار بکات. هەر وشەیەک لە دەمی ئەو هاتە دەرەوە وەک سووژن لە لەشم هەڵچەقی... ئێستاش ئەم ئاوازی ڕێپێوانی پرسەیە لێ دەدرێت، هەر بەڕاستیش لێ دەدرێت... ئەوەتا ئەوەش دیسان گوڵە خەربەقەکە دەرکەوتەوە. – بۆ هەموو شت لە نوێ دەست پێ دەکاتەوە... لاشەی مردوو، سواڵکەر و شێت و چارەنووسی مرۆڤەکان و بیرەوەریی منداڵیش... وەرە با لێرە بڕۆین، بچینە دەرەوە، ڕێم بە لەم دۆزەخە ڕزگارت بکەم!

**ژن:** هەر بۆیەش بۆ ئێرەم هێنایت، هەروەهاش بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەتوانێت بڵێت کە ژنی کەسێکی ترت دزیوە. بەڵام دەبێت پرسیارێکت لێ بکەم: دەتوانم متمانەت پێ بکەم؟

**نەناسراو:** مەبەستت لەو شتانەیە کە پێوەندن بە هەست و نەستەکانمەوە...

**ژن:** باسی ئەوانە ناکەین، لە کاتێک کە ئەوانمان وەک هەلومەرج وەرگرتووە و هەر هێندەش بەش دەکەن کە بەش دەکەن و هیچی تر...

**نەناسراو:** ئەی مەبەستت لە پشتگیریی مادییە؟ ئا، پارەیەکی زۆرم هەیە و تەنیا پێویستم بە نووسین یا تەلەگرافکردنە و...

**ژن:** کەواتە متمانە بەویان دەکەم! – دەی. (چنینەکەی دەخاتە گیرفانیەوە.) هەر ئێستا لەو دەروازەیەوە بەدەر بکەوە، پاشان دوای پەرژینی سیرێنەکە بکەوە و ئەمجا دەروازەیەکی لە تەختە دروستکراو دەبینێت. دەروازەکە بکەوە و لەوێوە دەکەویتە سەر ڕێگە سەرەکییەکە. لە گوندی داهاتوو یەکتر دەبینینەوە!

**نەناسراو:** (دوودڵە.) دڵم بە دەروازە تەختەکە ئاو ناخواتەوە، دڵم زیاتر بەلای ئەوەدا لێ دەدات لەنێو باخچەکەدا بیگەوزێنم...

**ژن:** (بە دەست ئاماژەی بۆ دەکات.) خێرا!

**نەناسراو:** لەگەڵم وەرە!

**ژن:** دێم! بەڵام دەبێت تۆ لە پێشدا بڕۆیت! (ڕوو وەردەگێڕێت، ماچێک بەرەو هەیوانەکە فڕێ دەدات.) ئای گورگە کلۆڵەکەم!



## بەشی دووەم

ژووری ئوتێلێک

نەناسراو، مەیگێڕ، ژن

**نەناسراو:** (هەگبەیەکی جێگەی نووستنی بەدەستەوەیە.) کەواتە لەمە زیاتر هیچ ژوورێکی ترتان نییە؟

**مەیگێڕ:** بەهیچ جۆرێک!

**نەناسراو:** بەڵام من نامەوێت لێرەدا بژیم!

**ژن:** ئێ هاوڕێم لەمە زیاتر هیچی تر نییە و هەموو ئۆتێلەکانی تریش گیراون...

**نەناسراو:** (ڕوو لە مەیگێڕ.) تۆ دەتوانیت بڕۆیت!

**ژن:** (لەسەر کورسییەک، بەبێ ئەوەی جلەکانی دەرەوەی داکەندبێت و کڵاوی لە سەر داگرتبێت، دادەنیشێت.)

**نەناسراو:** هیچت دەوێت؟

**ژن:** ئا، یەک شت: بمکوژە!

**نەناسراو:** تێت دەگەم! دەرکراو لە ئۆتێلەکان لە کاتێکدا کە ژن و مێردی یەکتر نین، بەدوواداگەڕان لەلایەن پۆلیسەوە، هەروەها کەوتنە نێو ئەم ئوتێلەشەوە، ئەوەی کە دواترین ئۆتێلێک بوو دەمویست تێیدا شەو بکەمەوە و ئەم ژوورەش لەولاوە بوەستێت، ژووری ژمارە هەشت.. کەسێک.. کەسێک شەڕم پێ دەفرۆشێت!

**ژن:** ژمارە هەشتە؟

**نەناسراو:** کەواتە تۆش پێشتر لێرە بوویت؟

**ژن:** ئەی تۆ؟

**نەناسراو:** منیش!

**ژن:** با لێرە بڕۆینە دەرەوە، بچینە سەر جادە، دارستان، هەر جێیەک...

**نەناسراو:** بەخۆشییەوە! بەڵام منیش وەک تۆ، دوای ئەم هەرا و ڕاکەڕاکەیە، ماندووم! بیر لەوە بکەوە کە چۆن هەستم بەوە کردبوو سەفەرەکەمان بەرەو ئێرە بەکێشی دەکردین: من بەرگریم کرد و بەرەو لایەکی تر هەوڵم دا، بەڵام قیتارەکان دواکەوتن، فریا نەکەوتن و ناچار بووین بێین بۆ ئێرە و بۆ ئەم ژوورەش. شەیتان نەبێت هیچی تر نییە، بانگی دەکەم، بەڵام دیسان دەستی لێ هەڵناگرم، یا من یا ئەو!

**ژن:** وا دێتە پێش چاوم کە قەت لەم دنیایەدا ئارامی بەخۆمانەوە نەبینین!

**نەناسراو:** بیر بکەوە، کە شتەکان چۆن لێرە وەک خۆیانن و نەگۆڕاون. گوڵە خەربەقە سیس و ژاکاوەکە هەردەم هەر لە جێی خۆیدایە... ببینە، ئەوەش ئەوە! ئەوەش ئوتێل بریۆر لە مۆنتریکس – لەوێش ژیاوم...

**ژن:** چوویت بۆ پۆست؟

**نەناسراو:** چاوەڕێی ئەو پرسیارەت بووم. ئا، لەوێ بووم و وەک وەڵامێکیش بۆ پێنج نامە و تەلەگرامێک، تەنیا یەک تەلەگرامی



لێ بوو: کە ئەو کەسەی کتێبەکانم چاپ و بڵاو دەکاتەوە بۆ ماوەی چواردە ڕۆژ سەفەری کردووە.

**ژن:** کەواتە بەتەواوی بەسەر چووین.

**نەناسراو:** تا ماوەیەکی تریش!

**ژن:** پێنج دەقیقەی تریش مەیگێڕەکە دێت و داوای پاسپۆرتەکانمان لێ دەکات، خانەخوێیەکەش دێت و داوامان لێ دەکات ئێرە بەجێ بهێڵین و بڕۆین.

**نەناسراو:** ئەوساش بە تەنیا یەک شتمان لە بەردەمدا دەمێنێتەوە...

**ژن:** دوو شت!

**نەناسراو:** بەڵام ئەوی تریان کە ناکرێت.

**ژن:** ئەوی تریان چییە؟

**نەناسراو:** چوون بۆ لای دایک و باوکت لە لادێ.

**ژن:** هەر لە ئێستاوە بیرەکانم دەخوێنیتەوە.

**نەناسراو:** ناتوانین لەمەودوا شت لە یەکتر بشارینەوە...

**ژن:** هەر بۆیەش هەموو خەونەکە بەسەر چوو، کۆتاییی هات...

**نەناسراو:** لەوانەیە!

**ژن:** بڕۆ و جارێکی تر تەلەگراف بکە!

**نەناسراو:** دەبوو ئەوەم بکردایە، بەڵام ناتوانم لە جێی خۆم بجووڵێم: چیی تر باوەڕم بەوە نییە هەڵسەنگاندنەکانم سەرکەوتن بەدەست بهێنن —— کەسێک لە پەلوپۆی خستووم.

**ژن:** ئەی من! ئێمە بڕیارمان وا بوو باسی ڕابردوو نەکەین و بەدوای خۆماندا ڕای بکێشین. سەیری ئەو کاغەزانە بکە لە دیوارەکان

گیراون: ئەو پۆرترێتە دەبینیت کە لە گوڵەکان دروست بووە؟

**نەناسراو:** ئا، ئەوە، پۆرترێتی ئەوە! لە هەموو شوێنێک، لە هەموو شوێنێک! بەسەدان و... بەڵام من لە نیگاری سەر سفرەی سەر مێزەکەدا کەسێکی تر دەبینم... ئاخۆ ئەمە شتێکی سروشتییە! نا، بەهەڵەدابردن و چاوڕاوە و هیچی تر! چاوەڕێی ئەوەم کە ئێستا نا نەختێکی تر گوێم لە ئاوازی خەمناکی ڕێپێوانی پرسەی خۆم بێت! (گوێ دەگرێت.) ئەوەتا!

**ژن:** من هیچ نابیستم!

**نەناسراو:** دەکەواتە – بەڕێوەم!

**ژن:** بگەڕێینەوە بۆ ماڵ؟

**نەناسراو:** ئەمیان دوا شتە، خراپترین شتیانە! گەڕانەوە وەک کەسانێک کە یارییان بە ژیان و چارەنووسی خۆیان کردبێت، وەک سواڵکەر، نا، ئەمیان کە هەر نابێت.

**ژن:** ئەمە لە ڕاستیدا – – – نا، ئەمیان زۆر دەبێت! بە شەرم و بێئابروویییەوە و هەڵڕشتنی خەمیش بەسەر دایک و باوکدا و... بینینی تۆش لەبارێکی پڕ لە سووکایەتی و نەنگیدا و بینینی تۆش بۆ من لە هەمان باردا. بەشێوەیەک کە چیی تر نەتوانین بە ڕێزەوە سەیری یەکتر بکەین!

**نەناسراو:** ڕاست دەکەیت، ئەوە لە مردنیش خراپتر دەبێت، بەڵام بیر بکەوە، وا هەست دەکەم تا بێت لێمان نزیکتر دەبێتەوە، وەک ئەوەی شتێک بێت نەتوانین خۆمانی لێ لابدەین و منیش خەریکە تاسە و ئارەزووی دەکەم، بۆ ئەوەی بە زوویی بەنێویدا تێپەڕ بم، چونکە هەر ڕوو دەدات.



**ژن:** (چنینەکەی دەردەهێنێ.) بەڵام من هیچ حەزم لەوە نییە کە لە ئامادەیی تۆدا ببم بەمایەی لاقرتی و گاڵتەپێکردن و... دەبێت ڕێیەک هەبێت، ڕێیەکی تر هەبێت بۆ ڕزگاربوون. خۆ ئەگەر ژن و مێردی یەکتر بووینایە و... ئەم شتەش زوو ئەنجام دەدرێت، چونکە ژن و مێردایەتییەکەی پێشووم بەشێوەیەکی ڕەسمی چیی تر ناخوات و – بەپێی یاسای ئەو وڵاتەی کە تێیدا ئەنجام درا چ ئەرزشێکی نەماوە،... بە تەنیا پێویستمان بەسەفەرێکە تا بچین و لەلای هەمان قەشە خۆمان لە یەکتر مارە بکەین... بەڵام ئەمەیان بۆ تۆ وەک سووکایەتیپێکردنە...

**نەناسراو:** لە شێوازدا لەگەڵ هەموو شتەکانی تردا دێتەوە و دەگونجێت... لە کاتێکدا کە ئەم سەفەری شایی و زەماوەندە وەک سەردانی شوێنێکی پیرۆز یا سزایەک دەنوێنێت کە سزادراو ناچار بکرێت نیوەڕووت بەنێو دوو ڕیز خەڵکی قامچی یا دار بەدەستدا ڕابکات و هاوکات بەر قامچی و دار بکەوێت...

**ژن:** ڕاست دەکەیت و پێنج دەقیقەی تریش خانەخوێ دێت و دەرمان دەکاتە دەرەوە! هەر لەبەر ئەوە و بۆ ئەوەش کۆتاییەک بەم سووکایەتیپێکردنە بهێنین تەنیا یەک شتمان لە بەردەمدا ماوە، تەنیا شتێک کە دەبێت بەخواستی خۆمان قەبووڵی بکەین، ئەویش... بێدەنگ بە، گوێم لە دەنگی پێیە...

**نەناسراو:** هەستی پێ دەکەم و ئامادەشم... ئێستا و بۆ لەمەودواش ئامادەی هەموو شتێکم و لە کاتێکیشدا کە ناتوانم بەرەنگاری ئەوە ببمەوە کە نابینرێت، دەبێت ئەوە پێشان بدەم کە تا چ

ڕادەیەک بەرگە دەگرم... خشڵەکانت بخەرە قەرزەوە، تا ئەو کاتەی ئەو کەسەی کتێبەکانم بۆ چاپ و بڵاو دەکاتەوە دەگەڕێتەوە، ئەگەر لە کاتی مەلەکردندا نەخنکابێت یا لە بەیەکدادانی دوو قیتاردا نەپلیشابێتەوە. ئەگەر کەسێک وەک من بەرزەفڕ بێت و دوای ناو و ناوبانگ کەوتبێت دەبێت ئامادەش بێت پێش هەر شتێکی تر ئابڕووی بەخت بکات!

**ژن:** ئەی پێت وا نییە، لەبەرئەوەی بەو شێوەیە ڕێک و هاوڕاین، باشتر بێت کە بەخواستی خۆمان ئەم ژوورە بەجێ بهێڵین و بڕۆین... ئۆف! ئێستا دێت! خانەخوێکە دێت!

**نەناسراو:** با بڕۆین!— — — وەک ئەوەی سزادان بێت بەنێو ڕیزی مەیگێڕان، میوانبەڕێکەران، پێڵاوبۆیاخکەران و پاسەوانانندا... سەرورو سووربوونەوە لەبەر شەرمێونی و تەرقیبوونەوە و ڕەنگزەردهەڵگەران لە تاو تووڕەیی... گیانەوەرانی دارستان دەتوانن لە کون و لانەی خۆیاندا خۆیان بشارنەوە، بەڵام ئێمە ناچارین لە شەرم و شوورەییی خۆماندا خۆمان پێشانی خەڵک بدەین. — هەر نەبێت پەچەکەت دابەرەوە!

**ژن:** ئەمەش بە ئازادی حیساب دەکرێت!

**نەناسراو:** ئەمیش ڕزگارکەرەکەت!

(دەڕۆن.)

لای زەریاکەوە

کۆختێک لەسەر پارچە شاخێکی نزیک کەناری زەریا. لە دەرەوە مێزێک و چەند کورسییەک دانراون. نەناسراو و ژنەکە



جلوبەرگی ڕەنگ کاڵیان لە بەردایە، لە دیمەنی پێشوو گەنجتر دیارن. ژنەکە خەریکی چنینە بەقولاپ.

**نەناسراو:** سێ ڕۆژی بەختیار و هێمن لە تەنیشت ژنەکەمەوە و دیسان پشێوی دەگەڕێتەوە.

**ژن:** لە چی دەترسیت؟

**نەناسراوەکە:** لەوەی کە ئەمە هێندە نەخایەنێت!

**ژن:** بۆچی پێت وایە؟

**نەناسراو:** نازانم، پێم وایە کە دەبێت کۆتا بێت، بەپەلە و ترسناک کۆتا بێت. شتێکی ساختەش لە تیشکی ڕۆژەکە و شنەی باکەدایە و وا هەست دەکەم کە بەختیاری بەشێک نییە لە چارەنووسی من.

**ژنەکە:** خۆ هەموو شتێک بڕاوەتەوە، دایک و باوکم دوای زۆرلەخۆکردن، ڕازی بوون و وازیان لێ هێناوین، پیاوەکەم بێ هیچ ڕق و کینەیەک و بەوپەڕی تێگەیشتنەوە بۆی نووسیوین...

**نەناسراوەکە:** کەڵکی چی دەگرێت، چ یارمەتییەکمان دەدات... چارەنووس پیلانی خۆی دەگێڕێت، دیسان گوێم لە دەنگی بەربوونەوەی کوتەکەکەی دادگەیە و کورسییەکانیش لە مێزەکە دوور دەخرێنەوە — دادگە بڕیاری خۆی داوە، بەڵام لەوە دەچێت، پێش ئەوەی لەدایک بووبم، ئەو بڕیارە درابێت، چونکە هەر لە منداڵیمەوە سزای خۆم بەسەربردووە... هیچ نوختەیەک لە ژیانمدا نییە، کە بتوانم بە شادییەوە ئاوڕی لێ بدەمەوە و تێی بڕوانم...

**ژن:** تۆش، پیاوی کڵۆڵ کە هەرچییەکت لە ژیان داوا کردبێت، دەستت کەوتووە.

**نەناسراو:** هەموو شتێک، بەڵام بەداخەوە لە بیرم چوو داوای زێڕ بکەم.

**ژن:** دیسان بیرت لەوێن.

**نەناسراو:** بۆ ئەمە شتێکە بیری لێ بکرێتەوە؟

**ژن:** بێدەنگ!

**نەناسراو:** ئەوە خەریکی چنینی چیت؟ وەک ژنە خواوەندێکی پارێزەری کۆرپەلان دانیشتوویت و بەپەنجەکانت خەریکی ڕاکێشانی شلیلەکەی نێو دەستتیت... بەڵام خەریک بە، هیچ شتێک لەوە جوانتر نییە ژنێک بەسەر کارەکەی یا منداڵەکەی خۆیدا سەری شۆڕ کردبێتەوە. چی دەچنیت؟

**ژن:** شتێکی تایبەت نییە، تەنیا ئیشی دەستە و...

**نەناسراو:** لە تۆڕێکی لە دەمار و گرێ پێکهاتوو دەچێت کە بیر و خەیاڵاتەکانتی تێدا کۆ بوویێتەوە، وا دێتە پێش چاوم کە مێشکیشت لەنێوەوە لەو تۆڕە بچێت...

**ژن:** ئەگەر، هەر نەبێت، نیوەی ئەو بیر و بۆچوونانەم هەبووایە کە تۆ بە منی دەدەیت، بەڵام من هیچ بیر و بۆچوونێکم نییە، هیچ!

**نەناسراو:** ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت من هێندە هەست بەخۆشی دەکەم بەهاوڕێی و نزیکیی تۆ، هەر لەبەر ئەوەش تەواو و بێ خەوش دەتبینم، بەجۆرێک کە ناتوانم بەبێ تۆ بیر لە ژیان و بوون بکەمەوە! ئەوە هەورەکەش ڕەوییەوە! ئاسمان دەرکەوتووە، شنەبایە، هەست دەکەیت چۆن بەسەر سەر و ڕووماندا دەشنێتەوە! ئەمەیە ژیان، ئا، ئەمەیە ژیان و ئێستا، ڕێک لە ئێستادا، دەژیم و هەست دەکەم بوونم هەڵدەئاوسێت، خۆی



درێژ دەکات، تەنک دەبێتەوە، گشت سنوورەکان دەبڕێت: من بەسەر هەموو شتەکانەوەم، لەنێو ئەو زەریایەدام کە خوێنی خۆمە، لەو کێوانەدام کە ئێسک و پرووسکمن، لەنێو درەختەکاندام، لە گوڵەکاندام و سەرم تا تاقی ئاسمان دەکشێت، بەسەر گەردووندا دەڕوانم کە خۆمم و لەنێو خۆمدا هەست بەهەموو هێز و توانای خوا دەکەم، چونکە خۆم خوام. دەمەوێت پڕ بە گشت پێکهاتەی گەردووندا بکەم و بیشێلم تا ببێت بەشتێکی لەوەی ئێستا تەواوتر و بێ خەوشتر، بەردەوامتر، جوانتر... دەمەوێت هەرچییەکی خوڵقێنراو و هەرچی بوونەوەر هەیە بەشادی و بەختیاری ببینم، لەدایکبوونیان بەبێ ئازار ببینم، بیانبینم بێ خەمینی بژین و بە شادییەکی پڕ لە ئارامییەوە بمرن! ئێڤا! دەتەوێت لەگەڵ مندا بمریت، ئێستا، لەم کاتەدا، چونکە نەختێکی تر ئازار بەسەرمانەوە لەنگەر دەگرێتەوە؟

**ژن:** نا، ئامادە نیم بمرم!

**نەناسراو:** بۆ؟

**ژن:** وا دێتە پێش چاوم هێشتا شتێک مابێت بە ئەنجامم نەگەیاندبێت. ڕەنگە بەتەواوی ئازارم نەچێشتبێت...

**نەناسراو:** ئەگەر وایە، کەواتە ئامانجی ژیان ئەوەیە؟

**ژن:** دوور نییە ئەوە بێت! بەڵام ئێستا بە جوانی داوای شتێکت لێ دەکەم!

**نەناسراو:** بیڵێ!

**ژن:** ئیتر، وەک نەختێک لەمەوبەر، کفر مەکە و خۆشت بە خوا

مەچوێنە، چونکە لەو کاتەدا (سێسار)ەکەی ماڵەوەم بە بیردا دەهێنیتەوە...

**نەناسراو:** (تووڕەیە.) سێسار! چۆن دەزانیت... بیڵێ.

**ژن:** مەبەستم ئەوە نەبوو هیچ شتێکی خراپ بڵێم! بێئەقڵییەک بوو و هیچی تر کە وشەی ماڵەوەم بەکار هێنا... داوای لێبووردن دەکەم!

**نەناسراو:** مەبەستت تەنیا لە کفرەکان بوو کە من و سێسار لە یەکتر دەچین؟

**ژن:** نا مەبەستم لە هیچ نەبوو!

**نەناسراو:** ئەمە حاڵەتێکی سەیر و نائاساییە، بڕوام بەوەیە دەیڵێیت و بڕواشم بەوەیە کە ناتەوێت بریندارم بکەیت و کەچی دیسانیش بریندارم دەکەیت، ڕێک وەک هەموو کەسێکی تر، وەک ئەوانی تر. بۆ؟

**ژن:** چونکە تۆ زیاد لە پێویست، بەهەموو شتێک، بریندار دەبیت.

**نەناسراو:** ئەوەتا دیسان هەر هەمان شت! مەبەستت لەوەیە دەتوانرێت دەمارم بگیرێن.

**ژن:** نا، سوێند بەخوا دەخۆم ئەوەم مەبەست نەبوو! – ئۆهـ، دیسان گیانی بەدی دوودڵی و گومان کەوتووەتە نێوانمانەوە! دووری بخەوە، لە خۆت... لە خۆم، پێش ئەوەی درەنگ بێت!

**نەناسراو:** تۆ نابێت بڵێیت کە من کفر دەکەم، لە کاتێکدا من ئەوە دەڵێمەوە کە لە دەمێکەوە پێی ئاشناین: ببینە ئێمە...

**ژن:** ئۆهـ، ئەگەر وایە، بۆ ناتوانیت یارمەتیی خۆت بدەیت، یارمەتیمان بدەیت؟



**نەناسراو:** ناتوانم؟ نەختێک چاوەڕێ بە، هێشتا لە سەرەتاکەی زیاتر هیچمان نەبینیوە؟

**ژن:** کۆتاییەکەی دوای ئەوە دێت! دە کەواتە خوا بمانپارێزێت!

**نەناسراو:** دەزانم لە چی دەترسیت و منیش بەمەبەست ڕاگەیاندنی سەرسووڕمانێکی خۆم دواخست، بەڵام ئیتر نامەوێت لەوە زیاتر ئازارت بدەم. (نامەیەکی نەکراوەی بەناوی خۆیەوە تۆمارکراو دەردەهێنێ.) سەیر بکە...

**ژن:** پارەکان گەیشتوون!

**نەناسراو:** ئەم بەیانییە! کێ دەتوانێت ئیتر لێم تێک بدات؟

**ژن:** ئەوە مەڵێ، تۆ خۆشت دەزانیت، کێیە کە دەتوانێت لێمان تێک بدات؟

**نەناسراو:** دەبێت کێ بێت؟

**ژن:** ئەوەی کە سزای بەخۆوەنازین و لەخۆباییبوونی خەڵک دەدات!

**نەناسراو:** ئەی ئازایەتی! بەتایبەتیش ئازایەتی! ئەمە خاڵی هەرە لاوازی (پاژنەی ئەکیلیسی)[١٣] من بوو، بەرگەی هەموو شتێکیشم گرتووە بێجگە لەم ناچارییە کوشندەیە کە پارە تووشی کردووم و هەردەم بەر ئەو شوێنەش کەوتووە کە مەبەستی بووە بەری بکەوێت!

**ژن:** ببوورە پرسیارێک، بەڵام چەندت بۆ هاتووە؟

**نەناسراو:** نازانم، چونکە هێشتا نامەکەم نەکردووەتەوە، بەڵام دەزانم، تەقریبەن، کە چاوەڕێی چی دەکەم! هەر چۆنێک بێت با بزانین. (نامەکە دەکاتەوە.) ئەمە چییە؟ پارەی تێدا نییە، تەنیا

لیستەیەکی حیساباتە و ئەوەی تێدا نووسراوە کە هیچ برە پارەیەکم نەماوە تا بتوانم داوای بکەم! بڵێیت ئەمە ڕاست بێت؟

**ژن:** خەریکە باوەڕ بەقسەکانت دەکەم!

**نەناسراو:** بەوەی کە من بڕیاری سزادانم بەسەردا دراوە! ئا! بەڵام من بە دوو پەنجان کلکی پیسی نەفرەت دەگرم و بەرەو ئەو کەسە بەخشندەیە هەڵی دەدەمەوە کە دڵئاوەڵاییی بەرانبەرم پێشان داوە!... –(نامەکە بەرەو سەرەوە هەڵدەدات.) – لەگەڵ نەفرەتی مندا!

**ژن:** وا نا! لێت دەترسم! وا نا!

**نەناسراو:** بترسە، بەڵام نابێت ڕقت لێم بێتەوە! کار لە کار ترازاوە و گەورەکان بەچەپۆکان بەربوونەتە یەکتر و دەستیان لە یەخەی یەکتر گیر بووە! ئەگەر دەوێریت، بە برووسکەکەت لێم بدە! ئەگەر دەتوانیت بە باوبۆرانت بمترسێنە!

**ژن:** نا، نا! وا نا!

**نەناسراو:** با! وا! کێ دەوێرێت خەونی خۆشەویستیم لێ تێک بدات؟ کێ پێکی شەراب لە دەمم و ژنەکەی نێو باوەشم ڕادەپسکێنێت؟ ئەوەی ئیرەییم پێ دەبات، شەیتانەکان! ئەو... بچکۆلانەی کە خۆیان لەبەر شمشێری هەڵکێشراو لادەدەن و لە پشتەوە دەرزیئاژن دەکرێن، ئەوانەی نایەنە مەیدان، بەڵام بەنەدانی برە پارەیەکی داواکراو کە نەدراوە، بەدیواری موبەقێک کە دەبێت بەمایەی سووکایەتیکردن بە گەورەی ماڵ لە بەرانبەر سەپانەکانیدا وەڵامی دەدرێتەوە. لێی مەدە، تەنیا پێیدا بکە، بەڵام تفی تێ بکە و بقیژێنە... یەع! لە دەستەڵات، لە گەورەیی،



لە قەڵەمڕەوی ژێر دەستەڵات، تف!

**ژن:** با ئاسمان قەت سزات نەدات...

**نەناسراو:** ئاسمان بەهەمان شێوە شین و لاڵە، زەریاش هەروەها... بێدەنگ، گوێم لە دەنگی بەڕێوەبوونی شیعرێکە، وەک چۆن بابەتێک لەنێو مێشکمدا سەر دەردەهێنێ، بانگی دەکەم... بەڵام لە پێشدا گوێم لە ئاهەنگەکەیەتی... ئەمجارەیان وەک غارغارێنی ئەسپ، دەنگی مامزە و وەک خشەخشوهوڕی چەک وایە... بەڵام باڵ بەیەکدادانێکیشە وەک ئەوەی بە ئاوێنەیەکدا بکێشرێت: دروشمەکانن...

**ژن:** نا، دەنگی بایە، دەنگی شنەشنی گەڵای درەختەکانە...

**نەناسراو:** بێدەنگ! – ئێستا بەسەر پردێکدا دەڕۆن، بەڵام پردێکە لە دار دروست کراوە و ڕووبارەکەش ئاوی پێدا ناڕوات، تەنیا زیخ و چەوی تێدایە... نەختێک چاوەڕێ بە! ئێستا گوێم لە دەنگی خوێندنەوەی سروودێکی ئایینییە، دەنگی ژنان و پیاوان پێکەوە و سروودی گەیشتن و سەردانی فریشتەیە، بەڵام دەبینم، دەزانیت چی دەبینم؟ – لەسەر چنینەکەی تۆ موبەقێکی گەورە، سپی، دیوارەکانی گەچن، سێ پەنجەرەی قووڵی شیشبەندکراوی تێدایە، گوڵیش، تەباخەکە لە سووچی لای دەستەچەپەوەیە، لەلای دەستەڕاستەوە مێزی نانخواردنەکە دانراوە و چەند نیمکەتێکیش لە تەختەی دارسەروو دەوری مێزەکەیان داوە، لەسەر مێزەکەش، لە سووچێکیدا، خاچێکی ڕەش کە وێنەی عیسای مەسیحی پێدا هەڵواسراوە دەبینرێت، لەژێریشیدا چرایەک دەگرێت... بەڵام دارەڕای میچەکەی

بەدووکەڵ قاوەیی بووە!... بەدیوارەکانیشەوە چڵوچێوی نەختێک وشکبووی درەختی دەمووکانە هەڵواسراوە...

**ژن:** (بەترس و لەرزەوە.) ئەم هەموو شتە لە کوێ دەبینیت؟ لە کوێ؟

**نەناسراو:** لەسەر چنینەکەت...

**ژن:** ئەی کەس دەبینیت؟

**نەناسراو:** پیاوێکی پیر، زۆر پیر، دەبینم کە لەلای مێزی نانخواردنەکە دانیشتووە... بەلای سەریشیەوە هەگبەیەکی ڕاو دەبینم... بەڵام دەستەکانی، وەک ئەوەی خەریکی نوێژکردن بێت، نوقاندوون... لەسەر ئەرزەکەش پیرەژنێک لەسەر چۆکان دانیشتووە... ئێستا دیسان دەنگی سروودێکی ئاینی، سروودێک کە گەیشتن و سەردانی فریشتەیەک ڕادەگەیەنێ، دەبیستم، دەیبیستم وەک ئەوەی لە دەرەوە، لە بەرهەیوانێکەوە، بێت... بەڵام ئەوانەی لە موبەقەکەن، هەردووکیان، وا دێنە پێش چاوان کە لە مێوی سپی و هەنگوین دروست کرابن... قوماشێکی تەنکیش بەسەر هەر هەموویدا دادراوە. – – – نا، ئەمە شیعر نییە! (بەئاگا دێتەوە.) ئەمە شتێکی ترە!

**ژن:** ئەمە ڕاستییە! ئەوە موبەقەکەی ماڵی ئێمە بوو، ماڵی دایک و باوکم، کە تۆ قەت نەتبینیوە، پیرەمێردەکەش باوکی دایکم بوو، باوکی دایکم کە چاودێریی باخ و دارستانان بوو، ژنەکەش، ئەوەی دەپاڕایەوە، دایکم بوو – بۆ ئێمە دەپاڕایەوە! سەعات شەشە و کاتی خوێندنەوەی سروودی ئاینییە لەلایەن دەستوپێوەندەکانەوە لە دەرەوەی ماڵ...

**نەناسراو:** شتێکی ناخۆش بوو! چییە خەریکە ئەوەش دەبینیت کە



پاشان ڕوو دەدات! – – بەڵام جوان بوو، ژوورێکی لەو جۆرە، سپی وەک بەفر، چڵوچێوی ڕووەکی دەمووکانە و گوڵیشی تێدا بوو... بەڵام ئەی بۆ بۆمان دەپاڕێنەوە، بۆ نوێژمان بۆ دەکەن؟

**ژن:** ئاخر، بۆ؟ هیچ ڕەفتارێکی ناهەقمان کردووە؟

**نەناسراو:** ناهەق چییە؟

**ژن:** لە ڕاستیدا خوێندوومەتەوە کە ناهەق بوونی نییە، بەڵام بەهەمان شێوەش... تا دڵ حەز بکات تاسە و ئارەزووی دایکم دەکەم، هیی باوکم نا، چونکە ئەو حەزی لە چارەم نەبوو، وەک چۆن حەزی لە چارەی دایکم نەبوو و دەستی دەنا بە ڕوویەوە.

**نەناسراو:** بۆ دایکتی بەجێ هێشت؟

**ژن:** کێ دەزانێت؟ منداڵانیش لە هەموو کەس کەمتر ئەوە دەزانن. بەڵام، با بگەڕێینەوە، ئۆهـ، تا بڵێیت تاسە و ئارەزووی گەڕانەوە دەکەم...

**نەناسراو:** چاڵەمار و لانەی شێران، یەک زیاد و یەک کەم هیچ ناگۆڕێت. لەبەر تۆ ئەوە دەکەم، بەڵام نەک وەک کوڕێکی دۆڕاو، نا دەبینیت کە من چۆن لەبەر تۆ و لە پێناوی تۆدا دەتوانم بەئاو و ئاگریشدا بڕۆم...

**ژن:** ئەوە نازانیت...

**نەناسراو:** بەڵام خەریکە شک دەکەم...

**ژن:** شکی ئەوەش دەکەیت کە ڕێگەیەکی گەلێک سەختە، چونکە ئەو پیرانە لە چیاکان دەژین و هیچ گالیسکەیش ناگاتە ئەوێ.

**نەناسراو:** ئەمە وەک داستان دێتە بەرگوێ، بەڵام ڕەنگە شتێکی لەو

جۆرەم یا خوێندبێتەوە یا لە خەوندا بینیبێت – – –

**ژن:** دوور نییە، بەڵام هەرچییەک کە دەیبینیت سروشتییە، ڕەنگە نەختێک نائاسایی بێت، بەڵام خۆ خەڵکیش ئاسایی نین ––– ئامادەیت لەگەڵمدا بێیت؟

**نەناسراو:** بەتەواوی ئامادەم ئامادەم بۆ هەر شتێک!

**ژن:** (ناوچەوانی ماچ دەکات و هێمای خاچێک دەکێشێت، ئەمجا بەسادەیی، بەشەرمەوە و بەبێ هیچ خۆنواندنێک.) وەرە!

لەسەر ڕێگە سەرەکییەکە

دەشتودەرێک، چەند گردێک و بورجی کڵێسایەک لە دوورەوە، لە دەستەڕاستەوە، بە بەرزاییەکەوە دەبینرێن. درەختی میوە ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگە سەرەکییەکەی تەنیوە و بەرەو پشتەوەی شانۆ دەکشێت، لەنێو درەختەکانەوە، گومبەزی سەر گۆڕی مردووان، خاچ کە بۆ بیرهێنانەوەی شوێنی ڕووداوی ناخۆش و پەیکەری عیسای مەسیح بە خاچەوە، دەبینرێن. لە پێشەوەی شانۆ ڕێنیشاندەرێک دانراوە و لەسەر تابلۆکەشی نووسراوە: "سواڵکردن لەم شارەوانییەدا قەدەغەیە". نەناسراو و ژنەکە.

**ژن:** ماندوویت، پیاوە کڵۆڵەکەم، ماندوویت.

**نەناسراو:** نکوولّی ناکەم، ماندووم، بەڵام کە برسیم لەبەرئەوەی پارەمان پێ نەماوە، ئەمیان سووکی کردووم. هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم ئەمەم لێ ڕوو بدات!

**ژن:** لە ڕاستیدا لەوە دەچێت کە دەبێت ئامادەی هەموو شتێک بین، چونکە پێم وایە کە تووشی تەنگانە بووین. دەزانیت کە



پووتەکانم هەڵتەقیون خەریکە لە داخاندا دەدەمە پرمەی گریان، لە کاتێکدا کە بەم جۆرە بەڕێوەین و لە سواڵکەر دەچین.

**نەناسراو:** (ئاماژە بۆ ڕێنیشاندەرەکە دەکات.) سواڵکردنیش لەم شارەوانییەدا قەدەغەیە. بۆ دەبێت ئەمە ڕێک لەوێدا و بە پیتی گەورە نووسرابێت؟

**ژن:** ئەوە هەرگاڤ، هێندەی من بەبیرمدا بێتەوە، هەر لەوێدا بووە. بیر بکەوە، لە منداڵیمەوە سەرم بەم ناوەدا نەکردووەتەوە، ئەوسا پێم وابوو کە ڕێگەکە زۆر کورت بوو، گردەکان هێندە بەرز نەبوون و درەختەکان بچووکتر و جریوەی باڵندانیش دەبیسترا. پێم وابوو.

**نەناسراو:** باڵندەکان بە درێژاییی ساڵ بۆ تۆ دەیانخوێند – ئێستا بەتەنیا بە بەهاردا هەڵدەڵێن و دەخوێنن و – ئێستاش دەمەو پایزە! بەڵام ئەوسا تۆ لەسەر ئەم ڕێگەیە، کە پڕ لە پەیکەری عیسای مەسیحە بە خاچەوە، سەمات دەکرد و گوڵی دەوروبەری خاچەکانت دەچنییەوە – – – (لە دووری دوورەوە دەنگی کەڕەنای فرەنسایی دەبیسترێت.) ئەوە چییە؟

**ژن:** ئەوە باوکی دایکمە لە ڕاو دەگەڕێتەوە. ئەو پیاوە خۆشەویستە، ئەو پیاوە پیرە خۆشەویستەیە! با بڕۆین تا بەر لەوەی تاریک دابێت بگەینە جێ.

**نەناسراو:** زۆرمان ماوە؟

**ژن:** زۆر نا، هەر بە تەنیا شاخەکان و ئەوجا ڕووبارەکە.

**نەناسراو:** ئەی ئەوە دەنگی ڕووبارەکەیە دێتە بەرگوێم؟

**ژن:** ئا، ئاوە گەورەکەیە، ئەوەی لە نزیکیەوە لە دایک و گەورە بووم.

هەژدە ساڵان بووم، پێش ئەوەی بەسەر ئەم کەناری ئاوەدا تێپەڕ ببم تا بزانم ئەوە چییە کە لە دووری دوورەوە شین دەچێتەوە – ئێستا ئیتر ئەوەم دیوە.

**نەناسراو:** دەگریت!

**ژن:** ئۆف، ئەو پیرەمێردە چاکە، کە خەریک بوو سواری کەشتییەکە دەبووم وتی: ڕۆڵە، دنیا لەوێیە، هەر کاتێک هێندەت لێ بینی بەس بێت، بۆ ئەم چیایانە بگەڕێوە. چیاکان شت دەشارنەوە!

ئا، ئێستا ئیتر ئەوەندەم بینیوە بەس بێت! ئەوەندەم بینیوە بەس بێت!

**نەناسراو:** با بڕۆین! ڕێگەمان دوورە و خەریکە تاریک دادێت.

(هەگبەکانیان هەڵدەگرن و دەڕۆن.)

لای شیوەکە

دەرووی تەنگەبەری شیوێک، کەوتووەتە نێوان لاپاڵی لێژی چیای بە دارسنەوبەر و دارسەروو داپۆشراوەوە.

لە پێشەوەی شانۆ کوختێک دەبینرێت، لە بەردەرگەکەیدا گسکێک دانراوە و کەڕەنایەکی لە شاخی بزن بە دەسکەکەیدا هەڵواسراوە. لە دەستەچەپەوە ئاسنگەرییەک دەبینرێت، دەرگەکەی کراوەیە و ڕووناکیی سووری گڕێکی لێوە دەبینرێت. لە دەستەڕاستەوە ئاشێک دەبینرێت.

لە بەشی پشتەوەی شانۆ شیوێک و جۆگەیەک کە دەچێتەوە سەر ئاشەکە و پردێکی سادەی لە دار دروستکراو بەسەر جۆگەکەوە دەبینرێت. لە پشتەوەی ڕێگەکە قەدپاڵی چیایەک.



لەگەڵ هەڵدانەوەی پەردەی شانۆ ئاسنگەرەکە لە بەردەرگەی ئاسنگەرییەکەدا و ژنە ئاشەوانەکە لە بەردەرگەی ئاشەکەدا دەبینرێن. کە ژنەکە دێتە ژوورەوە ئیشارەتێک بۆ یەکتر دەکەن و هەریەکەیان بە لایەکدا دەڕۆن. جلوبەرگی ژنەکە و نەناسراو شیتەڵ شیتەڵ و دڕاون.

**ژن:** (دێتە ژوورەوە، بەرەو ئاسنگەرییەکە دەڕوات.)

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە.) وابزانم خۆیان لە ئێمە شاردەوە.

**ژن:** باوەڕ ناکەم!

**نەناسراو:** چ سروشتێکی نائاسایی و سەیرە و چۆن هەموو شتێکیش تێیدا پێکەوە پێوەست بوون بۆ ئەوەی مرۆڤ نیگەران بکەن. ئەو گسکە بۆ لەوێدایە، ئەی ئەو شاخی بزنەی بۆ پێوە هەڵواسراوە؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت ئەوە جێی ئاساییی ئەوان بێت، بەڵام بەهەمان شێوەش بیر و خەیاڵاتم بەرەو جادووگەرەکەش دەڕۆن... بۆ ئاسنگەرییەکە ڕەش و ئاشەکەش سپییە؟ چونکە یەکەمیان دووکەڵاوی و ئەوی تریش ئارداوییە، بەهەمان شێوەش کە هەر نەختێک پێش ئێستا کە ئاسنگەرە ڕەشەکەم بینی لەبەر ڕۆشناییی ئاگرەکەیدا و ڕووبەڕووی ژنە ئاشەوانە سپییەکە وەستابوو، بیرم لە شیعرێکی کۆن کردووە... بەڵام زلحۆرتەکان... بەو سەرەوە... دەبینیت... نا، چیی تر لەگەڵیدا هەڵناکرێت... گورگەکەت نابینیت، ئەوەی تۆم لە دەست ڕزگار کرد... لە لاوە لەو دەچێت... سەیرکە: لەوێ!

**ژن:** ئا، بەڵام ئەوە قەدپاڵی کێوەکەیە...

**نەناسراو:** قەدپاڵی کێوەکەیە، بەڵام بەهەمان شێوەش ئەوە!

**ژن:** لێم گەڕێ با نەڵێم بۆ ئەو دەبینین!

**نەناسراو:** مەبەستت ویژدانە... کە کاتێک مرۆڤ برسی و ماندووە، بەری بۆ ئاوەڵا دەبێت، بەڵام کە تێر و حەساوەیە بەسەر دەچێت و دەبرێتەوە... ئەی ئەمە وەک نەفرەتکردن نییە کاتێک وەک ناکەسان بگەیتە جێ... دەبینیت کە دوای گەڕانی نێو کێوان و گەڕان بەنێو دەوەنە دڕکاوییەکاندا، جلەکانیشمان چۆن دڕاون... لەو باوەڕەدام کەسێک شەڕم پێ دەفرۆشێت...

**ژن:** بۆ شەڕت بۆ خۆت ناوەتەوە؟

**نەناسراو:** چونکە شەڕی ڕووبەڕوو و دەستەویەخەم دەوێت و نامەوێت بە پسوولەی حیساباتێکەوە کە هێشتا نەمداوە و بە جزدانی بەتاڵەوە شەڕ بکەم. بەڵام ئەگەر واش بێت: ئەوە دواپارەم، با جنۆکەی کەمانژەنی گوێئاوان بیبات، ئەگەر هەیە!

(پارەیەک هەڵدەداتە ناو جۆگەکەوە.)

**ژن:** نەگبەت خۆمان! دەبوو بۆ پەڕینەوە بماندایە بە هەقی کەشتییەکە، ئێستا دەبێت بەدەم داواکردنی پارەوە خۆمان بکەین بەماڵەکەدا...

**نەناسراو:** جا کەی باسی شتێکی ترمان کردووە...

**ژن:** ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت بە ڕقەوە مامەڵەت لەگەڵ پارەدا کردبێت...

**نەناسراو:** وەک لەگەڵ هەر شتێکی تریشدا...

**ژن:** بەڵام هەموو شتێک هیی ئەوە نییە بەڕقەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، شتی باشیش هەیە...



**نەناسراو:** هەرگیز شتی باشم نەبینیوە...

**ژن:** دوام بکەوە و ئەوسا دەیبینیت...

**نەناسراو:** دوات دەکەوم...

(دوودڵە کە بەلای ئاسنگەرییەکەدا تێ دەپەڕێت.)

**ژن:** (وەک ئەوەی پێشتر بەوێدا ڕۆیشتبێت.) لە ئاگرەکە دەترسیت!

**نەناسراو:** نا، بەڵام...

(دەنگی کەڕەنای فرەنسایی لە دووری دوورەوە دەبیسترێت. بەپەلە و بەدوای ژنەکەدا بەلای ئاسنگەرییەکەدا تێپەڕ دەبێت.)

لە موبەقەکە

موبەقێکی گەورە، دیوارەکانی گەچ، سێ پەنجەرە لە سووچی دەستەڕاستدایە، دووانیان دەکەونە بەشی پشتەوەی شانۆوە، یەکێکیش لە دیواری دەستەڕاستدا، پەنجەرەکان بچووکن و تاقەکانیان قووڵ و لە تاقەکاندا ئینجانە دانراون، بنمیچەکەی بە دووکەڵ ڕەش بووە و دارەڕاکان دیارن، لە سووچی دەستەچەپەوە تەباخێک؛ قاپوقاچاغی مس و ئاسن و تەنکە و حەوجۆش و دۆلکەی لە تەختە دروستکراوی لەسەر دانراوە. لە سووچی دەستەڕاستەوە خاچێک دانراوە عیسای مەسیحی پێوە هەڵواسراوە و چرایەکی بەسەرەوە دەگرێت. لەژێریدا مێزێکی چوارگۆشەیی دانراوە و لە پاڵ دیوارەکەشدا چەند نیمکەتێک دانراوە.

چڵوچێوی وشکەوەبووی ڕووەکی دەمووکانە، لێرە و لەوێ، هەڵواسراوە. دەرگەیەک لە بەشی پشتەوەی شانۆدایە. لەوێوە

ماڵە هەژاران و لە پەنجەرەکەی بەشی پشتەوەی شانۆشەوە کڵێسایەک دەبینرێت.

لە تەنیشت تەباخەکەوە جێگەی سەگ و مێزی سواڵکەران دەبینرێن.

پیرە لەلای مێزەکەوە و لەژێر خاچەکەدا دانیشتووە و دەستەکانی نوقاندووە، هەگبەی ڕاو لە بەرپێیدا دانراوە. تەمەنی هەشتا ساڵانە، لەشێکی پتەو و قژی سپی، ڕیشی هەیە و جلوبەرگی چاودێریکەری باخ و دارستانانی لە بەردایە.

دایک لەسەر چۆک دانیشتووە، قژی ماشوبرنجییە و لە تەمەنی پەنجا ساڵاندایە، جلی ڕەش و سپیی لە بەردایە.

لە دەرەوە دەنگی پیاو و ژن و منداڵان بە کۆرس دەبیسترێت و دوا دێری سروودی گەیشتن و سەردانی فریشتە دەڵێنەوە: "تۆ ماریای پیرۆز، ئەی دایکی یەزدان، لە ئێستا و لە کاتی گیانەڵادا، نوێژ بۆ ئێمەی گوناهکاری بەستەزمان بکە و بۆمان بپاڕێ وە، ئامین."

پیرە و دایک پێکەوە. ئامین!

**دایک:** باوکە گوێ بگرە، خەڵک دوو گەرۆکیان لەلای ڕووبارەکەوە بینیوە، جلوبەرگیان شیتاڵ شیتاڵ و دڕاو و خۆشیان چڵکن، لە ئاوەکەشدا بوون و کاتێکیش کە دەبوو پارەی کەشتییەوانەکە بدەن یەک پوولیان پێ نەبووە. ئێستاش لە کۆختی کەشتییەوانەکەدا دانیشتوون و جلەکانیان وشک دەکەنەوە.

**پیرە:** با دانیشن!

**دایک:** ڕێ لەوە مەگرە سواڵکەر ڕوو لە ماڵەکەت بکات، دوور نییە



فریشتەیەک بێت!

**پیرە:** ڕاست دەکەیت! با بفەرموون!

**دایک:** ئەگەر لە تۆ تێک نادات، خواردنیان لەسەر مێزی سواڵکەران بۆ دادەنێم.

**پیرە:** نا، بەهیچ جۆرێک!

**دایک:** لە شەربەتی سێوەکەشیان بەش بدەم؟

**پیرە:** ئا. – دەتوانیت ئاگریش بەئاگردانەکەوە بنێیت، چونکە سەرمایانە.

**دایک:** نەختێک درەنگە بۆ ئاگرکردنەوە، ئەگەر حەز دەکەیت، باوکە...

**پیرە:** (لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات.) با با، بیکەوە...

**دایک:** سەیری چی دەکەیت؟

**پیرە:** سەیری ڕووبارەکە دەکەم، هەڵساوە و... بیر لە هەمان شتیش دەکەمەوە کە بیست و پێنج ساڵە بیری لێ دەکەمەوە – کەی دەگەمە سەر زەریا...

**دایک:** ئەم ئێوارەیە خەمگین دیاریت، باوکە؟

**پیرە:** ... ئێت ئینترۆیبو ئەد ئالتەرێ دێی: ئەد دێوم کیو لاییێتیفیسات یوڤێنتوتێم مییَام. ئا، خەمگینم... دییێوس، دییێوس مییێوس: کیوارێ تریستیس ئێس ئانیما مییا، ئێت کیوارە کۆنتیرباس مێ.

**دایک:** سپێرا ئین دییێۆ...

کارەکەر (دێتە ژوورەوە، ئیشارەت بۆ دایک دەکات و دایکیش

لێی نزیک دەبێتەوە. دەچرپێن، کارەکەر دەڕوات.)

**پیرە:** گوێم لێ بوو چیتان وت! ئۆف خوای من، دەبێت ئەم بارەش هەڵگرم!

**دایک:** تۆ پێویست ناکات بیانبینیت، دەتوانیت بچیتە سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆت.

**پیرە:** نا، وەک تۆبەکردنێک وەری دەگرم بەڵام بۆ ئا بەو شێوەیە، وەک گەڕۆک، دێن؟

**دایک:** ڕەنگە ڕێیان ون کردبێت و تووشی شتێک، ڕووداوێکی ناخۆش، بووبن... پێت وایە کە...

**پیرە:** بەڵام کە ئەو پیاوەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئەوپەڕی بێ شەرمییە...

**دایک:** ئێ خۆ خۆت سروشتی نائاساییی ئینگەبۆری دەناسیت، کە هەرچییەک دەکات، ئەگەر نەڵێین بە ڕاست، بەگونجاوی، دەزانێت؛ قەت بینیوتە شەرمی لە هیچ هەڵسوکەوتێک کردبێت، یا بە دەست سەرزەنشت و چاولێسوورکردنەوەیەکەوە ئازاری چەشتبێت! من قەت نەمبینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ شەرمیش نییە و هەرچییەکیش دەکات، بەمەرجێک لە تامی دەرنەکات، لێی دێت.

**پیرە:** منیش سەرم سووڕ دەمێنێ لەوەی کە پیاو ناتوانێ ڕقی لێ هەڵبگرێت... ئەو قەت هەست بە بەرپرسی ناکات، تەنانەت گاڵتەیەکیش ناباتە سەر خۆی، ئەمەش وەک ئەوەیە کە هەر ڕۆحی تێدا نەبێت، یا دوو کەس بێت، یەکێکیان بە تەنیا خراپە بکات و ئەوی تریان گەردنئازادیی لێ ببێتەوە... بەڵام ئەو



پیاوە! هیچ شتێک نییە، هیچ شتێک، کە هێندەی ئەو لە دوورەوە ڕقم لێی بووبێتەوە. لە هەموو شوێنێک تەنیا هەر خراپە و بەدکاری دەبینێت و هیچ کەسێکیش نییە هێندەی ئەو خراپەم لەبارەیەوە بیستبێت.

**دایک:** ئەوەی دەیڵێیت ڕاستە، باوکە، بەڵام دووریش نییە کە ئینگەبۆری ڕۆڵێکی تایبەتی لە ژیانی ئەم پیاوەدا هەبێت و ئەویش هەروەها. ڕەنگە تا ئەو کاتەش ڕێک و ئاشت دەبن، بەدەم ئازاردانی یەکترەوە ژیان لە یەکتر بکەن بەدۆزەخ...

**پیرە:** با ئەوە بێت کە تۆ دەیڵێیت، بەڵام بەهەمان شێوەش من دژی ئەوەم یارمەتیدەری شتێک بم کە وەک بێ شەرمی دێتە بەرچاوم... ئەم پیاوەش، لە ماڵی مندا؟ بەڵام با ئەمیشیان بێتە سەر ئەوانی تر! هەموو ئەوانەی تر، کە شانم هەڵی گرتوون!

**دایک:** بۆ خاتری خوا!

ژن و نەناسراو (دێنە ژوورەوە.)

**دایک:** بەخێربێن، فەرموون!

**ژن:** سوپاس، دایە گیان!

(بەرەوڕووی پیرە دەچێت.)

پیرە (هەڵدەستێت و سەیری نەناسراو دەکات.)

**ژن:** سڵاوی خوات لێ بێت، باپیرە! ئەمە مێردەکەمە! تەوقەی لەگەڵ بکە!

**پیرە:** دەمەوێت لە پێشدا سەیری بکەم. (لە نەناسراو نزیک دەبێتەوە، هەردوو دەستی دەخاتە سەر شانەکانی و تەماشای چاوی

دەکات.) هەر بەو نیازانەشەوە دێیتە ئەم ماڵە؟

**نەناسراو:** (بە سادەییەوە.) بەهیچ نیازێکی ترەوە نا ئەوە نەبێت لەگەڵ ژنەکەمدا بم، لەبەر پێداگرتنی زۆری ئەو.

**پیرە:** ئەگەر ئەمە ڕاستە، بەخێربێن! من ژیانێکی درێژ و پڕ لە هەڵبەز و دابەزم لە دوای خۆمەوە بەجێ هێشتووە، بەم دواییە دواییەش لە تەنیاییدا نەختێک ئاسوودەییم دۆزیوەتەوە، تکاتان لێ دەکەم لێمی تێک مەدەن!

**نەناسراو:** بۆ ئەوە نەهاتووم هیچ خزمەتێکتان لێ داوا بکەم و کاتێکیش کە دەڕۆم هیچ شتێک لەگەڵ خۆمدا نابەم!

**پیرە:** ئەم وەڵامە نارەحەتم دەکات، چونکە ئێمە هەر هەموومان پێویستمان بەیەکتر هەیە، ڕەنگە منیش پێویستم بە تۆ هەبێت، پیاو ئەم شتانە نازانێت، کوڕی گەنج!

**ژن:** باپیرە!

**پیرە:** ئا، ڕۆڵە! داوای بەختیاریت بۆ ناکەم، چونکە بەختیاری نییە، بەڵام داوای هێزت بۆ دەکەم تا بتوانیت چارەنووسی خۆت هەڵبگریت. – ئێستا، بۆ نەختێک، بەجێتان دەهێڵم! دایکتان ئاگای لێتان دەبێت! (دەڕوات.)

**ژن:** (ڕوو لە دایک.) ئەوە سفرەت بۆ ڕاخستووین، دایە؟

**دایک:** مەبەستت لەسەر مێزی سواڵکەرانە؟ نا، خۆ خۆشت دەبێت بزانیت، کە ئەوە بەدڵێحاڵیبوونێکە و هیچی تر!

**ژن:** ڕاستییەکەی، دوای ئەوەی لەنێو چیاکاندا ون بووین، زۆر سەیر و کڵۆڵ دێینە بەرچاو و ئەگەر گوێمان لە دەنگی کەڕەناکەی باپیرەیشم نەبووایە...



**دایک:** باپیرت زۆر دەمێکە ناچێت بۆ ڕاو.

**ژن:** دە کەواتە کەسێکی تر بوو فووی پێدا دەکرد... بەڵام گوێ بگرە، دایە، ئێستا دەچم بۆ ژوورە سوورەکە و نەختێک ڕێکوپێکی دەکەم...

**دایک:** بڕۆ، ڕۆڵە گیان، منیش دوای تۆ دێم...

ژن (دەیەوێت شتێک بڵێت، بەڵام نازانێت چی، دەڕوات.)

**نەناسراو:** (ڕوو لە دایک.) پێشتر ئەم ژوورەم بینیوە...

**دایک:** منیش پێشتر تۆم بینیوە، وەک ئەوەی چاوەڕوانت بووبم...

**نەناسراو:** وەک چۆن چاوەڕێی بەدبەختییەک دەکرێت؟

**دایک:** بۆ وا دەڵێیت؟

**نەناسراو:** چونکە من لەگەڵ خۆمدا خراپە و ماڵوێرانی دەهێنم، بەڵام دەبێت ڕوو لە جێیەک بکەم، چونکە ناشتوانم چارەنووسی خۆم بگۆڕم، هیچ نارەحەتییەکی دەروونی یا ویژدانیم نییە..

**دایک:** لەم حاڵەتەدا لە کچەکەم دەچیت – – – ئەو قەت گومان و دوودڵی و قەت نارەحەتیی ویژدانی نییە.

**نەناسراو:** چۆن؟

**دایک:** پێت وا بوو کە مەبەستێکی خراپم لەو قسەیە هەبوو، بەڵام خۆ ناتوانم بە خراپە باسی منداڵەکەی خۆم بکەم. ئەمە بە تەنیا لەو هەلومەرجەدا بوو کە تۆش کەسایەتیی ئەو دەناسیت، بۆیە ئەو بەراوردەم کرد.

**نەناسراو:** من هەستم بەو خەسڵەتانە نەکردووە کە بە بەری (ئێڤا)یدا دادەبڕیت...

**دایک:** بۆ لە بری ئینگەبۆری دەڵێیت ئێڤا؟

**نەناسراو:** بەوەی کە ناوێکی لێ بنێم کە بۆ خۆم دۆزیومەتەوە، کردوومە بەهیی خۆم، هەروەک چۆن دەشمەوێت بەگوێرەی هەست و نەستی خۆم بیخوڵقێنم...

**دایک:** بیکەیت بە نموونەی خۆت! (دەخەنێت.) بیستوومە کە جادووگەرەکانی ئەم دەوروبەرە پەیکەری ئەو کەسەی دەیانەوێت جادووی لێ بکەن دروست دەکەن و ئەمجا ناوی ئەو کەسەی لێ دەنێن کە دەیانەوێت لە ناوی ببەن. ئەمەش پلانی تۆیە کە لە ڕێی ئەو (ئێڤا)یەوە کە خۆت دروستت کردووە، قوڕ بکەیت بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا کە لەو دەچن.

**نەناسراو:** (بەسەرسوورمانەوە سەیری دایک دەکات.) خوا لە شەڕی شەیتان بمانپارێزێت! ببوورە، تۆ خەسوومیت، بەڵام هەروەها ئیمانداریشیت: ئەم بیرانەت چۆن بۆ دێت؟

**دایک:** هیی خۆتن.

**نەناسراو:** شتێکی گرینگە! پێم وابوو کە ڕووم لە جێیەکی دڵگیر و جوانی نێو تەنیاییی دارستان کردووە، کەچی خۆم لە موبەقێکی جادووگەراندا دەبینمەوە.

**دایک:** بەتەواوی نا، بەڵام لە بیرت چوو، یا نەتزانی کە من ژنێکم، کە پیاوێک بە سووکایەتی پێکردنەوە بەجێی هێشتووە و تۆش پیاوێکیت کە بێ شەرمانە ژنێکت بەجێ هێشتووە.

**نەناسراو:** قسەت لە ڕووە و ئێستا منیش جێ و ڕێی خۆم دەزانم.

**دایک:** منیش ئێستا دەمەوێت بزانم جێ و ڕێم کوێیە: دەتوانیت دوو خێزان بەخێو بکەیت؟



**نەناسراو:** ئا، ئەگەر هەموو شتێک بەباشی بەڕێوە بچێت.

**دایک:** هەموو شت بەباشی لە ژیاندا بەڕێوە ناچێت و پارەش دەتوانرێت بدۆڕێنرێت.

**نەناسراو:** بەڵام بەهرەی من سەرمایەیەکە، کە هیی دۆڕاندن نییە...

**دایک:** سەیرە، نەتبینیوە کە بەهرە هەرە گەورەکانیش، بەرە بەرە یا هەر بەیەکجارەکی کۆتاییان بێت؟

**نەناسراو:** قەت تووشی کەسێک نەبووم کە بتوانێت بەو شێوەیە ورە بڕووخێنێ...

**دایک:** دەبێت لە خۆبەشتزانین و لەخۆڕازیبوون کەم بکرێتەوە! دوا کتێبت زۆر بێ بڕشت بوو...

**نەناسراو:** کەواتە ئەویشت خوێندووەتەوە...

**دایک:** ئا، هەر بۆیەش ئاگام لە هەموو نهێنییەکانتە. لەبەر ئەوە، بۆ ئەوەی بەباشی بۆت بچێتە سەر، لە بەردەمی مندا خۆت مەنوێنە و هەوڵی فریودانی کەسیش مەدە. شتێکی بێ بایەخی تریش، کە لەم ڕۆژانەی بەردەمماندا ناخۆشییەک بەم ماڵەدا بڵاو دەکاتەوە: بۆ پارەی کەشتییەوانەکەتان نەداوە؟

**نەناسراو:** بزانە ئەوە (پاژنەی ئەکیلەس)ی منە. ئا، دوا پارە کە پێم مابوو فڕێم دا... بەڵام ئاخۆ بێجگە لە پارە لەم ماڵەدا باسی شتێکی تر دەکرێت؟

**دایک:** ئا، دەکرێت، بەڵام لەم ماڵەدا باو وایە کە پیاو لە پێشدا ئەرکەکانی سەرشانی بەجێ دەهێنێت و ئەمجا خەریکی ڕابواردن و سەرگەرمی دەبێت. کەواتە هەر لەبەر بێ پارەیی بە

پێ هاتوون بۆ ئێرە.

**نەناسراو:** ئـ – ئا!

**دایک:** (دەخەنێت.) لەوانەیە هیچیشتان نەخواردبێت؟

**نەناسراو:** نـ – نا!

**دایک:** ئێستا گوێ بگرە: کوڕی چاکیت! کوڕێکی سووک و هیچوپووچ...

**نەناسراو:** زۆر شتم لە ژیانمدا بینیوە، بەڵام قەت خۆم لە حاڵێکی وەک ئەمەی ئێستادا نەبینیوە...

**دایک:** پێم وایە تا ڕادەیەک شایانی بەزەیی پێداهاتنەوە بیت، من دەتوانم بەلای ئەوەدا دابیشکێنمەوە کە بەو دامان و کڵۆڵییەتان پێ بکەنم، ئەگەر نەمزانیایە کە دەست بەگریان دەکەیت، خۆشت و چەند کەسێکی تریش. ئێستاش کە بەنیازی خۆتان گەیشتوون، دەست لەو کەسە بەر مەدە کە خۆشی دەوێیت، چونکە ئەگەر بەجێی بهێڵیت، ئەوسا تا لە ژیاندا ماویت نایبینیت زەردەخەنە بکەوێتە سەر لێوەکانت و هەر زوویش ناوی بەختەوەریت لە بیر دەچێتەوە.

**نەناسراو:** ئەمە هەڕەشەیە؟

**دایک:** نا، ئاگەدارکردنەوەیە، – ئێستا برۆ و شێوەکەت بخۆ.

**نەناسراو:** (ئاماژە بۆ مێزی سواڵکەران دەکات.) لەسەر ئەو مێزە؟

**دایک:** ئەم بەدکاری و ناپەسەندییەت گاڵتەپێکردنی تۆیە، بەڵام ڕەنگە ببێت بە شتێکی جیدی. پێشتریش شتی وام دیوە.

**نەناسراو:** لە ڕاستیدا پێم وایە ئیتر ڕەنگە ناخۆشترین شتیش



بتوانێت ڕوو بدات چونکە ئەمە ناخۆشترین شتێکە تا ئێستا تووشم بووبێت.

**دایک:** نا هێشتا! دەتوانێت خراپتریش بێت! چاوەڕوان بە!

**نەناسراو:** (پەست و خەمگین.) ئا، ئێستا ئیتر چاوەڕێی هەموو شتێک دەکەم! (دەڕوات.)

دایک (تەنیایە، پاشان پیرە دێتە ژوورەوە.)

**پیرە:** سەربارێ ئەوەش، خۆ فریشتە نەبوو!

**دایک:** هەر نەبێت لە ڕووناکییەوە نەهاتبوو!

**پیرە:** بەڕاست! خۆ خۆت دەزانیت کە خەڵکی ئێرە چۆن شوێنی شتی پڕوپووچ و ئەفسانە کەوتوون، هەرکە گەیشتمە سەر ڕووبارەکە، گوێم لە قسە و باسی خەڵکەکە بوو. یەکێک دەڵێت ئەسپەکەی لێی سڵەمیوەتەوە، یەکێکی تر دەڵێت سەگەکانی دڕ بوون و لە دەستی هەڵهاتوون و ئەویش ناچار بووە بیانبەستێتەوە، کەشتییەوانەکەش بەوپەڕی دڵنیاییەوە پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کاتێک هاتووەتە ناو کەشتییەکەوە باری کەشتییەکە سووکتر بووە. خۆ ئەمانە هەمووی ئەفسانە و پڕوپووچییە، بەڵام... بەڵام...

**دایک:** بەڵام؟

**پیرە:** ئا، تەنیا قەلەباچکەیەک بوو کە لە پەنجەرەکەوە، لە پەنجەرە داخراوەکەوە، لە شووشەی پەنجەرەکەوە، چووە ژوورەکەیانەوە. بەڵام ڕەنگە چاویشم تەتەڵە و پەتەڵەی کردبێت!

**دایک:** ڕەنگە، بەڵام بۆ چاو ڕێک لەو جێیەدا کە نابێت، تەتەڵە و پەتەڵە دەکات...

**پیرە:** هەر ئامادەییی ئەم پیاوە بەتەنیا خۆی بەسە بۆ ئەوەی نەخۆش بکەوم، کاتێکیش کە تەماشام دەکات هەناسەم سوار و دڵم تەنگ دەبێت.

**دایک:** دەبێت هەوڵ بدەین لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە... بەڵام دڵنیاشم کە هێندە نابات بۆ خۆی تاقەتی دەچێت و دەڕوات...

**پیرە:** منیش وا بیر دەکەمەوە کە سەری لێرە سپی ناکات!... دەبینیت، ئەم نامەیەم ئەم ئێوارەیە پێ گەیشت و لە مەترسیی ئەو ئاگەدارم دەکاتەوە، لەنێو ئەو شتانەشدا کە تێیدا نووسراوە، نووسراوە کە پیاوانی دادگە بەدوایدا دەگەڕێن...

**دایک:** پیاوانی دادگە! لێرە لە ماڵەکەی تۆدا!

**پیرە:** ئا، لەبەر پارە و شتی وا! بەڵام، ئێستا تکایەکت لێ دەکەم... میوانپەرستی، تەنانەت بەرانبەر بەسواڵکەریش، تەنانەت بەرانبەر بەدوژمنیش، پیرۆزی خۆی هەیە. لێی بگەڕێ با بۆ چەند ڕۆژێک، دوای ئەو هەموو کلۆڵی و کارەساتەی بەسەریدا هاتووە، نەختێک بحەوێتەوە! خۆ خۆشت دەبینیت کە چۆن بەزەییی خوا و سروشت دەستی پێیدا ڕاگەیشتووە و دەیشبینیت کە چۆن ئاشەکە ڕۆحی دەهاڕێت و داری بەسەر بەردییەوە ناهێڵێت، پێش ئەوەی لە بەرچاومان ون ببێت.

**دایک:** من هەر ئێستا هەستم بەداوای بەزەییی خوا و سروشت کردووە کە لە ئەنجامدانی ئەمەدا ببم بەکەرەسەیەک...

**پیرە:** بەڵام بەرێکوپێکی هەستی تۆڵەسەندنەوەت لەو داوایە جیا بکەوە...

**دایک:** هەوڵ دەدەم! ئەگەر بکرێت!



**پیرە:** دەی، شەوباش!

**دایک:** لەو باوەڕەدایت ئینگەبۆری دوا کتێبی ئەوی خوێندبێتەوە؟

**پیرە:** قسەیەکم لەو بارەیەوە نییە! بەڵام وا پێ دەچێت نەیخوێندبێتەوە، ئەگەرنا خۆی بەپیاوێکی واوە هەڵنەدەواسی، کە ئەوە قسە و بیر و بۆچوونی بێت؟

**دایک:** ڕاست دەکەیت! نەیخوێندووەتەوە! بەڵام دەبێت بیخوێنێتەوە!

## بەشی سێیەم

لە ژوورە سوورەکە

ژوورێکی سادە بەڵام بەرێکوپێکی بە مۆبیلە ڕێکخراو لە ماڵی چاودێریکەری باخ و دارستانان. دیوارەکانی بە گەچ سواخ دراون، بەڵام بەرەنگی سووری گوڵەباخ بۆیە کراوە، پەردەکانیش هەر لە ڕەنگی سووری گوڵەباخ و لە قوماشی موسلینن؛ کە قوماشێکی تەنکە لە لۆکە. لە پەنجەرە بچکۆلەکانی ژوورەکەدا کە دیوی دەرەوەیان شیشبەند کراوە ئینجانە دانراوە. لە دەستەچەپەوە قەنەفەیەکی بێ قۆڵ کە بەرگێکی سووری پێدا دراوە. چەند کورسییەک و مێزێک لەسەر شێوازی کۆنی ئەڵمانیایی دروست کراون.

دەرگەیەک لە بەشی پشتەوەی شانۆدا، لە دەرەوە دەشت و دەر و ماڵە هەژاران دەبینرێن، کە خانوویەکی تاریک و ناخۆش و کۆنە و پەنجەرەکانی ڕەش و بێ پەردەن. تیشکی بەتینی خۆر.

ژنەکە لەسەر قەنەفە بێ قۆڵەکە دانیشتووە و بەقولاپ دەچنێت.

دایک وەستاوە و کتێبێکی بەرگ سووری بەدەستەوەیە.

**دایک:** ناتەوێت کتێبی مێردەکەت بخوێنیتەوە؟

**ژن:** نا، ئەو کتێبەیان نا، لە کاتێکدا کە گفتم داوەتێ نەیخوێنمەوە.

**دایک:** ناتەوێت ئەو پیاوە بناسیت کە چارەنووسی خۆتت پێ سپاردووە؟



**ژن:** نەء، کەڵکی چی دەگرێت؟ ئێمە هێندەی دڵ بیگرێت لە هیچمان کەم نییە.

**دایک:** داوات لە ژیان زۆر نین.

**ژن:** بۆ دەبێت داوام هەبن، بۆ دەبێت گەورە بن، خۆ داوا نایەنە دی.

**دایک:** نازانم لەگەڵ ژیریی هەموو دنیادا لەدایک بوویت، یا دەبەنگیت.

**ژن:** منیش هیچ لەبارەی خۆمەوە نازانم.

**دایک:** هەر خۆر بەدەرەوە بێت و خواردنی ڕۆژت هەبێت ئیتر ڕازیت.

**ژن:** ئا! کە خۆریش بەدەرەوە نەبێت، ئاوا بیر دەکەمەوە: ڕەنگە دەبێت وا بێت!

**دایک:** بۆ ئەوەی باس لە شتێکی تر بکەین: دەزانیت پیاوانی داد لەبەر کێشەی پارە مێردەکەتیان هەراسان کردووە؟

**ژن:** ئا، دەزانم، بەڵام خۆ هەموو نووسەران هەر ئاوهان!

**دایک:** دەتوانیت پێم بڵێیت کە ئاخۆ پیاوەکەت شێتە یا ناکەس و کەڵەکباز؟

**ژن:** نا، دەزانیت چی... دایە، ئەو نە ئەمیانە و نە ئەویان. ئەو شتێکی نائاساییە و ئەوەش کە نەختێک ناخۆشە ئەوەیە کە هەرگیز ناتوانم شتێک بڵێم ئەو لەوەوبەر نەیبیستبێت. ئەمەش وا دەکات زۆر کەم پێکەوە قسە دەکەین، بەڵام ئەو هەر ئەوەندە من

لێیەوە نزیک بم، دڵخۆشە و منیش هەروەها!

**دایک:** ئێوە بەئاوی مەنگ گەیشتوون، کەواتە بۆ گەیشتن بە قەڵبەزەیەش هێندەتان نەماوە! بەڵام لەو باوەڕەدا نیت دوای خوێندنەوەی نووسینەکانی ئەو شتێک بۆ قسە لەسەرکردن بەدەست بهێنن؟

**ژن:** ڕەنگە! دەتوانیت کتێبە کە لەوێدا بەجێ بهێڵیت...

**دایک:** هەڵی بگرە و بیشارەوە! تا کاتێک ئاماژە بۆ دێڕێک، بەشێک لە شاکارەکەی دەکەیت سەری سووڕ بمێنیت.

**ژن:** (کتێبەکە لە گیرفانیدا دەشارێتەوە.) ئەوە هات! ڕێک وەک ئەوەی لە دوورەوە هەستی بەوە کردبێت باسی ئەو دەکرێت.

**دایک:** ئاخ ئەگەر هەستی بەوەش بکردایە کە کەسێک لە پێناوی ئەودا ئازار دەچێژێت، ئەمیشیان هەر لە دوورەوە. (دەڕواتە دەرەوە.)

**ژن:** (بۆ ماوەیەک تەنیایە، چاو بە کتێبەکەدا دەگێڕێت، واقوڕماو دیارە، کتێبەکە لە گیرفانیدا دەشارێتەوە.)

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە.) دایکت لێرە بوو، بێگومان باسی منتان دەکرد، پێم وایە هێشتا وشە بەدەکانی لە گوێمدا دەزرنگێنەوە، هەست دەکەم چۆن بەهەواکەدا دەکێشن و چۆن بەری تیشکی خۆر دەگرن، پێم وایە کە دەتوانم هەست بەهەبوون و پاڵەپەستۆی لەشی ئەو لە هەواکەدا، لە هەوای ئەم ژوورەدا، بکەم و بۆنێکیش لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت لە بۆنی ماری تۆپیو دەچێت.

**ژن:** کە شپرزە و شڵەژاو دیاریت ئەمڕۆ!



**نەناسراو:** هەر زۆر خراپ! قەڵب و نەزانێک دەمارەکانی ناوازە گرژ کردووم و ئێستاش بەکەوانەیەکی لە مووی ئەسپ دروستکراو لێی دەدات، بەجۆرێک کە هەموو لاشم داهێزراوە و جیڕەجیڕی بەدانەکانم خستووە... تۆ نازانیت ئەمە چییە... بەڵام ئەمە کەسێکە لە خۆم بەهێزترە، کەسێکە کە بەچراکەی دەستیەوە دەگەڕێت و لە هەر کوێ بم تیشکەکانیم تێ دەگرێت. گوێ بگرە، لێرە، لەم دەوروبەرە، جادوو دەکەن؟

**ژن:** پشت مەکەرە ڕووناکاییی ڕۆژ، تەماشای ئەو دەوروبەرە جوان و ڕازاوەیە بکە، ئارام دەبیتەوە.

**نەناسراو:** نا، من لەوێ، لەوبەرەوە، ماڵی هەژار و بێ دەرەتانان نابینم، کە وا پێ دەچێت تەنیا و تەنیا لەبەر خاتری من دروست کرابێت. هەروەها هەردەم ژنێکی شێت لەوێدا ڕاوەستاوە و بەدەست یا بە سەر بانگم دەکات.

**ژن:** پێت وایە لێرە بەخراپی هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکرێت؟

**نەناسراو:** بەشێوەیەک لە شێوەکان نەخێر، بەڵام شتی خۆش و بەتامم دەرخوارد دەدرێت، وەک ئەوەی بۆ سەربڕین ئامادە بکرێم و لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە هیچ تامێکم پێ نادەن، چونکە نیازپیسییان لە پشتەوەیە، هەروەها وەک ژێرزەوینێک کە بۆ سەهۆڵ تێدا هەڵگرتن دروست کرابێت و سەرماوسەوڵە بەهەموو لایەکدا بڵاو بکاتەوە هەست بە ڕق و کینە دەکەم. دەتوانیت بیر لەوە بکەیتەوە کە من پێم وایە هەوای سارد و سەرما هەموو جێیەکی گرتووەتەوە، کەچی نە با دێت و نە سارد و سەرماشە، بگرە تا ڕادەیەک گەرمیشە. ئەمجا دەنگی

هاڕەوهوشەی ئەو ئاشە نەفرەتییەش لەولاوە بوەستێت...

**ژن:** بەڵام خۆ ئێستا ئاشەکە ناگەڕێت...

**نەناسراو:** با، دەگەڕێت، دەگەڕێت...

**ژن:** گوێ بگرە، پیاوەکە، ڕق و کینە لێرە نییە، زیاتر هاودەردی و بەزەیی پێداهاتنەوەیە...

**نەناسراو:** هەروەها شتێکی تریش... ئەی بۆ کاتێک لەسەر ڕێگە سەرەکییەکە بەخەڵکی دەگەم، ڕێ دەگۆڕن و خۆیانم لێ لا دەدەن؟

**ژن:** تەنیا لەبەرئەوەیە کە خەڵکی ئێرە خوویان بەوە گرتووە کە دەڕۆن، لەبەر خۆیانەوە دەپاڕێنەوە و نوێژ دەکەن! – بەڵام ئەم بەیانییە نامەیەکی ناخۆش و چاوەڕواننەکراوت بۆ هاتووە.

**نەناسراو:** ئا، نامەیەکی وا کە قژ بە سەری پیاوەوە ناهێڵێت، هەروەها دەمەویست تف لە چارەی چارەنووس بکەم. بیر بکەوە، من پارەی دانراو، پارەم لایان هەیە، بەڵام ناتوانم وەری بگرم، ئێستا داد و دادگە ئەوەی لێ توند کردووم کە چاودێریی منداڵەکانمی لە ئەستۆیە، بۆ ئەوەی نەفەقەکەیان بستێنن. قەت کەسێکت بینیوە دووچاری ئەو بێ ئابڕوویی و ڕووشکاندنە بووبێتەوە؟ کەچی ئەمجاش من هیچ قەرزێکم لەسەر نییە. دەتوانم ئەوەی لەسەر شانمە جێبەجێی بکەم، دەشمەوێت ئەوەی لەسەر شانمە جێبەجێی بکەم، بەڵام بۆم نییە. ئیتر گوناهی منە؟ نەء، بەڵام بێ ئابڕوویی و ڕووشکاندنە کە هێشتاش هەر هیی منن. ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، شەیتانە و دەستی خستووەتە هەموو شتێکەوە!



**ژن:** بەڵام بۆ؟

**نەناسراو:** ئەوەتا! بۆ؟ بۆ نا! بۆ پیاو وەک بوونەوەرێکی نەزان، نەزان سەبارەت بەیاساکان، سەبارەت بەنەریتەکان، سەبارەت بەڕێککەوتنەکان لەدایک دەبێت و هەر لە نەزانینیشەوە ئەو یاسا و نەریت و ڕێککەوتنانە دەشکێنێ و هەر لەبەر ئەوەش لە قامچی دەدرێت؟ بۆ ئەگەرچی نیازەکانی پیرۆز و بەرزن و دەیەوێت بە ئەنجامیان بگەیەنێت، دەبێت بەکەسێکی هەرزە و دەستەوەستان، هەروەها بۆ دووچاری ئەو هەموو دەردەسەرییە دەبێت کە قێزی لێیان دەبێتەوە؟ بۆ، بۆ؟

**ژن:** (بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت، چاوی بە کتێبەکەدا گێڕاوەتەوە، بیر پەرش و بڵاو.) دەبێت هۆیەک هەر هەبێت، ئەگەرچی ئێمە نایزانین، نازانین چ هۆیەکە.

**نەناسراو:** ئەگەر ئەو هۆیە بۆ ئەوە بێت کەسێک سەرکز و ڕیسوا بێت، وەک دەوترێت، کەواتە ئەوە شێوازێکی خراپە، چونکە من بەوە زیاتر لە خۆم دەگۆڕێم و زیاتریش بەخۆمدا دەنازم... ئێڤا!

**ژن:** بۆت نییە وا ناوم بهێنیت!

**نەناسراو:** (دادەچڵەکێت.) بۆ نا؟

**ژن:** ئەوە بۆ من ناخۆشە، هەروەک چۆن بۆ تۆ ناخۆش دەبێت ئەگەر پێت بڵێم: سێسار...

**نەناسراو:** دیسان دەستمان پێ کردەوە؟

**ژن:** بەچی؟ لە کوێ؟

**نەناسراو:** هیچ نیازێکی پەنهانت لەو ناوە هەبوو؟

**ژن:** سێسار؟ نەء، هیچ نیازێکم نەبوو، بەڵام ئێستا خەریکە هەندێک شتم بۆ دەردەکەوێت.

**نەناسراو:** چاکە؛ دەبا بۆ خۆم ئەو شانازییە بەخۆم ڕەوا ببینم و خۆم دەست پێ بکەم: ئا، من سێسارم، ئەو خوێندکارەی سەرپێچییەکی کرد و گوناهەکەش کەوتە ئەستۆی کەسێکی تر. ئەو کەسەش مێردەکەت، مێردە گورگەپیاوەکەت، بوو! ئیتر وایە و چارەنووسیش بەوە خەنی دەبێت کە گوریسەکانی بۆ ئەبەدییەت بهۆنێتەوە. ئەوەیە ڕابواردن!

**ژن:** (دوودڵە، هیچ ناڵێت.)

**نەناسراو:** شتێک بڵێ!

**ژن:** ناتوانم!

**نەناسراو:** بڵێ، بڵێ کە ئەو بوو بە گورگەپیاو، چونکە وەک منداڵێک، بەبێ ئەوەی هیچ خراپەیەکی کردبێت لە بری کاری خراپی کەسێکی تر سزا درا، بڕوای بەرانبەر بەهەبوونی یەکسانیی خوایی نەما، بیڵێ، تا منیش بڵێم کە چۆن دە هێندەی ئەو بەدەست ئازاری ویژدانەوە ئازارم چێشت و چۆنیش خۆم لە دەست ئەو تەنگژە ئاینییە ڕزگار کرد کە بەدوای ئەمەدا هات، بەشێوەیەک کە لە ئەنجامی ئەو کارەوە بووم بەکەسێکی تر و ئیتر دوای ئەوە هەرگیزاوهەرگیز ڕەفتارێکی لەو جۆرەم لێ نەوەشایەوە و نەمکرد.

**ژن:** ئەوە نییە! ئەوە نییە!

**نەناسراو:** ئەی چییە؟ – ئەوەیە کە چیی تر ناتوانیت ڕێزم بگریت.

**ژن:** نا، ئەوەش نییە!



**نەناسراو:** دە کەواتە ئەوەیە کە من لە بەرانبەر تۆدا هەست بەڕیسوایی و ئابڕووچوون بکەم و ئەوەش ببێت بەهۆی تێکچوونی پێوەندیی نێوانمان و کۆتاییی پێ بهێنێت.

**ژن:** نەء!

**نەناسراو:** ئێڤا!

**ژن:** وا نا! چونکە شتە خراپەکانم بەبیردا دەهێنیتەوە...

**نەناسراو:** تۆ پەیمانی خۆتت شکاندووە، کتێبەکەمت خوێندووەتەوە.

**ژن:** ئا!

**نەناسراو:** کارێکی چاکت نەکردووە.

**ژن:** بەڵام نیازم پاک بووە، هەر تەنیا بەنیازی پاکەوە بووە!

**نەناسراو:** وا پێ دەچێت بەرەنجامی نیازە پاکەکانیشت هەر خراپ بن، ئێستا لە هەوادا دەتەقمەوە و پارچە پارچە دەبم، بەڵام هەر خۆشمم کە بارووتەکەم پێ داویت. بیر بکەوە کە هەموو شتێک سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە: هەرزەکارییەکان و کارە خراپەکان، چنینەوەی بەدکاری لەوێدا کە تۆوی بەدکاری چێنراوە، یارییەکە ئەوسەری دیار نییە، بەڵام ئەگەر هەر ئەوەندە بمبینیایە کاری چاکە بەچاکە بدرێتەوە، بەڵام قەت نایبینم، قەت! شوورەیی و ئابڕووچوون بۆ ئەو کەسەی هەموو هەڵەکان، گەورە و بچووکیان، یاداشت دەکات، بەڵام هێشتا هیچ کەسێک ئەمەی نەکردووە و خەڵکیش دەتوانن ببوورن، بەڵام خواکان نا، خواکان قەت نابوورن.

**ژن:** وا مەڵێ! وا نا! بەڵام بڵێ کە خۆت دەتوانیت ببووریت!

**نەناسراو:** من بەرچاوتەنگ و بیرتەسک نیم، خۆشت دەزانیت؛ بەڵام لە چیت ببوورم؟

**ژن:** ئۆف... زۆر زیاتر لەوەی بتوانم بیڵێم...

**نەناسراو:** بیڵێ، چونکە لەوانەیە ئیتر هیچ لە بەینماندا نەمێنێت!

**ژن:** ئاوها بوو: ئەو و من نەفرەتی (دیوتەرۆنۆمیۆن)[14]مان بەسەردا دەخوینیەتەوە... چونکە ژیانی ئەوت تێک دابوو...

**نەناسراو:** ئەمە چ نەفرەتێکە؟

**ژن:** بەشێکە لە کتێبەکانی مووسا کە قەشەکان لەگەڵ دەستپێکردنی ڕۆژوودا، پێکەوە و بەیەک دەنگ دەیخوێنن.

**نەناسراو:** نایەتەوە بیرم، بەڵام دەتوانێت چی بکات؟ کەم یا زۆر؟

**ژن:** لەنێو کەسوکارەکەی مندا نەریت وایە ئەوەی نەفرەتی لێ دەکەین، بەر نەفرەت دەکەوێت...

**نەناسراو:** باوەڕم پێی نییە، بەڵام گومانم لەوەش نییە کە بەدکاری و خراپە لەم ماڵەوە دەچێتە دەرەوە، بەڵام با هەر ئەو بەدکاری و خراپەیەش بگەڕێنەوە و بەسەر خۆیاندا قڵپ ببنەوە! نزا و پاڕانەوەی من ئەمەیە!

ئێستا من، بەپێی داوونەریتی وڵات، ناچارم بەوەی گوللەیەک بەناوچەوانی خۆمەوە بنێم، بەڵام تا ئەرکەکانی سەر شانم بەجێ نەهێنم ناتوانم ئەوە بکەم... ئەمجا بزانە، من ناتوانم یەک جار بمرم و هەر لەبەر ئەوەش دواین شتیش؛ ئەوەی بەدینی خۆمم ناو دەبرد دۆڕاندوومە... چاک بۆی چووم وا نا! من بیستوومە کە مرۆڤ لەگەڵ خوادا لە چەپۆکان و



زۆرانبازیدایە و هیچ سەرکەوتنێکیشی لەمەدا بەدەست نەهێناوە، بەڵام تەنانەت (جۆب)یش[15] نەیتوانی چەپۆکان و زۆرانبازی لەگەڵ شەیتاندا بکات!

دەی ئێستا کەمێک باسی خۆت نەکەین؟

**ژن:** نا، هێشتا، بەڵام لەوانەیە بەم زووانە – دوای ناسینی کتێبە ترسناکەکەت– بتوانین! من بەتەنیا هەر چاوێکم پێدا گێڕاوە، تەنیا چەند دێرێکم، لێرە و لەوێ، لێ خوێندووەتەوە، ئەمەش بۆ من وەک ئەوەیە لە بەری درەختی زانیاریی چاکە و خراپەم خواردووە، چاوەکانم کراونەتەوە، دەشزانم خراپە چییە و چاکەش بەری بەکوێوەیە! – پێشتر ئەمەم نەدەزانی! ئێستا دەبینم کە تۆ چەند خراپ و بەدکاریت! ئێستا دەزانم بۆ دەبێت ناوم (ئێڤا) بێت. بەڵام ئەگەر گوناهـ لە ڕێی ئەو دایکەوە بۆ دنیا هاتبێت، ئەوا ئاشتبوونەوەش لە دایکێکی ترەوە هاتووە! ئەگەر نەفرەت لە ڕێی یەکەم دایکەوە هاتبێت، ئەوا لە خوا پاڕانەوە و خێریش لە ڕێی ئەوی تریانەوە هاتووە! ناهێڵم لە ڕێی منەوە کەسوکارەکەم لەناو ببەیت، بەڵام لەوانەیە من کارێکی ترم بەژیانی تۆ هەبێت و ئەرکێکی ترم پێ سپێردرابێت! با بزانین!

**نەناسراو:** تۆ لە بەری درەختی زانیاریی چاکە و خراپەت خواردووە؟ ماڵئاوا!

**ژن:** دەتەوێت بڕۆیت؟

**نەناسراو:** ئەی چی؟ خۆ ناتوانم لێرە بمێنمەوە!

**ژن:** مەڕۆ!

**نەناسراو:** ناچارم، بۆ ئەوەی ئەم هەموو شتانەم بۆ ڕوون ببێتەوە. ئێستا دەڕۆم ماڵئاوایی لەو پیرانە دەکەم و پاشان دەگەڕێمەوە بۆ لات! کەواتە، هێندە نابات و دەگەڕێمەوە! (دەڕوات.)

**ژن:** (وەک ڕەق بووبێت لە جێی خۆیدا، بە پێوە، دەمێنێتەوە، ئەمجا بەرەو دەرگەکە دەڕوات و سەیری دەرەوە دەکات.) ڕۆیشت! ڕۆیشت و ئیتر ناگەڕێتەوە! (لەشی سارد دەبێتەوە و دەکەوێتە سەر چۆک.)

### لە پەرستگەکە

ژووری نانخواردن لە دێرێکی کەونارادا کە لە کڵێسایەکی سادە دەچێت دیوارەکانی خڕ و کەوانەیی دروست کرابن و دیوارەکانیش گەچکاری کراون، بەڵام پەڵەی شێدار ڕووکاری دیوارەکانیان داپۆشیوە و شێوەی جۆراوجۆریان لەسەر دروست کردوون.

قاپوقاچاغ لەسەر مێزی نانخواردن دانراون. لە سەرێکی مێزەکەوە جێیەک بۆ ئینجیلخوێن لە کاتی نوێژکردن و پاڕانەوەدا دانراوە. لە بەشی پشتەوەی شانۆ دەرگەیەک دەچێتەوە سەر ژووری تایبەت بە نوێژ و خواپەرستی. مۆم لەسەر مێزەکان داگیرسێنراون. بەدیواری دەستەچەپەوە تابلۆیەکی فریشتە میکایل کە خەریکی گیانکێشانی شەیتانە هەڵواسراوە.

نەناسراو، لە دەستەچەپەوە، لەلای مێزێکی نانخواردنی درێژەوە دانیشتووە و جلوبەرگی سپیی نەخۆشانی لە بەردایە،



تەنیایە و قاپێکی لە بەردەمدایە. لەلای ئەو مێزەوە کە لە دەستەڕاستدایە، جل قاوەییەکان، ڕێک وەک نواندنی یەکەم، دانیشتوون؛ سواڵکەر، ژنێک کە جلوبەرگی پرسەی لە بەردایە لەگەڵ دوو منداڵدا، ژنێکی تر کە لە (ژنەکە) دەچێت و بەڵام ئەو نییە دانیشتووە و لە بری نانخواردن بەقولاپ خەریکی چنینە، پیاوێکیش کە لە (دوکتۆرەکە) دەچێت و بەڵام ئەو نییە دانیشتووە، هەروەها کەسێک کە لە (شێتەکە) دەچێت و دوو کەسیش کە لە (باوکەکە) و (دایکەکە) دەچن دانیشتوون، (براکە) و دایک و باوکی "منداڵە لەدەستچووەکە" و کەسانی تریش دانیشتوون. هەموویان جلوبەرگی سپییان لە بەردایە، بەڵام بەسەر ئەوانەدا قاتی ڕەنگاوڕەنگیان پۆشیوە. دەموچاویان وەک مێو زەرد هەڵگەڕاون، ڕەنگی مردوویان لێ نیشتووە و تارمایی و بارێکی ترسناک سەرلەبەری دیمەن و ئاماژەکانی داگرتووە.

لەگەڵ پەردەهەڵدرانەوەدا هەمووان، بێجگە لە نەناسراوەکە، خەریکن لە نزا و پاڕانەوەی خۆیان دەبنەوە.

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت، بەرەو ژنە سەرەک پەرستگەکە کە لەلای مێزی نان دابەشکردنەوە وەستاوە دەڕوات.) دەتوانم قسەیەکت لەگەڵدا بکەم.

**ئەبەدیسان:** (جلوبەرگی ئەوگوستینی ڕەش و سپیی لە بەردایە.) بەڵێ، کوڕی خۆم!

**نەناسراو:** پێش هەر شتێک با لێت بپرسم: لە کوێم؟

**ئەبەدیسان:** لە دێرێکیت ناوی "یارمەتیی چاک"ە. لەو چیایانەی بەسەر

(دۆڵ)ەکەدا دەڕوانن دۆزیانیتەوە، بەخاچێکەوە کە لەو جێگەیەت کردبووەوە کە عیسای مەسیحی تێدا لە خاچ درا و بە ڕووی کەسێکدا کە پێت وابوو لەنێو هەورەکاندا دەیبینیت ڕات دەوەشاند و هەڕەشەت لێ دەکرد. تات هەبوو، لە چیاکەوە هەڵنوتابوویت و بەر بووبوویتەوە. لەوێ، بەبێ ئەوەی هیچ جێیەکت بریندار بووبێت، بینیانیتەوە، بەڵام سەرەگێژەت پێ کەوتبوو، ئەمجا هێنایانیت بۆ ئێرە، بۆ نەخۆشخانەکە و لە جێگەدا خستیانیت. لەوساشەوە هەر وڕێنە دەکەیت و دەیبزرکێنیت و ئەگەرچی سکاڵا لە دەست ئازارێک دەکەیت لە لایەکی سمتتدا، بەڵام تا ئێستا هیچ برینداریيەک یا شکاوییەکیان نەدۆزیوەتەوە.

**نەناسراو:** لەبارەی چییەوە وڕێنەم دەکرد؟

**ئەبەدیسان:** ئەو خەونە تا ئاساییيانەی هەموو نەخۆشێک دەیانبینن: لەبارەی هەموو شتێکەوە سەرزەنشتی خۆتت دەکرد و قوربانییەکانی خۆتت، کە خۆت بەوە ناوت دەبردن، دەبینین.

**نەناسراو:** ئەی دوایی؟

**ئەبەدیسان:** بیرەکانت زۆرتر لە دەوری پارە دەسووڕانەوە. دەشتوت کە دەتەوێت خەرجی ئێرە، خەرجی نەخۆشخانەکە، بدەیت. منیش هەوڵم دەدا ئارامت بکەمەوە بەوەی کە مانەوە لێرە بە خۆڕاییيە و لێرە پارە لە کەس وەرناگیرێت، بگرە هەموو شتێکی ئێرە لەبەر دلۆڤانی و بەزەیی پێداهاتنەوەیە...

**نەناسراو:** من هیچ بەزەیی پێداهاتنەوەیەکم ناوێت، چونکە پێویستم پێی نییە!



**ئەبەدیسان:** بەدڵنیاییيەوە بەخشین لە وەرگرتن پیرۆزترە، بەڵام وەرگرتن و پێزانین هەست و نەستێکی باڵاتر لە مرۆڤ دەخوازن.

**نەناسراو:** من پێویستم بەوە نییە هیچ شتێک وەربگرم و داوای هیچیش ناکەم... ناشمەوێت ناچار بکرێم سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ هیچ کەسێک دەرببڕم.

**ئەبەدیسان:** ئەمم! ئەمم! ئەمم!

**نەناسراو:** بەڵام بۆ، باس بکە، بۆ کەس لەوانەی لێرەن نایەوێت لەسەر مێزەکەی من دابنیشێت؟ هەڵدەستن و دەڕۆن...

**ئەبەدیسان:** لەبەرئەوەی لێت دەترسن.

**نەناسراو:** بۆ؟

**ئەبەدیسان:** وا دیاریت...

**نەناسراو:** چۆن... دیارم! بەڵام ئەی ئەوانەی ئەوێ، ئەوان چۆن دیارن؟ ڕاستەقینەن؟

**ئەبەدیسان:** ئەگەر مەبەستت لەوەیە کە لە ڕاستەقینەدا هەن، ئەوە تا بڵێیت ڕاستەقینەیەکی ترسناک و دڵتەزێنە. ئەوەی کە تۆ بەشێوەیەکی ناوازە دەیانبینیت لەوانەیە پێوەندیی بەوەوە هەبێت کە هێشتا تاکەت هەر ماوە، یا... لەوانەیە پێوەندیی بەشتێکی ترەوە هەبێت.

**نەناسراو:** بەڵام من پێم وایە کە هەر هەموویان دەناسم! وەک ئەوەیش وایە کە هەموویان لە یەک ئاوێنەدا ببینم و هیچیش ناخۆن، بگرە وا پێشان دەدەن کە دەخۆن... چییە خەریکی نواندنن؟...

لەوێ جووتێک دانیشتوون کە لە دایک و باوکی من دەچن، یا لەوان دەچن و ناچن.

من قەت پێشتر لە هیچ شتێک نەترساوم، هەر بۆیەش ژیان گرینگییەکی ئەوتۆی بۆ من نەبوو، بەڵام ئێستا خەریکە ترسم لێ دەنیشێت!

**ئەبەدیسان:** ئەگەر پێت وا نییە کە ئەوانە کەسانی ڕاستەقینەن، ئەوە دەتوانین داوا لە کۆنفێسۆر بکەین بێت و ئەوانت پێ بناسێنێت.

(ئاماژە بۆ کۆنفێسۆر دەکات و ئەویش لێیان نزیک دەبێتەوە.)

**کۆنفێسۆر:** (جلوبەرگی دۆمینکانی ڕەش و سپیی لە بەردایە.) فەرموو خوشکێ!

**ئەبەدیسان:** بەو نەخۆشە بڵێ، کێن ئەوانەی لەلای ئەو مێزەوە دانیشتوون.

**کۆنفێسۆر:** هەر ئێستا.

**نەناسراو:** ڕێم بدە سەرەتا پرسیارێکت لێ بکەم: پێشتر یەکترمان نەبینیوە؟

**کۆنفێسۆر:** با، کە تات هەبوو لەلای جێگەی نەخۆشییەکەتەوە دانیشتبووم و لەسەر داوای خۆت گوناهـ و خراپەکارییەکانی خۆتت بۆ باس کردم...

**نەناسراو:** چی! گوناهـ و خراپەکارییەکانم!

**کۆنفێسۆر:** ئا، بەڵام نەمتوانی گەردنت ئازاد بکەم، چونکە لەوە دەچوو کە تەنیا خەونەتا بن و هیچی تر...

**نەناسراو:** چۆن؟



**کۆنفێسۆر:** لە کاتێکدا کە نە تاوانێک و نە بارگرانییەک هەبوو بتوانیت بیانبەیتە سەر خۆت و لەوەش زیاتر چەند شتێک بوون سروشتێکی هێندە ناخۆشیان هەبوو کە پێش ئەوەی داوای گەردنئازادی و لێبووردنیان بۆ بکرێت، پێویستیان بەپەشیمانی و تۆبەکردنێکی تەواو و پڕ بەدڵ هەبوو. ئێستاش دوای ئەوەی کە هۆش و گۆشت بەبەردا هاتووەتەوە، پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە لێت بپرسم ئاخۆ هیچ بنچینەیەکت بۆ ئەو سکاڵا لە دەست خۆکردن و خۆتاوانبارکردنەت هەیە؟

ئەبەدیسان (لێیان دوور دەکەوێتەوە.)

**نەناسراو:** کەس مافی ئەوەی هەیە لە شتێکی وا بپرسێت؟

**کۆنفێسۆر:** ڕاستە، کەس ئەو مافەی نییە! بەڵام تۆ ویستت بزانیت لەگەڵ کێیت، کێن ئەو کەسانەی لێرەن! چاکە، ئەمە خۆشترین شت نییە و دڵ پێی ناکرێتەوە. بۆ نموونە: لەوێ شێتەکە دانیشتووە و ناوی (سێسار)ە، ئەو بەخوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو، کە ناو و ناوبانگ و باسکردنی لە خۆی و توانای گەورەتر بوو، هۆش و گۆشی خۆی لە دەست داوە. لەوێش سواڵکەرەکە هەیە، کە نایەوێت دان بەوەدا بنێت سواڵکەرە، چونکە زمانی لاتینیی خوێندووە و ئازاد بووە! ئەمجا لەوێش دوکتۆرەکە دانیشتووە کە بە گورگەپیاویش ناو دەبرێت و هەموومان دەیناسین و پێی ئاشناین، ئەمجا دایک و باوکێک لەوێن کە بەدەست کوڕە بێ ئابڕووەکەیانەوە خەم و پەژارە بەشارای مەرگی گەیاندن، کوڕێک کە دەستی لێ بەرز کردنەوە و لەگەڵ تەرمەکەی باوکیدا نەچووە گۆڕستان و لە

کاتێک لە کاتەکانی بەدمەستیدا ئەوپەڕی بێ ڕێزی بەگۆڕەکەی دایکی کرد. لەولاوەش خوشکە دەستکورت و نەدارەکەی دانیشتووە، کە لە زستانێکی بەفرانباردا، وەک خۆی دەڵێت بەنیازی پاک، لە ماڵەکەی کردیە دەرەوە. لەولاتریش ژنێک، کە مێردەکەی بە دوو منداڵەوە بەجێی هێشتووە دانیشتووە، دوو منداڵ کە هیچ کۆمەک و هاریکارییەک ناکرێن و لەوێش ژنێکی تر دانیشتووە و بەقولاپ خەریکی شت چنینە... کەواتە هەر هەموویان تەنیا ناسراو و ئاشنان. بڕۆ و سڵاویان لێ بکە!

نەناسراو (کە بەر لە بەتەواوی کۆتاییهاتنی قسەکان پشتی لەوانە کردووە کە لەوێن، دەڕوات و لەلای مێزەکەی دەستەچەپەوە دادەنیشێت و پشتیش دەکاتە ئەوانەی لەوێن. ئێستا کە سەری هەڵدەبڕێت، چاوی بەوێنەکەی فریشتە میکائیل دەکەوێت و هاوکاتیش سەری نزم دەکاتەوە.)

**کۆنفێسۆر:** (دەچێتە پێشەوە و لە پشت نەناسراوەوە دەوەستێت. هاوکات لە پەرستگەکەوە ئاوازێکی دینیی کاسۆلیکی بۆ یادکردنەوە و بیرەوەریی مردوویەک لێ دەدرێت. کۆنفێسۆر بەدەنگێکی نزم، لە کاتێکدا کە ئاوازەکە بەکزی لێ دەدرێت، قسە لەگەڵ نەناسراودا دەکات.)

کڤانتوس ترێمۆر ئێست فوتوروس
کواندۆ یودێکس ئێست ڤێنتوروس
کونکتا ستریکتە دیسکوسوروس،
توبا میروم سپارگێنس سۆنوم
پێر سێپولچرا ڕێگیۆنوم



سۆگێت ئۆمنێس ئانتە سرۆنوم.
مۆرس ستوپێبیت ئێت ناتورا،
کوم ڕێسورگێت کرێئاتورا
لیبێر سکریپتوس پرۆفێرێتور
ین کوۆ تۆتوم کۆنتینێتور
ئوندێ موندوس یودیسێتور.
یودێکس ئێرگۆ کوم سێدێبیت
کویدکیود لاتێت ئاپارێبیت
نیل ینولتوم ڕێمانێبیت

(بەرەو لای ئەو کورسییە تایبەتە دەڕوات کە کتێبی "نوێژ و نزاکان"ی لەسەر دانراوە. کتێبەکە دەکاتەوە. ئاوازەکە دەوەستێت.)

**کۆنفێسۆر:** لەسەر خوێندنەوە بەردەوام دەبێ: "بەڵام ئەگەر گوێڕایەڵی دەنگی –ئەوەی هەتاهەتایە دەمێنێت– نەبیت و گشت فەرمان و پەیمانەکانی بەجێ نەهێنیت، ئەوە بەر هەموو ئەم نەفرەتانە دەکەوێت و بەچاوی خۆت دەیانبینیت.

تۆ هەم لە شار و هەم لە کێڵگە نەفرەتت لێ دەکرێت، سەبەتەکەی دەستت، ئەو قاپە درێژکۆلەیەی خواردنی تێدا ئامادە دەکەیت و دەخۆیت نەفرەتیان لێ دەکرێت، هەم هاتن و هەم چوونیشت نەفرەتی لێ دەکرێت!"

هەموو ئەوانەی لەوێن: (بەدەنگێکی نزم.) نەفرەتت لێ دەکرێت!

**کۆنفێسۆر:** "ئەوەی هەتاهەتایە دەمێنێت بەڵا و نەهامەتیی بەسەر

هەرچییەکدا کە تۆ دەستی بۆ دەبەیت و بەسەر هەرچییەکدا کە تۆ دەیگریتە ئەستۆی خۆت، دەهێنێت؛ تا ئەو کاتەی بەهۆی بەدکارییەکانتەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە کە پشتت تێ کرد، بەتەواوی قڕت تێ دەکەوێت و لەناو دەچیت."

**هەموو ئەوانەی لەوێن:** (بەبەرزی.) نەفرەتت لێ دەکرێت!

**کۆنفێسۆر:** "ئەوەی هەتاهەتایە دەمێنێت وا دەکات دوژمنەکانت لێت بدەن، ڕێیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەیان دەدۆزیتەوە، بەڵام دەبێت بە حەوت ڕێدا لە دەستیان هەڵبێیت و وێڵ و شوێنەون بەگشت وڵاتانی سەر زەویدا دێیت و دەچیت و لاشەکەت دەبێت بەخۆراکی باڵندەکانی ئاسمان و گیانەوەرانی سەر زەوی و هیچ کەسێکیش بە هاناتەوە نایەت و دەست بۆ دەرکردن و دوورخستنەوەیان ناکاتەوە!

ئەوەی هەتاهەتایە دەمێنێت ئازارەکانی میسرت بەسەردا دەبارێنێت، دووچاری برین و گەڕی، تا و سووتان و شێتی و کەللەیبوون و کوێراییداهاتنت دەکات، تا وەک کوێرێک کە لە تاریکدا پەل دەکێشێت، تۆش لەبەر خۆرەتاوی نیوەڕواندا، بەسەر ڕێگەکەتدا بەهانکەهانک بێیت و بچیت و وا دەکات کە لە هیچ کاروبارێکتدا سەرکەوتوو نەبیت، هەرگاڤ تەپەسەر و بندەست بیت و تاڵان بکرێیت و هیچ کەسێکت بەزیندوویی لە دەور نەمێنیت! وا دەکات ژن بهێنیت و کەسێکی تر ببێت بەخاوەنی، خانوو دروست بکەیت و نەتوانیت تێیدا بژیت، ڕەز بڕوێنیت و ترێ نەچنیتەوە، کچ و کوڕەکانت بدرێن بەئێلێکی کە هیچ سەروبەندێکت لەگەڵیدا نەبووە و نییە، وا دەکات ئەوە



ببین و چاوەکانت بەدەست گریانەوە بسووتێن، بەڵام دەستیشت پێیان نەگات. هەروەها وا دەکات هیچ ئارامییەک لەسەر ئەم زەوییە نەبینیت و نەتوانیت لە هیچ جێیەک پشوویەک بدەیت، بەڵام ئەوەی هەتاهەتایە دەمێنێت وا دەکات دڵت هەردەم پەست بێت و خۆشت نیگەران، چاوانت هەردەم فرمێسکیان لێ بڕژێت و ڕۆحیشت نەخۆش. وا دەکات کە ژیانت بەپەتێکەوە بەند بیت، وا دەکات شەو و ڕۆژ لە ترس و دڵەڕاوکێدا بژیت. بەیانییانیش بڵێیت: ئێمە ئێوارە نین؟ و ئێوارانیش ئاخ هەڵبکێشێت و بڵێیت: ئێمە بەیانییان نین؟ هەر لەبەر ئەوەش چونکە تۆ، کاتێک کە لە خۆشگوزەرانیدا دەژیایت، گوێڕایەڵ و ملکەچی خواکەی خۆت نەبوویت، ناچار دەکرێیت لە برسێتی و تینووێتیدا، بە ڕووت و ڕەجاڵی و کاتی تەنگانە و لێقەومان، کە خواکەی خۆت کاتێک کە ملبەندێکی ئاسنینی لە ملت کردووە، بۆتیان دەنێرێت گوێڕایەڵ و ملکەچ بیت، تا ئەو کاتەی بەتەواوی قڕت تێ دەخات و لەناو دەچیت."

هەموو ئەوانەی لەوێن پێکەوە: ئامین!

(کۆنفێسۆر ئەو بەشە نووسینەی سەرەوەی بەخێرایی و دەنگی بەرز خوێندەوە، بەبێ ئەوەی بەتایبەت ڕووی دەمی لە نەناسراو بێت یا ئاوڕی لێ بداتەوە. ئەوانەی لەوێن، بێجگە لە ژنەکە کە لە جێی خۆیەوە خەریکی بەقولاپ چنین بووە، بەردەوام گوێڕادێری بوون و لەبەر خۆشیانەوە نەفرەتیان کردووە، بەڵام گرینگییەکی تایبەتیان بۆ نەناسراو نەبووە و نەیانهێشتووە هەست بەهیچ شتێک بکات. ئەمیش پشت لەوان، بە ئارامی و

بەدەم بیرکردنەوە و ڕامانەوە، دانیشتووە.)

نەناسراو (هەڵدەستێت و دەڕوات.)

کۆنفێسۆر (بەرەو ڕووی دەڕوات.)

**نەناسراو:** ئەوە چی بوو؟

**کۆنفێسۆر:** کتێبی دێوتێرۆنۆمیۆن.

**نەناسراو:** ئەوە بوو! بەڵام ئەگەر لە بیرم نەکردبێت، داوای سەرکەوتن و خۆشی و لێبووردنیشی تێدایە!

**کۆنفێسۆر:** بۆ ئەوانەی لە قسەکانی دەرناچن و پەیمانەکانی ناشکێنن!

**نەناسراو:** ئاووهـا! – ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم کە بۆ یەک چاوتروکان هەستم بەجۆرە دڵەلەرزێیەک کرد، بەڵام ئەمانە هەوڵی فریودانن بۆ ئەوەی بەرەنگاریی بکرێت، یا ئاگەدارکردنەوەن کە دەبێت گوێڕایەڵییان بکرێت؟... بەڵام ئێستا من، ڕێک لەم کاتەدا، دڵنیام کە تایەکەم زیاد دەکات و دەڕۆم و سەر لە دوکتۆرێکی ڕاستەقینە دەدەم.

**کۆنفێسۆر:** بەڵام ئەو ڕاست و ڕەوایە!

**نەناسراو:** بێگومان! بێگومان!

**کۆنفێسۆر:** ئەو کە "جوانترین ئازارەکانی ویژدان" چاک دەکاتەوە.

**ئەبەدیسان**: بەڵام ئەگەر جارێک لە جاران پێویستت بەمیهرەبانی بوو ئەوە دەزانیت لە کوێ دەیدۆزیتەوە!

**نەناسراو:** نەء، نازانم.

**ئەبەدیسان:** (بەدەنگێکی نە بەرز نە نزم.) با دەزانیت، من پێت دەڵێم لە کوێ! لە ژوورێکی سوور، سوور وەک ڕەنگی گوڵەباخ، لە



نزیک ئاوێکی زۆر و بەڵێشاوەوە.

**نەناسراو:** ئەمە ڕاستییەکەیە! لە ژوورێکی سوور، سوور وەک ڕەنگی گوڵەباخ، بوەستە – چەندە بەنەخۆشی لێرە لە جێگەدا کەوتووم؟

**ئەبەدیسان:** ئەمڕۆ، ڕێک سێ مانگی تەواوە!

**نەناسراو:** چواریەکی ساڵێک! نووستبووم؟ ئەی لە کوێ بووم؟ (لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوە دەڕوانێت.) خۆ ئەوە پایزە، گەڵای درەختان وەریون و هەوریش ڕەنگی سەرمایان گرتووە! – ئێستا بە بیرمدا دێتەوە! – گوێتان لە دەنگی گەڕانی ئاشێکە؟ گوێتان لێیە؟ دەنگی کەڕەنایەک دەبیستن؟ گوێتان لە هاژەهاژی ڕووبارێک، شنەشنی دارستانێک و دەنگی گریانی ژنێکە؟ ڕاست دەکەن، بەڵام میهرەبانی بەتەنیا هەر لەوێ هەیە! ماڵتان ئاوا و خواتان لەگەڵ! (بەپەلە دەڕوات.)

کۆنفێسۆر (ڕوو لە ئەبەدیسان.)

لە ژوورە سوورەکە

پەردەکان لێ کراونەتەوە، پەنجەرەکان وەکو دەلاقەی ڕەش بەسەر تاریکییەکەی دەرەوەدا دەڕوانن، مۆبیلەکان قوماشی قاوەییان بەسەردا دادراوە و دامێنیان کەوتووەتە سەر زەوییەکە، گوڵەکان لابراون، ئاگردانێکی ڕەشی ئاسنین دەگرێت. دایکەکە ڕاوەستاوە و لەبەر ڕووناکاییی مۆمێکدا پەردەی سپی ئوتوو دەکات.

لە دەرگە دەدرێت.

**دایک:** وەرە ژوورەوە!

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە.) ئێوارەت باش؟ – کوا ژنەکەم لە کوێیە؟

**دایک:** ئەوە تۆیت! لە کوێوە دێیت؟

**نەناسراو:** وا بزانم، لە دۆزەخەوە! – بەڵام کوا ژنەکەم؟

**دایک:** کامیان؟

**نەناسراو:** پرسیارەکەت ڕەوایە، هەموو شتێک ڕەوایە، بە تەنیا من نەبێت!

**دایک:** ئەمە بێ هۆ نییە و باشتریش کە خۆت هەستت بەوە کردووە. بەڵام ئەی تۆ لە کوێ بوویت؟

**نەناسراو:** ئەگەر ماڵە هەژاران، شێتخانەیەک، یا نەخۆشخانەیەکی ئاسایی بوو، نازانم، بەڵام بۆ خۆم پێم وایە خەونێک بوو کە بەدەم لەرزوتاوە دەیبینیت. من نەخۆش و لە جێگەدا کەوتبووم، بیر و هۆشیشم لە دەست دابوو، ناشتوانم باوەڕ بەوە بهێنم کە سێ مانگ بەسەر ئەوەدا تێپەڕیوە. بەڵام کوا ژنەکەم، ژنەکەم لە کوێیە؟

**دایک:** دەبوو من ئەمە لە تۆ بپرسم! کە بەجێت هێشت، ئەویش ڕۆیشت و ئێرەی بەجێ هێشت! – بۆ ئەوەی بەدوای تۆدا بگەڕێت، بەڵام ئەگەر ئیتر بەدەست ئەوەشەوە ماندوو بوو بێت، نازانم.

**نەناسراو:** ئەم ناوە بۆ وا شێواوە، بۆ وا ناخۆش بووە! ئەی پیاوە پیرەکە لە کوێیە؟

**دایک:** لە جێیەک کە هیچ خەم و پەژارەیەکی لێ نییە.

**نەناسراو:** مەبەستت لەوەیە مردووە!



**دایک:** ئا، مردووە!

**نەناسراو:** ئەمە دەڵێیت، وەک ئەوەی بتەوێت ئەویش بخەیتە سەر "قوربانی"یەکانی من.

**دایک:** لەوانەیە، لە حاڵێکی وادا هەق لای من بێت...

**نەناسراو:** ئەو هێندەش بەهەست و سۆز نەبوو، بەڵکو لە توانایدا هەبوو ڕق و کینەیەکی زۆریش پێشان بدات.

**دایک:** ئەو تەنیا دەیتوانی ڕقی لە خراپە و بەدکاری بێت، چ لەناو خۆیدا و چ لای کەسانی تریش.

**نەناسراو:** کەواتە لەوەیشیاندا من لەسەر هەق نیم!

(پشوو.)

**دایک:** لێرە لە چی دەگەڕێیت؟

**نەناسراو:** لە میهرەبانی!

**دایک:** ئاخرییەکەی. ئەی لە نەخۆشخانەکە چۆن بوویت؟ دانیشە و بۆم باس بکە.

**نەناسراو:** (دادەنیشێت.) نامەوێت ئەوەم بیر بکەوێتەوە! بێجگە لەوەش، نازانم ئاخۆ ئەوێ نەخۆشخانە بوو یا نا.

**دایک:** سەیرە! بەڵام ئەی دوای ئەوەی لێرە ڕۆیشتیت چیت بەسەر هات؟...

**نەناسراو:** لە شاخێک بەربوومەوە و سێبەندەم ئازاری پێ گەیشت و بوورامەوە... ئەگەر بەڕووخۆشییەوە قسەم لەگەڵدا بکەیت، لەوەش زیاتر بۆ دەگێڕمەوە.

**دایک:** بەڕووخۆشییەوە قسەت لەگەڵ دەکەم!

**نەناسراو:** چاکە! لەسەر جێگەیەک کە لە زنجیری پۆڵاین دروست کرابوو، وەک ئەوەش بەبۆیەی سوور ڕەنگ کرابێت، بەئاگا دێمەوە و دوو پیاویش پەتێک کە لە دوو پارچە تەختەدا هەڵکێشرابوو ڕادەکێشن و هەر جارێکیش کە پەتەکە ڕادەکێشن وا هەست دەکەم دوو پەنجە درێژتر دەبم...

**دایک:** سێبەندەت لە جێ دەرچووبوو و ئەوانیش بۆیان دەگرتیتەوە...

**نەناسراو:** ڕاستە. من پێشتر بیرم لەمە نەکردبووەوە! بەڵام دوایی... لە جێگەدا لێی کەوتم و هەموو ژیانی ڕابردووی خۆم وەک پانۆرامایەک لە پێش چاومدا دەهات و دەچوو، هەر لە منداڵییەوە، بەرەو تافی لاوی و پاش ئەویش... کە لێش دەبووەوە، دیسان لە سەرەتاوە دەستی پێ دەکردەوە و لە بەرچاومدا دەسووڕایەوە، هەموو کاتەکەش گوێم لە دەنگی گەڕانی ئاشێک بوو... ئێستاش هەمان دەنگ لە گوێمدا دەزرنگێتەوە... ئەوەتا، دیسان هەمان ئاشە و دەگەڕێت!

**دایک:** ئەو دیمەنانەش دەتبینین جوان نەبوون.

**نەناسراو:** نا! دواییش بەسەرئەنجامێک گەیشتم کە من کەسێکی ناپەسندی بەدکارم.

**دایک:** بۆ وا بەخۆت دەڵێیت؟

**نەناسراو:** دەزانم کە تۆ دەتویست بڵێیم "مرۆڤێکی خراپ"م، بەڵام بزانە، وا دێتە پێش چاوی من ئەو کەسەی ئەو وشەیە لە بەرانبەر خۆیدا بەکار دەهێنێت خۆی هەڵدەکێشێت و بە شان و باڵی خۆیدا هەڵدەڵێت، هەروەها جۆرە دڵنیاییەکیش لەو هەڵسەنگاندنەدا هەیە، کە هێشتا من بەدەستم نەهێناوە و



شایانی نیم.

**دایک:** هێشتا هەر دوودڵیت؟

**نەناسراو:** دوودڵ و زۆر شتی تریش. بەڵام خەریکە شتێکم بۆ ڕوون دەبێتەوە...

**دایک:** کە؟

**نەناسراو:** کە شت هەن... هێز هەن... کە... جاران باوەڕم پێیان نەبووە.

**دایک:** تۆش هەستت بەوە کردووە، نە جڵەوی چارەنووسی نائاساییی خۆت بەدەست خۆتەوەیە، نە هیی هیچ کەسێکی تریش؟

**نەناسراو:** پێم وایە هەر ئەوەش بوو هەستم پێی کرد!

**نەناسراو:** کەواتە ئێستا بەشێکی ڕێگەکەت بڕیوە...

**نەناسراو:** بەڵام من شتی تریشم: نابووت بووم، چونکە توانای نووسینم لە دەست داوە، بەدەست ئەوی تریشیانەوە داماوم و ناهێڵێت شەوانە خەوم لێ بکەوێت...

**دایک:** ئەویان چییە؟

**نەناسراو:** ئەوەی پێی دەڵێن مۆتەکە... ئەوی دواییشیان، بەڵام لە هەموویان خراپتر، ئەوەیە کە ناوێرم بمرم، چونکە چیی تر دڵنیا نیم لەوەی مردن، مردنی من، کۆتاییی کڵۆڵییە و دەبڕێتەوە.

**دایک:** ئۆهـ!

**نەناسراو:** بەڵام لە هەر هەموو ئەمانە خراپتریش ئەوەیە کە بەجۆرێک قێزم لە خۆم دەبێتەوە کە دەمەوێت بەیەکجاری خۆم لە دەستی

خۆم ڕزگار بکەم، بەڵام ئەمیانم بۆ ناچێتە سەر و ڕێیەکم بۆ نادۆزرێتەوە. ئەگەر مەسیحی بوومایە، ئەوا نەمدەتوانی یەکەمین پەیام جێبەجێ بکەم و ئەوەی تەنیشتمم وەکو خۆم خۆش بوویستایە، چونکە ئەوسا وەک چۆن ڕقم لە خۆم دەبێتەوە ڕقم لەوەی تریش دەبووەوە و ئێساش هەر ئەوە دەکەم. گومانت نەبێت لەوەی کە من کەسێکی ناپەسند و بەدکارم و هەموو کاتیش هەر هەمان گومان هەبووە، بەڵام لە کاتێکدا کە نەمویستووە ساویلکە و خۆشباوەڕ بم و بەئاسانی فریو بدرێم، بە وردی چاوێکم لەسەر "ئەوی تر" بووە و کاتێکیش بینیومە ئەوانی تر لە من باشتر نین، کاتێک ویستوویانە خۆیان بەسەر مندا بسەپێنن، لە ڕوویاندا هەڵگەڕاومەتەوە و پێیاندا هەڵشاخاوم.

**دایک:** چاکە، بەڵام، کە لەو باوەڕەدا بوویت ئەوە کێشەی نێوان تۆ و ئەوانی تر بووە، بە هەڵە تێ گەیشتوویت. ئەوە کێشەی نێوان تۆ و ئەوانی تر نییە، بگرە کێشەی نێوان تۆ و ئەوە.

**نەناسراو:** ئەو؟

**دایک:** ئا، ئەو! ئەوەی نابینرێت و جڵەوی چارەنووسی تۆی بەدەستەوەیە.

**نەناسراو:** دە کەواتە با بیبینم!

**دایک:** بیبینیت، دەمریت!

**نەناسراو:** نا، نامرم!

**دایک:** ئەم یاخیبوونە دۆزەخییەت لە کوێوە وەرگرتووە و ئەگەر تۆ وەک هەموومان، وەک هەموو ئەو خەڵکەی تر، سەر نەوی نەکەیت،





ئەوا دەبێت وەک قامیشێک بشکێنرێت!

**نەناسراو:** نازانم ئەم سەرسەختییە دۆزەخییەم لە کوێوە وەرگرتووە. ڕاستە، من لە بەردەم پارەیەکدا کە کراوەتە سەرم بیدەم و نەمتوانیوە بیدەم تووشی دڵەلەرزێ بووم، بەڵام بۆ ئەوەی بەسەر (سینا)دا هەڵگەڕێم و ڕووبەڕووی ئەوەی هەتاهەتایە دەمێنێت ببمەوە دەموچاوی خۆم داناپۆشم!

**دایک:** یا مەسیح، یا مارییا! ئەگەر وا قسە دەکەیت: دەگەمە ئەو باوەڕەی منداڵی شەیتان بیت!

**نەناسراو:** ئەمەش باوەڕی ئەو خەڵکەیە سەبارەت بەمن. بەڵام ئەوەشم بیستووە کە ئەوانەی لە شەیتانەوە نزیکن و لە خزمەتیدان بەئابڕوو، شتومەک و ئاڵتوون، پاداشتیان دەدرێتەوە؛ بەتایبەتیش بە ئاڵتوون؟ وا دێتە بەرچاوت من هی ئەوە بووم ئەو گومانەم لێ بکرێت؟

**دایک:** تۆ نەفرەت بەسەر ماڵەکەی مندا دەبارێنیت!

**نەناسراو:** ئەگەر وایە، لە ماڵەکەت دەچمەوە دەرەوە...

**دایک:** بەم شەوە! نا! بۆ کوێ؟

**نەناسراو:** دەڕۆم لەو تاکەکەسە دەگەڕێم کە ڕقم لێی نابێتەوە.

**دایک:** ئەی دڵنیایت کە پێشوازیت لێ دەکات؟

**نەناسراو:** تەواو دڵنیام!

**دایک:** بەڵام من دڵنیا نیم.

**نەناسراو:** من دڵنیام!

**دایک:** کەواتە ناچارم دوودڵیت بە ئاگا بهێنمەوە.

**نەناسراو:** ناتوانیت!

**دایک:** دەتوانم.

**نەناسراو:** درۆ دەکەیت!

**دایک:** چیی تر بەڕووخۆشییەوە قسە لەگەڵ یەکتر ناکەین و با لێرەدا بیبڕینەوە. دەتوانیت لە هەورەبانەکە بنوویت؟

**نەناسراو:** لە هەر کوێیەک، گرینگ نییە؛ هەر چۆنێک بێت هەر خەوم لێ ناکەوێت!

**دایک:** کەواتە شەوباش! یا ئەوەیە ئەم خواستەم بەڕاست وەردەگریت یا نا!

**نەناسراو:** خۆ هەورەبانەکە جرجی لێ نییە! لە خێو ناترسم، بەڵام حەزم لە چارەی جرج نییە.

**دایک:** پێم خۆشە لە خێو ناترسیت، چونکە... هەر چۆنێک بێت، کەس شەوی لەو هەورەبانەدا ڕۆژ نەکردووەتەوە.

**نەناسراو:** (نەختێک خۆی خافڵ دەکات، ئەمجا...) لە تۆ بەدکارتر و دڵڕەقترم لە ژیانمدا نەبینیوە، بەڵام دیارە ئەوەش لەبەرئەوەیە کە باوەڕت بەدینێک هەیە!

**دایک:** شەوباش!

لە موبەقەکە

تاریکە، بەڵام تریفەی مانگ لە پەنجەرە شیشبەندەکەوە سێبەری تێپەڕبوونی هەورەکانی باوبۆران فڕێ دەداتە سەر زەوییەکە. لە سووچەکەی دەستەڕاستدا و لەژێر ئەو خاچەدا کە عیسای مەسیحی پێدا هەڵواسراوە و پیرەکە هەردەم لەوێدا



دادەنیشت، بەدیوارەکەوە کەڕەنا فرەنساییەکە، تاپڕ و هەگبەی ڕاوکردنەکەی هەڵواسراوە. باڵندەیەکی گۆشتخۆری مۆمیاکراو لەسەر مێزەکە دانراوە. پەردەکان، وەک ئەوەی پەنجەرەکان کرابنەوە، دەلەرێنەوە و پەڕۆوپاتاڵی موبەق، بەرکۆش و دەستسڕەکان بەتەنافێکەوە لە پێش تەباخەکەوە بەدەم باوە دەجووڵێنەوە. شنەشنی با دەبیسترێت، هوڕە و هاژەی تاڤگەیەکیش لە دوورەوە دێتە بەرگوێ و جار ناجارێک زرمەیەک دەبیسترێت وەک ئەوەی بەئەرزێکی بەتەختە داپۆشراودا بکوترێت.

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە، نیوەڕووتە و مۆمێکی بەدەستەوەیە.) ئەوە کێیە؟ – کەس نییە! (دەست بە مۆمەکەوە، کە نەختێک لە گەمەی سێبەرەکان کەم دەکاتەوە، بەرەوپێش دەچێت.) ئەوە چییە لەسەر ئەرزەکە دەجووڵێتەوە! کێیە ئەوە، کەس لەوێیە؟ – (بەرەو مێزەکە دەڕوات، بەڵام کە چاوی بە باڵندە گۆشتخۆرە مۆمیاکراوەکە دەکەوێت، وەک ئەوەی ڕەق بووبێت لە جێی خۆیدا دەوەستێت.) یا عیسای مەسیح!

**دایک:** (دێتە ژوورەوە، جلوبەرگی پۆشیوە و مۆمێکی بەدەستەوەیە.) هێشتا نەخەوتوویت؟

**نەناسراو:** نەمتوانی بنووم!

**دایک:** (بەنەرمییەکەوە.) بۆ نا، کوڕم؟

**نەناسراو:** شتێک بەسەر ژوورەکەدا ڕۆیشت.

**دایک:** نابێت، چونکە هیچ ژوورێکی بەسەرەوە نییە.

**نەناسراو:** هەر ئەوەش بوو نیگەرانی کردم! بەڵام ئەوە چییە وەک مار

بەسەر ئەرزەکەدا پێچەڵپێچ دەجووڵێتەوە؟...

**دایک:** تریفەی مانگە!

**نەناسراو:** ڕاستە، تریفەی مانگە! لەوێ باڵندەیەکی مۆمیاکراو دانراوە. ئەوێش پەڕۆوپاتاڵی سڕین و پاککردنەوەی لێیە! هەموو شتێک سادە و ئاساییە، بەڵام هەر ئەمەشە نیگەرانم دەکات. کێیە وا بەم شەوە زرمەزرم دەکات، دەرگە بە ڕووی کەسدا داخراوە؟

**دایک:** نەء، ئەسپێکە لە تەویلەکەدا سمکۆڵ دەکات.

**نەناسراو:** قەت شتی وام نەبیستووە!

**دایک:** با، ئەسپ هەن بەدەست مۆتەکەوە ناڵەناڵیانە.

**نەناسراو:** مۆتەکە چییە؟

**دایک:** کێ دەزانێت!

**نەناسراو:** دەتوانم نەختێک دانیشم!

**دایک:** دانیشە و با ڕاست و ڕەوان چەند قسەیەکت لەگەڵدا بکەم. دوێنێ ئێوارە من بەدکار و دڵڕەق بووم بەرانبەرت و هەر لەبەر ئەوەش داوای لێبووردنت لێ دەکەم، بەڵام بشزانە، ڕێک هەر لەبەرئەوەی من کەسێکی بێ سنوور دڵڕەق و بەدکارم، وەک چۆن ئەرزی بەردڕێژکراو و ئەو کراسەی لە مووی زبر و ڕەقی گیانەوەران درواوە بەکار دەهێنم، دینیش ئاوها بەکار دەهێنم. بۆ ئەوەی نەیاری تۆ نەبم و دەست بە ڕووتەوە نەنێم، خۆم وەڵامی خۆم دەدەمەوە کە مۆتەکە چییە: مۆتەکە ویژدانی بەد و بێبەزەیی منە. ئەگەر خۆمم یا هەر کەسێکی ترە کە سزام



دەدات، نازانم و ڕێش بەخۆم نادەم و ئەو مافە بەخۆم ڕەوا نابینم کە لێی بکۆڵمەوە! بۆم باس بکە، لە هەورەبانەکە چیت بینی.

**نەناسراو:** ڕاستییەکەی... نازانم... هیچ شتێکم نەبینیوە، بەڵام کە چوومە ئەوێ، وام هەست کرد کە کەسێکی تر لەوێیە. بەمۆمەکەوە بەدوایدا گەڕام، بەڵام کەسم نەدۆزییەوە. دوای ئەوە لێی ڕاکشام. هەر ئەوساش وام هەست کرد کە کەسێک تەپەتەپ بەسەر سەرمدا دەڕوات... باوەڕت بە خێو و شتی وا هەیە؟

**دایک:** نەء، دینەکەم ڕێی ئەوەی لێ گرتووم، بەڵام باوەڕم بەتوانای هەستی ڕاست یا ناڕاست هەڵسوکەوتکردنی خۆمان هەیە کە کەرەسە و ڕێگەی سزادانمان بۆ بدۆزێتەوە...

**نەناسراو:** چاکە! دوای ئەوە بەنەختێک، تەزوویەک هەوای سارد ئاراستەی سنگم دەکرێت، بەنێویدا دەگەڕێت هەتا دڵم دەدۆزێتەوە – دڵیش سارد دەبێت و ناچار دەبم لەسەر جێگەی نووستنەکەم هەڵبستم...

**دایک:** ئەی دوای ئەوە؟

**نەناسراو:** دوای ئەوە ناچار دەبم لە جێی خۆم ڕاوەستم و ببینم چۆن پانۆرامای ژیانم بە بەرچاومدا دێت و دەچێت، هەمووی، پانۆرامای هەموو ژیانم... ئەمەش لە هەموو شت خراپترە.

**دایک:** دەزانم، هەموو ئەم شتانە دەزانم، چونکە خۆم پێیدا ڕۆیشتووم. ئەو نەخۆشییە هیچ ناوێکی نییە و بە تەنیا هەر یەک چارەسەر هەیە...

**نەناسراو:** ئەویش؟

**دایک:** خۆت دەزانیت! دەزانیت کاتێک منداڵان هەڵە دەکەن دەبێت چی بکەن!

**نەناسراو:** دەبێت چی بکەن؟

**دایک:** سەرەتا دەبێت داوای لێبووردن بکەن!

**نەناسراو:** پاشان؟

**دایک:** دەبێت هەڵەکەیان ڕاست بکەنەوە...

**نەناسراو:** ئەی هەر ئەوەندە بەس نییە بەسزای خۆت بگەیت؟

**دایک:** نەء، ئەوە هەر بەتەنیا تۆڵەسەندنەوەیە!

**نەناسراو:** ئەی لەوە زیاتر؟

**دایک:** تۆ خۆت دەتوانیت ژیانێک چاک بکەیتەوە کە خۆت تێکت داوە، دەتوانیت کارێکی خراپ کە دەتوانیت نەیکەیت، نەیکەیت؟

**نەناسراو:** ئەمە ڕاستە! ناتوانم! – بەڵام من ناچار کرام ئەو کارە بکەم، ناچار کراوم کە ببم کاتێک کەس ئەو مافەی پێ ڕەوا نەبینیم، بەڵام شەرم و شوورەیی بۆ ئەوەی کە ناچاری کردم! ئاخ! (دەست دەخاتە سەر سنگی.) ئاخ! ئەوەتا ئێستا لەوێیە، لە ژوورەکەیە و خەریکە دڵم دەردێنێ. ئاخ، چ نەهاتێکە!

**دایک:** خۆت دانەوێنە!

**نەناسراو:** ناتوانم!

**دایک:** بکەوەرە سەرچۆک!

**نەناسراو:** نامەوێت!

**دایک:** مەسیح ئاگای لێت بێت! خوا بەزەیی پێتدا بێتەوە! (ڕوو لە



نەناسراو.) بکەوەرە سەرچۆک لە بەردەم ئەوەدا کە لە خاچ دراوە! تەنیا هەر ئەو دەتوانێت بە هانامانەوە بێت! تەنیا ئەوە دەتوانێت ئەوە بسڕێتەوە کە کراوە!

**نەناسراو:** نا، بۆ ئەو نا! بۆ ئەو نایەمە سەرچۆک! بۆ ئەو نا! ئەگەریش ناچار بکرێم، دوایی... پەشیمان دەبمەوە!

**دایک:** بکەوەرە سەرچۆک، کوڕی خۆم، بکەوەرە سەرچۆک!

**نەناسراو:** ناتوانم ئەژنۆم بنوشتێنمەوە... ناتوانم... خوای گەورە، ئەی ئەوەی هەتاهەتایە دەمێنێت، یارمەتیم بدە...

(پشوو.)

**دایک:** (بەپەلە لەبەر خۆیەوە نوێژێک دەخوێنێت، پاشان...) چاکتریت؟

**نەناسراو:** (دێتەوە سەر خۆی.) بەڵام دەزانیت ئەوە چی بوو؟ مردن نەبوو، قڕتێکەوتن بوو، قڕتێکەوتن!

**دایک:** قڕتێکەوتنی هەرچییەک خوایی و پیرۆزە، ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین مردنی ڕۆح!

**نەناسراو:** (بەبێ ئەوەی تەوسپێکردن بەقسەکانیەوە دیار بێت.) ئەها مەبەستت ئەوەیە... ئێستا خەریکە لە مەبەستت تێ دەگەم.

**دایک:** کوڕی خۆم! تۆ ئۆرشەلیمت بەجێ هێشتووە و ئێستا بەرەو دیمەشق بەڕێوەیت. بڕۆ، بڕۆ بۆ ئەوێ! هەمان ڕێگە کە بەرەو ئێرە پێیدا هاتیت، لە هەر وێستگەیەکیش خاچێک دابکوتە، بەڵام لە حەوتەمین وێستگە بوەستە، تۆ چیی تر وەک ئەو چواردە خاچت پێ نییە!

**نەناسراو:** بەمەتەڵ قسە دەکەیت!

**دایک:** هەستە، برۆ بەدوای ئەوانەدا بگەڕێ کە شتێک هەیە پێیان بڵێیت، لە پێش هەمووشیاندا ژنەکەت.

**نەناسراو:** لە کوێ؟

**دایک:** بگەڕێ بەڵام لە ڕێگەدا ئاگات لەوە بێت کە پێی دەڵێیت گورگەپیاو... لە بیرت نەچێت...

**نەناسراو:** هەرگیز!

**دایک:** هەر ئەوەشت وتبوو کە هاتیت بۆ ئێرە و... وەک ئەوساش پێم وتیت، چاوەڕوانی هاتنت بووم!

**نەناسراو:** لەبەر چی؟

**دایک:** لەبەر هیچ، هیچ...

**نەناسراو:** ڕێک وەک ئەوەی من ئەم موبەقەم، لە کاتێک لە کاتەکانی گەشکەگرتندا، بینیبێت...

**دایک:** هەر بۆیە ئێستا پەشیمانم، کە ئەوسا دەمویست لە (ئینگەبۆری)ت جیا بکەمەوە، چونکە دەتانویست یەکتر ببینن... برۆ، ئێستا برۆ و بەدوایدا بگەڕێ. ئەگەر دۆزیتەوە، ئەوە چاکە و ئەگەر نەشتدۆزییەوە ئەوە ڕەنگە هەر ئەوەش بووبێت کە دەبێت ڕوو بدات. بەڵام وا ڕۆژ دەبێتەوە، بەیانی گەیشتووەتە جێ و شەویشمان کردەوە!

**نەناسراو:** ئەمجا چ شەوێک!

**دایک:** شەوێک کە بیرت ناچێتەوە!

**نەناسراو:** هەمووی نا، بەڵام هەندێکی بیر ناچێتەوە!

**دایک:** (لە پەنجەرەوە دەڕوانێت، وەک ئەوەی لەبەر خۆیەوە بدوێت.)



ئەستێرەی جوانی بەیان، لە کوێی ئاسمانەوە، لە چ دوورییەکەوە، بەربوویتەتەوە؟

(پشوو.)

**نەناسراو:** هەستت بەوە کردووە پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت، مووچڕکە بە لەشدا دێت. بڵێیت ئێمە منداڵانی تاریکی بین، چونکە لەبەر ڕووناکیدا دەلەرزین؟

**دایک:** ئەرێ پرسیارکردن نەبڕایەوە، ماندوو نەبوویت؟

**نەناسراو:** نا، نابڕێتەوە و قەتیش ماندوو نابم! چونکە تاسە و ئارەزووی ڕووناکی دەکەم!

**دایک:** دە برۆ و بگەڕێ! خوا ئاگەدارت بێت!

# بەشی چوارەم

لای شیوەکە

هەمان دیمەنی پێشووە، بەڵام پایزە و گەڵای درەخت وەریون.

لە ئاسنگەرییەکە کار دەکرێت، ئاشەکەش دەگەڕێت.

ئاسنگەرەکە لەنێو دەرگەی دەستەچەپدا وەستاوە. ژنە ئاشەوانەکەش لەنێو دەرگەی دەستەڕاستدا.

ژنەکە چاکەتێکی لە بەردایە و شەپقەیەکی چەرمی بریقەداری لە سەردایە، بەڵام لە پرسەی مردووشدایە.

نەناسراو جلوبەرگی ناوچەکانی چیاکانی (ئاڵپ)ی خوارووی ئەڵمانیای پۆشیوە کە پێکهاتووە لە: چاکەتێکی زبر و ئەستووری کورت، پانتۆڵی کورتی تا سەر ئەژنۆ، جووتێک پێڵاوی ئەستوور و گران، دارئاسایەک و شەپقەیەکی ڕاوکەران کە پەڕی کورکورەی ڕەشی پێوەیە.

بەسەر ئەمانەدا جبەیەکی قاوەیی بەکڵاوی لەبەر کردووە کە پارچە قوماشێکی هەر لە ڕەنگی خۆی، لە شێوەی نیوەچاکەتێکدا بەسەر شان و ملەکەیدا هاتووەتە خوارەوە.

**ژن:** (دێتە ژوورەوە، جلوبەرگی گەشتی پۆشیوە، ماندووە و پەست و بێ تاقەت دیارە.) پیاوێکتان بینیوە جلوبەرگی سەفەریی لەبەردا بووبێت و لێرەوە ڕۆیشتبێت؟



**ئاسنگەر و ژنە ئاشەوان:** (لە بری ئەوەی بڵێن نا، سەریان ڕادەوەشێنن.)

**ژن:** دەتوانم هەر تەنیا بۆ ئەمشەو ژوورێکتان لێ بەکرێ بگرم؟

**ئاسنگەر و ژنە ئاشەوان:** (دیسان سەریان ڕادەوەشێنن.)

**ژن:** (ڕوو لە ئاسنگەرەکە.) دەتوانم لەنێو دەرگەکەتدا بوەستم و نەختێک خۆم گەرم بکەمەوە؟

**ئاسنگەر:** (ڕێی لێ دەگرێت و بۆ دواوە پاڵی پێوە دەنێت.)

**ژن:** خوا کارتان ڕاست نەکات و بەگوێرەی کارەکانت پاداشتتان بداتەوە!

(دەڕوات، پاش نەختێک لەسەر پردە سادە لە تەختە دروستکراوەکە دەبینرێت و ئیتر دیار نامێنێت.)

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە و ئەمیش جلوبەرگی گەشتی پۆشیوە.) ژنێکتان بینیوە، جلوبەرگی سەفەریی لەبەردا بووبێت و لە چەمەکە پەڕیبێتەوە؟

**ئاسنگەر و ژنە ئاشەوان:** (لە بری ئەوەی بڵێن نا، سەریان ڕادەوەشێنن.)

**نەناسراو:** (ڕوو لە ژنە ئاشەوانەکە.) دەتوانم نانێکت لێ بکڕم؟ ئەوەش پارە!

**ژنە ئاشەوان:** (پارەکان ڕەت دەکاتەوە.)

**نەناسراو:** چەند میهرەبانن!

**زایەڵەیەک:** (لە دوورەوە لاسایی دەنگەکەی دەکاتەوە.) میهرەبانی!

**ئاسنگەر و ژنە ئاشەوان:** (بە بەرزی و بۆ ماوەیەک قاقا پێ دەکەنن و

هەمان شێوە زایەڵی دەنگیان دەبیسترێت.)

**نەناسراو:** ئەمەم بەدڵە: بەرەنجامی چاکە هەر چاکە و هیی خراپەش خراپەیە! ئەمە هەموو کات لە ئازاری ویژدانی کەم کردوومەتەوە!

(دەچێتە ناو چەمەکەوە و دەڕوات.)

لەسەر ڕێگە سەرەکییەکە

هەمان دیمەنی پێشووە، بەڵام پایزە و گەڵای درەخت وەریون. سواڵکەر لە پاڵ خانوویەکەوە کە لە شێوەی گومبەزدا دروست کراوە دانیشتووە، دارێکی بەدەستەوەیە سەرێکی لە کەتیرە هەڵدەکێشرا و جاران بۆ ڕاوی باڵندەی بچووک بەکار دەهێنرا، هەروەها قەفەزێکیش کە ڕیشۆڵەیەکی تێدایە لە تەنیشتی خۆیەوە دایناوە.

**نەناسراو:** (هەمان جلوبەرگی دیمەنی پێشووی لەبەردایە.) سواڵکەر! ژنێکت بینیوە بێرەدا تێپەڕیبێت؟

**سواڵکەر:** نەک ژنێک، پێنجسەد ژنم بینیوە بێرەدا تێپەڕ بوون، بەڵام داوات لێ دەکەم و هەر بێ گاڵتە و بەڕاستیشمە، چیی تر پێم مەڵێ سواڵکەر، چونکە ئێستا سواڵکەر نیم و کار دەکەم.

**نەناسراو:** ئەوە تۆیت!

**سواڵکەر:** یللە ئێگۆ کوی کوۆندام.

**نەناسراو:** چ کارێکت دەست کەوتووە؟

**سواڵکەر:** ڕیشۆڵەیەکم هەیە، فیکە لێ دەدات و قسەش دەکات...

**نەناسراو:** کەواتە تۆ نیت و ئەوە کە کار دەکات؟



**سواڵکەر:** ئا، من سەرکار و بەرکاری خۆمم و بۆ کەس کار ناکەم!

**نەناسراو:** باڵندەش دەگریت؟

**سواڵکەر:** مەبەستت لە دارەکەیە! نا... نا، ئەوە هەر بۆ ئەوەیە وا ببینرێت!

**نەناسراو:** کەواتە خۆشت بە شتی ڕووکەشەوە هەڵواسیوە؟

**سواڵکەر:** ئا، ئەی بەچیی ترەوە، بەناوەڕۆکەوە! بەوەی کە لە ناوەوەماندایە! نا... نا... ئەمەیان هەر پڕوپووچییە و هیچی تر!

**نەناسراو:** ئەمەش پوختەی هەموو فەلسەفەکەتە سەبارەت بە ژیان؟

**سواڵکەر:** هەموو میتافیزیکەکەمە! لە ڕاستیدا وا دەبینرێت کە ئەمە بیروڕایەکی نەختێک کۆنیش بێت، بەڵام...

**نەناسراو:** گاڵتە مەکە و شتێک بڵێ کە مەبەستتە بیڵێیت! باسێکی ڕابردووی خۆت بکە.

**سواڵکەر:** جا چ خێرێکی هەیە! کای کۆن بەبا کردن، چ خێرێکی هەیە! هەڵی بێنە، بەڕێز، هەڵی بێنە! چاوت بکەوە! پێت وایە کە من هەردەم هەر خەریکی گاڵتە و ڕابواردنم! نا... نا... ئەمە هەر بەتەنیا کاتێک ڕوو دەدات کە تووشی تۆ دەبم، چونکە تۆ تا دڵ پێی خۆش بێت سەیروسەمەرەیت.

**نەناسراو:** چۆن دەتوانیت، دوای ئەوەی هەموو ژیانت بەفیڕۆ چووە، پێ بکەنیت؟

**سواڵکەر:** خەریکە بێتامی دەکەیت! بەڵام ئەگەر نەتوانیت چیی تر بەو کڵۆڵییە پێ بکەنیت، تەنانەت کڵۆڵی کەسانی تریش، ئەوا ژیان چ تامێکی هەیە و چ مانایەک! گوێ لەمە بگرە: ئەگەر دوای

شوێنەواری ئەو پێچکانە بکەویت، دەگەیت بە زەریاچەکە و ڕێگەکەش لەوێدا تەواو دەبێت! لەوێدا دانیشە و پشوویەک بدە، ئەوسا بەشێوەیەکی تر و لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەبینیت! ئێرە پڕە لە ڕووداوی ناخۆش، کەرەسەی دینی و بیرەوەریی تاقەتپڕوێن، کە ڕێ لە کۆچی بیرەکانت دەگرن بەرەو ژوورە سوورەکە، بەڵام تەنیا دوای شوێنەواری پێچکەکان بکەوە! ئەگەر لێرە و لەوێش نەختێک قوڕ و چڵپاوە، ئەوا باڵەکانت بکەوە و نەختێک بای باڵی خۆت بدە!

هێندەی پێوەندی بە باڵ بەیەکدادانیشەوە هەبێت، جارێک لە جاران گوێم لە باڵندەیەک بوو لەبارەی ئەنگوستیلەکەی (پۆلیوکرات)ەوە دەیخوێند کە چۆن هەموو خۆشی و شادیی دنیای بەدەست هێنابوو، بەڵام نەیدەزانی چیی لێ بکات و بەکوێی بگەیەنێت و پاشانیش وەک پەیامبەرێک لە ڕۆهەڵات و لە ڕۆئاوادا پەیامی خۆی سەبارەت بە (هیچ)ە گەورەکە، کە خۆی لە (گەردوونی بەتاڵ) خولقاندبووی بڵاو کردەوە. من نامەوێت بانگەشەی ئەوە بکەم کە ئەوە تۆ بوویت، ئەگەر بڕوام وا نەبووایە کە دەتوانم سوێندیشی لەسەر بخۆم، ئەمجا جارێکیش کە لە خۆتم پرسی کە ئاخۆ دەزانیت من کێم یا نا، وەڵامت ئەوە بوو کە ئەوەت بە لاوە گرینگ نییە. منیش لە پاداشتی ئەوەدا هاوڕێیەتیی خۆمم پێشکێش کردیت، بەڵام تۆ ئەو هاوڕێیەتییەت ڕەت کردەوە، بە تاکە وشەیەکیش ڕەتت کردەوە و وتت: بێ شەرەف! بەڵام ئێستا من نە داخ لە دڵ و نە هێندە هەست ناسکیشم، هەر بۆیە لەم گەشتەتدا ئامۆژگارییەکی چاکت دەکەم: شوێن شۆپی پێچکەکان بکەوە!



**نەناسراو:** (خۆی لێ دوور دەگرێت.) خۆ جارێکی تریش فریوم نادەیت.

**سواڵکەر:** بەڕێزم! تۆ هەر خراپ بیر دەکەیتەوە، هەر بۆیە تەنیا خراپەشت تووش دەبێت! هەر نەبێت بۆ جارێک، تەنیا جارێک، باش بیر بکەوە. هەوڵ بدە!

**نەناسراو:** دەمەوێت هەوڵ بدەم! بەڵام ئەگەر فریو بدرێم، ئەوا بەمافی خۆمی دەزانم کە...

**سواڵکەر:** هیچ کات مافی ئەوەت نییە!

**نەناسراو:** (وەک ئەوەی لەبەر خۆیەوە بدوێت.) کێیە بیرە نهێنییەکانم دەخوێنێتەوە، کێیە ڕۆحم هەڵگێڕ و داگێڕ دەکات، کێیە دوام کەوتووە و دەست لە بەرۆکم بەرنادات! بۆ دەست لە بەرۆکم بەرنادەیت، بۆ دوام کەوتوویت؟

**سواڵکەر:** ساول! بۆ دەست لە بەرۆکم بەرنادەیت، بۆ دوام کەوتوویت؟ ساول!

**نەناسراو:** (دەترسێت و دەڕوات.)

(ئاوازی بەڕێکردنی پرسەی مردووەکە، وەک پێشوو، دەبیسترێت.)

**ژن:** (دێتە ژوورەوە.) پیاوێکت بینیوە بەجلوبەرگی سەفەرەوە لێرەوە تێپەڕ بێت؟

**سواڵکەر:** ئێستا نەگبەتێک لێرە بوو، بە شەلەشەل و هانکەهانک، بەرەو ئەوێ ڕۆیشت.

**ژن:** ئەوەی کە من بەدوایدا دەگەڕێم ناشەلێت.

**سواڵکەر:** ئەویش بە شەلەشەل نەدەڕۆیشت، بەڵام وا پێ دەچوو کە

سێبەندەی تووشی نەخۆشییەک بووبێت و هەر ئەوەش وای کردبوو نەتوانێت بەڕێکوپێکی ڕێ بکات. نا... کاتی داخ لە دڵی و بەدخوازی نییە! سەیرێکی ئەو قوڕ و لیتاوە بکە!

**ژن:** لە کوێ؟

**سواڵکەر:** (بەپەنجەی ئاماژە دەکات.) لەوێ! لەوێ شوێن پێچکەکانی عەرەبانەیەک دەبینیت و لەگەڵیشیدا جێی پێڵاوی تۆکمەوتۆڵ و قورس دەبینیت، دەبینیت کەسێک بە قورسییەوە هەنگاوی هەڵهێناوە...

**ژن:** (لە جێی پێڵاوەکان ورد دەبێتەوە.) ئەوە! خۆیەتی! هەنگاوەکانیشی قورسن... بەڵام بڵێیت پێی بگەمەوە؟

**سواڵکەر:** دوای شوێنەواری پێچکەکان بکەوە!

**ژن:** (دەستی دەگرێت و ماچی دەکات.) سوپاس بۆ تۆ هاوڕێم، سوپاس!
(دەڕوات.)

لای زەریاکەوە

هەمان دیمەنی پێشووە، بەڵام زستانە و زەریا ڕەنگی شینێکی تاریکە، هەورەکان لە ئاسۆدا، لە شێوەی سەری زلدا، گرمەڵە بوون. لە دوورەوە هەرسێ ستوونی ڕووت و بێ چارۆکەی کەشتییەکی تێکشکاو، لە شێوەی سێ خاچی سپیدا، دەبینرێن. مێز و نیمکەتی ژێر درەختەکە لە جێی خۆیاندا ماون، بەڵام کورسییەکان لابراون.

بەفر باریوە.





جار ناجارێک زەنگی دەبەیەک، کە بۆ ڕێپێشاندانی کەشتی لە نزیک کەناری زەریاوە دادەنرێت، دەبیسترێت.

نەناسراو (لە دەستەچەپەوە دێتە ژوورەوە، نەختێک دەوەستێت و سەیری زەریا دەکات، ئەمجا لە دەستەڕاستەوە و لە پشت کۆختەکەوە دەچێتە دەرەوە.)

ژن (لە دەستەچەپەوە دێتە ژوورەوە، وا دەبینرێت وەک ئەوەی دوای شوێنپێی نەناسراوەکە لەنێو بەفرەکەدا کەوتبێت، ئەمجا لە دەستەڕاستەوە، بەڵام بە بەردەمی کۆختەکەدا دەڕواتە دەرەوە.)

نەناسراو (لە دەستەڕاستەوە دێتەوە ژوورەوە، بەرەو دەستەچەپ دەڕوات، شوێنپێی ژنەکە دەبینێت، دەوەستێت، ئاوڕ بۆ لای دەستەڕاست دەداتەوە.)

ژن (دێتەوە ژوورەوە، بەرەو نەناسراو ڕادەکات و خۆی دەخاتە باوەشیەوە، بەڵام دەسەڵمێتەوە و بۆ دواوە دەگەڕێتەوە.)

**ژن:** پاڵم پێوە دەنێیت؟

**نەناسراو:** نەء! بەڵام لەوە دەچوو کەسێک لە نێوانماندا ڕاوەستابێت!

**ژن:** ڕاستە، کەسێک لە نێوانماندا ڕاوەستاوە! – بەڵام ئەمە چ یەکتربینینەوەیەکە!

**نەناسراو:** زستانە ئیتر، وەک خۆشت دەیبینیت!

**ژن:** منیش هەست دەکەم چ سەرمایەک لە لەشتەوە دێت!

**نەناسراو:** لەوێ، لە چیاکان، سەرمام بووە.

**ژن:** پێت وا نییە قەت چیی تر بەهار بگەڕێتەوە!

**نەناسراو:** دێتەوە، بەڵام بۆ ئێمە نا! دەرکراو لە باخ و باخات دەبێت بەتەنیا هەر بەنێو بەردەڵان و درِک و داڵدا برِۆین و کاتێکیش کە قاچوقولمان بریندار بوو و درِک و داڵیش بەدەستماندا چوو، ئەوەشمان بۆ دێتە پێشەوە و ناچار دەبین خوێ بکەین بەبرینەکانمدا - بەبرینەکانی یەکتریدا. ئەوساش ئاشەکە دەکەوێتە گەرِ و قەتیش ناوەستێت، چونکە ئاوی لێ نابرِێت.

**ژن:** لەوانەیە هەرواش بێت کە تۆ دەیڵێیت...

**نەناسراو:** رِاستە، بەڵام ناشمەوێت خۆم لەوە لابدەم کە هەر دەبێت ببێت و رِوو بدات، نامەوێت ژیان لە یەکتری تاڵ بکەین، بەڵکو دەمەوێت، وەک قوربانییەک بۆ ئاشتبوونەوە و دڵدانەوەی خواکان، بەدەستی خۆم خۆم برِنمەوە، دەمەوێت بڵێم: گوناهەکە، گوناهی منە، من بووم زنجیرەکانی دەست و پێم پچرِاندیت، من بووم فریوم دایت ئەوە بکەیت کە کردت، بۆیە دەتوانیت تاوانی هەمووی، تاوانی هەرچییەک کە کردم و بەرەنجامەکانیش، بخەیتە ئەستۆی من...

**ژن:** بەڵام ناتوانیت باری ئەو هەموو تاوانانە هەڵبگریت!

**نەناسراو:** با دەتوانم، کاتی وا هەیە هەست دەکەم لەنێو خۆمدا هەموو گوناه و خەمینیی دنیام هەڵگرتووە، هەرچی پیسی و شەرم و بێ ئابرِووییە لەنێو خۆمدا هەڵم گرتوون، کاتی وا هەیە پێم وایە ئەنجامدانی کردەوەی خراپیش بۆ خۆی، تەنانەت تاوانەکەش پێشتر وەک سزادانێک برِیاری لەسەر دراوە! دەزانیت، ماوەیەک لەمەوبەر تام گرت و نەخۆش کەوتم، زۆر شت رِووی دا، زۆر شت، لەنێو ئەو شتانەشدا، خەوم بینی و لە



خەونمدا خاچێکم بینی بەتاڵ و لە خاچدراوەکەی پێوە نەبوو، کە بۆ ئەوەش پرسیارم لە دۆمینکانەکە کرد - چونکە لەوێ لەنێو ئەوانەدا کە لەوێ بوون دۆمینکانێکیشی لێ بوو کە لێم پرسی ئەوە چ مانایەکی هەبووە، وتی: "تۆ ناتەوێت ئەو لە بری تۆ و لە پێناوی تۆدا ئازار بچێژێت، کەواتە خۆت ئازارەکەت بچێژە!" هەر لەبەر ئەوەشە خەڵک هێندە هەستیار بوون سەبارەت بەئازارەکانی خۆیان!

**ژن:** هەر لەبەر ئەوەشە ویژدانەکان هێندە قورس بوون، کاتێک کەس نایەوێت دەستی یارمەتی درێژ بکات و کەمێک لە قورساییەکەی کەم بکاتەوە...

**نەناسراو:** تۆش! تۆش بەوێ گەیشتوویت؟

**ژن:** هێشتا نا! بەڵام بەرِێوەم!

**نەناسراو:** دەستت بنێرە دەستمەوە و با پێکەوە لێرەوە برِۆین.

**ژن:** بۆ کوێ؟

**نەناسراو:** بۆ دواوە! بە هەمان رِێگەدا کە پێیدا هاتین! ماندوویت؟

**ژن:** چیی تر نا!

**نەناسراو:** من چەند جارێک لە پەلوپۆ کەوتم، بەڵام تووشی سواڵکەرێکی سەیر بووم... تۆ ئەوت بەبیردا نایەتەوە، ئەوەی کە گوایا لە من دەچێت، ئەو داوای ئەوەی لێ کردم هەر نەبێت هەوڵ بدەم بەباشی بیر لە نیازەکانی بکەمەوە. منیش برِوام بەقسەکەی هێنا، هەر نەبێت هەوڵم دا باوەرِ بەقسەکەی بهێنم و...

**ژن:** ئەمجا...

**نەناسراو:** ئەمجا ئیتر قسەکانی بەخێر گەڕان و لەوساشەوە هەست دەکەم هێزم تێ گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بم...

**ژن:** با بەردەوام بین، پێکەوە بەردەوام بین!

**نەناسراو:** (ڕوو لە زەریاکە.) خەریکە تاریک دەبێت و هەوریش ئاسمانی تەنیوە...

**ژن:** سەیری هەور مەکە...

**نەناسراو:** ئەی ئەوەی ژێریان؟ ئەوە چییە؟

**ژن:** کەشتییەکی تێکشاوە و هیچی تر!

**نەناسراو:** (دەچرپێنێت.) سێ خاچ! چ گۆلگاتایەکی[١٦] نوێیە و چاوەڕێمان دەکات؟

**ژن:** بەڵام ئەوان سپین. ئەویش مانای خێر و هاتە!

**نەناسراو:** بڵێیت شتێکی باشمان بێتە سەرڕێ؟

**ژن:** ئا، بەڵام یەکسەر نا.

**نەناسراو:** با بڕۆین!

ژووری ئوتێلەکە

هەمان دیمەنی پێشوو. ژنەکە، لە تەنیشت نەناسراوەوە، دانیشتووە و بەقولاپ دەچنێت.

**ژن:** شتێک بڵێ!

**نەناسراو:** چی بڵێم، لەوەتی هاتووینەتە ئەم ژوورەوە لە شتی ناخۆش زیاترم نییە بیڵێم.

**ژن:** ئەی بۆ تا نەهاتینە ئەم ژوورە دوابڕاوە دڵت سووکنایی دانەهات؟



**نەناسراو:** نازانم! لە هەموو شتێک کەمتر داوای ئەمەم دەکرد و هەر لەبەر ئەوەش تاسە و ئارەزووی ئێرەم دەکرد بۆ ئەوەی ئازار بچێژم.

**ژن:** ئازاریشت چێشتووە...

**نەناسراو:** ئا، چیی تر گوێم لە گۆرانیوتن نییە، هیچ شتێکی جوان نابینم. ڕۆژانەش گوێم لە دەنگی گەڕانی ئاشەکەیە و پانۆراما گەورەکەش، گەورەتر بووە و بووە بە پێشانگەی دیمەنی سەرانسەری دنیا و بە پێش چاوانمدا دێت و دەچێت و شەوانەش...

**ژن:** ئەی بۆ بەدەم خەوەوە قیژاندت؟

**نەناسراو:** خەونم دەبینی...

**ژن:** خەونێکی ڕاستەقینە...

**نەناسراو:** خەونێکی هەر زۆر ناخۆش... بەڵام بزانە چ نەفرەتێکم لێ کراوە: پێویستم بەوەیە ئەو خەونە بگێڕمەوە و بۆ کەسیش نا بۆ تۆ؟ بەڵام نابێت بۆ تۆی بگێڕمەوە، چونکە دەستم بەردەرگەی ژوورە داخراوەکەوە دەکەوێت...

**ژن:** ژووری داخراوی ڕابردوو...

**نەناسراو:** ئا!

**ژن:** (بە سادەیییەکەوە.) لە ژووری داخراوی وادا شتی ناخۆش کەم نین.

**نەناسراو:** ڕاستە.

(پشوو.)

**ژن:** بیگێڕەوە!

**نەناسراو:** بەداخەوە ناچارم! خەونم بینی و لە خەونمدا مێردەکەی پێشووتم بینی... ژنە کۆنەکەمی هێنابوو... بووبوو بەباوکی منداڵەکانیشم...

**ژن:** هەر بەتەنیا تۆیت، کە دەتوانێت بیر لە شتێکی وا بکاتەوە!

**نەناسراو:** ئاهـ... خۆزگە وا بووایە! بەڵام دەشمبینی کە چۆن ئازاری منداڵەکانم دەدات. (هەڵدەستێت.) کاتێکیش کە دەستم نایە بینی و... نا، ناتوانم چیی تر بەردەوام بم... بەڵام دڵیشم سووکناییی نایەت تا بەتەواوی دڵنیا دەبم و بۆ ئەوەی دڵنیاش بم دەبێت بڕۆم، بڕۆم و لە ماڵەکەی خۆیدا بیبینم!

**ژن:** تەنانەت گەیشتوویت بەوەش!

**نەناسراو:** ماوەیەکیش دەبێت بەوە گەیشتووم و ئێستاش هیچ شتێک ناتوانێت ڕێم پێ بگرێت و... دەبێت بڕۆم و بیبینم!

**ژن:** بەڵام ئەی ئەگەر نەیهێشت چاوت پێی بکەوێت؟

**نەناسراو:** ئەوسا وەک نەخۆشێک دەچمە لای و باسی نەخۆشییەکەی خۆمی بۆ دەکەم...

**ژن:** (ترساوە.) باسی نەخۆشییەکەتی بۆ مەکە...

**نەناسراو:** لێت تێ دەگەم: مەبەستت لەوەیە ئەوسا بیانووی دەست دەکەوێت و ناچار دەبێت وەک شێتێک لەوێ بمهێڵێتەوە... ئەو مەترسییەش دەبینم و ئەوەم لە بەرچاوە و بەڵام... پێویستم بەوەیە خۆم دووچاری ئەو مەترسییە بکەم... ناچارم و دەبێت هەموو شتێک بخەمە مەترسییەوە، ئازادیم، ژیانم،



خۆشگوزەرانیم! هەموو شتێک! پێویستم بەشتێکە هەموو هەست و نەستەکانم بخاتە مەترسییەوە، هێندە بەهێز بیانخاتە مەترسییەوە کە بەدەم ڕاتەکان و ڕاچڵەکینەوە ڕۆژی ڕووناک بەچاوی خۆم ببینم، من بە تاسە و ئارەزووی ئازار و ئەشکەنجەیەکەوەم بتوانێت هاوسەنگی بخاتەوە نێو ئەو پێوەندییانەوە کە بەدەستیانەوە گیرۆدە بووم، تا چیی تر ناچار نەبم وەک ڕێبوارێک هەردەم سووچ و گوناهەکانی خۆم بەهەموو لایەکدا بگێڕم. کەواتە هەرچی زووتر باشتر خۆت بخە ئەو چاڵەوە کە پڕ کراوە لە مار!

**ژن:** خۆزگە بمتوانیایە لەگەڵتدا بێم...

**نەناسراو:** پێویست ناکات بێیت: ئازار و سوێی من هێندە زۆرە بەشی هەردووکمان دەکات!

**ژن:** دە کەواتە ئیتر بەرزگارکەری خۆمت دەزانم و گەردنیشت ئازاد بێت لەو هەموو تووک و نەفرەتانەی پێشتر لێم کردوویت! تەماشاکە، وا جارێکی تریش بەهارە؟

**نەناسراو:** دەزانم، لەو گوڵەی جەژنی کریستمسدا دەیبینم کە خەریکە سیس دەبێت.

**ژن:** بەڵام هەست ناکەیت هەواکەی هەوای بەهارە!

**نەناسراو:** با، خەریکە ئەو هەستی ساردوسڕییەی سنگمی داگرتبوو کەم دەبێتەوە...

**ژن:** لەوانەیە گورگەپیاو بەیەکجاری چاکت بکاتەوە!

**نەناسراو:** با بزانین! با بزانین چۆن دەبێت! ڕەنگە ئەو هێندەش ترسناک نەبێت.

**ژن:** بەدڵنیاییەوە قەت هێندەی تۆ دڵڕەق و ستەمکار نییە!

**نەناسراو:** ئەی خەونەکەم! خەونەکەمت بیر نەچێت...

**ژن:** ... ئەویان با تەنیا هەر خەونێک بێت و هیچی تر! شلیلەکەشم تەواو بوو، هەروەها کارە بێ کەڵکەکەشم! پیسیش بووە...

**نەناسراو:** بەڵام دەتوانرێت بشۆردرێت!

**ژن:** یا ڕەنگ بکرێت!

**نەناسراو:** بەڕەنگی سووری تۆخ!

**ژن:** نا... نا... هەرگیز!

**نەناسراو:** لە دەستنووسێک دەچێت...

**ژن:** کە چیرۆکەکەمانی لەسەر نووسرابێت...

**نەناسراو:** فرمێسک و خوێن بەسەر ڕێگای پڕ لە پیسی و گەندوگووەوە...

**ژن:** چیرۆکەکە خەریکە تەواو دەبێت! برۆ دوا بەشی بنووسە! برۆ!

**نەناسراو:** کەواتە لە وێستگەی حەوتەمین بەیەکتر دەگەینەوە! هەر لەوێشەوە دەستمان پێ کرد!



## بەشی پێنجەم

لای دوکتۆرەکە

دیمەن، کەم و زۆر، وەک دیمەنی پێشووترە. بەڵام نیوەی لێژنەدارەکە ماوەتەوە. لەسەر تەختەیەک، لە بەرهەیوانەکە، کەلوپەلی نەشتەرکاری؛ چەقۆ، مشار، گاز و شتی تر... دانراوە.

دوکتۆرەکە خەریکی سڕین و پاککردنەوەیانە.

**خوشک:** (لە بەرهەیوانەکەوە.) نەخۆشێک هاتووە و دەیەوێت بتبینێت!

**دوکتۆر:** دەیناسیت؟

**خوشک:** پێشتر نەمبینیوە، بەڵام ئەوە کارتەکەیەتی.

**دوکتۆر:** (کارتەکە دەخوێنێتەوە.) دەزانیت... ئەمە لە هەموو ئەو شتانەی تێپەڕاندووە کە پێشتر بینوومن...

**خوشک:** ئەوە؟

**دوکتۆر:** ئا، ئەوە! منیش ئەگەرچی بەچاوی سووکەوە سەیری ئەوە ناکەم کە بە ڕاستی دەزانم و باوەڕم پێی هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا وەک بێ دەربەستی و لاقرتێپێکردن دەزانم کە ناچاریت ڕووبەڕووی ببیتەوە. هەر چۆنێک بێت، با بێتە ژوورەوە!

**خوشک:** بەڕاستتە؟

**دوکتۆر:** بێگومان! بەڵام ئەگەر دەتەوێت، دەتوانیت بەشێوە سادەکەی خۆت، ڕێک و ڕەوان، نەختێک قسەی لەگەڵدا بکەیت.

**خوشک:** منیش مەبەستم هەر ئەوە بوو...

**دوکتۆر:** چاکە! کەواتە ئێستا گرانیی کارەکە دەکەوێتە ئەستۆی تۆ و ساف و لووسکردنیشی لەسەر من.

**خوشک:** دڵنیا بە! ئەوەی کە تۆ ناتوانیت لەبەر دڵپاکی و دڵنەرمیی خۆت پێی بڵێیت، من ڕێک و ڕەوان و ڕووبەڕوو پێی دەڵێم.

**دوکتۆر:** با باسی دڵپاکی و دڵنەرمیی من ببڕێتەوە، بێدەنگ بە! دەستوبرد بە، تا ڕام نەگۆڕیوە و میزاجم تێک نەچووە. بەڵام دەرگەکانیش داخە!

**خوشک:** (دەڕوات.)

**دوکتۆر:** لەوێ، لای زبڵدانەکان چی دەکەیت (سێسار)؟

**شێت:** (لێی دێتە پێشەوە.)

**دوکتۆر:** گوێ بگرە (سێسار)، ئەگەر دوژمنەکەت بێت و سەری بخاتە سەر ئەژنۆت، چیی لێ دەکەیت؟

**شێت:** سەری دەبڕم!

**دوکتۆر:** من وا فێر نەکراوم!

**شێت:** نا، تۆ وتووتە دەبێت پشکۆی بخرێتە سەر، بەڵام من ئەمە بەگوناهـ دەزانم.

**دوکتۆر:** ڕاستییەکەی منیش هەر بەگوناهی دەزانم، چونکە ئەمە دڵڕەقانەتر و فێڵبازانەتر. ئەی دەتوانیت پێم بڵێیت ئاخۆ باشتر نییە نەختێک تۆڵە بسێنرێتەوە تا ئەوی تر نەختێک هۆشی بێتەوە بەر خۆی و هەست بکات کە شایانی ئەوەیە بەرانبەری دەکرێت.



**شێت:** کە خۆت ئەوە لە من باشتر دەزانیت، بۆ دەپرسیت؟

**دوکتۆر:** بێدەنگ بە! من قسە لەگەڵ تۆ ناکەم! کەواتە: لە پێشدا سەری دەبڕین و پاشان: با بزانین چۆن دەبێت!

**شێت:** ئەمە دەکەوێتە سەر ئەوەی ئەو چۆن هەڵسوکەوت دەکات.

**دوکتۆر:** ڕاست دەکەیت! چۆن هەڵسوکەوت دەکات! – بێدەنگ! – بڕۆ بەولاوە!

**نەناسراو:** (لە بەرهەیوانەکە دوور دەکەوێتەوە. تووڕەیە، بەڵام نەختێک قایلبوونی بەناچاری پێوە دیارە.) دوکتۆری بەڕێز!

**دوکتۆر:** ها!

**نەناسراو:** دڵنیام کە پێت سەیرە من لێرە دەبینیت...

**دوکتۆر:** (بەجیدییەکەوە.) من دەمێکە دەستم لەوە هەڵگرتووە هیچ شتێکم پێ سەیر بێت، بەڵام لەوە دەچێت ئیتر کاتی ئەوە هاتبێتەوە دەست پێ بکەمەوە.

**نەناسراو:** ڕێم پێ دەدەیت نەختێک پێکەوە قسە بکەین؟

**دوکتۆر:** لەسەر هەر بابەتێک کە دوو کەسی باش پەروەردەکراو بتوانن قسەی لەسەر بکەن! نەخۆشیت؟

**نەناسراو:** (پاش نەختێک.) ئا!

**دوکتۆر:** ئەی بۆ بەتایبەت بۆ لای من هاتوویت؟

**نەناسراو:** دەبوو خۆت بتوانیت هەڵیبهێنیت بۆ.

**دوکتۆر:** ئەوەم ناوێت! – نەخۆشییەکەت چییە؟

**نەناسراو:** (بەدوودڵییەوە.) بێخەوی.

**دوکتۆر:** ئەوە نەخۆشی نییە، دیاردەی نەخۆشییە. پێشتر لای هیچ

دوکتۆرێکی تر بوویت؟

**نەناسراو:** نەخۆش بووم و لە نەخۆشخانەیەک، لەبەرئەوەی تام هەبوو، کەوتبووم – بەڵام تایەکی زۆر سەیر و بەرز بوو...

**دوکتۆر:** بۆ سەیر بوو؟

**نەناسراو:** دەتوانم ئەم پرسیارەت لێ بکەم: ئاخۆ کەس دەتوانێت لە جێیەکەی خۆی هەڵبستێت و وڕێنە بکات؟

**دوکتۆر:** ئا، ئەگەر شێت بێت، بەڵام هەر ئەوساش!

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت و ئەمجا دادەنیشێتەوە.)

**دوکتۆر:** نەخۆشخانەکە ناوی چی بوو؟

**نەناسراو:** ناوی: یارمەتیی چاک بوو.

**دوکتۆر:** نەخۆشخانەیەک نییە بەو ناوەوە!

**نەناسراو:** ئەی دێرە؟

**دوکتۆر:** نەء، شێتخانەیە!

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت.)

**دوکتۆر:** (هەڵدەستێت و هاوار دەکات.) خوشکێ! دەرگەکەی دەرەوە داخە! ئەو دەرگە تەختەیە کە بەسەر ڕێگە سەرەکییەکەدا دەڕوانێت! (ڕوو لە نەناسراوەکە.) فەرموو، دانیشە! – دەبێت لەبەر ئەو سواڵکەر و گەڕۆکانەی بێرەدا دێن و دەڕۆن دەرگەکان دابخەم.

**نەناسراو:** (نەختێک دێتەوە سەر خۆی.) دوکتۆری بەڕێز، ڕاستگۆ بە لەگەڵمدا: پێت وایە تێک چووبم؟

**دوکتۆر:** وەک خۆشت دەزانیت، کەس ناتوانێت ڕاستگۆیانە وەڵامی ئەو



پرسیارە بداتەوە، ئەوەش کە دووچاری ئەو دەردە بووە قەت باوەڕ بەقسەیەک ناکات کە لەو بارەیەوە دەکرێت. هەر لەبەر ئەوەش بۆ تۆ گرینگ نییە من چۆنی دەبینم و چی دەبینم. – بەڵام ئەگەر بۆ خۆت پێت وایە کە ڕۆحت نەخۆش کەوتووە، ئەوا بەدوای کەسێکدا بگەڕێ کە بتوانیت ڕۆح چاک بکاتەوە.

**نەناسراو:** ئەی ناتوانیت هەر نەبێت بۆ جارێک خۆت جێی ئەو کەسە بگریتەوە؟

**دوکتۆر:** نەء، ئەوە پیشەی من نییە.

**نەناسراو:** بەڵام ئەگەر...

**دوکتۆر:** (قسەکەی پێ دەبڕێت.) بێجگە لەوەش کاتی ئەوەم نییە، چونکە ئێستا خەریکی شایین.

**نەناسراو:** خەونەکەم...

**دوکتۆر:** لەو باوەڕەدا بووم بیستنی ئەوەی من دڵی خۆمم پێ داوەتەوە، وەک دەڵێن؛ هەر نەبێت، تۆش ئارام بکاتەوە و ببێت بەمایەی خەنیبوون و دڵخۆشیش بۆ من، – چونکە هەر وایشە – بەڵام بەپێچەوانەوە دەبینم ئازارەکانت زیاتر دەبن! ئەمەش سەیر نییە! چۆن بیڵێم... بۆ دەبێت بۆ تۆ ناخۆش بێت کە من بێوەژنێک بهێنم.

**نەناسراو:** بە دوو منداڵەوە؟

**دوکتۆر:** دوو منداڵ! ئەوەتا! خۆیەتی! چ بیرکردنەوەیەکی دۆزەخییە ئەمە، ڕێک شایانی خۆت! ئێستا گوێ بگرە، ئەگەر دۆزەخ هەبێت، تۆ دەبیت بە یەکەم سەروکار و چاودێریکەر تێیدا، چونکە توانای دۆزینەوەی تۆ بۆ ڕێگەکانی سزادان هەرچییەک

که له باشترین حاڵەتدا بە بیر و خەیاڵی مندا دێت تەفروتونات دەکات، کەچی بەمنیش دەڵێن گورگەپیاو.

**نەناسراو:** ڕەنگە ئەوە وا بێت کە...

**دوکتۆر:** (قسەی پێ دەبڕێت.) ماوەیەکی دوور و درێژ ڕقم لێت دەبووەوە، لەوانەیە خۆشت ئەوە بزانیت، چونکە تۆ لە ڕێی کردەوەیەکەوە کە هیی لێبووردن نییە، ناو و ناوبانگێکی خراپ و لەخۆڕات خستە دوای من، بەڵام کاتێک کە زیاتر چوومە تەمەنەوە و چاو و هۆشیشم زیاتر کرانەوە، تێ گەیشتم کە ئەگەرچی سزاکەی ئەو کاتە سزایەکی ناڕەوا بوو، بەڵام لەبەر هەندێک کردەوەی خراپی تر کە کەسیش لێیان بەئاگا نەبوو، شایانی خۆم بوو و تۆش منداڵێک بوویت کە هەر نەبێت هێندە ویژدانی هەبوو کە بتوانێت خۆی بەدەستی خۆی سزای خۆی بدات، لەبەر ئەوە ئەو شتە چیی تر ئەوە ناهێنێت سەری خۆتی پێوە بئێشێنیت و پێی نیگەران بیت! ڕەنگە هەر ئەوەش بووبێت ویستبێتت لەبارەیەوە بدوێین؟

**نەناسراو:** ئا!

**دوکتۆر:** دەی باشە ئێستا بەوە ڕازی دەبیت چیی تر دەست نەنێمە ڕێت؟

**نەناسراو:** (وەک ئەوەی بیەوێت پرسیارێک بکات.)

**دوکتۆر:** یا لەوانەیە پێت وا بووبێت کە بمەوێت لێرە بەندت بکەم، یا بەو کەلوپەلانە پارچە پارچەت بکەم؟ یا بتکوژم؟ "خۆ ڕەنگە بتوانرێت ئەو نەگبەت و بەستەزمانانە بکوژرێن!"

**نەناسراو:** (سەیری سەعاتەکە دەکات.)



**دوکتۆر:** هێشتا بەکەشتییەکەدا ڕادەگەیت.

**نەناسراو:** دەتوانیت دەستتم بدەیتێ؟

**دوکتۆر:** نەء، ناتوانم، بۆم نییە! بێجگە لەوەش کەڵکی چی دەگرێت ئەگەر لە گوناهەکانت خۆش ببم، لە کاتێکدا کە خۆت نەتوانیت لە گوناهەکانی خۆت خۆش ببیت. هەندێک شت هەن، هەر بەتەنیا لە ڕێی ئەوەوە کە دەبێت نەکرێن دەتوانیت کۆمەکیان پێ بکەیت: ئەمە هیی ئەوە نییە کۆمەکی پێ بکرێت!

**نەناسراو:** "کۆمەکی چاک"!

**دوکتۆر:** ئەمە خراپ نەبوو، کارێکی خراپت نەکرد! تۆ بە گژ چارەنووسی خۆتدا چوویتەوە و لەو بەگژداچوونەوەیەدا تێک شکایت، هیچ شەرم و شوورەییەکیش لەو بەگژداچوونەوەیەدا نییە. منیش هەر وام کرد، بەڵام وەک خۆشت دەیبینیت، نەختێک لە لێژنەدارەکەم لە کۆڵ خۆم کردووەتەوە، نامەوێت هەورەتریشقە لە ماڵەکەمدا بێت و چیی تر یاری بەئاگر ناکەم.

**نەناسراو:** تەنیا وێستگەیەکی تر و من بەجێی خۆم دەگەم.

**دوکتۆر:** قەت بەجێی خۆت ناگەیت، قەت! خوات لەگەڵ!

**نەناسراو:** خوات لەگەڵ!

سووچی جادەکە

وەک دیمەنی پێشوو.

نەناسراوەکە لەسەر نیمکەتی ژێر درەختەکە دانیشتووە و نیگار لە لمەکەدا دەکێشێت.

**ژن:** (دێتە ژوورەوە.) چی دەکەیت؟

**نەناسراو:** هێشتا هەر لە لمەکەدا دەنووسم.

**ژن:** گوێت لە دەنگی گۆرانی وتن نییە؟

**نەناسراو:** (ئاماژە بۆ کڵێساکە دەکات.) با، بەڵام لەوێوە! ناهەقیم بەرانبەر بەکەسێک کردووە، بەبێ ئەوەی مەبەستم بووبێت!

**ژن:** پێم وابوو گەڕانەکەمان کۆتاییی پێ هات، کەچی گەڕاینەوە بۆ ئێرە...

**نەناسراو:** لێرەشەوە دەستمان پێ کرد... لەسەر ئەم جادەیە، لەنێو مەیخانەکانی ئێرەدا و لە کڵێساکەوە – لە پۆستەخانەکەوە، پۆستەخانەکە! ئەرێ بەڕاست! من قەت ئەو نامەیەم لێرە وەرگرت، کە تایبەت بۆ من نێردرابوو...

**ژن:** ئا، لەبەر ئەوەش کە هەر شتی ناخۆشی تێدا نووسرابوو...

**نەناسراو:** یا نووسراوی قانوونیی تێدا بوو. (بەناوچەوانی خۆیدا دەکێشێت.) خۆیەتی!

**ژن:** کەواتە بڕۆ وەری بگرە و وا بزانە شتی خۆشی تێدا نووسراوە!

**نەناسراو:** (بەتەوسەوە.) شتی خۆش؟

**ژن:** وا بزانە! وا بڕوا بکە کە شتی خۆشی تێدایە؟

**نەناسراو:** (دەچێتە پۆستەخانەکەوە.) دەمەوێت هەوڵێک بدەم!

**ژن:** (دەڕوات و لەسەر شۆستەکەدا چاوەڕوان دەبێت.)

**نەناسراو:** (بەنامەیەکەوە لە پۆستەخانەکەوە دێتە دەرەوە.)

**ژن:** ئێ؟

**نەناسراو:** تەریق دەبمەوە! پارەکان بوو!

**ژن:** دە بزانە! ئەم هەموو خەم و پەژارە و ئەم هەموو فرمێسکەش ––



لەخۆڕا و بۆ هیچ...

**نەناسراو:** لەخۆڕا نا! ئەوەی لێرەدا ڕوو دەدات ناخۆش، زۆر ناخۆش، دێتە بەرچاو، بەڵام وا نییە! ئەوە "نەبینراوەکە" بوو ناهەقیم بەرانبەری کرد، لە کاتێکدا کە گومانم لەوە دەکرد بەرانبەر بە...

**ژن:** بێدەنگ بە! وا نا! کەس گوناهبار مەکە!

**نەناسراو:** نا! ئەوە گەمژەییی خۆم، بەدکاری و دڵڕەقیی خۆم بوو... من نەمدەویست ببم بەگاڵتەچی بەدەست ژیانەوە و هەر بۆیەش بووم و بەو مەرەیە گەیشتم! – بەڵام ئەی جنۆکەکان...

**ژن:** ئەوان تۆیان گۆڕی! با بڕۆین!

**نەناسراو:** با بڕۆین! بڕۆین و خۆمان و ئەو کڵۆڵییەی تووشی بووین لە چیاکاندا بشارینەوە...

**ژن:** چیاکان داڵدەمان دەدەن! دەمانشارنەوە! بەڵام دەبێت لە پێشدا بچم و مۆمێک بۆ سانت ئێلیسابێت پێ بکەم...

**نەناسراو:** (بەناڕەزاییییەوە سەری ڕادەوەشێنێت.)

**ژن:** وەرە!

**نەناسراو:** چاکە! من هەموو کات دەتوانم بەنێو هەرچییەکدا بمەوێت دەرباز بم، بەڵام ڕاوەستان! قەت ناتوانم ڕاوەستم!

**ژن:** ئەوەش نازانیت! – وەرە با بڕۆین! لەوێ گوێت لە گۆرانیی نوێ دەبێت!

**نەناسراو:** (لە دوایەوە بەرەو دەروازەی کڵێساکە دەڕوات.) لەوانەیە!

**ژن:** وەرە!

## پەڕاوێزەکانی بەشی یەکەم

(١) ئەبەدیسان: سەرەک پەرستگەی ژن، سەرەک دێری ژن.

(٢) کۆنفێسور: ئەو قەشەیەی کە گوێ لە پاکانەی گوناهباران دەگرێت و داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکات.

(٣) پۆلیکراتێس: بەپێی چیرۆکێک کە لە دەمی هێردۆتۆسەوە (دەووربەری ٤٢٥ تا ٤٨٤ی زاین) دەگێڕدرێتەوە، پۆلیکراتێس کە لە ٥٠٠ی پێش زایندا فەرمانڕەوای دوورگەی سامۆس بووە، بۆ ئەوەی لەبەر سەرکەوتنەکانی خۆی خواوەندەکان تووڕە نەکات، ئامۆژگاری دەکرێت کە ئەنگوستیلەکەی کە لە زموڕووده فڕێ بداتە زەریاوە، بەڵام دوای ئەوەی یەکێک لە دەستوپێوەندەکانی دوای پاککردن و ئامادەکردنی ماسییەک بۆ پۆلیکراتێس ئەنگوستیلە دەدۆزێتەوە، تووشی کارەساتێکی گەورە دەبێت.

(٤) ماندراگۆرا: لاسکی ماندراگۆرا ئۆفیسیناروم نزیکەی ٦٠ سانتیمەترە و زۆربەی جاران بە لەشی مرۆڤ چوێنراوە و هەر لەبەر ئەوەش هەندێ خەسڵەتی تایبەت بەباڵای ئەو گوڵەدا بڕاوە و دەوترێت کە ژەهرەکەی هێرکولێسی (هەرقل) لە شێتبوون ڕزگار کردووە.

(٥) ڕیششین: ڕەگ و ڕیشەی ئەفسانەی ڕیششینی سوارچاک دەگەڕێتەوە بۆ فرەنسا و باس لە پیاوێکی دەوڵەمەندە کە ژنەکانی خۆی دەکوژێت، کاتێک لەبەر ملومۆ و خۆتێهەڵقورتاندن دەرگەی ژوورێک کە لێیان قەدەغە کراوە بیکەنەوە دەکەنەوە، بەڵام برای یەکێک لە ژنەکانی لەو کاتەدا کە ڕیششین دەست بەچەقۆ لەسەری ڕاوەستاوە و دەیەوێت وەک ئەوانی تر بیکوژێت فرسەتی لێ دەهێنن و دەیکوژن.

(٦) مێدییا: شازادەیەکی گریک بووە و بەپێی چیرۆکەکانی ئۆڤیدیوس کچانی پێلییاس و کوڕی پۆسێیدۆنسی فریو داوە تا باوکی بکوژن و لەتلەتی بکەن و ئەمجا بیخەنە ناو ئاوی لە کوڵەوە، چونکە پێی وا بووە کە گەنج و زیندوو دەبێتەوە.

(٧) سانت ئێلیسابێت: لەوانەیە نیاز لەو کڵێسایە بێت کە پیرۆزڕاگرتنی ناو و بیرەوەریی ئێلیسابێتی تورینگن دروست کرابێت. ئێلیسابێت (١٢٠٧ تا



١٢٣١ی زاین) لە ساڵی ١٢٣٥دا لەبەر بەخشندەیی و لە خۆنکووڵیکردن کڵێسا وەک چاکێک دەستنیشانی کرد و لەوەبەدوا چووە ڕیزی چاکانەوە.

(٨) شەرابی مۆسێل: لە ناوچەکانی نزیک بەڕووبارەکانی مۆسێل و سار و ڕوێر، لە ئەڵمانیا، دروست دەکرێت.

(٩) گورگەپیاو: بەبڕوای خەڵک پیاوێکە کە بۆ هەرگاڤ، یا بۆ ماوەیەک، دەبێت بە سەگ یا بە گورگ و خەڵک پێیان وایە کە تینووی خوێنی مرۆڤە، بەتایبەت هیی ژنانی سکپڕ.

(١٠) سێسار: نازناوێکە و ئاماژەیە بۆ شێتبوون و لەخۆگۆڕانی تسار (قەیسەر).

(١١) حەوت ڕۆژەی نووستن: تا ساڵی ١٩٠١یش، بەپێی ڕۆژمێرەکان، ٢٧ی مانگی ٧ی ساڵ بە حەوت ڕۆژەی نووستن، بەپێی ئەفسانەیەک کە چیرۆکی حەوت گەنج دەگێڕێتەوە، ناو دەبرا و باران لەم ڕۆژەدا، بەبڕوای خەڵک، بەو مانایە بوو کە تا حەوت حەفتان خۆش ناکاتەوە.

(١٢) مێندێلسۆن: یاکوب لودڤیگ فێلیکس مێندێلسۆن بارتهۆلدی، ئاوازدانەرێکی جوولەکەی ئەڵمانیاییە و لە ١٨٠٩/٢/٣ لە هامبۆرگ لەدایک بووە و لە ١٨٤٧/١١/٤دا لە لایبزیگ مردووە، دوو ئاوازی پرسەی ئەو تا ئێستاش لە بەڕێکردنی پرسەی مردوواندا لێ دەدرێن.

(١٣) پاژنەی ئەکیلێس: بەپێی میتۆلۆجیای گریکی یەکێک لە شەڕوانەکانی شەڕی ترۆیان بووە و تێتیسی دایکی بە منداڵی لە ڕووباری ستیوکسی هەڵکێشاوە بۆ ئەوەی هیچ شتێک کاری تێ نەکات، بەڵام پاژنەیەکی کە بەدەستی دایکییەوە بووە و بەر ئاوی ڕووبارەکە نەکەوتووە و لەو شەڕەدا پاژنەی بە یەکێک لە تیرەکانی پاریس دەپێکرێت و دەمرێت.

(١٤) دیوتەرۆنۆمیۆن: "یاسای دووەم"، ناوی پێنجەمی کتێبی مووسایە کە لە بڕگەی ١٢ تا بڕگەی ٢٦ بڕێتییە لە کۆیاسایەک کە سەرەتا و کۆتاییی بڕگەکان بە فەرمانپێکردن دەست پێ دەکەن و کۆتاییان پێ دێت، بۆ نموونە: "بەڵام ئەگەر سەرپێچی بکەیت...".

(١٥) جۆب: چیرۆکەکانی جۆب لە تەوراتدا گێڕدراونەتەوە.

(١٦) گۆلگاتا یا گۆلگۆتا: ئەو شوێنەیە، بەپێی ئینجیل، کە عیسای مەسیحی تێدا لە خاچ دراوە.

# بەشی ٢

## کەسەکان

نەناسراو

ژن

دایک

باوک

کۆنفێسور، سواڵکەر، دۆمینیکان (هەرسێکیان هەر یەک کەسن.)

دوکتۆر

سێسار

چەند کەسی تریش.



## دیمەنەکانی هەموو بەشەکان

بەشی یەکەم: لە بەردەمی خانووەکە.

بەشی دووەم: لە تاقیگەکە، لە ژوورە سوورەکە.

بەشی سێیەم: لە هۆڵی نانخواردنی مەیخانەکە، لە کونجی زیندان، لە ژوورە سوورەکە.

بەشی چوارەم: لە مەیخانەکە، لای شیوەکە، لە ژوورە سوورەکە.

# بەشی یەکەم

## لە بەردەمی خانووەکە

لە دەستەڕاستەوە بەرهەیوانێک دەبینرێت و بەشێکە لەو بناغەیەی خانووەکەی لەسەر دروست کراوە. لەژێر بەرهەیوانەکەوە ڕێگە سەرەکییەکە بەرەو بەشی پشتەوەی شانۆ کشاوە، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگەکە چڕوپڕ بە ڕیزە سنەوبەر و سەروو تەنراون، هێڵەکانیان یەکتر دەبڕن و بەرز و نزمیی ڕێگەکەشیان لێوە دەبینرێت. لە دەستەچەپەوە کەناری ڕووبارێک دیارە، بەبێ ئەوەی ڕووبارەکە خۆی ببینرێت.

خانووەکە سپییە و پەنجەرەکانی بچووکن. چواردەوری پەنجەرەکان بە بەردی لمین گیراون و شیشبەندن. گوڵ و مێو بەدیوارەکەدا هەڵگەڕاون. بیرێک، لە دەرەوە، لە بەرهەیوانەکەدا هەیە و گوڵی گەورە و زەردی گوڵەبەڕۆژە بە قەراخی بەرهەیوانەکەدا شۆڕ بوونەتەوە. درەختی میوە لە قەراخی ڕێگە سەرەکییەکە، هەروەها خاچێک کە بۆ بیرەوەری لە جێی ڕوودانی کارەساتێک دانراوە، دەبینرێن.

پلیکانەیەک لە بەرهەیوانەکەوە بەرەو ڕێگە سەرەکییەکە داکشاوە و لە قەراخەکەیدا ئینجانە دانراون، لەژێر پلیکانەکەدا نیمکەتێک بۆ دانیشتن هەیە.

ڕێگە سەرەکییەکە لە دەستەڕاستی بەشی پێشەوەی شانۆوە، بەدەوری بەرهەیوانەکەدا بەرەو بەشی پشتەوەی شانۆ لێژ دەبێتەوە.



تیشکی بەتینی خۆر لە دەستەچەپەوە کەوتووەتە سەر شانۆ.

دایک لەسەر نیمکەتی بەردەم پلیکانەکان دانیشتووە. دۆمینیکان لە بەردەمیدا ڕاوەستاوە.

دۆمینیکان (تێبینی: ڕۆڵی سواڵکەر و کۆنفێسۆریش دەبینێت.): بۆ کارێکی گرینگی پێوەند بەخێزانەکەتانەوە بۆ ئێرە بانگت کردووم! فەرموون!

**دایک:** کۆنفێسۆری بەڕێز، من ژنێکم کە ژیان زۆر ڕەق و تووش بووە بەرانبەری و ناشزانم چ هەڵەیەکم کردووە کە بەو جۆرە کەوتوومەتە بەر تووکی یەزدان و تووشی ڕووڕەشی و شەرمەزاریی کردووم.

**دۆمینیکان:** ئەوە بەزەیی پێداهاتنەوەیە بکەویتە بەر تاقیکردنەوەکانی ئەوەوە کە هەتاهەتایە هەر دەمێنێت و لەوەش کە خۆی لەبەر ئەو تاقیکردنەوانەدا ڕادەگرێت، تەنیا سەرکەوتن چاوەڕوان دەکرێت!

**دایک:** منیش جارجار هەر ئەوەم بەخۆم وتووە، بەڵام خۆ ئازارچێشتنیش سنووری هەیە...

**دۆمینیکان:** هیچ سنوورێک نییە! ئازارچێشتن، وەک بەزەیی، بێ سنوورە!

**دایک:** بەر لە هەر شتێک... مێردەکەم بەجێم دەهێڵێت و لەگەڵ ژنێکی تردا دەڕوات.

**دۆمینیکان:** با بڕوات... بەڵام دێتەوە، بە سەرئەژنۆی دڕاو و بە گاگۆڵکێش دێتەوە!

**دایک:** پاشان، وەک خۆشت دەزانیت، کچە تاقانەکەم ژنی دوکتۆرێک بوو؛ کەچی ئەو بەجێ دەهێڵێت، کەسێکی نەناسراو لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرە دەهێنێت و وەک مێردە تازەکەی بەئێمەی دەناسێنێت.

**دۆمینیکان:** لەمەیان تێ ناگەم، چونکە دینی ئێمە ڕێی بەلێک جیابوونەوە نادات.

**دایک:** ڕێ نادات... بەڵام ئەوان لەودیو سنوورەکان چوون بۆ شوێنێک کە یاسای تایبەت بەخۆی هەیە و پیاوەکەشی، وەک کۆنەکاسۆلیکێک، قەشەیەکی دۆزییەوە تا لە یەکتریان مارە بکات.

**دۆمینیکان:** ئەوە ژن و مێردایەتیی ڕاستەقینە نییە و ناشتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوە؛ چونکە ژن و مێردایەتییەکە هەر نەبووە و ڕووی نەداوە، بەڵام دەتوانرێت پووچەڵ بکرێتەوە. زاواکەت کێیە؟

**دایک:** ڕاستت دەوێت: خۆزگە بمزانیایە!... بەڵام شتێک دەزانم و ئەویش بەتەنیا خۆی بەسە بۆ ئەوەی ئەو کڵۆڵییەی تووشی بووم لێی بڕژێت. لە ژنەکەی جیا بووەتەوە و ژن و منداڵەکانیشی دووچاری ژیانێکی زۆر ناخۆش کردووە.

**دۆمینیکان:** ئەمە حاڵەتێکی ئاسان نییە، بەڵام چارەیەک بۆ ئەویش دەدۆزینەوە. ئەی کاری چییە؟

**دایک:** نووسەرە و دەڵێن لە وڵاتەکەی خۆیدا بەناووبانگە...

**دۆمینیکان:** بێگومان، خوانەناسیشە؟

**دایک:** هەر نەبێت جاران وا بووە، بەڵام لە دوای دووەم ژنهێنانەوە ئیتر



ڕۆژێکی خۆشی بەخۆیەوە نەبینیوە و وەکو خۆشی دەڵێت: چارەنووسە! هەر چارەنووسیش چنگی پۆڵاینی خۆی لێ گیر کرد و وەک سواڵکەرێکی ڕووتوڕەجاڵ دووچاری ژیانی ئەم دەوروبەرەی کرد. بەدبەختیش جار لە دوای جار توندتر زرمەی لێ هەڵستاند، تا بەوە گەیشت کە من، ڕێک لەو کاتەدا کە ڕای کرد و ئێرەی بەجێ هێشت، بەزەییم پێیدا هاتەوە. پاشان بەرەنجامەکەی، دوای ماوەیەک گەڕان بەنێو دارستانەکانی ئەم دەوروبەردا هێز و بڕستی لەبەر بڕا و لە جێیەک لێی کەوت، ئیتر چەند کەسێک بەزەییان پێیدا هاتەوە، هەڵیان گرت و بردیان بۆ پەرستگایەک و لەوێش، بێ ئەوەی ئێمە بزانین لە کوێیە، سێ مانگ، بە نەخۆشی لە جێگەدا خستیان.

**دۆمینیکان:** بوەستە! پار پیاوێک، بەپێی ئەوەی تۆ دەیگێڕیتەوە، لە دێری "یارمەتیی چاک!" وەرگیرا و منیش خۆم لەوێ کۆنفێسۆرم. لەو کاتەدا کە لەرزوتای هەبوو، دڵی خۆی کردەوە و هیچ تاوانێکیشی نەهێشتەوە گوناهەکەی نەباتە سەر خۆی. بەڵام کە بەئاگا هاتەوە، وا پێشانی دەدا، کە هیچی بەبیردا نایەتەوە. بۆ ئەوەی دین و دنیاشی تاقی بکەمەوە، پەنام بردە بەر ئەو هێزە نهێنییەی پەیامبەرانمان پێیان داوین و وەک هەوڵێک ئەو نەفرەتییە بچکۆلەیەم لە کۆڵ کردووە کە دووچاری بووبوو، چونکە کاتێک کە تاوانێکی نهێنی دەکرێت، تووک و نەفرەتی (دێوتیرۆنۆمیۆن) بەسەر گومانلێکراودا دەخوێنرێتەوە و ئەگەر بێ تاوان بێت، ئەوە بێ ئەوەی هیچ ئازارێک بچێژێت، ڕزگاری دەبێت و ئەگەر تاوانێکیشی کردبێت، ئەوە وەک

پاوڵۆس دەڵێت لەشی بۆ شەیتان بەجێ دەهێڵرێت تا بەدەم ئێش و ئازارەوە، ڕۆحی چاک ببێتەوە و ڕزگاری ببێت!

**دایک:** ئۆف خوایە! هەر دەبێت ئەوە ئەو بێت!

**دۆمینیکان:** ئەوە! زاواکەتە! کەس لە ڕێگەکانی یەزدان تێ ناگات بەڵام نەفرەتییەکە هیچ کاری لێ کردبوو؟

**دایک:** ئا... شەوانە لێرە دەنووست، بەڵام هێزێک کە کەس تێی نەدەگەیشت و وەک خۆی دەیوت دڵی وەک سەهۆڵ لێ کردبوو، لە خەو ڕای دەپەڕاند و...

**دۆمینیکان:** شتی ترسناکیشی دەبینی؟

**دایک:** ئا!

**دۆمینیکان:** هەروەها بیری ترسناکیش پەلاماریان دەدا، وەک (جۆب) دەڵێت: "کە بیر دەکەمەوە: با جێگەی نووستنەکەم ئاسوودەم بکات و خەمەکانم بڕەوێنێتەوە، کەچی بەخەون دەمترسێنیت و دەمتۆقێنیت، بەجۆرێک کە ڕۆحم مەرگی خۆی بە ئاوات بخوازێت و قاچیشم مردن!" ئەمەش هەر دەبێت وا بێت! بەڵام ئەی چاوی دەکردەوە؟

**دایک:** ئا، بەڵام تەنیا هەر بۆ ئەوەی ڕێ لە بینین بگرێت. لەبەر ئەوەش کە هەموو بەدبەختییەکانی لێی کۆ دەبوونەوە و ئەویش چیی تر نەیدەتوانی بەشێوەیەکی سروشتی لێکیان بداتەوە و هیچ دوکتۆرێکیش نەیدەتوانی چارەیەک بۆ نەخۆشییەکەی بدۆزێتەوە، خۆی وا دەهاتە پێش چاو کە لە دژی هێزی هۆشیاری لە خۆی باڵادەسەڵاتتردا دەجەنگێت...

**دۆمینیکان:** ئەو هێزانەی کە تەنیا هەر خراپەی ئەویان دەویست و



لەبەر ئەوە خۆشیان خراپ و بەد بوون! ئەمە شتێکی نائاسایی نییە... ئەی دوایی؟

**دایک:** دوایی دەستی بەچەند کتێبێکدا گەیشت و لێیانەوە فێر بوو کە دەتوانرێت بەرەنگاری ئەو هێزە خراپانە ببێتەوە.

**دۆمینیکان:** کەواتە لەوە دەڕوانێت کە شاراوەیە و دەبێت بەشاردراوەش بمێنێتەوە! باشە ئەی هیچ سەرکەوتنێکی لە بانگکردنی ئەو ڕۆحانەدا بەدەست هێناوە کە ئازاری دەدەن؟

**دایک:** خۆی دەڵێت سەرکەوتوو بووە و لەوەش دەچێت ئەو نائارامییەی شەوی لە کۆڵ بووبێتەوە.

**دۆمینیکان:** باوەڕی بەوەشە کە دەیڵێت، بەڵام چونکە خۆشەویستیی هەقیقەتی پەسند نەکرد، خوا بەشێوەیەکی وا سەری لێ دەشێوێنێت و بەهەڵەیدا دەبات، کە ناچار بێت باوەڕ بەدرۆ بکات.

**دایک:** لەوەش زیاتری شایان نییە، بەڵام ئەو کچەکەشمی گۆڕیوە، ئەویشی بەهەڵەدا بردووە. ئەو جاران نە سارد و نە هێند گەرموگوڕیش بوو، بەڵام ئێستا ئەویش بەرەو خراپی و بەدکاری دەچێت!

**دۆمینیکان:** ئەی چۆن دەژین؟

**دایک:** نیوەی ڕۆژ وەک فریشتەن و نیوەکەی تریش وەک شەیتان بەربوونەتە گیانی یەکتر.

**دۆمینیکان:** هەر دەبێت بەو ڕێگەیەشدا بڕۆن: دەبێت تا دەگەنە بەردەمی خاچەکە ئازاری یەکتر بدەن.

**دایک:** ئەگەر یەکتری بەجێ نەهێڵن.

**دۆمینیکان:** هەر وا زووو!

**دایک:** هەریەکەیان چوار جار ئەوی تری بەجێ هێشتووە و هەردەمیش گەڕاونەتەوە، لەوە دەچێت بە زنجیر پێکەوە بەسترابن و باشتریش، چونکە خەریکە منداڵیشیان دەبێت.

**دۆمینیکان:** باشتر... منداڵان ئەو دیارییەش لەگەڵ خۆیان دێنن، کە دەتوانێت دوو ڕۆحی پەنگخواردوو بژێنێتەوە!

**دایک:** جا کوا وا بووایە! بەڵام تۆوی ناکۆکییەکی تازەش لە نێوانیاندا چەکەرەی کردووە. هەر ئێستا لەسەر ناوی منداڵەکەیان و لەسەر تەعمیدکردنی ناکۆکن و دایکەکەش دڵی لە منداڵانی پیاوەکە لە ژنی پێشووی پیس کردووە و پیاوەکەشی ناتوانێت پەیمان بدات کە دەتوانێت ئەم منداڵەشی وەک منداڵەکانی پێشووی خۆش بووێت و دایکیش دەیەوێت بەبێ هیچ مەرجێک پەیمانی ئەوەی پێ بدات. کەواتە ئەوسەری کلۆڵییەک کە تێی کەوتوون لە هیچ کوێوە دیار نییە!

**دۆمینیکان:** بەڵام پەلەت نەبێت! ئەو کە جارێک لە جاران ڕووبەڕووی هێزە باڵادەستەکان بووەتەوە و خۆی تووش کردووە هەروا بەئاسانی دەرباز نابێت و پاڕانەوە و نوێژەکانی ئێمەش لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو بەهێزترن و کاریگەریشیان هەم لە ئەندازەبەدەر و هەم پڕ لە نهێنیشە!

**نەناسراو:** (لەسەر بەرهەیوانەکە دەبینرێت. چاکەتێکی ڕاو و شەپقەیەکی هاوینەی هیندیی ئینگلیزی لە سەردایە و دارئاسایەکی، لەو جۆرەی لە چیاکانی ئاڵپ بەکار دەهێنرێن،



بەدەستەوەیە.)

**دۆمینیکان:** ئەوە ئەوە لە سەرەوە؟

**دایک:** ئا... ئەوە، زاواکەی ئێستامە.

**دۆمینیکان:** تەواو لەوەی پێشووت دەچێت! بەڵام سەیری کە چۆن هەڵسوکەوت دەکات... هێشتا منی نەبینیوە، بەڵام هەست دەکات لێرەم. (هێمای خاچ لە هەوادا دەکێشێت.) سەیری بکە چەند نیگەرانە و... هەر ئێستا وەک چلوورە لە جێی خۆیدا ڕەق دەبێت... هێندەش نابات هاواری لێ بەرز دەبێتەوە.

**نەناسراو:** (لە پڕێکدا، ڕەپ و ڕەق، لە جێی خۆیدا دەوەستێت و دەست بۆ دڵی دەبات، ئەمجا هاوار دەکات.) ئەوە کێیە لە خوارەوە؟

**دایک:** منم!

**نەناسراو:** بەڵام بەتەنیا نیت!

**دایک:** نا بەتەنیا نیم!

**دۆمینیکان:** (هێمای خاچ دەکێشێت.) هێندە نابات و بێدەنگ دەبێت و وەک درەختێک کە دەیبڕنەوە بەردەبێتەوە!

**نەناسراو:** (لە جێی خۆی بەردەبێتەوە و دەکەوێت.)

**دۆمینیکان:** من دەڕۆم! چونکە ئەگەر بمبینێت، لەوە زیاتر بەرگە ناگرێت. بەڵام هێندە نابات و دەگەڕێمەوە. دەیبینیت، کەوتووەتە دەست پیاوچاکان! ماڵت ئاوا و خوات لەگەڵ! (دەڕوات.)

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت و لە پلیکانەکانەوە دێتە خوارەوە.) کێ لێرە بوو؟

**دایک:** گەڕۆکێک! دانیشە، زەرد هەڵگەڕاویت.

**نەناسراو:** سەرم گێژی خوارد...

**دایک:** هەردەم ناوی تازەی لێ دەنێیت و بەڵام هەر هەمان شتیشە. دانیشە، لەسەر نیمکەتەکە دانیشە!

**نەناسراو:** نا، نامەوێت لەوێ دانیشم، هەموو کات خەڵک بەم ناوەدا دێن و دەڕۆن.

**دایک:** منیش، لە منداڵییەوە، لێرە دانیشتووم و ژیانیش، وەک ئەو ڕووبارەی ئەوێ، بە بەرچاومدا ڕادەبووڕێت، هەر لێرەوەش خەڵکم دەبینی بەدەم یاریکردن و مشتومڕ و سواڵکردن و جنێودان و سەماکردنەوە بەسەر ڕێگە سەرەکییەکەدا دەڕۆیشتن. من ئەم نیمکەتەم خۆش دەوێت و ڕووبارەکەشم خۆش دەوێت، ئەگەرچی هەموو ساڵێک زیانمان پێ دەگەیەنێت و بەشێک لەوەی بۆمان ماوەتەوە لەگەڵ خۆیدا دەبات. پار، بەهارێ، سەرلەبەری کاوجۆکەی لەگەڵ خۆیدا برد و ئێمەش ناچار ئاژەڵەکانمان فرۆشت. ماڵ و موڵکیشمان لەم ساڵانەی دواییدا لە نیوەی نرخی خۆی زیاتر کەمی کردووە و ئێستاش ئەگەر بێتو زەریاچەکەی ئەو کێو و بەندانە بگاتە ئاستی خۆی و سەرڕێژ بێت، ئەوە هەرچی قوڕ و لیتاوی ئەو دەوروبەرە هەیە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت و دەرژێتە نێو ڕووبارەکەوە، ڕووباریش هەڵدەستێت و ماڵەکەمان لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێت. دە ساڵی ڕەبەقیشە ئەم کێشەیە بۆ ئەم دادگە بەرز دەکەینەوە و لەو دادگە داوای پێداچوونەوەی دەکەین و نەک هیچ ئاوڕێک لە داوا و تکامان نەدراوەتەوە، بەڵکو کێشەکەشمان دۆڕاندووە و خەریکە ئەوەی بەدەستیشمانەوە ماوە دەیدۆڕێنین و ماڵمان



بەقوڕ دەگیرێت: ڕێک وەکو چارەنووسی خۆمانی لێ هاتووە و ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین.

**نەناسراو:** چارەنووس هیی ئەوە نییە نەتوانیت خۆتی لێ لابدەیت!

**دایک:** ئاگات لە خۆت بێت، ئەگەر لەو باوەڕەدایت دەتوانیت دژی بوەستیت!

**نەناسراو:** لە دژی وەستاوم و بڕاوەتەوە!

**دایک:** دیسان هەمان بەزم! هیچ لە سزای یەزدان فێر نەبوویت!

**نەناسراو:** ئا... ڕقلێبوونەوە. ئەی کەس دەتوانێت شتێکی خۆش بووێت کە خۆی خراپ بێت؟ شتێک کە ئازارت بدات؟

**دایک:** خۆشت دەزانیت کە من زۆر شت نازانم، بەڵام دوێنێ لە فەرهەنگێکدا خوێندمەوە کە (ئومێندییەکان) ئەو کەسانەن کە دڵ و دەروونیان چاکە و میهرەبانن!

**نەناسراو:** ڕاستە، بەڵام ئەوە درۆیە، درۆی ڕووت، کە بە تەنیا هەر چاکە و خێریان دەوێت. من تەنیا یەک کەس، یەک کەسی دڵ و دەروون چاک دەناسم ئەویش ژنەکەمە؛ ژنەکەم کە هێندە توندوتیژە بەئاسانی دابین ناکرێت!

**دایک:** بە ئینگەبۆری دەڵێیت توندوتیژ؟

**نەناسراو:** چونکە توندوتیژە، چونکە دابینکردنی ئاسان نییە و هەر لەبەر ئەوەش گەورەیە. توانای دۆزینەوەی ئەو بۆ ئەو شتانەی کە دەبن بەمایەی ئێش و ئازاری من هێندە بەهێزە کە باڵی بەسەر هەموو دۆزینەوەیەکی دۆزەخییانەی مندا کێشاوە و ئەگەر بێتو بە زیندوویی لە دەستی دەرباز ببم، ئەوە هێندەی

پاکیی زێڕ کە لە ئاگر دەهێنرێتە دەرەوە پاک دەبمەوە.

**دایک:** ئەوەی تووشی بوویت پڕ بەپێستی خۆتە. خۆت ئەوەت دەویست، خۆت وتت، دەتەوێت ئەو بەپێی بیر و بۆچوونەکانی خۆت بخولقێنیت و سەرکەوتنیشت بەدەست هێناوە!

**نەناسراو:** کتومت! بەڵام ژنە توندوتیژەکەم لە کوێیە؟

**دایک:** پێش نەختێک بە ڕێگە سەرەکییەکەدا، بەرەو ئەوێ، ڕۆیشت.

**نەناسراو:** بەرەو ئەوێ؟ – کەواتە زۆر خراپ تووش بووم! (بەرەو پشتەوەی شانۆ دەڕوات.)

**دایک:** هێشتا دەتوانیت گاڵتە بکەیت؟ بەڵام پەلەت نەبێت!

(دایک، بۆ ماوەیەک، تا نەناسراو لە چاو ون دەبێت، تەنیایە. پاشان ژنەکە لەلای دەستەڕاستەوە دێتە ژوورەوە. جلوبەرگی هاوینەی پۆشیوە، جانتای پۆستی هەڵگرتووە و چەند نامەیەکی هەڵپچڕاوی بەدەستەوەیە.)

**ژن:** دایە بەتەنیایت؟

**دایک:** تا پێش نەختێکیش تەنیا نەبووم!

**ژن:** ئەوە پۆست و ئەوەش بۆ (جۆب) هاتووە!

**دایک:** نامەکانی دەکەیتەوە؟

**ژن:** هەموویان، چونکە دەمەوێت بزانم چارەنووسم بەچارەنووسی چ کەسێکەوە بەستووەتەوە و ڕێگە لە هەموو ئەو ڕاگەیاندنانەش دەگرم کە دەتوانن ببن بەهۆی هەڵنان و زیاتر بەخۆدانازینی ئەو. بەکورتییەکەی: لە هەموو شت و لە خەڵکیشی دادەبڕم، تا هەرچیی وزەی هەیە لەنێویدا بمێنێتەوە و مەترسیی



تەقینەوەشی زیاتر بێت.

**دایک:** چاک خۆت فێر کردووە!

**ژن:** کە ئەو هێندە دەبەنگە و منی لە هەموو شتێکدا کردووە بەجێی باوەڕی خۆی و متمانەی پێم هەیە، ئەوە منیش چارەنووسیم گرتووەتە دەست! بیر بکەوە، ئەو لەگەڵ وزەدا خەریکە و وەک خۆی دەڵێت دەیەوێت برووسکە ماڵی بکات، تا ڕووناکی و گەرمی و هێزی پێ بدات. هێشتا ئەمەیان بەجێی خۆی، بەڵام ئەمڕۆ نامەیەکی دەخوێنمەوە و تێشیدا نووسراوە کە لەگەڵ زێڕدروستکەرێکدا خەریکی نامەگۆڕینەوەن.

**دایک:** دەیەوێت زێڕ دروست بکات؟ تێکچووە؟

**ژن:** پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە ئاخۆ تێکچووە یا نا، پرسیارێکی تریش ئەوەیە ئاخۆ ئەو لە ڕاستیدا ئەو زانیارییەی هەیە یا خۆی دەنوێنێت و وا پێشان دەدات کە ئەو زانیارییەی هەیە.

**دایک:** لێی بەگومانیت؟

**ژن:** لەو باوەڕەدام، دەتوانرێت لە یەک ڕۆژدا هەرچی باش و هەرچییەکیش خراپە لە دەست ئەو بوەشێتەوە.

**دایک:** ئەی هیچی تر... هیچی تازەت بیستووە؟

**ژن:** ئا... پلانی ژنهێنانەوەی مێردەکەی پێشووم هێشتا سەری نەگرتووە و بۆ خۆشی تووشی بیرکردنەوە و سەرلێشێوان بووە، هەروەها ئیشی دوکتۆرییەکەشی بەجێ هێشتووە و سەرگەردان و شوێنەون وەک گەڕۆکێک بە ڕێگەوبانی ئەم دەوروبەرانەدا دێت و دەچێت.

**دایک:** ئەی هاوار! هەرچۆنێک بێت ئەو زاوام بوو، ئەگەرچی بەڕووکەش وا نەبوو، بەڵام دڵێکی باشی هەبوو!

**ژن:** ڕاست دەکەیت! کە ناویشم لێ نابوو گورگەپیاو تەنیا لەبەر ئەو ڕۆڵە بوو کە وەک مێردێک و سەروەرێک لە ژیانی مندا بەخۆی ڕەوا بینیبوو! تا ئەو جێیەش کە دەمبینی لەسەرخۆ و هێمنە، کە دەمزانی لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکدایە بۆ ئەوەی دڵی خۆی پێ بداتەوە، هەستم بەئاسوودەیی دەکرد؛ بەڵام لەمەودوا ئەویش وەک ئازاری ویژدان ئازارم دەدات.

**دایک:** بۆ ویژدانت هەیە؟

**ژن:** جاران نەمبوو، بەڵام لەوساوە کە نووسراوەکانی مێردەکەمم خوێندووەتەوە چاوم کراوەتەوە و دەتوانم جیاوازیی نێوان چاک و خراپ ببینم!

**دایک:** خۆ ئەو ڕێی لێ گرتبوویت کتێبەکانی بخوێنیتەوە و بەرەنجامی گوێپێنەدانی تۆشی لە بەرچاو نەگرتبوو.

**ژن:** جا کێ دەتوانێت گشت بەرەنجامەکانی کارێک لە بەرچاو بگرێت؟

**دایک:** چ خراپەکارییەکی تر لە جانتاکەتدا هەیە، پاندۆرا؟

**ژن:** خراپترینیان!... دەزانیت کە ژنەکەی پێشووی خەریکە شوو دەکاتەوە؟

**دایک:** بەڵام خۆ دەبێت ئەمە تۆ و ئەویش ئارام بکاتەوە؟

**ژن:** بۆ نازانیت کە ئەمە ناخۆشترین خەونێکی ئەوە کە ژنەکەی پێشووی شوو بکاتەوە و بەوەش منداڵەکانی بکەونە بەردەستی باوەپیارە؟



**دایک:** ئەگەر بێتو بتوانێت بەتەنیا ئەم بارە هەڵبگرێت، ئەوە هەرچی بیرێکی سەیر هەیە بەرانبەر بەو بەبیرمدا دێت!

**ژن:** پێت وایە ئەو هێندەش هەست و دڵ ناسک بێت؟ ئەی هەر خۆی نییە کە دەڵێت پیاوێکی خوێندە و چاوکراوەی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم نابێت سەری لە هیچ شتێک سوور بمێنێت!

**دایک:** خەڵک شت زۆر دەڵێن، بەڵام کاتێک کە دێتە سەر...

**ژن:** بەڵام لە بنی هەگبەکەی پاندۆرادا دیارییەکیش هەبوو، هەموو شتێک بووبێت، بەدبەختی نەبوو! سەیرکە! ئەوە وێنەی کوڕە شەش ساڵانەکەیەتی.

**دایک:** (سەیری وێنەکە دەکات.) منداڵێکی جوانە!

**ژن:** ڕاست دەکەیت! وەک وێنە و وەکو ئەوەش کە منداڵێک پێشان دەدات هێند جوانە کە سەیری دەکەیت دڵ دەکاتەوە و هەست بەخۆشی دەکەیت! بەڵام پێم بڵێ، لەو بڕوایەدایت منداڵەکەی منیش وەکو ئەو جوان بێت! – بڵێ ئا، ئەگەرنا دڵم پەست و ناخۆش دەبێت! هەر ئێستا ئەم کەسە بچکۆلانەیەم خۆش دەوێت، بەڵام هەستیش دەکەم کە دەتوانم ڕقم لێی ببێتەوە، ئەگەر بێتو منداڵەکەی منیش وەکو ئەو جوان دەرنەچێت! دڵیشم لێی پیس کردووە!

**دایک:** من بەو هیوایە بووم، کاتێک لە گەشتی زەماوەندە سەرنەکەوتووەکەتان گەڕانەوە، کۆتاییتان بەناخۆشترین پێوەندییەکانی نێوانتان هێنابێت، بەڵام ئێستا دەبینم کە زەماوەندەکەتان سەرەتایەکە بۆ هەرچییەک کە لەمەودوا بەدوایدا دێت.

**ژن:** تەنانەت منیش ئامادەم بۆ هەموو شتێک و باوەڕیشم بەوە نییە هیچ شتێک بتوانێت ئەو گرێیەی نێوانمان بکاتەوە و هەر دەبێت بقرتێنرێت.

**دایک:** بەڵام تۆ بەوەی کە جێ و ڕێی ئەوت تەنگ کردووە، لە گیروگرفتەکانی خۆتت زیاتر کردووە و...

**ژن:** جاران، کە وەک کەسێک بەدەم خەوەوە ڕێ بکات ڕێم دەکرد، دەمتوانی تەنیا بە فوولێکردنێک گرێی هەموو گیروگرفتێک بکەمەوە، بەڵام لەوساوە کە ئەو بیر و هۆشی هێناومەتەوە بەر و چاوی زیاتر کردوومەتەوە، لە هیچ شتێک دڵنیا نیم و بەئاسانیش ڕێ ناکەم. (نامەکان دەخاتە گیرفانیەوە.) وس بە! ئەوە هات!

**دایک:** شتێکی تریش! بۆ دەهێڵێت جلوبەرگی مێردەکەی پێشووت لەبەر بکات؟

**ژن:** چونکە دڵم بەئازاردان و سووکایەتیپێکردنی دەکرێتەوە. هەڵم خەڵەتاندووە و پێم وتووە کە ئەو جلانەی زۆر لێ دێت و جلەکانیش هی باوکم بوون. – ئێستاش کە لە جلوبەرگی گورگەپیاوەکەمدا دەیبینم، پێم وایە کە چرنووکم لەویش و لەمیش گیر کردووە.

**دایک:** خوا بمانپارێزێت! چ ڕقئەستوور و داخ لە دڵێک دەرچوویت!

**ژن:** ڕەنگە، ئەگەر ئەرکێکم لە ژیانی ئەم پیاوەدا هەبووبێت، ئەوە بووبێت و هیچی تر!

**دایک:** هەندێک جار ئاوات بەوە دەخوازم ئاوی ڕووبارەکە هەڵبستێت و هەر هەموومان لە شیرین خەودا لەگەڵ خۆیدا ببات و ئەگەر



هەزاران ساڵ بەم ناوەدا ڕۆیشتبێت و هەموو شتێکی شتبێتەوە، ڕەنگە گوناهیش کە ئەم خانووەی لەسەر هەڵچنراوە لەگەڵ خۆیدا ببات.

**ژن:** کەواتە ئەوە ڕاستە کە باپیرە دادنووسەکەم لە ڕێی نایاساییەوە دەستی بەسەر ماڵ و موڵکی خەڵکی تردا گرتووە؟ خەڵک دەڵێن ئەم خانوو و باخ و باخاتەی دەوروبەریشی بەشەمیراتی بێوەژن و هەتیوان بوون و لەسەر پارەی کۆکراوەی نابووتان و لەسەر میراتی لە مردوو بەجێماو و لەسەر بەرتیلی ئەو ژن و مێردانەی کە لەگەڵ یەکتر پێک نەهاتوون، هەڵچنراون...

**دایک:** لەوە زیاتر لەسەری مەڕۆ، فرمێسکی ئەوانەی لەو کەسانە بەجێ ماون کۆ بوونەتەوە و زەریاچەیەکیان لێ دروست بووە و خەڵکیش دەڵێن کە هەر ئەوەشە سەرڕێژ بووە و ها ئێستا ها نەختێکی تر لە بەری دەڕژێتە سەر ئاوی ڕووبارەکە تا بەتەواوی هەڵبستێت و هەموومان لەگەڵ خۆیدا ببات.

**ژن:** ناتوانرێت بە ڕێی یاسایی ڕێی لێ بگیرێت! چییە... هیچ دادپەروەرییەک لەسەر زەوی نەماوە؟

**دایک:** لەسەر زەوی نەماوە، بەڵام لە ئاسمان ماوە و هەر ئەوەشە ئێستا خەریکە ئێمە، ئێمەی منداڵانی بەدکار و پیاوخراپان، لەگەڵ خۆیدا نقوم دەکات.

(بەپلیکانەکەدا سەر دەکەوێت.)

**ژن:** کەواتە هەر فرمێسکەکانی خۆمان بەس نین و هیی خەڵکی تریشمان بە میرات بۆ ماوەتەوە؟

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە.) بانگی منت کرد؟

**ژن:** نا... بانگم نەکردیت... بەرەو ئێرە ڕام کێشایت، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆش ئەوەم بووێت.

**نەناسراو:** هەستم کرد، بەشێوەیەک کە بۆ من ناخۆشە، لەگەڵ چارەنووسی مندا خەریکیت. هێندە نابات هەموو شتێک لە منەوە فێر دەبیت.

**ژن:** هەموو شتێک و زیاتریش.

**نەناسراو:** بەڵام تکات لێ دەکەم: ناشییانە دەست بۆ چارەنووسی من مەبە. من (کاین)م و کەوتوومەتە بەر نەفرەتی دەسەڵاتە بەهێزەکان و ئەوانیش ڕێ بەهیچ کەسێک نادەن دەست بخاتە تۆڵەسەندنەوەیانەوە، ئەگەر نەمر نەبێت. سەیری ئەم نیشانەیە بکە! (شەپقەکەی هەڵدەبڕێت.) مانای ئەم نیشانەیە ئەمەیە: تۆڵەسەندن هیی منە، یەزدان وا دەڵێت.

**ژن:** تەنگە بە سەرت؟

**نەناسراو:** تەنگ نییە، بەڵام دەیسووتێنێتەوە! پاڵتۆکەشم هەروەها! ئەگەر لەبەر خاتری تۆش نەبووایە، هەموویانم فڕێ دەدایە ناو ڕووبارەکەوە. دەزانیت، کە بەو دەوروبەرەدا دێم و دەچم خەڵک بانگم دەکەن دوکتۆر! مەبەستیشیان لە پیاوەکەت، گورگەپیاوەکەتە! بەختیشم نییە. ئەگەر بپرسم کێ ئەم درەختەی لێرەدا ناشتووە، دەڵێن: دوکتۆر. ئەگەر بپرسم ئەو سەبەتە سەوزەی ماسیگرییە هیی کێیە، دەڵێن: هیی دوکتۆرە. ئەگەر هیی ئەویش نەبێت، دەڵێن: هیی ژنەکەیەتی. واتە: تۆ! ئەم تێکەڵکردنەش بەتەواوی مانەوەی منی لێرە ناخۆش کردووە و دەمەوێت بڕۆم و هەمووی بەجێ بهێڵم...



**ژن:** ئەی شەش جار هەوڵت نەداوە و هیچیشت بەهیچ نەکردووە.

**نەناسراو:** بەڵام حەوتەمین جار سەر دەگرێت!

**ژن:** کەس ڕێی لێ گرتوویت!

**نەناسراو:** بەشێوەیەک ئەمە دەڵێیت وەک ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی سەر ناگرێت.

**ژن:** دڵنیام!

**نەناسراو:** بەشێوەیەکی تر، ژنە توندوتیژەکەم، بەشێوەیەکی تر ئازارم بدە!

**ژن:** شێوەی تریش دەتوانم!...

**نەناسراو:** شێوەیەکی تازە. هەوڵ بدە شتێکی ناخۆش بڵێیت کە "ئەوی تر"... ئەوی پێشتر... نەیوتبێت.

**ژن:** "ئەوی تر": مەبەستت لە ژنەکەتە! بەشتێکی خۆشیشی دەزانیت ئەوی ترم بەبیردا بهێنیتەوە...

**نەناسراو:** هەرشتێکی زیندوو، هەر شتێک کە دەجووڵێتەوە، هەر شتێکی مردوو، هەر شتێک کە ڕەقوتەق هەڵاتووە، ڕابردووم بەبیردا دەهێنێتەوە...

**ژن:** تا ئەو کاتەی ئەوە دێت کە ڕابردووی تاریک دەڕوێنێتەوە و ڕووناکایی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

**نەناسراو:** مەبەستت لە منداڵەکەتە، کە چاوەڕێین!

**ژن:** منداڵەکەمان!

**نەناسراو:** خۆشت دەوێت؟

**ژن:** لە ئەمڕۆوە خۆشم دەوێت!

**نەناسراو:** لە ئەمڕۆوە؟ چی ڕووی داوە؟ خۆ تۆ پێنج مانگ لەمەوپێش، چونکە نەمدەویست لەگەڵت بێم بۆ لای دوکتۆرە دروێنە بۆ ئەوەی منداڵە لەدایکنەبووەکەمان لە بار ببات، دەتویست بچیت بۆ لای پارێزەر بۆ ئەوەی لێم جیا ببیتەوە.

**ژن:** ئەوە ئەوسا بوو! ئێستا شتێکی ترە!

**نەناسراو:** ئێستا؟ (وەک ئەوەی چاوەڕێی شتێک بێت، بەدەوروبەری خۆیدا دەڕوانێت.) ئێستا؟ – پۆستمان بۆ هاتووە؟

**ژن:** هێشتا لە من فێڵبازتریت، بەڵام هێندە نابات و شاگرد لە وەستای دەباتەوە.

**نەناسراو:** نامەی بۆ من تێدا بوو؟

**ژن:** نەء!

**نەناسراو:** کوا ئەوەی نامەکانی پێ دەبەسترێت!

**ژن:** چۆن گوێت لێ بوو؟

**نەناسراو:** کەواتە بێنە... چونکە ویژدانت بەو شێوە ناسک و جوانە جیاوازی لە نێوان ئەوە و نامەکاندا دەکات.

**ژن:** (جانتای پۆستەکە، کە لە پشت نیمکەتەکەوە شاردبوویەوە، دەردەهێنیت.) ها!

**نەناسراو:** (وێنەکە لە جانتاکە دەردەهێنێت، بەوردی لێی دەڕوانێت و پاشان دەیخاتە گیرفانی بەرباخەڵیەوە.)

**ژن:** ئەوە چی بوو؟

**نەناسراو:** ڕابردوو!

**ژن:** جوان بوو؟



**نەناسراو:** هێندە جوان کە قەت ئەوەی بەڕێوەیە وەک ئەو جوان نابێت.

**ژن:** (بەپەستییەوە.) دەبوو ئەوەت نەوتایە!

**نەناسراو:** نا... دانی پێدا دەنێم و داوای لێبووردنیش دەکەم...

**ژن:** دەتوانیت ئازار بچێژیت؟

**نەناسراو:** ئێستا دووهێندە، چونکە هەست بەئازاری تۆ دەکەم. کاتێکیش کە دەمەوێت پارێزگاری لە خۆم بکەم و لەسەر خۆم بکەمەوە، تۆ بریندار دەکەم و هەر خۆشم تووشی بەرەنجامە ناخۆشەکەی دەبم.

**ژن:** کەواتە هیچت لەگەڵ مندا پێ ناکرێت؟

**نەناسراو:** با... ئێستا لە جارانیش زیاتر، کاتێک کە ئەو بوونەوەرە بێ گوناهەی کە لەژێر دڵتدا هەڵت گرتووە، پارێزگاریت لێ دەکات.

**ژن:** ئەو دەبێت بەتۆڵەستێنی من.

**نەناسراو:** یا هیی من!

**ژن:** (دڵی پڕە.) بەستەزمان: کە بەدەم گوناه و شەرمەزارییەوە لەدایک دەبیت، کە بەناو ڕق و کینەدا و بۆ تۆڵەسەندنەوە لەدایک دەبیت.

**نەناسراو:** دەمێکە گوێم لێ نەبووە بەو جۆرە قسە بکەیت.

**ژن:** ڕاست دەکەیت!

**نەناسراو:** هەر ئەو جۆرە قسەکردنەش بوو بەندی کردم، لە کاتێکدا لە دەنگی دایکێک دەچوو کە قسە بۆ منداڵەکەی بکات!

**ژن:** کە دەڵێیت دایک، وا هەست دەکەم و خۆم لە حاڵێکدا دەبینمەوە کە تەنیا هەر چاکەت لە دەست بوەشێتەوە، بەڵام یەکسەر دوای

ئەوە، بیر دەکەمەوە: ئەوە تەنیا شێوەیەکی تازەیە بۆ ئەوەی فریوم بدەیت.

**نەناسراو:** ئاخر من چ خراپەیەکم لەگەڵ کردوویت؟

**ژن:** (نادڵنیایە و نازانێت چی وەڵام بداتەوە.)

**نەناسراو:** بۆ بێدەنگ بوویت! چ خراپەیەکم لەگەڵ کردوویت؟

**ژن:** نازانم.

**نەناسراو:** درۆیەک بکە! ئەمە بڵێ: ڕقم لێتە، چونکە ناتوانم فریوت بدەم.

**ژن:** ناتوانم؟ نەگبەت خۆت!

**نەناسراو:** کەواتە لە گیرفانی کراسەکەتدا ژەهرت پێیە.

**ژن:** پێمە!

**نەناسراو:** چییە؟ (پشوو.) ئەوە کێیە بەسەر ڕێگە سەرەکییەکەدا بەرەو ئێرە دێت؟

**ژن:** مژدەهێنە!

**نەناسراو:** پیاوە یا خێو!

**ژن:** خێو لە ڕابردووەوە!

**نەناسراو:** پاڵتۆیەکی ڕەشی لە بەردایە و تاجەگوڵینەشی بە سەرەوەیە، بەڵام پێخاوسە.

**ژن:** کەواتە سێسارە.

**نەناسراو:** (سەرلێشێواوە.) سێسار؟ ئەمە نازناوی من بوو لە مەکتەب.

**ژن:** ڕاستە، بەڵام نازناوی ئەو شێتەش بوو کە مێردەکەی پێشووم



چاودێریی دەکرد... ببوورە کە دەشڵێم مێردەکەی پێشووم...

**نەناسراو:** هێشتا لەوێ ماوە یا بەرەڵای کردووە!

**ژن:** لەوە دەچێت بەرەڵای کردبێت!

**سێسار:** (لە پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە: پاڵتۆیەکی درێژی ڕەشی بێ یەخەی لە بەردایە، تاجەگوڵینەی لە سەردایە، پێخاوسە و سەروسەکوتی شێواو و سەیرە.) بۆ سڵاو ناکەیت! دەبێت سڵاو بکەیت و بڵێیت: سڵاو سێسار! چونکە ئێستا سەروەر منم! گورگەپیاویش، خۆشتان دەزانن، دوای ئەوەی گەورەپیاوەکە ژنەکەی لە دەست دەرهێنا و ڕۆیشتن، شێت بووە. ئەو ژنەی کە خۆی پێشتر لە دەستی دۆستەکەی، یا ئەو کەسەی بڕیار وابوو بیخوازێت، یا هەرچییەک خۆتان چ ناوێکی لێ دەنێن بنێن، دەری هێنابوو.

**نەناسراو:** (ڕوو لە ژنەکە.) ژەهرێک بوو یەکاویەک و بەشی دوو کەسی گەورە! (ڕوو لە سێسار.) کوا سەروەرەکەت، یا کۆیلەکەت، یا دوکتۆرەکەت، یا پاسەوانەکەت لە کوێیە؟

**سێسار:** نەختێکی تر دێت، بەڵام لێی مەترسە، ئێستا چەقۆ و ژەهر بەکار ناهێنێ. بەڵام هەر ئەوەندە خۆی پێشان بدات، هەرچی زیندووە لە دەستی هەڵدێن، گەلای درەختان دەوەرن و گێژەڵووکەیەک، لە بەرپێیدا، هەرچی تەپوتۆزی سەر ڕێگە سەرەکییەکەیە لوول دەدات و لەگەڵ خۆیدا دەیبات بەئاسماندا، وەک ئەو دنگەیەی لە هەور دروست بوو و لە بەردەمی منداڵانی ئیسرائیلدا قووت بووەوە...

**نەناسراو:** گوێ بگرە...

**سێسار:** وس... کە من قسە دەکەم تۆ قسە ناکەیت و... هەندێک جار پێی وایە کە گورگەپیاوە و دەڵێت دەیەوێت منداڵێک، کە بەپێی مافی لە پێشتربوون بە منداڵی خۆی دەزانێت و هێشتا لەدایک نەبووە، بخوات.

(دەڕوات.)

**ژن:** (ڕوو لە نەناسراو.) دەتوانیت ئەم دێو و درنجەمان لێ دوور بخەیتەوە؟

**نەناسراو:** دەسەڵاتم بەسەر ئەو دێو و درنجانەدا کە بەرگەی تیشکی ڕۆژ دەگرن ناشکێت!

**ژن:** یەک دوو بەیانی لەمەوپێش بە لەخۆباییبوونەوە شتێکت وت و ئێستاش ئەوەتا سەروڕووی خۆت دەگرێتەوە. وتت: ئەوەی نابینرێت و شەوانە بەدزییەوە دێت و دەچێت و لە تاریکیدا شەڕ دەکات و جێی دڵنیایی نییە، دەبێت لە بری ئەوە لە ڕۆژدا و لەبەر تیشکی ڕۆژدا بێت! ئەوەتا ئێستا دێن!

**نەناسراو:** ئەمەش دڵخۆشت دەکات؟

**ژن:** کەم تا زۆرێک!

**نەناسراو:** چ ناخۆشییەکە کە من دڵم وەک تۆ خۆش نابێت، لە کاتێکدا ئەوەی بەر دەکەوێت تۆیت و کەسی تر نا! با لەسەر نیمکەتەکە، نیمکەتی تاوانبارکراوان، دانیشین... زۆری تریش بەڕێوەن!

**ژن:** باشترە بڕۆین!

**نەناسراو:** نا، دەمەوێت ببینم چەند بەرگە دەگرم و بێجگە لەوەش لەگەڵ هەموو لێدانێکدا هەست دەکەم لە تاوانەکانم کەم



دەبێتەوە، ئەو تاوانانەی لەسەر تەختە ڕەشەکەم نووسراون.

**ژن:** بەڵام لەوە زیاتر بەرگە ناگرم، سەیرکە، ئەوەتا ئەوە خۆیەتی! ئۆف خوای گەورە! ئەو پیاوەی کە جارێک لە جاران وام دەزانی خۆشم دەوێت.

**نەناسراو:** وات دەزانی؟ ڕاست دەکەیت، هەمووی، هەموو شتێک، هەر خەیاڵی خاوە، بەڵام هەر ئەوەش نییە بە تەنیا! تۆ بڕۆ! من بەئەرکی خۆمی دەزانم کە بەتەنیا بمێنمەوە.

**ژن:** (بەرەو پلیکانەکان دەڕوات، بەڵام پێش ئەوەی پێ ڕابگات، دوکتۆر لە پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە.)

**دوکتۆر:** (قژی درێژ و ماشوبرنج بەسەر شانیدا هاتووەتە خوارەوە، شەپقەیەکی هیندیی ئینگلیزی لە سەردایە و پاڵتۆی ڕاوی لەبەردایە، کتومت وەک نەناسراو، وا پێشان دەدات کە هێشتا نەناسراوی نەبینیوە، لەسەر بەردێکی بەری ئەوبەری ڕێگە سەرەکییەکە، بەرانبەر بە نەناسراو کە لەسەر نیمکەتەکە دانیشتووە، دادەنیشێت. شەپقەکەی دادەکەنێت و ئارەقەی نێوچەوانی دەسڕێت.)

**نەناسراو:** (کە چیی تر خۆی بۆ ناگیرێت.) چیت دەوێت؟

**دوکتۆر:** هەر ئەوەم دەوێت ئەو خانووە ببینم کە جارێک لە جاران بەختەوەریمی تێدا دەژیا و گوڵەکانمی تێدا دەکرانەوە...

**نەناسراو:** پیاوێکی ئاقڵ کاتێکی بۆ ئەوە هەڵدەبژارد کە خانەخوێ، بۆ ماوەیەک، بۆ نموونە لەبەر سەفەرێکی کورت، لە ماڵ نەبوونایە و ئەمەشی دەبوو لەبەر خاتری خۆی بکردایە بۆ ئەوەی نەبێت بەلاقرتێی خەڵک.

**دوکتۆر:** لاقرتێی خەڵک؟ دەپرسم ئاخۆ کاممان مایەی لاقرتێین، من یا تۆ؟

**نەناسراو:** لە ئێستادا من.

**دوکتۆر:** ڕاست دەکەیت... بەڵام پێم وایە کە تۆ لە فراوانیی ئەو کڵۆڵییەی تێی کەوتوویت تێ ناگەیت.

**نەناسراو:** کام کڵۆڵی؟

**دوکتۆر:** ئەوەی کە دەتەوێت ببیت بەخاوەنی ئەوەی جارێک لە جاران هیی من بووە.

**نەناسراو:** بەردەوام بە!

**دوکتۆر:** هەستت بەوە کردووە، کە هەردووکمان هەمان جلوبەرگمان لەبەردایە؟ – چاکە! نازانیت لەبەر چی؟ لەبەرئەوەی تۆ جلەکانی منت لە بەردایە، ئەوانەی کاتی ڕوودانی کارەساتەکە لە بیرم چوو لەگەڵ خۆمدا بیانبەم. بزانە، پیاوێکی ئاقڵ، لە کۆتاییەکانی چەرخی هەژدەمیندا خۆی تووشی شتی وا ناکات.

**نەناسراو:** (شەپقە و پاڵتۆکە دادەکەنێت.) هەی ژنی نەفرەتی!

**دوکتۆر:** بۆڵەبۆڵ مەکە! جلوبەرگی داکەنراوی پیاوان، لە ڕۆژگاری کراسەکەی (نێسووس)ەوە، هەردەم کوشندە بووە و بیرەوەریی ناخۆش بەبیردا دەهێنیتەوە. برۆ ژوورەوە و جلەکانت بگۆڕە، تا منیش لێرەدا دابنیشم و ببینم و گوێ لەوە بگرم چۆن ئەم کێشەیە لەگەڵ ئەو ژنە نەفرەتییەدا دەبڕێنیتەوە. – گۆچانەکەشت بیر نەچێت!



**ژن:** (بەپەلە بەرەو خانووەکە دەڕوات، بەڵام لە بەردەمی پلیکانەکاندا پێی هەڵدەنوتێت و دەکەوێت.)

**نەناسراو:** (دەستەوەستانە و نازانێت چی بکات.)

**دوکتۆر:** گۆچانەکەت! گۆچانەکەت!

**نەناسراو:** لەبەر خاتری ژنەکە نا، بەڵام لەبەر خاتری منداڵەکە داوای بەزەییت لێ دەکەم!

**دوکتۆر:** (بەتووڕەییەوە.) هەروەها منداڵیش لە بەیندایە! خانووی ئێمە، گوڵی ئێمە، جلوبەرگی ئێمە، سەرجێگە و جێگەی نووستیش لەگەڵیان، ئەمجا منداڵی ئێمەش. لە کۆڵتان نابمەوە و لەودیو دەرگەکانتانەوەم، لەسەر مێزی نانخواردنەکەتان دادەنیشتم، لە جێگەی نووستنەکەتاندا دەنووم، لە خوێنتاندام، لەنێو سییەکانتان، لەنێو مێشکتاندام، لە هەموو جێیەکدام و بەهیچ جۆرێکیش دەستتان پێم ڕاناگات. کە زەنگی سەعاتەکەتان لە نیوەشەودا لێ دەدات، فوویەکی سارد لە دڵت دەکەم، تا وەک سەعاتێکی شکاو دەوەستێت، کە لەگەڵ کارکردندا خەریکیت، بە ڕووەکی خەشخاشەوە دێم کە ناتوانیت بیبینیت و بیرەکانت سڕ دەکەم، هۆش و بیرت دەشێوێنم تا ئەو دیمەنانەت بێنە پێش چاو کە ناتوانیت لە ژیانی ڕاستەقینە جیایان بکەیتەوە، دەبمە بەردێک لەسەر ڕێت، تا پێت لێی هەڵنوتێت و بکەویت، دەبم بەدڕکی ئەو گوڵەباخەی، کاتێک دەتەوێت گوڵەکەی لێ بکەیتەوە، لە دەستوپلت دەچەقێت، ڕۆحم وەک تەونی جاڵجاڵۆکەیەک بەسەر ڕۆحتدا دەتەنم و لە ڕێی ئەو ژنەوە کە وەک چەتەیەک لێت داگیر کردووم، وەک

جوانەگایەکی خەسێنراو لێت دەخورِم، منداڵەکەت دەبێت بە منداڵی من و لە دەمی ئەوەوە قسەت لەگەڵدا دەکەم، تۆش ناچار دەبیت لە چاوی ئەوەوە نیگاکانی من بخوێنیتەوە، تا وەک دوژمنێک بەگژیدا دەچیتەوە. ئێستاش ماڵئاوا خانووە جوانەکە، خوات لەگەڵ ژوورە سوورەکە، کە چیی تر هیچ بەختەوەرییەک تێیدا گوڵ ناکات، تا ناچار بم بەوەی ئیرەییی پێ ببەم! (دەڕوات.)

(نەناسراو بەدەم ئەو قسانەوە فریای ئەوە کەوتووە لەسەر نیمکەتەکە دابنیشێت، وەک تاوانبارکراوێکیش، بەبێ ئەوەی بتوانێت وەڵام بداتەوە، گوێی لە قسەکانی گرتووە.)



# بەشی دووەم

لە تاقیگەکە

ساباتێکی پەنجەرە بەرزی نێو باخێک لەسەر شێوازی ڕۆکۆکۆ. لە نێوەڕاستدا مێزێکی نووسینی گەورە، هەمەجۆر ئامێری کیمیایی و فیزیاییی لەسەر دانراوە. دوو تەلی مس لە بانی ساباتەکەوە بەرەو ئەلەکترۆسکۆپێک، کە لە نێوەڕاستی مێزەکەدا دانراوە، شۆڕ بوونەتەوە و ئەلەکترۆسکۆپەکە چەند زەنگێکی پێوەیە و هێزی ڕاکێشانی وزەی نێو هەوا پێشان دەدات.

لەسەر مێزێک کە لە دەستەچەپەوە دانراوە ئامێرێکی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کە شووشەی تێ گیراوە، دانراوە، داڕێژەی کارەباگەیێن، باترییەکی (لەیدن)، کۆڵەکەکان سوور و ڕەش ڕەنگ کراون.

لە دەستەڕاستەوە ئاگردانێکی سێپێچکەی کۆن، چەند دەفرێکی کانزایی، گاز و مووشەدەمە و شتی تریش دانراون.

دەرگەیەک لە بەشی پشتەوەی شانۆدایە و بەسەر دەرەوەدا دەڕوانێت، دەرەوە هەور و تاریکە، بەڵام جار ناجارێک تیشکی خۆر دەکەوێتە سەر ژوورەکە و دەدرەوشێتەوە.

پاڵتۆیەکی قاوەییی کڵاوداری یەخەشۆڕ و پان لەلای ئاگردانەکەوە هەڵواسراوە، لە تەنیشتیەوە جانتایەکی سەفەر و گۆچانێک کە خەڵکی چیاکانی ئاڵپ بەکاری دەهێنن، دانراوە.

نەناسراو و دایک.

**نەناسراو:** ئینگەبۆری... لە کوێیە؟

**دایک:** خۆت لە من باشتر دەزانیت!

**نەناسراو:** چاکە... لای پارێزەرەکەیە بۆ ئەوەی داوای جیابوونەوە بکات...

**دایک:** بۆ؟

**نەناسراو:** لەبەرئەوەی... نا... ناچێتە مێشکەوە و هێند سەیرە، کە لەوانەیە پێت وا بێت درۆت بۆ دەکەم.

**دایک:** بیڵێ!

**نەناسراو:** دەیەوێت جیا بێتەوە، لەبەرئەوەی کە من گوێم نەدایە ئەوەی قامچی لەو پیاوە شێتوویتە بدرێت. دەڵێت ئەوە لە ترسنۆکی زیاتر هیچی تر نەبووە...

**دایک:** باوەڕم بەوە نییە.

**نەناسراو:** ئەوەتا! تۆ تەنیا باوەڕت بە شتێکە خۆت بتەوێت باوەڕت پێی بێت، هەموو شتێکی تر درۆیە. - باشە... ئەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تۆدا دێتەوە باوەڕ بەوە بکەیت نامەی لێ دزیوم؟

**دایک:** نازانم.

**نەناسراو:** نامپرسی دەزانیت یا نا، بەڵکو پرسیم باوەڕ دەکەیت یا نا؟

**دایک:** (قسە بەسەر قسەکانیدا دێنێت.) لێرە خەریکی چیت؟

**نەناسراو:** هەوڵێکە لەگەڵ وزەی کارەبای نێو هەوا.

**دایک:** ئەوەش برووسکەهێنە کە بۆ مێزەکەت ڕاکێشاوە!



**نەناسراو:** ئا... بەڵام هیچ مەترسییەکی نییە، چونکە کاتێک پشێوییەک لە هەوادا ڕوو بدات، زەنگەکان لێ دەدەن.

**دایک:** ئەمە کفر و جادووی ڕەشە. وریای خۆت بە! ئەی ئەوەی ناو ئاگردانەکە چییە؟

**نەناسراو:** زێڕ دروستکردن.

**دایک:** باوەڕت پێی هەیە؟

**نەناسراو:** پێت وایە من کەسێکم وا پێشان دەدەم لە شتێکدا زانیاریم هەیە و کەچی زانیاریشم نییە، وا نییە؟ بۆ ئەمەیان هیچ لۆمەیەکت ناکەم، بەڵام لە حوکمداندا پەلە مەکە، هەر هێندەت زانی و بە بەڵگەوە لەسەر شیکارییەک کە پێوەی خەریک بووم دڵنیات دەکەمەوە.

**دایک:** بۆ ئەمەیان با بزانین! بەڵام چی دەکەیت ئەگەر ئینگەبۆری نەگەڕێتەوە.

**نەناسراو:** ئەمجارەش دەگەڕێتەوە، بەڵام دواتر... کە منداڵەکە لەدایک بوو، لەوانەیە جیا ببێتەوە...

**دایک:** لەوە دەچێت زۆر دڵنیا بیت.

**نەناسراو:** وەک پێم وتیت، هێشتا دڵنیام... ئەمەش شتێکە تا پێوەندییەکە نەپچڕێت هەستی پێ دەکرێت، بەڵام کە پچڕا، ئەوساش ڕوون و ئاشکرا، ئەگەرچی ناخۆشیشە، هەر هەستی پێ دەکرێت.

**دایک:** بەڵام کە لە یەکتریش جیا دەبنەوە، ڕەنگە هەردووکتان بەمنداڵەکەوە پێوەست بن، ئەمە پێشتر نازانرێت.

**نەناسراو:** بێجگە لەوەش خەریکبوونم بە کارێکی گرینگەوە بۆ خۆم مسۆگەر کردووە، کە بتوانێت بۆشاییی ژیانم پڕ بکاتەوە.

**دایک:** مەبەستت لە زێڕ دروستکردن، هەروەها لە ناووبانگیشە!

**نەناسراو:** کتومت! خەیاڵێک کە لە هەموو خەیاڵێکی تر زیاتر دەمێنێتەوە.

**دایک:** هێشتا هەر لەسەر خەیاڵ هەڵدەچنیت؟

**نەناسراو:** ئەی لەسەر چیی تر، کە هەموو شتێک هەر خەیاڵ و دوای کڵاوی بابردوو کەوتنە؟

**دایک:** کە جارێک لە جاران لەو خەونەت بەئاگا هاتیتەوە، ئەوسا ژیانێکی ڕاستەقینە دەبینیت کە هەرگیزاوهەرگیز نەتتوانیوە خەونی پێوە ببینیت.

**نەناسراو:** کەواتە تا ئەوسا چاوەڕوان دەبم.

**دایک:** چاوەڕوان بە! منیش پێش ئەوەی هەورەبرووسکە دەست پێ بکات، دەرۆم و پەنجەرەکان دادەخەم.

**نەناسراو:** (بەرەو پشتەوەی شانۆ دەڕوات.) گرینگ دەبێت! (لە دوورەوە دەنگی کەڕەنایەک دەبیسترێت.) کێیە دیسان کەڕەنا لێ دەدات؟

**دایک:** کەس نازانێت، بەڵام هیچ خێروخۆشییەک لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. (دەڕوات.)

**نەناسراو:** (خۆی بە ئەلەکترۆسکۆپەکەوە خەریک دەکات و پشت دەکاتە پەنجەرە کراوەکە، پاشان کتێبێک هەڵدەگرێت و بە بەرزی دەخوێنێتەوە.) "کە خزم و کەسوکاری ئادەم زۆر



بووبوون و پێیان وابوو کە ژمارەیان هێندە زۆر بووە بوێرن هێرش بکەنە سەر ئەوانەی سەروو خۆیان، دەستیان کرد بەدروستکردنی بورجێکی بەرزی هەڵکشاو تا تاقی ئاسمان. ئیتر ئەوانەی سەرەوە ترسیان لێ نیشت و بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن، لە ڕێی زمانشێواندن و سەرلێتێکدانیانەوە، پیلانەکەیانیان هەڵوەشاندەوە، بەشێوەیەک ئەگەر دوو کەس بەیەکتر بگەیشتنایە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهەمان زمان قسەیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، نەیاندەتوانی لە یەکتر تێ بگەن. لەوساوەش ئەوانەی سەرەوە لە ڕێی ئەم ناکۆکییەوە: لەتوپەت بکە و دەسەڵات بگرە دەست!، دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست. ئەم ناکۆکییەش لەسەر ئەو خەیاڵبڵاوییەی کە گوایا هەقیقەت دۆزراوەتەوە ڕاگیراوە، بەڵام کاتێکیش بڕوا بە یەکێک لە پەیامبەرەکان دەهێنرێت، بە پەیامبەرەدرۆینە دادەنرێت و هیچی تر. خۆ ئەگەر ڕێککەوتیش وا بێت کەسێک کە هەر دەبێت بمرێت بیەوێت لە نهێنیی ئەوانەی سەرەوە بکۆڵێتەوە، ئەوە هیچ کەسێک باوەڕی پێ ناکات و هار و سەرشێت دەکرێت، تا هیچ کەسێک باوەڕی پێ نەکات. پاشان ئەو کەسانەی کە هەر دەبێت بمرن، کەم یا زۆر، سەرشێت دەکرێن، بەتایبەت ئەوانەیان کە بە حەکیم و زانا دانراون و لە ڕاستیشدا لەناو هەموویاندا تەنیا شێتەکانن زانا و حەکیمن، چونکە ئەوانن کە دەبینن، دەبیستن، هەست بە شتە نادیارەکان دەکەن؛ ئەو شتانەی کە نابیسترێن، ئەوانەی کە ناناسرێن، بەڵام ناتوانن ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی خۆیان بەکەس

بگەیەنن." (سوهار) کە زانیارترینی گشت کتێبەکانە وا دەڵێت و هەر لەبەر ئەوەشە هیچ کەسێک باوەڕی پێ ناکات.

من بەنیاز نیم بورجی بابل دروست بکەم، بەڵام ئەو هێزانەی لە تەڵەی مشکەکەمدا هەیە بە کێش دەکەم و پاشان هەر ئەو هێزانە بەرەو هێزەکانی ژێرەوە، بەرەو هێزەکانی ژێرزەوی، دەنێرم تا لە کاریگەرییەک کە هەیانە بەتاڵیان بکەنەوە. ئەوە (شێدیم)ی سەرەوەیە کە لە نێوان ئەو کەسانەی کە هەر دەبێت بمرن و (زێباوت)ی سەروەردا ڕاوەستاوە، هەر بۆیەش شادی و ئاساییش و خۆشبەختی لەسەر زەوی نەماون.

**ژن:** (دێتە ژوورەوە، سەری لێ شێواوە، خۆی فڕێ دەداتە بەرپێی نەناسراو، باوەش بە قاچیدا دەکات و سەری دەخاتە سەر زەوییەکە.) فریام بکەوە! یارمەتی! لێم ببوورە!

**نەناسراو:** هەستە! بۆ خاتری خوا! هەستە! وا نا! چی بووە؟

**ژن:** ئەی هاوار! لە تووڕەییدا شێتانە ڕەفتارم کرد و قاچم بووە بە داوەوە!

**نەناسراو:** (هەڵیدەستێنێتەوە.) هەستە، بێ ئەقڵ، چییە؟ چی بووە؟

**ژن:** چووم بۆ لای دادئەستێن و...

**نەناسراو:** ...داوای جیابوونەوەت کرد.

**ژن:**... بەنیازی ئەوە بووم، بەڵام کە گەیشتمە ئەوێ خەبەرم لە گورگەپیاو دا کە دەستدرێژیی لێ کردم و هەوڵی داوە بمکوژێت...

**نەناسراو:** بەڵام هیچیشیانی نەکردووە...



**ژن:** نا، بەڵام من خەبەرم لێ دا و... لە کاتێکیشدا کە لەوێ وەستابووم، خۆی هات و داوای لەسەر تۆمار کردم کە لەخۆڕا و بەبێ هیچ بەڵگەیەک شکاتم لێ کردووە. ئیتر چووم بۆ لای پارێزەرەکەم و ئەویش وتی کە لەسەر ئەوە بەلانی کەمەوە یەک مانگ دەخرێمە زیندانەوە... ئەمجا بیر لەوە بکەوە منداڵەکەم لە زینداندا ببێت! چۆن بکەم بۆ ئەوەی لەوە ڕزگارم ببێت؟ یارمەتی! تۆ دەتوانیت یارمەتیم بدەیت! بیڵێ، چی بکەم!

**نەناسراو:** یارمەتیت دەدەم! بەڵام پاشان تۆڵە لە من مەسێنەوە، لەبەرئەوەی یارمەتیم داویت.

**ژن:** چەند بەگومانیت لێم! بەڵام پەلە بکە و پێم بڵێ! چی بکەم؟

**نەناسراو:** گوناهەکە بخە ئەستۆی من و بڵێ من ناردوومیت!

**ژن:** بزانە چەند دەست و دڵ ئاوەڵایت. بڵێیت بەوە هەمووییم لە کۆڵ بێتەوە؟

**نەناسراو:** فرمێسکەکانت بسڕە و خۆت پشێو مەکە، بەڵام باسی شتێکی ترم بۆ بکە. تۆ ئەو جزدانەت لێرە داناوە؟

**ژن:** (سەری سووڕ ماوە.)

**نەناسراو:** تۆیت!

**ژن:** پێشتر شتی وا ڕووی داوە؟

**نەناسراو:** ئا... ئەوی تر دەیویست بەو شێوەیە تاقیم بکاتەوە، دەیویست بزانێت لێی دەدزم یا نا. جاری پێشوو کە ئەمە ڕووی دا، گریام، چونکە منداڵ و بێ گوناهـ بووم.

**ژن:** نابێت!

**نەناسراو:** ڕاستییەکەی ئێستا تۆ پیسوپۆخڵترین کەسێکی.

**ژن:** هەر لەبەر ئەوەشە خۆشت دەوێم؟

**نەناسراو:** نا... لەبەر ئەوە نا! هەروەها نامەت دزیوە؟ وەڵام: ئا! هەر لەبەر ئەوەشە لە ڕێی ئەو جزدانەوە منت وەک دزێک دەوێت.

**ژن:** ئەوەی سەر مێزەکە چییە؟

**نەناسراو:** برووسکە.

(برووسکە دەدات، بەڵام بەبێ دەنگ.)

**ژن:** دەترسیت!

**نەناسراو:** ئا... جارجار، بەڵام لەوە نا کە تۆ لێی دەترسیت.

(دەموچاوی دوکتۆرەکە، بەشێواوی، لە پەنجەرەکەوە دەبینرێت.)

**ژن:** پشیلە لە ژوورەکەدایە وا هەست بەپشێوی دەکەم؟

**نەناسراو:** نا... باوەڕ ناکەم! بەڵام منیش کەمێک هەست دەکەم شتێک لە ژوورەکەدا هەیە.

**ژن:** (ئاوڕ دەداتەوە و دەموچاوەکە دەبینێت، دەقیژێنێت و بۆ ئەوەی پەنایەک بۆ خۆشاردنەوە بدۆزێتەوە بەرەو نەناسراو ڕادەکات.) ئەوە... ئەوە!

**نەناسراو:** لە کوێ؟ کێ؟

(دەموچاوی دوکتۆرەکە دیار نامێنێت.)

**ژن:** لەوێ، لە پەنجەرەکەدا! ئەوە!

**نەناسراو:** من کەس نابینم، چاوت ڕەشکەوپێشکەی کردووە!

**ژن:** نا... بینیم! گورگەپیاو بوو! بینیم! ناتوانین بیکوژین؟



**نەناسراو:** ڕەنگە بتوانین، بەڵام یارمەتیمان نادات، چونکە ناتوانین ڕۆحی بکوژین، کە توند بەڕۆحی تۆوە بەستراوە.

**ژن:** ئاخ ئەگەر پێشتر ئەوەم بزانیایە.

**نەناسراو:** بەدڵنیاییەوە لە کتێبی فێرکردن و دەستووری ئاینیدا نووسراوە!

**ژن:** کەواتە با بمرین!

**نەناسراو:** ئەمە جارێک لە جاران دینی من بوو، بەڵام کە ئێستا چیی تر باوەڕم بەوە نییە مردن کۆتاییەکە بێت، هەر ئەوەمان لە بەردەمدا دەمێنێتەوە بەرگە بگرین، بەرەنگار ببینەوە و ئازار بچێژین!

**ژن:** تا کەی؟

**نەناسراو:** تا ئەو کاتەی ئەو ئازار دەچێژێت و ویژدانی خۆمان ئازارمان دەدات.

**ژن:** کەواتە با ڕێیەک بدۆزینەوە تا لە بەردەمی ویژدانی خۆماندا بمانپارێزێت، با بیانوو بۆ ڕەفتارە هیچوپووچەکانمان بدۆزینەوە، با هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئەو بدۆزینەوە...

**نەناسراو:** کەس دەستی گرتوویت!

**ژن:** تۆیت ئەوە دەڵێیت! لەوساوە کە ئەو بەدبەختیی بینیوە، هەر بەتەنیا لایەنە باشەکانی ئەو دەبینم و بە بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەوانەی تۆدا، دەدۆڕێیت.

**نەناسراو:** بزانە چەند جوان و ڕێکوپێک ڕێک خراوە! ئازارچێشتنی ئەو پیرۆزی دەکات، بەڵام ئازارچێشتنی من قێزەونم دەکات و

دەمکات بەپەند. ئەمەش وەک ئەوەیە لە بەردەمی شتێکدا وەستابیت کە هیچ یارمەتییەکت نادات! ئێمە ڕۆحێکمان کوشتووە و پیاوکوژین.

**ژن:** جا هەڵەی کێیە؟

**نەناسراو:** هەڵەی ئەوەی کە هێندە خراپ و شێتانە چارەنووسی خەڵک بەڕێوە دەبات!

(برووسکە دەدات و زەنگەکان دەزرنگێنەوە.)

**ژن:** خوا هاوار! ئەوە چییە؟

**نەناسراو:** وەڵامی پرسیارەکە.

**ژن:** برووسکەڕاهێڵکەرەکەشت لێرەیە... لە ژوورەوەیە؟

**نەناسراو:** قەشەی (بال) دەیەوێت برووسکەی ئاسمان بەرەو ئێرە بهێنێت...

**ژن:** ئێستا دەترسم... لە تۆ دەترسم... تۆی تۆقێنەر...

**نەناسراو:** خۆشت دەیبینیت!

**ژن:** تۆ کێیت، خۆت بەچی دەزانیت، کە ڕکەبەرکێ لەگەڵ ئاسمان دەکەیت و یاری بەچارەنووسی خەڵک دەکەیت؟

**نەناسراو:** هەستە سەرپێ، ئەقڵێک بێنەوە بەر خۆت! – گوێم لێ بگرە، باوەڕم پێ بکە و ئەو ڕێزەم پێ ڕەوا ببینە کە شایانی خۆمە، ئەوسا منیش تۆ و خۆشم لەم زەلکاوە پڕ لە بۆقەی کە تا بینەقاقامان هاتووە بەرەو ئاسمان بەرز دەکەمەوە! فوو لە ویژدانە نەخۆشەکەت دەکەم، تا وەک برینێک چاک ببێتەوە. من کێم؟ من ئەوەم ئەوەی کردووە کە هەرگیز لەمەوپێش هیچ



کەسێک نەیکردووە، من ئەوەم، کە گوێرەکە زێڕینەکە دەڕووخێنم، ئەوەم کە مێزی پارەگۆڕەرەوە قلّپ دەکەمەوە، من چارەنووسی زەویم لە دەفرەکەمدا هەڵگرتووە و هەشت ڕۆژی تر نابات و دەوڵەمەندترین دەوڵەمەند نابووت دەکەم. زێڕیش، ئەو پێوەرەی کە ساختەترین پێوەرە، هیچ دەسەڵاتێکی نامێنێت و هەموو خەڵک وەک یەک هەژار دەبن و منداڵەکانیشیان وەک ئەو مێرووولانەی شارە مێرووولەیان وێران بووە سەرلێشێواو و خانەوێران بەهەموو لایەکدا لەسەر سک دەخشێن.

**ژن:** جا ئەوە چ یارمەتییەکمان دەدات، چ کەڵکێکی هەیە؟

**نەناسراو:** پێت وایە کە زێڕم بۆ ئەوە دروست دەکرد خۆمان و خەڵکی تریشی پێ دەوڵەمەند بکەم، نا... بۆ ئەوە بوو سەرلەبەری ڕێکوپێکیی دنیا بڕووخێنم، تێکی بدەم. بزانە! من ڕووخێنەرم، ئەو کەسەم کە شت هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوەی ئاگر بەهەموو دنیاوە دەنێت و کە هەموو شتێکیش بوو بەخۆڵەمێش، ئەوسا برسی بەنێو ئەوەی لەو وێرانەیە ماوەتەوە دێم و دەچم و دڵی خۆم بەمە ئاسوودە دەکەم: هەموو ئەمە من کردوومە، منم دوا لاپەڕەی مێژووی دنیام نووسیوە، ئەو لاپەڕەیەی کە کۆتا بەهەموو مێژوو دەهێنێت.

(دەموچاوی دۆمینیکان لە پەنجەرە کراوەکەوە دەبینرێت، بەبێ ئەوەی ئەوان بیبینن.)

**ژن:** ئەمەش کرۆکی ناوەڕۆکی دوا کتێبتە، کەواتە خۆت هەڵت نەبەستبوو!

**نەناسراو:** با! بەڵام بۆ ئەوەی بتوانم ئەوە بنووسم، دەبوو خۆم

بەکەسایەتیی کەسێکی ترەوە ببەستم، کە بتوانێت هەموو شتێک کە ڕۆحی من بەند دەکات بگرێتە ئەستۆی خۆی... تا ڕۆحم بتوانێت تین و تاوی خۆی بدۆزێتەوە و بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە و بەلای دنیای هێزەکانی ئاسماندا تێ پەڕێت و بەتەختی دەسەڵاتیان بگات، تا سکاڵا و گازندەی خەڵکی لە بەرپێی ئەوەی تاهەتایە دەمێنێت دابنێت...

دۆمینیکان (هێمای خاچێک لە هەوادا دەکێشێت و دەڕوات.)

**نەناسراو:** کێ لێرەیە؟ ئەو تۆقێنەرە کێیە کە دوام کەوتووە و بیرەکانم ئیفلیج دەکات؟ کەست بینی؟

**ژن:** نا... کەسم نەبینی!

**نەناسراو:** بەڵام من هەستی پێ دەکەم (دەست دەخاتە سەر دڵی.) گوێت لێیە، گوێت لێیە، لە دوورەوە، لە دووری دوورەوە، نزا دەکات و دەپاڕێتەوە، گوێت لێیە؟

**ژن:** ئا... ئێستا گوێم لێیە، بەڵام ئەوە سڵاو لە فریشتەکردن نییە و نەفرەتی (دێوتێرۆنۆمینۆس)ە. قوڕ بە سەرمان!

**نەناسراو:** ئەوە لە دێری (یارمەتیی چاک)ەوە دێت...

**ژن:** ئەی هاوار بەماڵمان!

**نەناسراو:** خۆشەویست! ئەوە چییە!

**ژن:** ئەو وشەیە، خۆشەویست، بیڵێوە!

**نەناسراو:** تۆ نەخۆشیت؟

**ژن:** نەخۆش نیم، بەڵام ئازار دەچێژم و هاوکاتیش دڵخۆشم بەوەی ئازار دەچێژم! بڕۆ، بەدایکم بڵێ جێگەکەم بۆ ڕێک بخات! بەڵام



پێش ئەوە بمبەخشە!

**نەناسراو:** ئەوەش...

**ژن:** بڵێ، کە تۆ لێم دەبووریت: ئاخر ئەگەر منداڵەکە ژیانی من لەگەڵ خۆی ببات، دەمرم! پێم بڵێ کە خۆشت دەوێم؟

**نەناسراو:** سەیرە کە ئەو وشەیەم بەدەمدا نایەت!

**ژن:** کەواتە خۆشت ناوێم؟

**نەناسراو:** لەوە دەچێت وا بێت، کە ئێستا خۆت دەیڵێییت! زۆر زۆر ناخۆشە، بەڵام پێم وایە کە نەک خۆشم ناوێیت، بەڵکو ڕقیشم لێتە!

**ژن:** هەر نەبێت چۆن کەسێک دەست بۆ لێقەوماوێک درێژ دەکات، تۆش دەستتم بدەرێ؟

**نەناسراو:** منیش ئەوەم دەوێت، بەڵام ناتوانم، کەسێک لە مندایە کە بەئازارچەشتنی تۆ دڵی دەکرێتەوە، بەڵام ئەو کەسە من نیم؟ چونکە من دەمەوێت باوەشت پێدا بکەم و لەسەر دەستم هەڵت بگرم و هەمان ئازاری تۆش بچێژم، بەڵام بۆم نییە و ناتوانم!

**ژن:** ڕەق وەک بەرد!

**نەناسراو:** (کەمێک لە جێی خۆیەوە دەجووڵێتەوە.) هێندەش نا! هێندەش ڕەق نا!

**ژن:** وەرە!

**نەناسراو:** ناتوانم بجووڵێمەوە. وەک ئەوەیە کەسێک هاتبێتە ناو ڕۆحمەوە، داگیری کردبێت و وەک ئەوەش وایە کە بمەوێت خۆم بکوژم، بۆ ئەوەی ژیان لەوی تریش بستێنم.

**ژن:** بەدڵخۆشییەوە بیر لە منداڵەکەت بکەوە...

**نەناسراو:** ئەمەشیان ناتوانم، چونکە بەم زەوییەوە دەمبەستێتەوە!

**ژن:** ئەگەر هەڵەیەکمان کردبێت، ئەوە بەسزای خۆمان گەیشتووین! خوایە بەس نییە، بەس نییە ئیتر!

**نەناسراو:** هێشتا نا، بەڵام نەچووە بچێت!

**ژن:** (لە جێی خۆی شل دەبێت و دەکەوێتە سەرچۆک.) یارمەتیم بدە! نەختێک میهرەبانی! خەریکە دەمرم!

**نەناسراو:** (وەک ئەوەی تازە ئیفلیجی بەری دابێت، دەستی بۆ درێژ دەکات.)

**ژن:** (دەستی ماچ دەکات.)

**نەناسراو:** (هەڵی دەستێنێت و بەرەو دەرگەکە لەگەڵیدا دەڕوات.)

لە ژووره سوورەکە

بڕوانە: بەرەو دیمەشق، بەشی یەکەم.

ژوورێک، دیوارەکانی بەڕەنگی سوور بۆیە کراون، پەنجەرەی بچووکی شیشەبەندکراو، لەسەر بەشی خوارەوەی پەنجەرەکان ئینجانە دانراون. پەردەکان سوورن، مۆبیلەکان سوور و سپین.

دەرگەیەک، لە بەشی پشتەوەی شانۆدا، دەچێتە سەر ژوورێکی نووستنی سپی و کە دەرگەکە دەکرێتەوە جێگەی نووستنێک دەبینرێت، جێگەکە سەری گیراوە و بەلاکانیدا پەردەی سپی هاتوونەتە خوارەوە. لە دەستەڕاستدا دەرگەیەک بە رووی دەرەوەدا هەیە. لە دەستەچەپدا ئاگردانێک دەگرێت. لە بەردەمی ئاگردانەکەدا تەشتێکی خۆشتن دانراوە و خاولییەکی سپیی



بەسەردا دراوە، بێشکەیەکیش کە بەقوماشی سپی و سوور و شینی کاڵ داپۆشراوە.

لێرەو لەوێ جلی منداڵان بڵاو کراونەتەوە. کراسێکی سەوز بەدیواری دەستەڕاستەوە هەڵواسراوە.

چوار لە خوشکانی میهرەبانی لەسەر ئەژنۆ و ڕوو لە دەرگەی پشتەوەی شانۆ دانیشتوون و جلوبەرگی ڕەش و سپی وەک جلوبەرگی (خوشکانی ئاوگوستین)یان پۆشیوە. مامان جلوبەرگی ڕەشی لە بەردایە و لای ئاگردانەکەوە دانیشتووە. دایەن جلوبەرگی میللیی بەریتانیاییی ڕەش و سپیی لە بەردایە. دایکەکە لای دەرگەی بەشی پشتەوەی شانۆوە وەستاوە و گوێی ڕاگرتووە.

نەناسراو لەسەر کورسییەک، لە دەستەڕاستەوە، دانیشتووە و کتێب دەخوێنێتەوە. لە تەنیشتیەوە شەپقەیەک و پاڵتۆیەکی قاوەیی یەخە پان و شۆڕی کڵاودار هەڵواسراوە، لەسەر زەوییەکە جانتایەکی سەفەر دانراوە.

خوشکانی میهرەبانی (سروودێکی ئاینی دەڵێنەوە. ئەوانی تر، بێجگە لە نەناسراو، جارجار لەگەڵیاندا دەڵێنەوە.)

سالڤە، ڕێگینا، ماستەر میسێریکۆردییە،
ڤیتا دولسێدۆ، ئێت سپێس نۆسترا، سالڤە.
ئاد تێ کلاماموس، ئێسئلێس، فیلی ئێڤا:
ئاد تێ سیسپیراموس گێمێنتێس ئێت فلێنتێس
ئین هاک لاکریوماریوم ڤالە.

نەناسراو (هەڵدەستێت، بەرەو دایک دەڕوات.)

**دایک:** لە جێی خۆت بمێنەوە! – مرۆڤێک لەدایک دەبێت و یەکێک دەمرێت و تۆش هیچ شتێکت بەلاوە گرینگ نییە.

**نەناسراو:** کێ دەزانێت! کە دەمەوێت بێمە ژوورەوە، بۆم نییە و کە ناشمەوێت، دەبێت بێمە ژوورەوە. ئێستا دەمەوێت بێمە ژوورەوە.

**دایک:** نایەوێت بتبینێت و بێجگە لەوەش بوونی تۆ لێرە زیادەیە. ئێستا کەسی سەرەکیی منداڵەکەیە.

**نەناسراو:** بۆ ئێوە! بەڵام بۆ من کەسی سەرەکی هێشتا هەر خۆمم.

**دایک:** دوکتۆر ڕێ نادات کەس بچێتە ژوورەوە، ئەمجا ئەو کەسە هەر کەسێک بێت، چونکە ژیانی لە مەترسیدایە.

**نەناسراو:** کام دوکتۆر؟

**دایک:** دیسان بیرەکانت لەوێن!

**نەناسراو:** هەر خۆشت بەرەو ئەوێت بردوون! سەعاتێک لەمەوپێش تێت گەیاندم کە دەکرێت منداڵەکە هیی من نەبێت! هەر بەو شێوەیەش کچەکەت کرد بە قەحبە، بەڵام ئەمە بۆ تۆ هیچ گرینگییەکی نییە بەتەنیا ئەوە نەبێت کە کسپە لە دڵی من هەڵبستێنێت! تۆ دووەم کەسی هیچوپووچ و بێ نرخیت کە من بیناسم!

**دایک:** (ڕوو لە خوشکەکان.) خوشکان! نوێژ بۆ بەدبەختەکە بکەن و بۆی بپاڕێنەوە.

**نەناسراو:** جێم بکەوە، تا بۆ دواین جار، بێمە ژوورەوە. خۆت لابدە.



**دایک:** ئەم ژوورە و خانووەکەش بەجێ بهێڵە.

**نەناسراو:** ئەگەر وەکو تۆ دەیڵێیت وام بکردایە، دە دەقیقە زیاتری پێ نەدەچوو، بەبیانووی ئەوەی ژن و منداڵەکەم بەجێ هێشتووە، پۆلیست دەخستە دوام!

**دایک:** ئەوەشم هەر لەبەر ئەوە دەکرد کە بتخەمە ئەو پەرستگایەوە کە خۆت دەیزانیت.

**کارەکەر:** (لە پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە.) خاتوون داوای شتێکت لێ دەکات!

**نەناسراو:** چییە!

**کارەکەر:** نامەیەک لە گیرفانی کراسەکەی خاتووندایە. ئەوەی لێرە هەڵواسراوە.

**نەناسراو:** (چاو بەدەوری خۆیدا دەگێڕێت، کراسە سەوزەکە دەبینێت، لێی نزیک دەبێتەوە و نامەیەک لە گیرفانەکەی دەردەهێنێت.) ئەم نامەیە بۆ من نێردراوە، دوو ڕۆژیش لەمەوپێش کراوەتەوە، کەواتە دەستدرێژییەک کراوە! بەخوا شتێکی جوانە!

**دایک:** دەبێت نەخۆشێک، کە ژنی خۆتە، ببەخشیت!

**نەناسراو:** دوو ڕۆژ لەمەوپێش نەخۆش نەبوو!

**دایک:** ڕاستە... بەڵام ئێستا نەخۆشە!

**نەناسراو:** بەڵام دوو ڕۆژ لەمەوپێش نەخۆش نەبوو! (نامەکە دەخوێنێتەوە.) ئێستا، هەر چۆنێک بێت، بەگیانی لەخۆبووردوویی کەسێکەوە کە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لێی دەبوورم!

**دایک:** کەسێک کە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە؟

**نەناسراو:** ئا! من ئەوەم کردووە کە هیچ کەس پێش من نەیکردووە.

**دایک:** مەبەستت لە زێڕەکەیە...

**نەناسراو:** ئەوەش بەڵگەنامەی کەسێک کە لەو بوارەدا خاوەنی بڕیار و دەستەڵاتە و هێشتا لە ژیاندا ماوە. ئێستاش بۆ خۆم دەچم بۆ ئەوەی چاوم پێی بکەوێت.

**دایک:** ئێستا!

**نەناسراو:** بەفەرمانی ئێوە!

**کارەکەر:** خاتوون دەیەوێت بێیتە ژوورەوە!

**دایک:** گوێت لێیە!

**نەناسراو:** نا، چیی تر نامەوێت! تۆ ژنەکەمت، کچەکەی خۆتت، کردووە بە قەحبە و مۆرکی زۆڵیشت بە منداڵە هێشتا لەدایکنەبووەکەی منەوە ناوە. هەردووکیان بۆ خۆت! تۆ لێرە ئابڕووی منت تکان و منیش هیچ شتێکم بەدەستەوە نەماوە لەوە زیاتر کە جارێکی تر و لە شوێنێکی تر بیکڕمەوە!

**دایک:** قەت ناتوانیت ببەخشیت!

**نەناسراو:** با... تۆ دەبەخشم و... دەڕۆم! (دەست دەداتە پاڵتۆ قاوەییەکە و شەپقەکە، جانتای سەفەر و گۆچانەکەش هەڵدەگرێت.) چونکە ئەگەر بمابایەتەوە، هێندەی نەدەبرد لەوە خراپتر دەبووم، کە هەم. ئەو بوونەوەرە بێ گوناهەی کە دەبوو بووبووایە بەهۆی بەرزکردنەوەی پلە و پایەی پێوەندییە شەقوشڕەکەمان، هەر لە سکی دایکیدا گەڵاو کراوە و دەبێت



بەتۆوی ناکۆکیی نێوانمان، دەبێت بەسزادەر و تۆڵەستێن. ئیتر بۆچی لێرە بمێنمەوە تا بەیەکجارەکی پارچە پارچە دەکرێم!

**دایک:** بۆ تۆ... هیچ ئەرکێک بوونی نییە.

**نەناسراو:** با... بوونی هەیە و یەکەمین ئەرکیش خۆپاراستنمە لە تێکوپێکشانی یەکجارەکی. ماڵت ئاوا و خوات لەگەڵ!

## بەشی سێیەم

لە هۆڵی نانخواردنی مەیخانەکە

هۆڵێکی ئاهەنگگێڕان. مێزی درێژ بەگوڵ، مۆمدان، تاووسی لەسەر قاپ دانراو، تیتاو کە هێشتا پەڕیان پێوە ماوە، سەری بەرازی کێوی، کوللەی دەریا، گوێچکەماسی، ماسییە سەلمۆن، گیای مارچێوە بەچەپک، کاڵەک و ترێ ڕازێنراونەتەوە.

لە دەستەڕاستی بەشی پشتەوەی شانۆدا جێیەک بۆ مۆسیقاژەنان دروست کراوە و هەشت مۆسیقاژەن دانیشتوون.

نەناسراو، لەسەر مێزێک کە بۆ ڕێزلێنان دانراوە، پاڵتۆی ڕەشی درێژی لە بەردایە و دانیشتووە، لە تەنیشتیەوە جلوبەرگی شارستانیی بەدروشم ڕازێنراوە دانراون، هەروەها پاڵتۆیەکی ڕەشی بەدروشم ڕازێنراوەی پلەی زانستیی پرۆفیسۆر دانراوە، بێجگە لەوانەش پاڵتۆی ڕەشی دامێنشۆڕی پشتێندار دانراون کە کەم تا زۆر دەبریسکێنەوە.

لەسەر مێزەکەی تر بەڕێکوپێکی چەند پاڵتۆی ڕەشی دامێنشۆڕی (بۆنژۆر) دانراون.

لەسەر مێزی سێیەم جلوبەرگی جوانی ڕۆژانە دانراون.

لەسەر مێزی چوارەم چەند کەسێکی سەیری پیسوپۆخڵ و جلوبەرگدڕاو دانیشتوون.

مێزەکان بەشێوەیەک ڕێک خراون، کە یەکەم لە دەستەڕاست و



چوارەم لەوپەڕی دەستەڕاستەوەیە و ئەوانەی لەسەر ئەم مێزەیان دانیشتوون لە نەناسراوەوە دیار نین. لەسەر مێزی چوارەم، لە بەردەمی ئەو شوێنەدا کە مۆسیقاژەنەکان دانیشتوون، دوکتۆر و سێسار دانیشتوون.

پێشخواردن گێڕدراوە و لە لێوانی زێڕیندا لە بەردەم میوانەکاندا دانراوە. مۆسیقاژەنەکان بەشێک لە نێوەڕاستی ئاوازی بەڕێکردنی پرسەی (پیانۆسیمۆ)ی مێندێلسۆن دەژەنن. میوانەکان دانیشتوون و قسە لەگەڵ یەکتردا دەکەن.

**دوکتۆر**: (ڕوو لە سێسار.) جۆرە پەستییەک ئێرەی داگرتووە و پێشخواردنەکەش زوو لەبەر میوانەکاندا دانرا!

**سێسار:** بێجگە لەوەش... هەمووی چاوبەست و هەڵخەڵەتاندنە... نە زێڕی دروست کردووە و نە هیچ، هەمووی، وەک هەر شتێکی تریش، لە درۆی پەتی زیاتر نییە.

**دوکتۆر:** نازانم، بەڵام خەڵک وا دەڵێن و لەم ڕۆژگاری ڕۆشنگەرییەی ئێمەدا دەبێت چاوەڕێی هەموو شتێک بیت.

**سێسار:** پرۆفیسۆرێک لەسەر مێزی ڕێزلێنانەکە دانیشتووە و لە کەسێکی بەدەستەڵاتیش دەچێت، بەڵام پرۆفیسۆرە لە چ بابەتێکدا؟

**دوکتۆر:** نازانم، بەڵام دەبێت پرۆفیسۆری کانزاناسی و کیمیای کردەنی بێت.

**سێسار:** دەتوانیت ببینیت چ دروشم و مروشمێکی پێوەیە؟

**دوکتۆر:** نەء... نایانناسمەوە، دەبێت چەند دروشمێکی بێ نرخی بێگانە بن.

**سێسار:** چاکە... لەم جۆرە ئاهەنگانەی بۆ پەسنکردنی بروانامە ڕێک دەخرێن، ئەوانەی بانگ دەکرێن بەردەوام تێکەڵێکن لە خەڵک.

**دوکتۆر:** ئم!

**سێسار:** مەبەستت لەوەیە کە ئێمە... ڕاستە، ئێمە هێندە پۆشتە و پەرداخ نین، بەڵام هێندەی پێوەندیی بەزیرەکییەوە هەبێت....

**دوکتۆر:** گوێ بگرە سێسار، تۆ کە شێتەپەتەڕییەکی و وەک نەخۆشێک لەژێر چاودێریی مندایت، دەبێت هێندەی دەتوانیت، خۆت لە باس و خواسی زیرەکی بدزیتەوە!

**سێسار:** دەمێکە لەوە نابەجێتر و نەشیاوترم نەبیستووە! ئەی کەللەپووت نازانیت لەوەتی مێشکت تێکچووە من دانراوم بۆ ئەوەی هەردەم ئاگام لێت بێت و چاودێریت بکەم...

**پرۆفیسۆر:** (لە لێوانەکەی دەدات... بۆ ئەوەی سەرنجی میوانەکان ڕابکێشێت.) بەڕێزان!

**سێسار:** گوێ بگرە!

**پرۆفیسۆر:** بەڕێزان! لەبەرئەوەی کۆمەڵە بچکۆلەکەی ئێمە بەئامادەبوونی ئەو پیاوە گەورەیە، کە ئێمە وەک میوانی ڕێزلێگیراوی خۆمان ئاهەنگی بۆ دەگرین، ڕێزی لێ نراوە و لەبەر ئەوەش کە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان...

**سێسار:** (ڕوو لە دوکتۆر.) گوێت لێیە! مەبەستی حکوومەتە، حکوومەت!

**پرۆفیسۆر:** ... کە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان منی وەک وەرگێڕی ئەو هەست و نەستانە و ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی کە هانی



ئەو هەستانە دەدات بۆ ئەوەی لە بیر نەچنەوە، دەستنیشان کرد؛ لە سەرەتادا بەگومان بوونم ئاخۆ ئەو ئەرکە پڕ لە شانازییە بگرمە ئەستۆی خۆم یا نا. بەڵام کاتێک کە توانستی خۆمم لەگەڵ توانستی ئەوانی تردا بەراورد کرد، بۆم دەرکەوت کە هیچ لایەنێک، نە من و نە ئەوانی تریش، لە ڕاستیدا لەو بەراوردکردنەدا نادۆڕێن...

**دەنگ:** بژی!

**پرۆفیسۆر:** بەڕێزان! چاخێکی تەواو لە دۆزینەوە گەورەکان بەگەورەترینی دۆزینەوەکان، کە پیساگۆرییەکان بیریان لێ کردبووەوە و لەلایەن ئەلبێرتوس و پاراسێلسوسەوە جێی بۆ خۆش کرا و ئەنجامیش لەلایەن میوانە بەڕێزەکەمانەوە جێبەجێ کرا، کۆتایی دێت. کەواتە بەم بۆنەیەوە ڕێم بدەن کەمترین هەستی پەسن و ستایشی خۆمان بەرانبەر بەمەزنترین پیاوی ئەم چاخە گەورە و پڕ لە دۆزینەوەیەمان دەربڕم. تاجەگوڵینەی کۆمەڵەکەمان! (تاجەگوڵینەیەک لەسەر سەری نەناسراو دادەنێت.) لە کۆمیتەی بەڕێوەبردنیشەوە! (دروشمێکی درەوشاوە دەکاتە ملی نەناسراو.) بەڕێزان، نەمری و سەرفرازی بۆ گەورەترین زێڕدروستکەری گشت زێڕدروستکەران!

**هەموو:** (بێجگە لە نەناسراو.) بژی! (ئەکۆردی ئاوازی بەڕێکردنی پرسەکە لێ دەدرێت.)

(خزمەتکاران، لە کاتی بەشی دواتری قسەکاندا، لێوانە زێڕینەکانیان بەلێوانی تەنەکەی ڕەنگ تەڵخ و تاریک گۆڕیوە و

دەستیان بەهەڵگرتن و لابردنی تاوسەکان و تیتاو و شتەکانی تری سەر مێزەکان کردووە.)

(مۆسیقا بەنەرمییەوە دەژەنرێت و قسەی ئامادەبووان لەگەڵ یەکتر بەردەوامە.)

**سێسار:** خۆ تامی ئەوانەمان نەکرد و خەریکن هەڵیان دەگرن.

**دوکتۆر:** بێجگە لە باس و خواسی زێڕدروستکردنەکە، هەر هەمووی لە فێڵ و چاوبەست زیاتر هیچی تر نییە.

**نەناسراو:** (لە مێزەکەی بەردەمی دەدات.) بەڕێزان! من بەردەوام شانازیم بەوەوە کردووە کە بەهەڵەدابردن و فریودانی من ئاسان نییە و...

**سێسار:** گوێت لێیە!

**نەناسراو:** ... جۆش و خرۆشدانیشم ئاسان نییە، بەڵام ئەو ڕاستگۆییەی کە لە شاباش و ڕێزلێنانی بێ وێنەی ئێوەوە کەوتەوە، کاری تێ کردووم و هەر بەڕاستیش کاری تێ کردووم!

**سێسار:** بژیت!

**نەناسراو:** بەدڵنیاییەوە کەسانێکیش هەن گومان دەکەن و لە ژیانی هەر کەسێکیشدا ئەو کاتانە هەن کە گومان دزە دەکات و تەنانەت دەچێتە دڵی بەهێزترینیشیانەوە. دەمەوێت دانی پێدا بنێم، کە منیش گومانم کردووە، بەڵام دوای ئەوەی کە بووم بەمایەی ئەم پەسن و ڕێزلێنانە ڕاستگۆ و لە دڵەوە هەڵقووڵاوەی ئێوە و ئامادەی ئەم ئاهەنگە شایانەیش بووم، چونکە هەر بەڕاستیش ئاهەنگێکی شایانەیە و لە کۆتاییشدا کە



حکوومەت بۆ خۆی...

**دەنگێک:** کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی، نەک حکوومەت!

**نەناسراو:** کە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیش، چونکە خۆتان ئەمەتان پێ باشترە، کە کۆمیتەی بەڕێوەبەراتییەکەشتان بەجۆرێکی سەرنجڕاکێش دانی بەو شایستەییە ناچیزەی مندا ناوە، کە هەر بەتەنیا داهاتوو دەتوانێت بڕیارێکی چ باش چ خراپی لەبارەوە وەربگرێت، ئیتر چ گومان و دوودڵییەکەم نەماوە و، بگرە بە پێچەوانەوە باوەڕم هێناوە! (ئەوەی جلوبەرگە شارستانییەکەی لە بەردایە، بەدزییەوە، دەچێتە دەرەوە.) بەڕێزان! ئەمە مەزنترین و خۆشترین کاتی ژیانی منە، چونکە بەنرخترین شتێکی بۆ گەڕاندوومەتەوە کە هەر کەسێک هەیەتی... ئەویش: بڕوابوونە بەخۆت.

**سێسار:** هەر لە خۆت دەوەشێتەوە! بژی!

**نەناسراو:** سوپاس و پێزانین بۆ ئێوە! نۆش!

**پرۆفیسۆر:** (هەڵدەستێت.)

(هەموو ئامادەبووان هەڵدەستن و هەندێکیان جێ دەگۆڕن و تێکەڵ بەوانی تر دەبن. هەندێک لە مۆسیقاژەنەکان دەچنە دەرەوە و تەنیا دووانیان دەمێننەوە.)

**میوانێک:** (ڕوو لە نەناسراو.) ئێوارەیەکی تا بڵێیت خۆشە!

**نەناسراو:** زۆر خۆشە!

(گشت ئەوانەی پاڵتۆی ڕەشیان لە بەردایە بەدزییەوە دەچنە دەرەوە.)

**باوک:** (پیاوێکی پیری تەواو پۆشتەوپەرداخ کە چاوێکی شووشەیە و بەشێوەیەک کە هەر لە ئەفسەرانی سوپا دەوەشێتەوە لە دوکتۆر دەچێتە پێشەوە و سڵاوی لێ دەکات.) نابێت؟ ئەوە تۆش لێرەیت؟

**دوکتۆر:** بەڵێ، خەزووری بەڕێزم، لێرەم و لە هەر جێیەکیش ئەوی لێ بێت منیش لەوێم.

**باوک:** چیی تر درەنگە بۆ ئەوەی پێم بڵێیت: خەزوور و بێجگە لەوەش ئێستا ئیتر خەزووری ئەوم نەک تۆ.

**دوکتۆر:** دەتناسێت؟

**باوک:** نا، هێشتا ئەو شانازییەی پێ ڕەوا نەبینراوە و دەشمەوێت هەروەها بەنەناسراوی و بێ ناوونیشان بمێنمەوە. ڕاست دەکەن کە دەڵێن زێڕی دروست کردووە؟

**دوکتۆر:** وا دەڵێن، بەڵام ئەوەی جێی هیچ گومانێک نییە ئەوەیە کە لە سەروەختی منداڵبووندا ژنەکەی خۆی بەجێ هێشتووە.

**باوک:** مەبەستت لەوەیە کە هێندە نابات و زاوایەکی تریش دێت و لە بەردەممدا قووت دەبێتەوە؟ ئەمە شتێکی ناشیرینە و ئەو باری نادڵنیاییەش ناخۆشە کە هەر دەمنادەمێک ببم بەخەزووری کەسێک و بێجگە لەوەش جۆرێک لە قێزوبێزیشی تێدا دروست کردووم. بەهەرحاڵ، بەڵام بێگومان ناتوانم هیچ شتێکیش بڵێم، چونکە...

(سفرە و مۆمدانەکان هەڵگیراون، مێزەکان لە هەموو شتێک پاک کراونەتەوە و بەتەنیا دار و تەختەی ڕەقوتەقی مێزەکان دەبینرێن. جامێکی بەردین هێنراوەتە ژوورەوە و سادەترین



جۆری لێوانی بەردین لەسەر مێزی ڕێزلێنانەکە دانراون.)

**سێسار:** (بەمێزەکەی بەردەمیدا دەکێشێت. چەند شڕۆڵێک بەجلوبەرگی شڕوهوڕەوە هاتوون لەسەر مێزی ڕێزلێنانەکەی تەنیشت مێزی نەناسراو دانیشتوون. باوک لەسەر کورسییەک دانیشتووە، قاچی بڵاو کردووەتەوە و چاوی بڕیوەتە نەناسراو.) بەڕێزان! ئەم ئاهەنگە بەئاهەنگێکی شاهانە ناو براوە، لەبەر ئەوە نا کە لە پێش میوانەکاندا دانراوە و پێشکێش بەئامادەبووان کراوە، ڕێک بەپێچەوانەوە، ئەوەی لە بەردەمی میوانەکان دانرا هەر شتێک بووبێت شایانە نەبووە، بەڵام ئەو پیاوەی کە هەر نەختێک لەمەوپێش ئاهەنگمان بۆ گێڕا خۆی پاشایە، پاشایەک لە پاشاکانی دنیای بیر و بەتەنیا منیشم کە لەو دەستنیشانکردنەدا دەتوانێت ڕا و بڕیارێکی هەبێت...

یەکێک لە شڕۆڵەکان (پێ دەکەنێت.)

**سێسار:** وس بە شڕۆڵ! – بەڵام ئەو لە پاشایەکیش زیاترە، چونکە ئەو یەکێکە لەو خەڵکە، لەو خەڵکە خاکی و ئاساییە؛ چونکە ئەو هاوڕێی چەوسێنراوان، چاودێریکەری شێتوێتان و کەسێکە کە شادی و خۆشیی خستووەتە دڵی ئەو کەسانەوە بە دەبەنگ دەزانرێن و گاڵتەیان پێ دەکرێت. نامەوێت بزانم کە ئاخۆ ئەو زێڕی دروست کردووە یا نا، ئەمە هیچ گرینگییەکی بۆ من نییە و نەختێک زەحمەتیشە باوەڕی پێ بکەم... (خوتەخوت و بۆڵەبۆڵە. دوو پۆلیس دێن و لە نزیک دەرگەکەوە دادەنیشن، مۆسیقاژەنەکان دێنە خوارەوە و لەسەر مێزەکان دادەنیشن.)... بەڵام با وا دابنێین زێڕی دروست کردووە، هەر

چۆنێک بێت ئەو وەڵامی هەموو ئەو پرسانەی داوەتەوە کە ڕۆژنامەکان لەم پەنجا ساڵەی دواییدا، بێهوودە، بەدوای وەڵامەکانیاندا گەڕاون. بەڵام ئەمە هەر بەتەنیا گریمانەیەکە و هیچی تر...

**نەناسراو:** بەڕێزان!

یەکێک لە شڕۆڵەکان: قسەکانی پێ مەبڕە.

**سێسار:** تەنیا گریمانەیەکە و هیچی تر، گریمانەیەکی بەبێ هیچ بنجوبنەمایەکی ڕاستەقینە و لەوەیە شیکارییەکەش هەڵەی تێدا بێت!

**یەکێکی تر لە شڕۆڵەکان:** قسەی هیچوپووچ!

**نەناسراو:** لەوە دەچێت قسەکردن لەبارەی توانستی منەوە وەک میوانێکی ڕێزلێنراو لەم کۆبوونەوەیەدا لە بەرژەوەندیی ئەو کەسانە بێت کە تێیدا بەشدار بوون، تا ئەوە ببیستن من لەسەر چ بنەمایەک دەتوانم بە بەڵگەوە بیسەلمێنم کە...

**سێسار:** نامانەوێت ئەوە ببیستین! نامانەوێت!

**باوک:** نەختێک بوەستە! من پێم وایە کە بەرابەری و یەکسانی داوای ئەوەمان لێ دەکەن بزانین گوناهبارکراو خۆی چۆن باسی لێ دەکات. ئاخۆ میوانە ڕێزلێنراوەکەمان ناتوانێت هەر لەبەر ئەوە بەچەند وشەیەک باسێکی نهێنییەکەیمان بۆ بکات؟

**نەناسراو:** من وەک دۆزەرەوەیەک نامەوێت نهێنییەکە بدرکێنم و بێجگە لەوەش هیچ پێویستییەک لەوەدا نابینم، لە کاتێکدا ئەنجامەکەم خستووەتە بەردەستی کەسانێک کە هەم سوێندخۆر و هەم لێهاتوو و شارەزای بوارەکەن!



**سێسار:** کەواتە هەر هەمووی، سەرلەبەری، قسەی بێ سەروبەرە و ئێمە باوەڕمان بەدەستڕۆیشتوو و قسەڕۆیشتووان نییە، چونکە ئێمە بەئازادی بیر دەکەینەوە و هیچ سنوورێک بۆ بیرکردنەوە دانانێین. ئەرێ خەڵکینە قەت ڕووقایمییەکی واتان بیستووە کە ئێمە هەر بەتەنیا لەبەر خۆشباوەڕیی خۆمان بێین و ئاهەنگ بۆ هەڵخەڵەتێن و درۆزنێک، بۆ کەسێک کە پێی وایە زانیاریی لە بوارێکدا هەیە و کەچی لە ڕاستیشدا زانیاریی نییە، بگێڕین.

**باوک:** بوەستن، بەڕێزان، بوەستن!

(لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەم دیمەنەدا دیوارێکی جوانی ڕازاوە بە دارخورما و مەلی بەهەشت کە تا ئەو کاتە نەختێک لە شانۆکەی دابڕیبوو لابراوە و مێز و ڕەفەی دێز و ناشیرینی بارێک دەبینرێن و ژنی بەڕێوەبەری بارەکەش لە پشت مێزەکەوە وەستاوە و بیرە تێ دەکات. گەجەر و گەنگەخۆران و ژنانی جلوبەرگدڕاو و شڕۆڵ بەرەو مێزەکە دەڕۆن و دەخۆنەوە.)

**نەناسراو:** بۆ ئەوە منتان بۆ ئێرە بانگ کردووە گاڵتەم پێ بکەن؟

**باوک:** نا خوا نەکات! ئەم هاوڕێیەم نەختێک دەمەوەرە، بەڵام هیچ شتێکی نەوتووە ببێت بەمایەی گاڵتەپێکردن.

**نەناسراو:** ئەی ئەوە گاڵتەپێکردن نییە بەکەسێک کە زانیاریی لە بوارێکدا هەبێت بڵێیت نەزان!

**باوک:** مەبەستی ئەوە نەبوو.

**نەناسراو:** بەلای منەوە تەنانەت ئەگەر بەگاڵتەش بەکەسێک بوترێت هەڵخەڵەتێن ئەوپەڕی سووکایەتیپێکردنە.

**باوک:** ئەو وشەیەی بەکار نەهێنا.

**نەناسراو:** چی؟ دە من داوا لە ئامادەبووان دەکەم: نەیوت هەڵخەڵەتێن؟

هەموو پێکەوە: نەخێر!

**نەناسـراو:** دە کـەواتە نازانم سـەرم لێ شـێواوە و نازانم تووشم بووە بەتووشی کێوە.

**شرۆڵێک**: چییە سەروچاوی ئێمەت بەدڵ نییە! (غەڵبەغەڵب.)

**سواڵکەر:** (بەدارشـەقەوە دێتە پێشـەوە و دارشـەقەکەی بەمێزەکەدا دەکێشێت و چەند لێوانێک دەشکێت.) سـەرۆک! قسـەم هەیە! (بەدارشـەقەکەی چەند لێوانێکی تریش دەشکێنێت.) بەڕێزان، من لە ژیانمدا ڕێم نەداوە بەئاسـانی هەڵبـخـەڵەتێنرێم، بەڵام ئەمجـارەیان هەڵخـەڵەتێنرام. ئەو هاوڕێیـەم، ئەوەی لـەسـەر ئەو کورسییە دانیشتووە، وەکو بڵێیت بەشێوەیەک خستمیە سەر ئەو باوەڕەی کــــە من بەتـەواوی ســــەبارەت بەتوانای ئەو لە هەڵسـەنگاندن و عـەقڵی سـەلیمی فریودراوم و هەست دەکەم کـاری تێ کـردووم. بەڵام دیارە بەزەیی سنووری خـۆی هـەیە و دڵڕەقیش هەروەها. ڕاستییەکەی لەبەر دڵی من گرانە ببینم توانا و لێوەشاوەیی کەسێک لە قوڕ بگیرێت و ئەم پیاوەش شایانی چارەنووسێکی باشترە لەوەی کە لە گەوجێتیی خۆیەوە دووچاری بووە.

**نەناسراو:** مەبەستت چییە؟

(باوک و دوکتۆر، لە کاتی بەڕێوەچوونی دیمەنەکەی پێشوودا، بەبێ ئەوەی کـەس هەسـتی پێ بکات، چوونەتە دەرەوە. ئێسـتا تەنیا شرۆڵەکان لەسەر مێزی ڕێزلێنانەکە ماونەتەوە و ئەوانەش کە دەخۆنەوە گرۆ گرۆ لە دەوری نەناسراو کۆ بوونەتەوە.)



**سـواڵکەر:** تۆ بـەوەی کـە خـۆت بە تاکـەپیـاوی ئەم چاخـە دەزانیت و بانگهێشتنێک لە (کۆمەڵەی مەیخۆران)ەوە قەبووڵ دەکەیت تا وەک زانیارێک ئاهەنگت بۆ بگێڕن...

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت.) بەڵام کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی...

**سواڵکەر:** ڕاست دەکـەیت... کـۆمیـتـەی بەڕێوەبەرایەتیی کـۆمـەڵەی مەیخۆران بەرزترین خـەڵاتی خۆی پێ دایت – ئەویش ئەوەیە کە دەبێت خۆت پارەی حیسابی خۆت بدەیت...

**نەناسراو:** ئەی پرۆفیسۆرەکە؟

**سـواڵکەر:** ئەو خـۆی بەخـۆی دەڵێت پرۆفیسـۆر، بەڵام بەهیچ جـۆرێک پرۆفیسـۆر نییـە. بێگومان ئەو دەرس دەڵێتەوە و ئەو جلوبەرگە ڕەسمییەش کە لە هەموو شتێکی تر زیاتر چاوی بەستوویت، جلوبەرگی خزمەتکارێکی بەڕێوەبەرایەتیی کۆشکی شاهانە بوو.

**نەناسراو:** (پەت و قردێلە و تاجەگوڵینەکەی لە خۆی دادەڕێت.) ئەمیان بەجێی خۆی! بەڵام ئەو پیاوە پیرە چاوشووشەیە کێ بوو؟

**سواڵکەر:** خەزوورت!

**نەناسراو:** کێ ئەم گاڵتەیەی ڕێک خستووە؟

**سواڵکەر:** ئەمە گاڵتە نییە و ئەوپەڕی ڕاستییە. پرۆفیسۆریش لەسەر داوای کۆمەڵ، چونکە ئەوان بەخۆیان دەڵێن کۆمەڵ، هات و لێی پرسیت ئاخۆ ئاهەنگگێڕانەکە پەسند دەکەیت یا نا و تۆش پەسندت کرد و ئیتر بوو بەشتێکی ڕاست، نەک گاڵتە!

(دوو ژنی جلوبەرگ شڕوپڕ و پیسوپۆخڵ ئەمسەر و ئەوسەری

دارێکیان لەسەر شان هەڵگرتووە کە تەنەکە خۆڵێکی پێوە هەڵواسراوە و تەنەکە خۆڵەکە لەسەر مێزی ڕێزلێنانەکە دادەنێن.)

**ژنی یەکەم:** ئەمەیە زێڕ دروست دەکات، کەواتە پێکێکمان بۆ داوا بکە.

**نەناسراو:** ئەمە چییە؟

**سواڵکەر:** ئەمە دوا پێشوازییە بەو مانایەی کە: زێڕ لە... خۆڵ و خاشاک زیاتر نییە!

**نەناسراو:** خۆ ئەگەر ئەوە ڕاست بووایە، دەمانتوانی خۆڵ و خاشاک بەزێڕ بگۆڕینەوە.

**سواڵکەر:** ئەمە هەر فەلسەفەی ئەوانەیە کە دەخۆنەوە و تۆش ڕوو لە هەر کوێیەک بکەیت لەگەڵ خۆتدا دەیبەیت.

ژنی دووەم (لەلای نەناسراوەوە دادەنیشێت.) نامناسیتەوە؟

**نەناسراو:** نەخێر!

**ژنی دووەم:** با دەمناسیتەوە: بەم شەوە درەنگە پێویست ناکات تەریق ببیتەوە!

**نەناسراو:** کەواتە لە یەکێک لە قوربانییەکانم دەچیت! منیش یەکێکم لەو یەکەم سەدان کەسەی فریوت داون و گومڕێت کردوون.

**ژنی دووەم:** نابێت مەبەستت ئەوە بێت. بەڵام جارێک نووسراوێکی چاپکراوم کەوتە دەست، ڕێک لە کاتی تەعمیددا و لەوێدا نووسرابوو کە ئەرکی کەسەکیی هەر یەکێکە کە ڕێ بۆ غەریزەکانی بەرەڵا بکات تا خونچە بکەن و بکرێنەوە. کەواتە... من بەسەربەستی گەورە بووم، وەک گوڵ کرامەوە و ئەمەش



بەرهەمی پێگەیشتن و گەورەبوونی کەسایەتییەکەمە.

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت.) ڕەنگە بڕۆم باشتر بێت!

**ژنی بەڕێوەبەری بارەکە:** (حیسابەتەکەی بۆ ڕادەگرێت.) بۆ نا... بەڵام لە پێشدا دەبێت حیسابەکە بدرێت.

**نەناسراو:** من بیدەم؟ من هیچ شتێکم داوا نەکردووە!

**ژنی بەڕێوەبەری بارەکە:** من نازانم، بەڵام بەڕێزتان دواترین کەس بوویت لە ئامادەبووان کە لە خواردن بوویتەوە.

**نەناسراو:** (ڕوو لە سواڵکەر.) ئەمەش هەر سەر بە پێشوازیلێکردنەکەیە؟

**سواڵکەر:** ئا! وەک خۆشتان دەزانن هەموو شتێک بە پارەیە، تەنانەت ئابڕووش...

**نەناسراو:** (کارتێکی کەسەکیی خۆی دەردەهێنێت و بەجێ دەهێڵێت.) ئەوە کارتەکەمە، بەیانیش پارەی حیسابەکە دەدەم!

**ژنی بەڕێوەبەری بارەکە:** (کارتەکە فڕێ دەداتە تەنەکەی خۆڵەکەوە.) ئەو ناوە ناناسم و پێشتریش زۆر کارتی لەو جۆرەم خستووەتە ناو تەنەکەی خۆڵەوە و پارەش هەر ئێستا دەمەوێت.

**سواڵکەر:** گوێ بگرە خاتوونەکەم، من بەرپرسیی ئەوە هەڵدەگرم کە ئەم پیاوە پارەکە دەدات...

**ژنی بەڕێوەبەری بارەکە:** کەواتە دەشوێرن فێڵم لەگەڵدا بکەن. پۆلیس!

**پۆلیس:** چییە؟ لەوە دەچێت پارەی حیساباتەکە بێت. دوام بکەوە بۆ پۆلیسخانە، با لەوێ چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە. (شت لە دەفتەرەکەیدا دەنووسێت.)

**نەناسراو:** ئەوە باشترە لەوەی لێرە بمێنمەوە و قڕەقڕە بکەین... (ڕوو لە سواڵکەر.) هیچ دژی گاڵتەکردن نیم، بەڵام هەرگیز چاوەڕێی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی ناخۆشی وەک ئەوە نەبووم.

**سواڵکەر:** کە تووش دەبێت بەتووشی کەسانی بەدەسەڵاتی وەک بەڕێزتانەوە، دەبێت چاوەڕێی هەموو شتێک بین! ئێستاش بەچرپە پێت دەڵێم: ئامادەی لەوەش خراپتر، ئامادەی خراپترین شتیش بە!

**نەناسراو:** سەیرە کە ئەوە لە من وەشایەوە و ئاوها خۆم کرد بەگاڵتەچی...

**سواڵکەر:** ئاهەنگەکانی (باڵتازار) هەموو کات هەر بەوە کۆتاییان دێت کە دەستێک درێژ دەبێت و حیساباتێک دەنووسێت و دەستێکی تریش دەخرێتە سەر شانی میوان و بەرەو پۆلیسخانە ڕای دەکێشێت! بەڵام دەبێت لە شێوەیەکی شاهانەدا بێت!

**پۆلیس:** (دەست دەخاتە سەر شانی نەناسراو.) قسەتان بڕایەوە!

**ژن و شڕۆڵەکان پێکەوە:** زێڕدروستکەر! زێڕدروستکەر ناتوانێت حیسابەکەی خۆی بدات! بژی! دەخرێتە زیندانەوە! دەخرێتە زیندانەوە!

**ژنی دووەم:** بەڵام گوناهە!

**نەناسراو:** بەزەییت پێمدا دێتەوە! سوپاس، ئەگەرچی بەتەواوی شایانیش نیم! بەزەییت پێمدا دێتەوە!

**ژنی دووەم:** ئەمەش هەر لە خۆتەوە فێر بووم!



سەرشانۆ تاریک دەبێت: دیکۆرەکان کە بریتین لە: دیمەنی دەشتودەر، کۆشک و تەلار، ژوور، لە بانی شانۆوە بەرەو سەرشانۆ شۆڕ دەکرێنەوە و دەهێنرێنە پێشەوەی شانۆ، هاوکاتیش مۆبیلە و کەسەکان ون دەبن و لە دوای هەموشیانەوە نەناسراو وەک ئەوەی گۆت بووبێت و لەسەر خۆی نەبێت، بەڵام لە دواییدا ئەویش دیار نامێنێت و دیکۆرەکان ژوورێکی زیندان دروست دەکەن.

زیندان

دەرگەیەک لە دەستەڕاستەوە، بەسەر دەرگەکەوە دەلاقەیەکی شیشبەندکراو و لەوێوە تاڵێک تیشکی خۆر لە دیواری دەستەچەپ دەدات و پەڵەیەک ڕووناکی لەسەر خاچێکی گەورەی هەڵواسراو بەدیوارەکەوە دروست دەکات.

نەناسراو؛ لەلای مێزەکەوە دانیشتووە، شەپقەیەک و پاڵتۆ قاوەییەکەی لە بەردایە و سەرنج لە پەڵە ڕووناکییەکە دەدات.

دەرگەکە دەکرێتەوە و سواڵکەر دێتە ژوورەوە.

**سواڵکەر:** بیر لە چی دەکەیتەوە؟

**نەناسراو:** بیر لەوە دەکەمەوە بۆ لێرە دانیشتووم، هەروەها لەوەی دوێنێ ئێوارە لە کوێ بووم؟

**سواڵکەر:** چۆن بیر دەکەیتەوە؟

**نەناسراو:** یا لە دۆزەخ بووم یا هەموویم لە خەودا بینیوە.

**سواڵکەر:** دە چاوەکانت بکەوە، چونکە ئێستا خەو نییە و ئەوەی بەڕێوەیە واقیعە.

**نەناسراو:** بەردەوام بە، من بەتەنیا هەر لە خێو دەترسم.

**سواڵکەر:** (ڕۆژنامەیەک دەردەهێنێت.) پێش هەر شتێک نووسراوە: دەستەڵاتی باڵا لە بەڵگەنامەی زێرڕدروستکردنەکەت پاشگەز بووەتەوە، هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە هەڵت خەڵەتاندووە. بەرەنجامیش: ڕۆژنامەکە بەدرۆزن و کەسێک ناوی بردوویت کە بانگەشەی ئەوەی کردووە زانیاریی لە بابەتێکدا هەیە و کەچی لە ڕاستیشدا هیچ زانیارییەکی تێیدا نییە.

**نەناسراو:** خوا هاوار! شەڕ لەگەڵ کێدا دەکەم؟

**سواڵکەر:** لەگەڵ ناهەمواری و گیروگرفتدا... وەک هەر کەسێکی تر!

**نەناسراو:** نا... ئەمەیان شتێکی ترە...

**سواڵکەر:** کەواتە شەڕ لەگەڵ خۆشباوەڕیی خۆتدا دەکەیت!

**نەناسراو:** نا... من خۆشباوەڕ نیم و دەشزانم لەسەر هەقم!

**سواڵکەر:** جا چ یارمەتییەکت دەدات، کە کەسێکی تر ئەمە نازانێت!

**نەناسراو:** هەر ئەوەندە لێرە بکرێمە دەرەوە، چارەیەک دەدۆزمەوە!

**سواڵکەر:** دوای ئەوەی حێسابەکە دراوە، هیچ داوایەکت لەسەر نەماوە...

**نەناسراو:** کێ حێسابەکەی داوە؟

**سواڵکەر:** لەوانەیە یا کۆمەڵەکە یا حکوومەتی مەیخۆران!

**نەناسراو:** کەواتە دەتوانم بڕۆم!

**سواڵکەر:** دەتوانیت، بەڵام شتێکی تریش...

**نەناسراو:** چییە!



**سواڵکەر:** بەڵام پیاوێکی ڕۆشنبیر نابێت ڕێ بدات فریو بدرێت...

**نەناسراو:** هەست دەکەم...

**سواڵکەر:** ڕاگەیاندنەکە لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاو کراوەتەوە.

**نەناسراو:** کەواتە: شووی کردووەتەوە و منداڵەکانیشم تووشیان بووە بەتووشی باوەپیارەوە، شووی بە کێ کردووە؟

**سواڵکەر:** هەر کەسێک بێت با ببێت، بەڵام مەیکوژە، چونکە ئەو هیچ گوناهێکی نەکردووە لەوەدا کە ژنێکی بەجێهێڵراوی هەڵگرتووەتەوە.

**نەناسراو:** منداڵەکانم! خوا هاوار! منداڵەکانم!

**سواڵکەر:** وا هەست دەکەم پێشبینیی ئەوەت نەکردبوو، بەڵام بۆ دەبێت تۆ کە هێندە پیر بوویت و هێندەش ڕۆشنبیر! ئاگایەکت لە خۆت نەبێت!

**نەناسراو:** (ئاگای لە خۆی نەماوە.) خوا هاوار! منداڵەکانم!

**سواڵکەر:** پیاوی ڕۆشنبیر ناگری! بەڵام کوڕەکەم گوێ بگرە: لەم جۆرە کارەساتانەدا خەڵک... یا... خۆت بێڵێ!

**نەناسراو:** خۆیان دەکوژن!

**سواڵکەر:** یا؟

**نەناسراو:** نا... ئەویان نا!

**سواڵکەر:** با کوڕە شیرینەکەم... ڕێک ئەویان! وەک تاقیکردنەوەیەک لەنگەرێک هەڵدە!

**نەناسراو:** یارمەتیی نادات! یارمەتیی نادات!

**سواڵکەر:** وایە! بەهیچ جۆرێک یارمەتیت نادات! تۆش پێویستت بەوەیە

تەمەنێکی تر تێ هەڵچیتەوە بۆ ئەوەی لە ناڕەسەنی و ناپەسندییەکانی خۆت بگەیت.

**نەناسراو:** تەریق نابیتەوە!

**سواڵکەر:** ئەی تۆ؟

**نەناسراو:** چارەنووسی هیچ کەسێکی ترت بینیوە لە چارەنووسی من بچێت؟

**سواڵکەر:** سەیری چارەنووسی من بکە!

**نەناسراو:** چارەنووسی تۆ ناناسم.

**سواڵکەر:** هەرگیز بەبیریشتدا نەهاتووە بەدرێژاییی یەکترناسینمان لەبارەی کێشە و پێوەندییەکانی منەوە بپرسیت. جارێک لە جاران بەرپەرچی ئەو هاوڕێتییەت دایەوە کە من ئامادە بووم پێت بدەم و بە پشتدا کەوتیتە ناو دەستی مەیخۆر و بەدمەستانەوە. بەهیوای ئەوەی خێری لێ ببینیت. ئێستا ماڵئاوا تا بەیەکتر دەگەینەوە.

**نەناسراو:** مەڕۆ!

**سواڵکەر:** ڕەنگە بتەوێت کەسێکت لەگەڵدا بێت کە لێرە دەچیتە دەرەوە؟

**نەناسراو:** بۆ نا؟

**سواڵکەر:** لەوە دەچێت پێت وا نەبووبێت کە من ئامادە نیم هاوڕێ لەگەڵ تۆدا هەنگاوێک بنێم!

**نەناسراو:** نا... بەڵام بۆ نا؟

**سواڵکەر:** وایە ئیتر... لەو باوەڕەدایت من بمەوێت خۆم تووشی ئەو



گومانەش بکەم کە گوایا لەو ئاهەنگە بووم بۆ ڕێزلێنان لە زێڕدروستکەرە نەمرەکە گێڕدراوە، ئەو ئاهەنگەی لە ڕۆژنامەی بەیانییاندا لەسەری نووسراوە؟

**نەناسراو:** نایەوێت لەگەڵ مندا ببینرێت؟

**سواڵکەر:** تەنانەت سواڵکەریش لووتبەرزیی خۆی هەیە و لە گاڵتەپێکردن دەترسێت.

**نەناسراو:** نایەوێت لەگەڵ مندا ببینرێت؟ هێندەش هیچوپووچم؟

**سواڵکەر:** دەبێت ئەمە لە خۆت بپرسێت و هەر خۆشت وەڵامی بدەیتەوە!

(لاواندنەوەیەکی خەمناک لە دوورەوە دەبیسترێت.)

**نەناسراو:** ئەوە چییە؟

**سواڵکەر:** لاواندنەوەی دایکێکە بە دیار منداڵی سەربێشکەکەیەوە.

**نەناسراو:** بۆ دەبێت لە ئێستادا ئەوە بەبیر مندا بهێنرێتەوە؟

**سواڵکەر:** دوور نییە لەبەر ئەوە بێت بەتەواوی هەستی پێ بکەیت، کە چیت لە پێناوی (سەکسار)ێکدا بەجێ هێشتووە.

**نەناسراو:** بڵێیت من بەهەڵەدا چووبم، لە کاتێکدا کە ئەمە کاری شەیتانە و منیش دەبێت چەکەکەم دابنێم.

**سواڵکەر:** چەند زووتریش داینێیت، هێند باشتر!

**نەناسراو:** نا... هێشتا نا! (دەنگی نزاکردنێک لە دوورەوە دەبیسترێت.) ئەی ئەمە چییە؟ (ئاوازی کەڕەنایەک دەبیسترێت.) ئەوە ڕاوکەرە نەناسراوەکەیە! (ئەکۆردی ئاوازی بەرێکردنی پرسەیەک دەبیسترێت.) لە کوێم؟ (وەک ئەوەی

خەوی لێ خرابێت، لە جێی خۆی ڕادەوەستێت.)

**سواڵکەر:** یا سەرت دانەوێنە، یا بمرە!

**نەناسراو:** ناتوانم سەر دانەوێنم!

**سواڵکەر:** کەواتە بمرە!

نەناسراو (لە جێی خۆی دەکەوێت.)

(دوای ئەوە بەهەمان شێوەی پێشوو دیکۆرەکان دەگۆڕدرێن.)

### ژوورە سوورەکە

هەمان دیکۆری بەشی دووەم. خوشکانی میهرەبانی لەسەر چۆک دانیشتوون و کتێبی نزا و پاڕانەوە دەخوێننەوە...

ئێکسولێس فیلییی ئێڤێ، ئاد تێ سوسپیراموس گێمێتێس ئێت فلێنتێس ئین هاک لاکریوماروم ڤەلە.

دایک لەلای دەرگەی بەشی پشتەوەی شانۆوە ڕاوەستاوە.

باوک لەلای ئەو دەرگەیەوە کە دەکەوێتە دەستەڕاستەوە.

**دایک:** (لێی نزیک دەبێتەوە.) هاتیتەوە؟

**باوک:** (بێفیزانە.) ئا!

**دایک:** کەواتە خۆشەویستەکەت بەجێی هێشتوویت؟

**باوک:** هێندە دڵڕەق مەبە!

**دایک:** هێشتا تۆ ئەوە دەڵێیت کە هەموو دیارییەکانی بووکێنی منت برد بۆ دۆستەکەت، تۆ کە هێندە بێ ئابڕوو بوویت ئەوەت لە من دەخواست دیاری بۆ قەحبەکەت هەڵبژێرم و دەتویست من فێری ڕەنگ و جلبڕینی بکەم... چیت دەوێت؟

**باوک:** بیستم کە کچەکەم...



**دایک:** کچەکەت نیوەمردوو لەوێدا لێی کەوتووە و خۆشت دەزانیت بەرانبەر بە تۆ لە دژایەتی زیاتر هەست بەهیچی تر ناکات. لەبەر ئەوە داوات لێ دەکەم بڕۆیت، پێش ئەوەی هەست بکات لێرەیت.

**باوک:** ڕاست دەکەیت، منیش هیچ وەڵامێکم نییە. بەڵام با نەختێک لە موبەقەکە دانیشم، چونکە زۆر ماندووم، زۆر!

**دایک:** دوێنێ شەو لە کوێ بوویت؟

**باوک:** لە یانە بووم. بەڵام با من لێت بپرسم: مێردەکەی لێرە نییە؟

**دایک:** دەتەوێت لێرەدا بوەستم و باسی هەموو کڵۆڵییەکەت بۆ بکەم؟ هەست بەچارەنووسی پڕ لە دەردەسەریی کچەکەت ناکەیت؟

**باوک:** با... هەستی پێ دەکەم و... پیاوێکی وا، پیاوێکی وا...

**دایک:** پیاوێکی وا! بڕۆ خوارەوە و بنوو تا خەیاڵییەکەت بەرت دەدات...

**باوک:** کاری خراپی باوکەکان...

**دایک:** دەیبزڕکێنیت...

**باوک:** بێگومان مەبەستم لە کارە خراپەکانی خۆم نییە، بگرە مەبەستم کاری خراپی دایک و باوکانمانە... دەڵێن کە زەریاچەکەی سەرەوە بەر دەدرێتەوە و ئاوی ڕووبارەکەش هەڵدەستێت...

**دایک:** (بەپاڵ لە دەرگەکەوە دەیکاتە دەرەوە.) بێدەنگ بە! بێ ئەوەی تۆش بانگی بکەیت، بەدبەختی لە کاتی خۆیدا دێت و بەرۆکمان دەگرێت.

**کارەکەر:** (لە بەشی پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە.) خاتوون داوای پیاوەکەی دەکات.

**دایک:** داوای مێردەکەی دەکات!

**کارەکەر:** پیاوی ماڵ! مێردەکەی!

**دایک:** نەختێک لەمەوپێش چووە دەرەوە.

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە.) منداڵەکە لەدایک بووە؟

**دایک:** نا، هێشتا!

**نەناسراو:** (دەست دەخاتە سەر ناوچەوانی.) ئەمە چییە؟ – ئەوەندەی دەوێت؟

**دایک:** ئەوەندەی دەوێت! مەبەستت چییە؟

**نەناسراو:** (سەیری دەوروبەری خۆی دەکات.) نازانم مەبەستم چییە! بەڵام.... ئەی خۆی چۆنە؟

**دایک:** هیچ نەگۆڕاوە، وەک نەختێک لەمەوپێش!

**نەناسراو:** نەختێک لەمەوپێش!

**دایک:** ناتەوێت بچیتەوە بۆ لای زێڕدروستکەرەکەت؟

**نەناسراو:** سەرم لێی دەرناچێت! بەڵام هێشتا بەهیوای ئەوەم کە ناخۆشترین خەون... تەنیا خەونێک بووبێت و هیچی تر.

**دایک:** لە ڕاستیشدا لەوە دەچێت هیشتا خەو بەری نەدابێت!

**نەناسراو:** لەوە دەچێت؟ خۆزگە وا بووایە! تەنیا شتێک کە لێی دەترسام چیی تر لێی ناترسم.

**دایک:** پێ دەچێت ئەوەی چارەنووستی بەدەستە بزانێت شوێنە لاوازەکانت کوێن!

**نەناسراو:** پاش هەموو شتێک، کە تەنیا یەک شوێنم مابووەوە، ئەویشی دۆزییەوە، بەڵام لە بەختی من لە خەوندا! هێزە



کوێرەکان! هێزە بێهێزەکان!

**کارەکەر:** (دێتەوە ژوورەوە.) خاتوون داوای خزمەتێکت لێ دەکات!

**نەناسراو:** وەک مارماسییەکی کارەبایی لێی کەوتووە و لەو دوورەوە تەزووەکانی دەنێرێت! چ خزمەتێک؟

**کارەکەر:** کاخەزێک لە گیرفانی چاکەتە سەوزەکەیدایە.

**نەناسراو:** خوا لە بەڵای ناگەهان لامان بات! لەوێوە چاوەڕێی هیچ شتێکی باش ناکرێت! (کاخەزێک لە گیرفانی چاکەتە سەوزەکە دەردەهێنێت.) خەریکە دڵم دەوەستێت! من ئەمەم پێشتر بەخەو دیوە، کەچی ئێستا لە ڕاستیدا دەیبینم! منداڵەکانم تووشیان بووە بەتووشی باوەپیارەوە.

**دایک:** خەتا خەتای کێیە؟

**نەناسراو:** خەتای من! ڕاستییەکەی خەتای هیچ کەسێک نییە! منداڵەکانم لە دەست چوون!

**دایک:** ئەوەتا منداڵێکی ترت دەبێت!

**نەناسراو:** ئەی ئەگەر خراپ بوو لەگەڵیان!

**دایک:** ئەوسا ئازارەکانی ئەوانیش دێتە سەر ویژدانت، ئەگەر ویژدانت هەبێت.

**نەناسراو:** ئەی ئەگەر... لێیان بدات!

**دایک:** دەزانیت من بوومایە لە بریی تۆ چیم دەکرد؟

**نەناسراو:** ئا... دەزانم چیت دەکرد، بەڵام من نازانم چی بکەم!

**دایک:** (ڕوو لە خوشکەکانی میهرەبانی.) بۆ ئەم پیاوە بپاڕێنەوە!

**نەناسراو:** نا... نا... ئەوە نا! ئەوە نا، چونکە باوەڕم پێی نییە و هیچ

یارمەتییەکیش نادات!

**دایک:** بەڵام باوەڕت بەزێڕەکەت هەیە؟

**نەناسراو:** بەویش نا! تەواو، هەموو شتێک تەواو.

**دایەن:** (لە بەشی پشتــەوە دێتــە ژوورەوە.) منداڵێک لەدایک بوو! ستایشی خوا بکەن!

**دایک و خوشکانی میهرەبانی پێکەوە:** سوپاس بۆ خوا! ستایش بۆ خوا!

**دایەن:** (ڕوو لە نەناسراو.) کچێکت بوو!

**دایک:** (ڕوو لە نەناسراو.) ناتەوێت منداڵەکەت ببینیت؟

**نەناسراو:** نا! چیی تر نامەوێت خۆم بەهیچ شتێکی زەوییەوە ببەستمەوە. لەوە دەترسم خۆشم بوێت و ئێوەش دڵم دەربهێنن و بیبەن. با بەناو ئەم هەوایەدا کە هێشتا پیس نەبووە بڕۆم و با ئەو منداڵە بێ گوناهەش لێم نزیک نەکەوێتەوە، چونکە من بوونەوەرێکی شوێنەون و نەفرەتلێکراوم و دەرهەق بەمن هیچ خۆشی و شادییەک، هیچ ئاسوودەییەک، هیچ بەزەییەک، لە ژیاندا نەماوە!

**دایک:** کوڕم، ئێستا ژیرانە دەدوێیت! بێ بەدکاری و بێ هەڵخەڵەتاندن، بڕیارەکەتم بەدڵە. تۆ ئیتر لێرە زیادەیت و ئەگەر بمێنیتەوە ژنان سەرت دەخۆن. بڕۆ... ئاسوودە بیت و خوات لەگەڵ!

**نەناسراو:** ئاسوودەیی کە نەماوە، بەڵام دەڕۆم، خوات لەگەڵ!

**دایک:** ئێسولێس فیلیی ئێڤە، هەموو کات گەڕۆک و شوێنەون بێیت و بچیت.

**نەناسراو:** چونکە براکەی خۆمم کوشت!



## بەشی چوارەم

مەیخانە

هۆڵێکی خواردنەوە لەو شوێنەی کە ئاهەنگەکەی بەشی سێیەمی تێدا کرا. بەڵام پیسوپۆخڵ، مێز و کورسییەکان لە تەختەی بۆیەنەکراون. سواڵکەر و چەند گەجەروگوجەرێک و چەند ژنێکی داوێنتەڕ و چەند گێڕ و ئیفلیجێک لێرە و لەوێ بە دیار مۆمەوە دانیشتوون و دەخۆنەوە.

نەناسراو و ژنی دووەم لە لێوانێکی پڕ لە مەی کە لە بەردەمیاندا دانراوە دەخۆنەوە.

نەناسراو (زوو تێی دەکاتەوە و دەخواتەوە.)

**ژن:** ئەوەندە مەخۆوە!

**نەناسراو:** چییە! گوێ بە قسەوقسەلۆکیش دەدەیت!

**ژن:** نا... بەڵام ناتوانم پیاوێک کە ڕێزی لێ دەگرم ببینم خۆی سووک بکات.

**نەناسراو:** من ڕێک بۆ ئەوە هاتووم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی خۆم سووک بکەم، بۆ ئەوەی خۆم لە قوڕ و چڵپاو هەڵکێشم، قوڕ و چڵپاوێک کە پێست بەرانبەر بە دەرزیئاژنینەکانی ژیان ڕەق دەکات، بۆ ئەوە هاتووم پشتگیرییەکی نائەخلاقی لەو خەڵکەوە بۆ خۆم بەدەست بهێنم و هاوڕێیەتیی تۆشم بۆیە هەڵبژارد چونکە تۆ لە هەموو کەسێک زیاتر مایەی ڕق و کینەیت، ئەگەرچی هێشتا

بریسکێک لە ئینسانیەتت تێدا ماوە. تۆ بەزەییت بەمندا هاتەوە، لە کاتێکدا هیچ کەسێکی تر، تەنانەت خۆشم، بەزەییم بەخۆمدا نەدەهاتەوە! بۆ؟

**ژن:** ڕاستییەکەی... نازانم بۆ!

**نەناسراو:** بەڵام دەزانیت جاروبار جوان دێیتە بەرچاوم!

**ژن:** گوێی لێ بگرن!

**نەناسراو:** با جوانیت... ئەو کاتانەش کەسێکم دێنیتەوە یاد کە خۆشم دەویست.

**ژن:** سوپاس!

**ژنە مەیگێڕ:** هێندە بەبەرزی قسە مەکەن، نەخۆشێک لە ژوورەوە کەوتووە!

**نەناسراو:** پێم بڵێ، قەت کەسێکت خۆش ویستووە؟

**ژن:** ئێمە ئەو وشەیە بەکار ناهێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێ دەگەم مەبەستت چییە... ئا، دۆستێکم هەبوو و منداڵێکیشمان هەبوو.

**نەناسراو:** سەیرە!

**ژن:** بۆ منیش هەر سەیر بوو، بەڵام ئەو وتی ئێستر سەردەمی خۆڕزگارکردن، سەردەمی پچڕان و داماڵینی هەموو ئەو پێبەندانەن لە پێمان کراون و سەردەمی ڕاماڵینی هەموو ئەو لەمپەرانەن کە لەسەر ڕێمان دانراون و...

**نەناسراو:** (ناڕەحەتە.) ئەی دوایی...

**ژن:** دوایی بەجێی هێشتم.

**نەناسراو:** کەواتە خوێڕی دەرچوو! (دەخواتەوە.)



**ژن:** (لێی ورد دەبێتەوە.) وا بیر دەکەیتەوە؟

**نەناسراو:** بێگومان!

**ژن:** زۆر ڕەقیت!

**نەناسراو:** (دەخواتەوە.) ڕەقم؟

**ژن:** ئەوەندە مەخۆوە، دەمەوێت بەبەرزییەوە بتبینم، زۆر بەرزتر لە خۆم، ئەگەرنا ناتوانیت هەڵم بگرێت و بەرزم بکەیتەوە.

**نەناسراو:** چەند منداڵیت! خەیاڵیشت چەند خاوە! من بەرزت بکەمەوە! من! کە خۆم لە خوارەوەم. نا، ئەوە من نیم و ئەوەش کە لێرە دانیشتووە من نیم، چونکە من مردووم، دەزانم کە ڕۆحم لە جێیەکی ترە، جێیەکی دوور، دوور، زۆر دوور لێرەوە... (چاوی لە بەردەمی خۆی بڕیوە و بیر و خەیاڵی بڵاون.).. لەوێ کە ئاوێکی گەورە، وەک زێڕی تواوەی بەر تیشکی خۆر، لە بەری دەڕوات و لەوێ کە گوڵەباخان لە پاڵ مێوی بڵاوەبوو بەسەر دیوارێکەوە دەکرێنەوە، لەوێ کە بێشکەیەکی سپی لەژێر دارئەکاسییەکدا دانراوە، بەڵام منداڵەکەی ناوی نووستووە، چونکە دایکی لە تەنیشتیەوە دانیشتووە و بەقولاپ دەچنێت، ڕشتەیەکی دوور و درێژ دەچنێت و ڕشتەکە لە دەمیەوە شۆڕ بووەتەوە و لە سەری نووسراوە: "خوا لە دڵتەنگان دەبوورێت، چونکە دڵنەوا و دڵخۆشیان دەکات!" بەڵام ڕاستییەکی ئاوها نییە و! ئێستا بۆم نایەتە سەر زمان!... ئەرێ لە دەرەوە هەورەبرووسکە نییە! هەوا چەند داخراو و چەند گەرم و خنکێنەرە...

**ژن:** (لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات.) نا... هەوری پێوە نییە...

**نەناسراو:** سەیرە... کەچی ئەوەتا برووسکە دەدات...

**ژن:** بە هەڵەدا چوویت!

**نەناسراو:** یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج... هەر ئێستا لە شریخە دەدات! بەڵام نا! من قەت پێش ئەمڕۆ لە هەورەبرووسکە نەترساوم، مەبەستم پێش ئەمشەوە... ئەرێ بەڕاست ئێستا ڕۆژە یا شەو؟

**ژن:** شەوە خۆشەویست شەو!

**نەناسراو:** ڕاستە شەوە، شەو!

**دوکتۆر:** (بەدەم ئەم قسانەوە هاتووەتە ژوورەوە و لە پشت نەناسراوە، بەبێ ئەوەی ئەم بینیبێتی، دانیشتووە.)

**ژنی مەیگێڕ:** دەنگ هەڵمەبڕن، نەخۆشێک لە ژوورەوە کەوتووە!

**نەناسراو:** (ڕوو لە ژنەکە.) بێنە دەستت!

**ژن:** (بە بەرکۆشەکەی دەیسڕێت.) بۆ؟

**نەناسراو:** دەستت سپی و جوانە. بەڵام... سەیری دەستی من بکە، دەبینیت بەتەواوی ڕەش داگەڕاوە! نابینیت ڕەشە!

**ژن:** با... ڕەشە!

**نەناسراو:** ئەوەتا ڕەش بووە، ڕەنگە بۆگەنیشی کردبێت! دەمەوێت بزانم دڵم وەستاوە یا نا! (دەست دەخاتە سەر دڵی.) وەستاوە! کەواتە مردووم و بەسەرچووم و دەشزانم ئەمە کەی ڕووی دا. بیر بکەوە... بیر لە کەسێک بکەوە مردبێت و کەچی بشتوانێت بەم ناوەدا بێت و بچێت. بەڵام لە کوێم؟ هەموو ئەمانەش کە



لێرەن هەر مردوون؟ هەر لەوە دەچێت لە زێرابەکانی شارەوە هاتبنە دەرەوە، یا لە زیندان و خانەی هەژاران و بیمارستانەکانەوە بەرەڵا کرابن. کرێکاری شەوان، ئەوانەی بەدەست ئازارەوە دەتلێنەوە، ناڵەناڵکەران، نەفرەتلێکراوان، لەگەڵ یەکتردا بەشەڕهاتووان، ئەوانەی ئازاری یەکتر دەدەن و یەکتر ڕیسوا دەکەن لێرەن و ئیرەیی بە یەکتر دەبەن، ڕێک وەک ئەوەی خاوەنی شتێک بن شایانی ئیرەیی پێبردن بێت. ئاگری خەون لە دەمارەکانیاندا دەسووڕێت، زمانیان، وەک ئەوەی بەدەم قیژە و هاواری نەفرەتکردنەوە وشک بووبنەوە، بە مەلاشوویانەوە نووساون و ئاگرەکەش بە ئاو، بە ئاوەئاگر، دەکوژێننەوە و ئەمەش لە تینوێتییان زیاد دەکات، ئاوەئاگر! کە خۆی گرێکی شینە و ڕۆحیان، وەک ئاگرێکی کراوەی نێو چیمەنان، دەسووتێنێت و بێجگە لە لمێکی سوور هیچی تر لە دوای خۆی بەجێ ناهێڵێت. (دەخواتەوە.) گری پێوە نێن! بیکوژێننەوە! گری پێوە نێن! بیکوژێننەوە! بەڵام... بەداخەوە... ئەوەی ناسووتێت... بیرەوەرییەکانی ڕابردوون! بە چی بیرەوەرییەکان دەسووتێنرێن؟ بە چی؟

**ژنی مەیگێڕ:** تکایە دەنگ هەڵمەبڕن! نەخۆشێک لە ژوورەوە کەوتووە و هێند نەخۆشە کە هێندەی نەماوە و داوای لە گوناهان پاککردنەوەی کردووە!

**نەناسراو:** بە دۆزەخ!

هەموو پێکەوە: (بەنابەدڵییەوە دەکەونە بۆڵەبۆڵ.)

**ژنی مەیگێڕ:** ئاگات لە دەمت بێت!

**ژن:** (ڕوو لە نەناسراو.) ئەو پیاوە دەناسیت کە لە پشتتەوە دانیشتووە و هەر سەیرت دەکات!

**نەناسراو:** (ئاوڕ دەداتەوە، لەگەڵ دوکتۆردا بۆ ماوەیەک چاو دەبڕنە چاوی یەکتر بەبێ ئەوەی هیچ بڵێن.) ئا... جاران دەمناسی!

**ژن:** لەوە دەچوو بیەوێت پشتت بخوات.

**دوکتۆر:** (بەرانبەر بەنەناسراو دادەنیشێت و چاوی تێ دەبڕێت.)

**نەناسراو:** سەیری چی دەکەیت؟

**دوکتۆر:** سەیری قژە ماشوبرنجییەکەت!

**نەناسراو:** (ڕوو لە ژنەکە.) قژم ماشوبرنجیشە؟

**ژن:** ئا!

**دوکتۆر:** ئێستاش سەیری ئەو جوانییە دەکەم کە لەگەڵت دانیشتووە، هەندێ جار تام و چێژێکی چاکتان هەیە... هەندێک جاریش نا!

**نەناسراو:** لە بەدبەختیی تۆش، هەندێک جار، هەردووکمان هەر هەمان تام و چێژمان هەیە.

**دوکتۆر:** ئەمەت دڵڕەقانە بوو! بەڵام تۆ دووجاران لە ژیانی خۆتدا منت کوشتووە! بەردەوام بە!

**نەناسراو:** (ڕوو لە ژنەکە.) با بڕۆین!

**دوکتۆر:** هەست بە نزیکیم دەکەیت لێتەوە! لە دوورەوە هەستم پێ دەکەیت! بەڵام، ئەگەر خۆشت لە ژێرزەوی یا لە قووڵاییی زەریادا بشاریتەوە، وەک چۆن هەورەبرووسکە دەتدۆزێتەوە... منیش دەتدۆزمەوە... ئەگەر دەتوانیت خۆت ڕزگار بکە... ڕابکە لە دەستم!



**نەناسراو:** (ڕوو لە ژنەکە.) با بڕۆین! دەستم بگرە... نابینم... دەستم بگرە!

**ژن:** نا... هێشتا نامەوێت بڕۆم و ناشمەوێت لێم تێک بچێت!

**دوکتۆر:** هەقی خۆتە، ئەی ئەو کچەی بە ڕابواردن خۆشە بوویت! ژیان قورسە، بەبێ ئەوەش پێویستت بەوە هەبێت خەم و دڵتەنگییەک بخەیتە ئەستۆی خۆت کە خەڵکی خۆیان بەدەستی خۆیان تووشی خۆیان کردووە. بەڵام ئەو پیاوە خەم و دڵتەنگیی خۆی هەڵناگرێت و هەمووی دەخاتە ئەستۆی ژنەکەی.

**نەناسراو:** ئەوە چی بوو؟ بوەستە! دیسان بەزمی گوناهبارییە بێ بنج و بنەماکانی ئەوە سەبارەت بەتێکدانی ئاشتیی ماڵ و هەوڵی کوشتن!

**دوکتۆر:** دیسان ئەو گوناهبار دەکات!

**نەناسراو:** (سەری دەخاتە نێو دەستەکانیەوە و سەری بەرەو مێزەکە شۆڕ دەکاتەوە.)

(دەنگی ئەم ئاوازە بەکەمان و گیتار، لە دوورەوە، دەبیسترێت. [بڕوانە: وێنەکە.].)

**دوکتۆر:** (ڕوو لە ژنەکە.) نەخۆشە؟

**ژن:** هەست بەدڵتەنگی دەکات، چونکە پێی وایە مردووە.

(لە دوورەوە ڕێڤێلی بەتەپڵ لێ دەدرێت و یەکسەر بەدوایدا بەئامێری فوو، بەڵام زۆر بەکزییەوە، لێ دەدرێت.)

**نەناسراو:** بەیانییە؟ دوا دواییی شەوە و... خۆر لە هەڵهاتندایە و خێوەکانیش خۆیان لەنێو گۆڕەکانی خۆیان ناوە و دەنوون، هەر

بۆیە من دەڕۆم، وەرە!

**ژن:** (خۆی لە دوکتۆر نزیک دەخاتەوە.) وتم نا!

**نەناسراو:** دوا هاوڕێم... تەنانەت تۆش! تەنانەت من ئەوەندە هیچوپووچم کە قەحبەیەکیش، سەرباری ئەوەی پارەش دەدەم، نەیەوێت بێت و دەست بنێتە دەستم و لەگەڵمدا بێت؟

**دوکتۆر:** لەوە دەچێت شانت لەوە زیاتر هەڵنەگرێت!

**نەناسراو:** لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەرچی هەموو هەر وا دەڵێن، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕە نیم! سەرباری هەموو شتێکیش من لەسەر هیچ باوەڕێک نیم، چونکە هەر جارێک باوەڕم بە هەرچییەک کردبێت، فریو دراوم. بەڵام شتێکم پێ بڵێ، خۆر هەڵاتووە یا نا، من هەر نەختێک لەمەوپێش گوێم لە قووقەی کەڵەشێر و وەڕەوەڕ بوو، وا زەنگی نوێژی (ئەنگێلیوس) لێ دەدات... مۆمەکان کوژێنراونەتەوە، تاریک بووە؟

**دوکتۆر:** (ڕوو لە ژنەکە.) کوێرە...

**ژن:** خوا نەکات!

**نەناسراو:** نا کوێر نیم، دەتانبینم، بەڵام ڕووناکییەکە نابینم.

**دوکتۆر:** خەریکە لێت ئاوا دەبێت... لەگەڵ هەورەبرووسکە یاریت کردووە و بەقووڵییش سەیری خۆرت کردووە و کەسیش نابێت وا بکات...

**نەناسراو:** هەر هەموومان بەو ئارەزووەوە لەدایک دەبین و بەڵام بۆمان نییە، ئەمە لە ئیرەیی زیاتر هیچی تر نییە...

**دوکتۆر:** بۆ تۆ چیت هەیە شایانی ئیرەیی بێت؟



**نەناسراو:** ئەوەی کە تۆ هەرگیزاوهەرگیز ناگەیت بەوەی لێی تێ بگەیت و بەتەنیا کەسێکیش کە بتوانێت بینرخێنیت خۆمم.

**دوکتۆر:** مەبەستت لە منداڵەکانە...

**نەناسراو:** خۆشت دەزانیت مەبەستم ئەوان نییە، چونکە ئەگەر مەبەستم لەوان بووایە، بەم شێوەیە دەرم دەبڕی: من ئەوەم هەیە کە تۆ نەتدەتوانی هەتبێت...

**دوکتۆر:** دیسان هەر هەمان بەزمە! دە کەواتە منیش بەهەمان ڕوونی و ئاشکرایی پێت دەڵێم: تۆ ئەوەت برد کە من بەجێم هێشتبوو.

**ژن:** یەع! چیی تر لەگەڵ هەرچیوپەرچی وەک ئێوەدا نابم. (هەڵدەستێت و جێ دەگۆڕێت.)

**نەناسراو:** بزانە خۆمان بە چ مەرەیەک بردووە! بەسەردا تێی کەوتووین! بەڵام لەو باوەڕەشدام چەند زیاتر بەقووڵاییدا ڕۆ بچین، هێندە زووتر بە ئامانجێک دەگەم: کۆتایی!

**ژنی بەڕێوەبەری بارەکە:** دەنگ هەڵمەبڕن! کەسێک لە ژوورەوە لە گیانەڵادایە.

**نەناسراو:** ڕاست دەکەیت، منیش بەردەوام بۆنی لاشەی مردوو دەکەم.

**دوکتۆر:** ڕەنگە ئێمە بین.

**نەناسراو:** کەس دەزانێت ئاخۆ مردووە یا زیندوو؟

**دوکتۆر:** مردووەکان دەڵێن نازانن جیاوازییەکەی چییە.

**نەناسراو:** دەمترسێنیت! شتی وا دەبێت! ئەی هەموو ئەوانەی لە شێوەی تارماییدا دەیانبینم، ئەوانەی پێم وایە دەموچاویان، وەک دەموچاوی بیرەوەرییەکانی گەنجی، دەناسمەوە، ئەوانەی

هاوپۆلم بوون، ئەوانەی پێکەوە دەچووینە فێرگەی مەلەکردن، ئەوانەی لە ئامادەیی لەگەڵمدا بوون... (دەست بە دڵیەوە دەگرێت.) ئەی هاوار! هاوار لە دەست تۆ! ئەوەتا نزیک دەبێتەوە، ئەوەتا ئەوەی لە هەموو کەسێک تۆقێنەرترە، ئەوەی دڵ دەتەقێنێت، نزیک دەبێتەوە... ئەوەتا دێت، ئەوەی نادیارە، ئەوەی ساڵانێکە بەدوامەوەیە، دێت... ئەوەتا لێرەیە! (لەسەر خۆی نییە.)

(دەرگەکان دەکرێنەوە، منداڵێکی دەستەی کوڕاڵی کڵێسا بەچرایەکی بلوورشینەوە، کە ڕووناکاییەکی شین بەسەر میوانەکاندا بڵاو دەکاتەوە، دێت و لە زەنگە زیوینییەکەی دەدات: هەموو وەک گیانەوەری کێوی هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە و یەکسەر دۆمینیکان بەخۆی و نزا و پاڕانەوەکانیدا خۆی بەژووردا دەکات، ژنی بەڕێوەبەری بارەکە و ژنەکە دەکەونە سەرچۆک، ئەوانی تر هاوار دەکەن. دۆمینیکان مۆستراس بەرز دەکاتەوە، هەموو دەکەونە سەرچۆک. منداڵەکە و دۆمینکان بەرەو ژووری دەستەچەپ دەڕۆن.)

**سواڵکەر:** (دێتە ژوورەوە، بەرەو نەناسراو دەڕوات.) هەستە... نەخۆشیت و پیاوانی یاساش بەخۆیان و داواکانیانەوە بەدواتدا دەگەڕێن!

**نەناسراو:** داوای چی؟ لە کێوە؟

**سواڵکەر:** لە ژنەکەتەوە!

**دوکتۆر:** مارماسیی کارەبایی! تەزووەکانی خۆی لە دوورەوە دەهاوێت. ئەو جارێک لە جاران، لەبەرئەوەی بۆی نەبوو شەو لەملا و ئەولا



بمێنێتەوە، بەبیانووی بێ ئابڕوویی داوای لەسەر تۆمار کردم.

**نەناسراو:** شەو لەملا و ئەولا بمێنیتەوە؟

**دوکتۆر:** بۆ نازانێت لەگەڵ کێدا بوویت؟

**نەناسراو:** دەیانوت کە بەر لەوەی شوو بکات مارەی بڕابوو مارەی لە تۆ بڕابوو.

**دوکتۆر:** وایان دەوت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دۆستی پیاوێک بوو کە ژنی هەبوو، پیاوێک کە دواتر لە دادگە داوای لەسەر تۆمار کرد، گوایا دەستدرێژیی لێ کردووە، ئەگەرچی پاشان خۆی بەزۆری زۆردارەکی خۆی بەئەتێلییەکەی ئەودا کردبوو و بۆ ئەوەی وەک مۆدێلێکی ڕووت وێنەی بکێشێت.

**نەناسراو:** هەر ئەو ژنەش بوو تۆ هێنات؟

**دوکتۆر:** ئا... هەر ئەویش بوو، دوای ئەوەی لە خشتەی بردبووم، داوای لەسەر تۆمار کردم کە پەیمانی هاوسەریم لەگەڵیدا شکاندووە و دەشبوو مارەی بکەم، بەڵام هەر ئەوەندەش نا، دوو پۆلیسیشی لەگەڵدا بوو تا لە دەستیان هەڵنەیەم و هەر ئەو ژنەش بوو، دواتر، تۆ هێنات!

**نەناسراو:** دوایش ئەوەت بۆ دەرکەوت، کە من پێشتر بۆم دەرکەوتبوو... ئەوساش ئیتر کار لە کار ترازابوو، لە کاتێکدا هەموو هەر چوونیەک بوون، جیاوازییەک لەوەدا نەمابوو کێ هەڵبژێرم یا نا؟

**سواڵکەر:** دەست لەویان بەردە، ئەگەرنا پەشیمان دەبیتەوە!

**نەناسراو:** (ڕوو لە دوکتۆر.) ئەرێ ئەو ژنە، باوەڕی هەبوو یا نا؟

**دوکتۆر:** هەردەم!

**نەناسـراو:** ناسکونۆڵ، دڵپـاکـیش بوو! هـیی ئەوەش بوو خـۆی بەخت بکات...

**دوکتۆر:** بێ هیچ بێنە و بەردەیەک!

**نەناسراو:** ئەمە ڕێی تێ دەچێت؟

**دوکتـۆر:** نا... بەڵام کـە بیر لەو دەکـەیتـەوە، کـەلەیی دەبیت، هـەر بۆیە وەک ئەوەی کـــە هـەبوو قـــەبووڵ دەکـــرا: ســـەرنجـــڕاکـــێش، سەرمەستکەر و وەک ئەوەی کە هەبوو!

**نەناسراو:** بێگومان... هەر بۆیەش هیچ دەستەڵاتێکت بەسەر هەست و سۆزێک کە بەرانبەریت هەبوو ناشکێت و هەر بۆیەش تاقەت و حەوسـەڵەی ئەو هەمـوو بەزمـوڕەزمـەم نەماوە، چونکە چیی تر ناتوانم، بەبێ ئەوەی تاوانەکەی ببەمە سەر کەسێکی تر، لەسەر خۆم بەدەنگ بێم و ناشمەوێت ئەوە بکەم...

**دوکتۆر:** تۆ کە پێشتر ژنت هەبووە... ئەی ئێستا چۆن؟

**نەناسراو:** هەمان شت؟

**دوکتۆر:** ئەمە وەک (هـیۆسیـوداموس) وایە. ئەو خـۆشـەویستـییە، لەوێ کـە خـۆر دەبینیت و خـۆریش نیـیـە و ئەسـتـێران دەبینیت و ئەستێرانیش نین. بەڵام تا بەردەوامیش بێت، ناخۆش نییە!

**نەناسراو:** بەڵام ئەی ڕۆژی دوایی؟ ئاخ، ڕۆژی دوایی؟

**سواڵکەر:** وەرە بەدبەخت! نابینیت ئەو دانیشتووە و ژەهری مارت پێ دەنۆشێت و تۆش هەستی پێ ناکەیت! وەرە!

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت.) ژەهری مارم پێ دەنۆشێت؟ لەو باوەڕەدایت درۆ بکات؟



**سواڵکەر:** هەرچییەک وتوویەتی درۆ بووە! بەڵام شانی خۆشت هەڵی دەگرێت!

**نەناسراو:** درۆی کردووە؟

**سواڵکەر:** خۆ ناکرێت باوەڕ بەدوژمنەکەت بکەیت.

**نەناسراو:** بەڵام خۆ ئەو، کە ڕاستییە تاڵەکەی وتووە، هاوڕێمە.

**سواڵکەر:** خوای بێ کەسان! ئاگایەکت لێی بێت، کاتێ پێی وایە هەموو خراپێک چاکەیە و هەموو باشێک درۆ! وەرە! ئەگەرنا هیچ ڕێیەکی ترت لەبەردا نییە!

**دوکتـۆر:** هەرکە سەری لە هێلکە جووقاوە دۆڕاو بووە، بەڵام ئێستا دەبێت وەک دەڵەمەیەک بشڵەقێنرێت و وەک چەند ئەتۆمێک لە پێکهێنانی ئەو شلکێنە گەورەیەدا جێی خۆی بکاتەوە. دەی! هەڵستن! (ڕوو لەوانەی کە لەوێن.) ئیرەییی خۆتان دەربڕن!

**میوانەکان:** (هاوار دەکەن.)

**دوکتۆر:** هیچ ژنێک بەزەییی خۆی دەرنابڕێت! هاوار بکە، ژن!

**ژن:** (نابەدڵ، بەدەستی ئاماژە دەکات.)

**نەناسراو:** (ڕوو لە سواڵکەر.) ئەو پیاوە درۆ ناکات!

لای شیوەکە

ڕێگەیەک، چەمێک بەنێویدا دەڕوات و پردێکی تەختەی بەسەرەوەیە. لە پشتەوە شوێنەواری ئاسنگەری و ئاشێک. قەدی دار و درەختی کەوتوو، بەسەر چەمەکەدا.

لە پشتەوەی شانۆوە ئەستێران بەسەر دار و درەختی دەوروبەری چەمدا دەڕوانن، دیمەنی (ئۆریۆن) بەجوانی دەبینرێت.

نەناسراو و سواڵکەر دێنە ژوورەوە.

لە پێشەوەی شانۆ بەفر باریوە و لە پشتەوەی شانۆش سەوزیی هاوین دەبینرێت.

**نەناسراو:** دەترسم! ئەم ئێوارەیە ئەستێرەکان زۆر نزیکن و وا هەست دەکەم دەیانەوێت، وەک دڵۆپەی زیو، بەسەرمدا ببارێن. لە کوێین؟

**سواڵکەر:** لای شیوەکەین، لای چەمەکەین، هەستیان پێ ناکەیت؟

**نەناسراو:** با هەستیان پێ دەکەم، هەستیان پێ دەکەم! بێگومان... بیرەوەریی شاییەکەمم دێتەوە یاد! بەڵام ئاسنگەرییەکە لە کوێیە؟ ئەی ئاشەکە؟

**سواڵکەر:** وێرانەیە! وێرانە! پێش هەشت ڕۆژ زەریاچەکە بەر دایەوە و چەمەکەش هەڵسا و ڕووباریش هەروەها و هەموو شتێک بوو بەژێر ئاوەوە و وێران بوو، مێرگەکان، کێڵگەکان و باخچەکان هەموویان بوون بەژێرەوە.

**نەناسراو:** ئەی خانووە هێمنەکە؟

**سواڵکەر:** ئەویش لە گوناهە کۆنەکانی پاک بووەوە، بەڵام دیوارەکانی ماون.

**نەناسراو:** ئەی ئەوانەی لێی دەژیان؟

**سواڵکەر:** چوون بۆ قۆخەکانیان! ئەو چیرۆکەش تەواو!

**نەناسراو:** کەواتە چیرۆکی منیش تەواو! بەشێوەیەک کە هیچی لە پاش خۆی بەجێ نەهێشتووە! دوا شتیش بەتێکەڵکردنی ئەو ژەهرە پیس بوو کە...



**سواڵکەر:** کە خۆت تێکەڵت کرد! بەس نییە ئیتر؟

**نەناسراو:** با... ئیتر بەسە!

**سواڵکەر:** کەواتە کاتی ئەوە هاتووە شتێک بەشتێک بکەم!

**نەناسراو:** ڕاست دەکەیت... چونکە من هەڵەم کردووە! هەر لەبەر ئەوەش سزا دراوم...

**سواڵکەر:** بەڵام خەڵک وا ناڵێن!

**نەناسراو:** چیی تر، لەوساوە کە تێ گەیشتووم هێزە باڵادەستەکان چارەنووسی ئەوانی تریان گرتووەتە دەستی خۆیان و پێویستیان بەیارمەتیی کەس نەماوە، دەستم لەوە بەرداوە خۆم بەخەڵکەوە خەریک بکەم. تاوانی ژیانی منیش ئەوە بوو کە دەمویست ڕزگاریان بکەم... ...ڕزگاریان بکەم لە ئەرکەکانیان، هەروەها تاوان لە کۆڵی تاوانکاران بکەمەوە، بەجۆرێک کە هیچ ئازارێکی ویژدانیان نەمێنێت! تۆش یەکەم کەس و دواکەس نیت کە دەست دەخەیتە کاروباری شەیتانەوە. (لوسیفەر ئا نۆن لوسێندۆ!) بەڵام کە لوریفاکس پیر دەبێت، دەبێت بە کەشیش و هەر لە خۆشی دەوەشێتەوە... ئەمجا دەبێت بە دوو لەتەوە و بە بالسبوتەکەی خۆشی بێلزەبوب دەردەپەڕێنێت... منیش ڕەوانەی ئەوێ دەکرێم!

**سواڵکەر:** ئا! بۆ ئەو جێیەی ناتەوێت بچیت! تۆ دەبێت بچیتە سەر دووکەڵکێش و گوێسوانان و ئامۆژگارییەکانت بۆ خۆت بڵێیتەوە، تاڵ تاڵیش ئەو تەونەی هۆنیوتەتەوە بپچڕێنیت، لە سەرسووچی هەر کۆلانێکدا بوەستیت و بەزیندوویی خۆت کەوڵ بکەیت تا ئەوە پێشان بدەیت کە لە ناوەوە لە چی پێکهاتوویت!

بەڵام ئەمـــــە ئـازایـەتیی دەوێت و ئـەوەش كـــــە یـاریی بـە هەورەبرووسكە كردووە ناترسێت! با... جارجار دەترسێت... كە شـەو دادێت و ئەوانە دەردەكەون كە نابینرێن، ئەوانەی كە بەتەنیا لە تاریكیدا دەبینرێن و وەك مۆتەكە سواری كۆڵ و سنگ دەبن، ئەوسا دەترسێت، تەنانەت لە ئەستێرەكانیش دەترسێت، بەڵام بەزۆری لەو ئاشی گوناهانە دەترسێت كە بەردەوام و بێ برانەوە ڕابردوو و بیرەوەرییە بەسەرچووەكان، دەهاڕن. بەڵام ئێستا یەكێك لە حەوت و حەڤدە حەكیمەكان دەڵێت گەورەترین سەركەوتنی ئەو تەنیا سەركەوتن بووە بەسەر خۆیدا، بەڵام گەلۆرەكان باوەڕ بەو قسەیە ناكەن و فریو دەخۆن، چونكە تەنیا هەر باوەڕیان بەوەیە كە نۆ و نەوەد لە گەلۆرەكان هەزاران جار دووبارەیان كردووەتەوە.

**نەناسراو:** بڕایەوە ئیتر! بلێ بزانم... ئەوە بەفرە باریوە؟

**سواڵكەر:** ئا! بەفرە. لێرە زستانە!

**نەناسراو:** لەوێش دنیا سەوزە!

**سواڵكەر:** لەوێ هاوینە!

**نەناسراو:** لەوێشەوە ڕووناك دەبێتەوە؟

(ڕووناكییەكی شین بەسەر پردەكەوە دەبینرێت.)

**سواڵكەر:** ئەوێ ڕووناك و ئێرە تاریك.

**نەناسراو:** ئەی ئەوە چییە بەرەو ئێرەوە دێن؟

(سێ منداڵ، دوو كچ و كوڕێكی كاڵ، كە جلوبەرگی هاوینەیان پۆشـیـوە، لە دەسـتـەڕاسـتـەوە بەرەو پردەكـە دێن.) ئەوە منداڵەكانمن! (منداڵەكان دەوەستن و گوێ دەگرن و وەك ئەوەی نەیناسنەوە سەرنجی نەناسراو دەدەن.)

**نەناسراو:** (هاوار دەكات.) یێردا! ئێریك! تیورا!

(منداڵەكـان دەیناسنەوە و ڕوو لە دەسـتـەڕاست دەكـەن و دەڕۆن.)

**نەناسراو:** نامناسنەوە! چیی تر نایانەوێت بمناسنەوە!

(ژن و پیـاوەكـە لە دەسـتـەڕاسـتـەوە دێن و منداڵەكـان لە پێشیانەوە بەدەم سەماكردنەوە بەرەو دەستەچەپ دەڕۆن و لە چاو ون دەبن.)

**نەناسراو:** (بەدەمدا دەكەوێت.)

**سواڵكەر:** ئەمەش دەبێت! ئەمەش ڕوو دەدات! هەستە!

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت.) لە كوێم؟ لە كوێ بووم؟ بەهارە، زستانە یا هاوین؟ لە چ چەرخێكدا دەژیم و لە چ ئاسمانێك؟ منداڵم یا پیر، ژنم یا پیاو، یا شەیتان؟ – تۆ كێیت؟ تۆ تۆیت یا تۆ منیت؟ ئەوە ورگ و ڕیخۆڵەكانی خۆمە لە دەوروبەری خۆم دەیانبینم یا ئەستێرە و تۆڕی چاوی خۆمن؟ ئاوە یا فرمێسك؟ بێدەنگ بە! ئێـسـتـا تەپوتۆزم بەسـەر هـەزار سـاڵی دوای ئەمـڕۆدا بڵاو دەبێتەوە، ئەمجا دەچێتەوە یەك، چڕوپڕ دەبێت و پاشان دەبێت بە كریستاڵ! چاوەڕێ بە! هەر هێندەت زانی و بەجۆرێكی تر دەژێمەوە و هەر لە ئاوی تاریكیشەوەیە گوڵی (لوتوس) سەر دەردەهێنێت و دەڵێت: ئەوەتام! من دوو هەزار ساڵێك خەوم لێ كەوتبوو و خەونم بینی و لە خەونمدا تەقیمەوە و بووم بە هەوا، چیی تر هەســـتم بەهیچ نەدەكـــرد، چیی تر ئازارم نەبوو،

ئاسوودەییم نەبوو، بەڵام چووبوومە ناو ئارامی و پارسەنگییەوە! ئەوەتا ئێستاش! ئاخ لە دەست ئێستا! ئێستا وەک ئەوەی لە یەک کات و جێدا هەر هەموو مرۆڤایەتی بم ئازار دەچێژم! ئازار دەچێژم و سکاڵاکردنیشم پێ ڕەوا نابینرێت...

**سواڵکەر:** ئازار بچێژە، هەرچی زووتریش باشتر بۆ ئەوەی زووتر لە کۆڵت بینەوە...

**نەناسراو:** نا ئەمانە لە کۆڵ نابنەوە، هەتاهەتایین.

**سواڵکەر:** ئێستاش تەنیا یەک چرکەی ڕۆیشتووە...

**نەناسراو:** لەوە زیاتر بەرگە ناگرم!

**سواڵکەر:** کەواتە... داوای یارمەتی بکە!

**نەناسراو:** ئەی ئەوە چییە؟ هێشتا تەواو نەبووە؟

(سەر پردەکە ڕووناک دەبێتەوە. سێسار دێتە سەر پردەکە، لە پردەکەوە بەر دەبێتەوە، پاشان دوکتۆر لە دەستەڕاستەوە دێت، سەری ڕووتە و سەروقژی ئاڵۆسکاو و تووڕەیە، دەستی ڕادەوەشێنێت وەک ئەوەی بیەوێت خۆی هەڵبداتە چەمەکەوە.)

**نەناسراو:** هێندە تۆڵەی لە خۆی کردووەتەوە، هیچی تێدا نەهێشتووەتەوە!

(دوکتۆر لە دەستەچەپەوە دەڕوات. خوشکەکەی وەک ئەوەی بەدوایدا بگەڕێت لە دەستەڕاستەوە دێت.)

**نەناسراو:** ئەوە کێیە؟

**سواڵکەر:** خوشکەکەیەتی! ئەوەی نە شووی کردووە و نە کەسێکیش هەیە بەخێوی بکات و ئێستاش، دوای ئەوەی براکەی بەدەست





خەم و خەفەتەوە سەری لێ شێواوە و تێکچووە، ئەمیش بێ ماڵ و سەرگەردان بەم ناوەدا دێت و دەچێت.

**نەناسراو:** ئەمیان قورسترە! نەگبەت خۆی! بەڵام چار چییە؟ تەنانەت ئەگەر ئازاری ئەویش بگرمە کۆڵ، چ یارمەتییەکی دەدات؟

**سواڵکەر:** هیچ!

**نەناسراو:** ئازاری ویژدان... بۆ دەبێت تۆ هەموو کات دوایی بێیت، بۆ لە پێشدا نایەیت! بۆ! دەتوانیت لەمە ڕزگارم بکەیت؟

**سواڵکەر:** هیچ کەسێک ناتوانێت! با بڕۆین!

**نەناسراو:** بۆ کوێ؟

**سواڵکەر:** وەرە!

ژوورە سوورەکە

ژن جلوبەرگی سپیی پۆشیوە و لە تەنیشت بێشکەکەوە دانیشتووە و بەقولاپ دەچنێت. کراسە سەوزەکە بەلای دیواری دەستەڕاستەوە هەڵواسراوە.

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە، بە سەرسوورمانەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێت.)

**ژن:** (سادە و ساکار، بەنەرمونیانییەوە، بەبێ ئەوەی هیچ سەرسوورمانێکی پێوە دیاربێت.) هێواش! وەرە و تەماشاکە بزانە چ شتێکی جوان لێرەدا ڕاکشاوە!

**نەناسراو:** لە کوێم؟

**ژن:** بێدەنگ! سەیری ئەو جوانییە بکە، کە تۆ لێرە نەبوویت، ئەم ناوەی لەگەڵ خۆیدا ڕووناک کردەوە.

**نەناسراو:** وتیان ئاوی ڕووبارەکە هەڵساوە و هەموو شتێکی لەگەڵ خۆیدا ڕاماڵیوە.

**ژن:** بۆ باوەڕ بەهەموو قسە و قسەڵۆکێک دەکەیت؟ ڕاستە... ئاوی ڕووبارەکە هەستا، بەڵام ئەم منداڵە بچکۆلەیە شتێکی هەیە کە هەم خۆی و هەم ئەوانەش لە خۆیین دەپارێزێت... ناتەوێت سەیری کچەکەت بکەیت؟

**نەناسراو:** (لە بێشکەکە نزیک دەبێتەوە.)

**ژن:** (سەربێشکەکە هەڵدەداتەوە.) نابینیت چەند جوانە! نابینیت!

**نەناسراو:** (سەروڕووی گرژ دەبێت.)

**ژن:** سەیری بکە!

**نەناسراو:** هەموو شتێک ژەهراوی بووە، هەموو شتێک!

**ژن:** دوور نییە!

**نەناسراو:** دەزانیت ئەو عەقڵی تێکچووە و بەم دەوروبەرانەدا دێت و دەچێت و خوشکەکەشی هەردەوام بە دواوەیەتی و... بەدوایدا دەگەڕێت. ئەویش تووشی کلۆڵیی خۆی بووە و دەخواتەوە...

**ژن:** ئۆف خوایە! خوا هاوار!

**نەناسراو:** بۆ لۆمەم ناکەیت!

**ژن:** تۆ خۆت هێندە لۆمەی خۆتت کردووە کە پێویستت بەلۆمەی من نەبێت! ڕەنگە باشتر بێت لە بریی لۆمەکردن ئامۆژگارییەکی چاکت بکەم، بڕۆ بۆ دێرەکە، دێری "یارمەتیی چاک"، لەوێ پیاوێکی لێیە کە دەتوانێت لە دەست ئەوەی لێی دەترسیت ڕزگارت بکات.



**نەناسراو:** لەوێ لەو دێرە، تەنیا نەفرەت دەکرێت و خەڵک دەبەسترێتەوە...

**ژن:** خەڵکیش ڕزگار دەکرێت!

**نەناسراو:** لەوە دەچێت دیسان بتەوێت گاڵتەم پێ بکەیت، چیی تر باوەڕت پێ ناکەم.

**ژن:** منیش باوەڕ بە تۆ ناکەم! هەر لەبەر ئەوەش ئەمە بە دوایین ماڵئاوایی بزانە...

**نەناسراو:** نیازیش هەر ئەوە بوو و هیچی تر! بەڵام پێش ئەوە دەمویست ئەوە تاقی بکەمەوە ئاخۆ کە ناتوانین...

**ژن:** خۆشت دەبینیت کە ناتوانین هیچ بەختیارییەک لەسەر ئازار و ناڵینی کەس دروست بکەین، هەر بۆیە دەبێت لێک جیا ببینەوە، ئەمەش تەنیا شتێکە کە لە ئازاری ویژدانی ئەو کەم دەکاتەوە. ئەوەتا... من منداڵەکەی خۆمم هەیە کە تەواوی ژیانم بۆ پڕ دەکاتەوە و تۆش ئامانجی گەورەی بەدەستهێنانی ناو و ناوبانگ...

**نەناسراو:** هێشتا هەر گاڵتەم پێ دەکەیت؟

**ژن:** نا... بۆ وا دەڵێیت؟ خۆ تۆ چارەت بۆ گرفتە گەورەکەش دۆزیوەتەوە...

**نەناسراو:** دەمت داخە! چیی تر، ئەگەرچی باوەڕیشت پێی هەیە، باسی ئەوە مەکە!

**ژن:** بەڵام کە هەموو خەڵک پێیان وایە...

**نەناسراو:** کەس چیی تر پێی وا نییە...

**ژن:** کەچی لە ڕۆژنامەی ئەمڕۆدا نووسراوە کە لە ئینگلستان زێڕ

دروست کراوە و بەڵگەش بەدەستەوەیە!

**نەناسراو:** خەڵەتێنراویت!

**ژن:** نا... نەخەڵەتێنراوم! خوا هاوار! تەنانەت چیی تر باوەڕ بەبەختی خۆشی ناکات!

**نەناسراو:** نەک هەر ئەوە... چیی تر باوەڕ بەهیچ، هیچ شتێک، ناکەم!

**ژن:** دە سەیرێکی ڕۆژنامەکە بکە، ئەوەتا... لە گیرفانی کراسەکەمدایە!

**نەناسراو:** کراسە سەوزەکە! ئەوەی کە جارێک لە جاران، جارێک لە نێوان بارِ و کڵێساکەدا، دوانیوەڕۆیەکی یەکشەمە، لە خشتەی بردم، ئەو کراسەی هیچ شتێکی خۆش لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت!

**ژن:** (دەڕوات و ڕۆژنامەیەک و سەفتە کاخەزێک لە گیرفانی کراسەکە دەردەهێنێت.) خۆت سەیری بکە!

**نەناسراو:** (ڕۆژنامەکە دەدڕێنێت.) پێویستم بەوە نییە بیبینم!

**ژن:** باوەڕ ناکات! باوەڕ ناکات! کەچی حەکیمەکان، ڕۆژی شەمووی داهاتوو، ئاهەنگێکی ڕێزلێنانیان بۆ ڕێکخستوویت...

**نەناسراو:** ئەها... لەوێشدا نووسراوە! لەبارەی ئاهەنگەکەوە نووسراوە!

**ژن:** (سەفتە کاخەزەکەی دەداتێ.) ئەوەش دیپلۆمی ڕێزلێنانەکەت! بیخوێنەوە!

**نەناسراو:** (سەفتە کاخەزەکە دەدڕێنێت.) ڕەنگە دەستوپێوەندی حکوومەتیشیان لەگەڵ بێت!

**ژن:** ئا... ئەوانەی کە خواکان بیانەوێت قڕیان تێ بخەن، کوێرانە قڕیان تێ دەخەن! تۆ سەبارەت بەدۆزینەوەکەی خۆت هیچ



نیازێکی باشت نییە و هەر لەبەر ئەوەش ڕێت پێ نەدرا کە بەتەنیا خۆت بەو دۆزینەوەیەت هەڵبستیت!

**نەناسراو:** ئێستا دەڕۆم، چونکە نامەوێت لەوە زیاتر ئابڕووی خۆم ببەم! جارێک لە جاران بووم بەگاڵتەچی و هەر لەبەر ئەوەش دەمەوێت خۆم بشارمەوە، خۆم زیندەبەچاڵ بکەم، چونکە ئازایەتیی ئەوەم نییە بمرم!

**ژن:** بڕۆ... هاوڕێ... بڕۆ! هەموومان هەر چەند ڕۆژێکمان ماوە و ئێرە بەجێ دەهێڵین!

**نەناسراو:** هەر نەبێت ئەمیان ڕاست بوو! خەریکە چارەیەک دەدۆزینەوە!

**ژن:** چارەی ئەم مەتەڵە: ئەرێ ئێمە بۆ دەبوو تووشی یەکتری ببین!

**نەناسراو:** بۆ دەبوو تووشی یەکتری ببین؟

**ژن:** بۆ ئەوەی یەکتری بەدەم ئازارەوە بکوژین!

**نەناسراو:** ئەمە هەموویەتی؟

**ژن:** بڕیار وابوو تۆ لە دەست گورگەپیاوێک، کە کەس نەبوو، ڕزگارم بکەیت و خۆت بوویت بە گورگەپیاو و بڕیاریش وابوو من لە دەست ئەوەی خراپ بوو، لە ڕێی ئەوەوە کە هەموو خراپەکارییەکانت بگرمە ئەستۆی خۆم، ڕزگارت بکەم و هەر ئەوەشم کرد، بەڵام سەرەنجام تۆ لەوەش خراپتر بوویت کە هەبوویت. ئەی کڵۆڵ! ئەی ئەوەی ڕزگارت دەکردم! ئێستا لەوێدا، بە دەست و پێ بەستراوی، وەستاویت و هیچ جادووگەرێکیش ناتوانێت دەستبەند و پێبەندەکانت بکاتەوە.

**نەناسراو:** ماڵت ئاوا! سوپاس بۆ هەموو شتێک!

**ژن:** ماڵی خۆت ئاوا! سوپاس بۆ ئەمەشیان!

(ئاماژە بۆ بێشکەکە دەکات.)

**نەناسراو:** (بەرەو پشتەوەی شانۆ دەڕوات.) ڕەنگە وا پێویست بێت بەوان بڵێم ماڵتان ئاوا!

**ژن:** ماڵئاواییان لێ بکە! هاوڕێ... ماڵئاواییان لێ بکە!

**نەناسراو:** (لە دەرگەی پشتەوەی شانۆوە دەڕوات.)

**ژن:** (بەرەو دەرگەی دەستەڕاست دەڕوات و دەرگە بە ڕووی دۆمینیکان "=سواڵکەر"دا دەکاتەوە.)

**کۆنفێسۆر:** ئامادەیە؟

**ژن:** ئەو نەگبەتە هیچ شتێکی تری بۆ نەماوەتەوە لەوە زیاتر ئەم دنیایە بەجێ بهێڵێت و خۆی لە دێرەکەدا بنێژێت!

**کۆنفێسۆر:** ئەگەرچی پێی وا نەبوو، کە ئەو دۆزەرەوە گەورەیە بێت کە هەبوو؟

**ژن:** نا... هیچ شتێکی باشی نە سەبارەت بەکەسی تر و تەنانەت سەبارەت بەخۆشی بەبیریدا نایەت...

**کۆنفێسۆر:** ئەوەش سزای یەزدانییە: کە باوەڕ بەدرۆ بکات، چونکە ڕاستی نەدەویست.

**ژن:** بەڵام نەختێک لە گوناهی خۆش بە... ئەگەر دەتوانیت!

**کۆنفێسۆر:** نا... چونکە هەر زانیت و لووتی دەکاتە ئاسمان و یەزدان بەخراپەکاری و نایەکسانی تاوانبار دەکات. ئەو پیاوە دێوە دێو، کە دەبێت دەست و پێی، بەترسناکترین جۆری یاخیگەران، ببەسترێت؛ ئەو بەخراپترین شێوە ئەو دیارییانەی پێی دراون



بۆ خراپەکاری بەکاریان دەهێنێت و خۆشت دەزانیت کە هێز و توانستی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی خراپە هیچ سنوورێکی نییە.

**ژن:** تەنیا لەبەر ئەو بەخشندەییەی بەرانبەر بەمنت هەبووە، نەختێک لەباری گرانیی تاوانەکانی سووک بکە! هەر نەبێت لەوێدا کە زۆرترین پاڵەپەستۆی لەسەرە... هەر نەبێت لەو جێیانەدا کە کەمترین گوناهی دەکەوێتە سەرشان!

**کۆنفێسۆر:** نا... من نا! بەڵام تۆ دەبێت ئەوە بکەیت... تا بەو باوەڕەوە لە تۆ دوور بکەوێتەوە... کە هێشتا شتێکی باش لە تۆدا ماوە و تۆ ئەوە نیت کە پیاوەکەی پێشووت بەخەڵکی ناساندوویت! ئەگەر باوەڕ بەتۆ بکات، ئەوا منیش دواتر چارەیەکی بۆ دەدۆزمەوە، وەک چۆن جارێک لە جاران دەست و پێیم بەستەوە کاتێک بەدەم نەخۆشییەوە دەست و دڵی خۆی لە دێری "یارمەتیی چاک" بۆ کردمەوە!

**ژن:** (بەرەو پشتەوەی شانۆ دەڕوات. دەرگە دەکاتەوە.) با وابێت!

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە.) ئەوە ئەوەیە کە هەموو کەس لێی دەترسێت! چۆن هاتە ئێرە؟ – بەڵام خۆ ئەوە سواڵکەرەکەشە؟

**کۆنفێسۆر:** ئا... هاوڕێکەتە؛ ئەوەی هەموو کەس لێی دەترسێت! بۆ ئەوەش هاتووە لەگەڵ خۆیدا بتبات!

**نەناسراو:** من...

**کۆنفێسۆر:** ئا... تۆ جارێک لە جاران ڕۆحی خۆتت بەمن سپاردووە... کە نەخۆش بوویت و خەریک بوو مۆتەکەی تێکچوون سواری سەرت دەبوو. هەر ئەوساش سۆزت دا کە خۆت بۆ خزمەتکردنی هێزە باڵادەستە چاکەکارەکان تەرخان بکەیت،

بەڵام کە چاک بوویتەوە، پەیمانی خۆتت شکاند و هەر لەبەر ئەوەش نیگەرانی ڕووی تێ کردیت و سەراسیمە و سەرلێشێواو، بەدەست ئازاری ویژدانی خۆتەوە، کەوتیتە دەشت و کێوان!

**نەناسراو:** تۆ کێیت! ڕاستییەکەیم پێ بڵێ... تۆ کێیت؟ کە ئاوا دەستت لە چارەنووسی من وەرداوە؟ تۆ کێیت؟

**کۆنفێسۆر:** لەو بپرسە؟

**ژن:** ئەم پیاوە... یەکەم پیاوە کە داوای کردم و پاشان، کە من بەجێم هێشت و دەستم بە ڕوویەوە نا، ئەویش ڕۆیشت و ژیانی خۆی بەیەزدان بەخشی...

**نەناسراو:** ئەگەر وا بووایە...؟

**ژن:** پێویستت بەوە نییە ئەوەندە خراپ، لە کاتێکدا کە بوویت بەسزادەری بێ سۆزیی من و بێ ویژدانیی ئەوی تریش، بیر لە کارە خراپەکانی خۆت بکەیتەوە...

**نەناسراو:** تاوانەکانی ئەو پاکانە نین بۆ ئەو تاوانانەی من کردوومن! بێجگە لەوە ئەوەش، وەک هەر شتێکی تر، ڕاست نییە و تۆش بۆیە ئەوە دەڵێیت بۆ ئەوەی دڵی من بدەیتەوە!

**کۆنفێسۆر:** چ ڕۆحێکی بەدبەختە!

**نەناسراو:** بە نەفرەتکراویش!

**کۆنفێسۆر:** (ڕوو لە ژنەکە.) شتێکی باش! تەنیا شتێکی باش کە بەرانبەر بەو بەدەمتدا دێت!

**ژن:** باوەڕی بەهیچ شتێکی باش نییە لە دەمی منەوە بێتە دەرەوە!



تەنیا باوەڕی بەشتی خراپە!

**کۆنفێسۆر:** کەواتە با من شتێکی باش بڵێم: جارێک لە جاران سواڵکەرێک هات و داوای خواردنەوەیەکی لێ کرد و ئەویش لە بریی ئاو شەرابی دایێ و ڕێی دا لەسەر مێزەکەی دابنیشێت. ئەوەت بیرە؟

**نەناسراو:** شتی وا قۆڕم بەبیردا نایەتەوە!

**کۆنفێسۆر:** لووتبەرزی! دیسان لووتبەرزی!

**نەناسراو:** چۆنی دەڵێیت با وابێت! بەڵام ئەوە دوا شوێنەواری ڕەسەنی یەزدانیمانە! وەرە! پێش ئەوەی تاریک دابێت!

**کۆنفێسۆر:** "هەموو دنیا سەرلەبەر ڕووناک بوو، بێ هیچ لەمپەرێک بەڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆیەوە خەریک بوو، بەسەر هەموو ئەمانەشەوە، تەنیا شەوێک، شەوێکی قووڵ، دەیڕوانی، شەوێک کە لە هەمان تاریکی دەچوو کە بەسەر ئەوانەوە بوو بەڕێوە بوون بێنە دنیاوە! بەڵام ئەوان خۆیان... لە تاریکی قورستر بوون!"

**ژن:** ئازاری مەدە!

**نەناسراو:** (دڵی لای ژنەکەیە و دڵنەواییی دەکات.) بزانە چەند جوان قسە دەکات و چەند دڵڕەقیش! سەیری چاوەکانی بکە، ناتوانن بگرین، بەڵام دڵنەواییکردن، پێداچەقین و درۆکردن دەتوانن! لەگەڵ ئەوەشدا: "ئازاری مەدە!" – سەیری کە لەوە دەترسێت منداڵەکەی لە خەو هەڵسێنم، ئەو مۆتەکەیەی بوو بەهۆی دابڕینی لە من! وەرە... قەشە... پێش ئەوەی درەنگ بێت... پێش ئەوەی ڕای خۆم بگۆڕم!

## پەڕاوێزەکانی بەشی دووەم

(١) کۆنفێسۆر: لە کڵێسای کاسۆلیکی و ئەرسۆدۆکسیدا ئەو قەشەیەیە کە گوێ لە دانپێدانانی گوناهی باوەڕدان دەگرێت.

(٢) دۆمینیکان: ڕاهیب و ڕاهیبەکانی دێری کڵێسای خاچپەرستان.

(٣) دێوتیرۆنۆمیۆن: "شت" و "وشە"ی ئەدەبی لە کتێبی پێنجەمی (ئینجل)ی جوولەکەکان و پێنجەمین کتێب لە هەر پێنج کتێبەکانی تەورات.

(٤) پاوڵوس: یا ساولی خەڵکی تارسوس، لەدایکبوویساڵی سێیەمی زاین لە تارسوس. بەیەکێک لە پەیامبەران و خواناسان و نووسەرانی ئینجیلی نوێ دەناسرێت و ڕۆڵێکی زۆر گەورەی لە داڕشتن و بڵاوکردنەوەی دینی خاچپەرستاندا بینیوە.

(٥) جۆب: یەکێک لەو پەیامبەرانەی لە تەوراتدا باسی دەکرێت.

(٦) ئومێندییەکان: کەسانی دڵ و دەروون چاک و میهرەبان. ئەوانەی خوا لە گوناهیان خۆش بووە.

(٧) زێڕدروستکەر: جیاوازیی ئەم وشەیە لەگەڵ زێڕنگەر (=زەڕنگەر)دا ئاشکرایە. تێبینی: ستریندبێرگ ماوەیەک لە ژیاندا سەرقاڵی دروستکردنی زێڕ بووە و پێی وا بووە کە زێڕ دەتوانرێت دروست بکرێت.

(٨) پاندۆرا: لە ئەفسانەی گریکیدا یەکەم ژنە کە ئێفایستۆس (خوای هونەری ئاسنگەری) دروستی کردووە، وەک سزایەک دژی پرۆمێسیۆس لەبەرئەوەی نهێنیی ئاگری بۆ مرۆڤ ئاشکرا کردووە.

(٩) کاین: یەکێک لەو پەیامبەرانەیە کە لە تەوراتدا باسی کراوە.

(١٠) نێسوس: یەکێک لە کێنتاورەکانی (= نیوەی مرۆڤ و نیوەی تری گیانەوەر) ئەفسانەی گریکییە. نێسوس کە هەوڵی دا دەستدرێژی بکاتە سەر (دێیانێیرا)ی ژنی (هێراکلێس) بەیەکێک لە تیرە ژەهراوییەکانی (هێراکلێس) دەپێکرێت و دەمرێت. بەڵام نێسوس بەدەم گیانەڵاوە ئامۆژگاریی (دێیانێیرا) دەکات کە خوێنەکەی کۆ بکاتەوە و بیپارێزێت تا وەک دەرمانی خۆشەویستی



بەکاری بهێنێت. پاشان لەبەرئەوەی (دێیانێیرا) کراسێکی هەڵکێشراو لە خوێنەکەی نێسوس دەدات بەهێراکلێس، کراس بەلەشی هێراکلێسەوە دەنووسێت و کە دەیەوێت دایبەکەنێت گۆشتەکەشی پێوەی دێت و دەمرێت.

(١١) ڕۆکۆکۆ: شێوازێک لە شێوازەکانی هونەر کە لە نێوەڕاستی چەرخی شازدەمیندا لە ئەورووپا لە هەموو بوارەکانی هونەردا باڵادەست بووە.

(١٢) سوهار (=زوهار): تێکستێکی چاخەکانی ناوەڕاستەوە و وا بڕوا دەکرێت کە لەلایەن (موسە دۆ لێون) لە (کاستیلیێن) لە چەرخی یازدەمیندا نووسرابێت. بەیەکێک لە گرینگترین کتێبەکان دەزانرێت سەبارەت بە (کەببالا) و بەپێی ئەو کتێبە بیر و بۆچوونەکانی خوا تەنیا بە(نەفی)کردن دەرببڕێت. سوهار وەک جۆرێک لە جۆرەکانی لێکدانەوەی (ئینجیل)، لێکدانەوەیەکی قووڵی هەر پێنج کتێبەکەی تەورات، دادەنرێت.

(١٣) شێدیم و زێباوت: ماناکەی!

(١٤) باڵ: لە کۆندا خوداوەندی سێمیتەکان بووە لە سووریا و وڵاتی کەنان و بەپێی ئەفسانەی فینیقییەکان خوداوەندی زریان و پیت و بەرەکەت بووە و کوڕی خوداوەند ئێل بووە.

(١٥) بۆنژۆر: پاڵتۆیەکی پیاوانە بووە و بەگشتی لە قوماشی ڕەش دروست کراوە و جیاوازیی لەگەڵ چاکەتی ئاساییدا ئەوە بووە کە ئەمیان قەراخەکانی سەرلەبەر ڕێک بوون و لە چەرخی هەژدەمین و نۆزدەمیندا باو بووە.

(١٦) مێندێلسۆن: جاکوب لودڤیک فێلیکس مێندێلسۆن، کۆمپۆسیتۆرێکی جوولەکەی ئەڵمانیایی بووە، لە ١٨٠٩/٢/٣ لە هامبورگ لەدایک بووە و لە ١٨٤٧/١١/٤ لە لایبزیک مردووە.

(١٧) ڕێڤێلی: وشەیەکی فەرەنسایی بەمانای (لە خەو هەستاندن) و لە سوپادا بەیانییان بۆ لە خەو هەستاندنی لەشکر یا بە تەپڵ یا بە کەڕەنا یا ترومپێت لێ دەدرێت.

(١٨) ئەنگێلیوس: نوێژێکە جاران، سێ جاران، بەیانییان و نیوەڕوان و ئێواران، کە زەنگی کڵێسا لێ دەدرا، دەکرا بۆ بەبیرداهێنانەوەی ئەوەی کە خوا بووە بەمرۆڤ و دواتر لە چەرخی دوازدەمیندا گۆڕانی بەسەردا هات و ئەو نوێژە

تەنیا ئێواران دەکرا و چەرخی سێزدەمینیش نوێژی بەیانییانی بۆ زیاد کرا، بۆ بەبیرهێنانەوەی هەڵسانەوەی عیسای مەسیح و چەرخی چواردەمیش سێیەمین نوێژ، کە نوێژی ئێوارانە، بۆی زیاد کرا بۆ بەبیرهێنانەوەی ئازارەکانی مەسیح.

(١٩) هیۆسیوداموس: ڕووەکێکی زۆر ژەهراوییە.

(٢٠) ئۆریۆن: بورجێک لە بورجەکانی ئەستێرەیە، بەفارسی پێی دەوترێت: بورجی شکارچی و بەعەرەبی برج الجبار یا برج الجوزاء.

(٢١) بێلزەبوب: لە ئەفسانەی عیبریدا و لای جوولەکەکان دێوێک بووە و زۆرجار بەمانای شەیتانیش بەکار هێنراوە و ستریندبێرگ لێرەدا بە بەکارهێنانی وشەکانی: لوریفاکس، بالسبوت و بێلزەبووت، کە هەرسێکیان لە تەوراتدا ناویان هاتووە، ئاماژە بە شەڕی نێوان چاکە و خراپە دەکات.

# بەشی ٣

کەسەکان:

نەناسراو

ژن

کۆنفێسۆر

پریور (سەرۆکی دێری خاچپەرستان)

فریودەر (شەیتان)

ژنی یەکەم

مێردی ئێستای ژنی یەکەم

ئێریک

تیورا

یێردا

کەسانی لاوەکیی تریش.



پێشەوەی شانۆ کەنارێکی ڕووبارە گەورەکە پێشان دەدات، لە دەستەڕاستەوە لاپاڵی بچووک و تیژی نیوەدوورگەیەکی داپۆشراو بەدارەبی، نێوەڕاستی شانۆ ڕووبارەکە پێشان دەدات کە بەئارامی لە بەری دەڕوات، پشتەوەی شانۆش کەناری ئەوبەری ڕووبارەکە پێشان دەدات، کە چیایەکی بەرزی بەدارستان داپۆشراوە و بەسەر گەڵای تەوقەنەی درەختەکانیشەوە دێرێکی خاچپەرستان دەبینرێت، کە بریتییە لە بینایەکی گەورەی چوارگۆشەییی تەواو سپی و دوو ڕیز پەنجەرەی بچووکیان تێدایە، ڕووی دەرەوەی دێرەکە بەکڵێسای دێرەکە دەشکێتەوە کە دوو بورجی لە شێوازی (جەزویت)ی هەیە، دەروازەی کڵێساکە کراوەتەوە، بەشێوەیەک کە (مۆنسترانس)ی پێشنوێژگای کڵێساکەی جارجار، لەو کاتانەدا کە تیشکی خۆری لێ دەدات، لێوە دەبینرێت.

لە کەناری بەشی پێشەوەی شانۆ، کە نزم و لماوییە و گوڵی ڕەنگ زەرد و وەنەوشەییی لێ ڕواوە، کەشتییەکی بچووک دەبینرێت.

لە دەستەچەپەوە کۆختی کەشتییەوان دەبینرێت.

ئێوارەیەکی سەرەتاکانی هاوینە، خۆر بە نزمییەوەیە و پێشەوەی شانۆ و ڕووبارەکە و بەشی خوارەوەی پشتەوەی شانۆ کەوتوونەتە سێبەرەوە، گەڵای درەختەکانی کەناری ئەوبەر بە دەم شنەباوە دەشنێنەوە و خۆر بەتەنیا لە دێرەکە دەدات.

نەناسراو و کۆنفێسۆر لە دەستەڕاستەوە دێنە ژوورەوە، نەناسراو

جلوبەرگی خەڵکی چیاکانی (ئاڵپ)ی لە بەردایە کە بریتییە لە پاڵتۆ قاوەیییە یەخە شۆڕ و پانە کڵاودارەکە و گۆچانێکی بەدەستەوەیە و هەگبەی پێیە و نەختێک دەشەلێت. کۆنفێسۆر جلوبەرگی دۆمینیکانی ڕەش و سپیی لە بەردایە. بەجۆرێک ڕادەوەستن کە دارەبییەک دیمەنی دێرەکە دەشارێتەوە.

**نەناسراو:** بۆ بەم ڕێگە پێچەڵپێچ و هەوراز و نشێوانەدا، کە هەر کۆتاییان نایەت، دەمهێنیت و دەمبەیت؟

**کۆنفێسۆر:** ڕێگەکانی ئێرە وان، هاوڕێ! بەڵام هێندەی نەماوە و دەگەینە جێ.

(نەناسراو دەهێنێتە پێشەوەی شانۆ.)

**نەناسراو:** (دێرەکە دەبینێت و وەک ئەوەی تەلیسمی لێ کرابێت لە جێی خۆی دەوەستێت و شەپقەکەی هەڵدەبڕێت و گۆچان و هەگبەکە بەدەستییەوە شل دەبن.)

**کۆنفێسۆر:** ئێ!

**نەناسراو:** شتی وا سپیم، بێجگە لە خەوندا، لەم دنیا پیسوپۆخڵەدا نەبینیوە... ئەمە... ئەمە خەونی تافی گەنجیمە سەبارەت بەخانوویەک کە ئاساییش و پاکی باڵی بەسەردا کێشابێت! سڵاو لە تۆ ئەی خانووی سپی... سڵاو! ئێستا ئیتر لە ماڵەوەم!

**کۆنفێسۆر:** چاکە! بەڵام لە پێشدا دەبێت چاوەڕێی ئەوانە بین کە بۆ سەردانی ئەم شوێنە پیرۆزە بەڕێوەن، لەسەر ئەم کەناری ڕووبارە کە بە کەناری ماڵئاوایی لەیەکتر کردن ناو دەبرێت، لە کاتێکدا خەڵکی لێرەدا، پێش ئەوەی کەشتییەوان بێت و لە ڕووبارەکە بیانپەڕێنێتەوە، ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن.



**نەناسراو:** بۆ هێشتا هەر ماڵئاواییی تەواوم نەکردووە؟ هەموو تەواوی ژیانم هەورازێکی دڕکاویی پڕ لە ماڵئاواییکردن نەبووە؟ ئەی ئەو ماڵانەی میوانداریێتییان کردووم، ئەو تابگانەی کەشتییە هەڵمییەکانیان لێوە دەڕۆیشت، وێستگەکانی ڕێگەی ئاسنین و ئەو دەستەسڕە فرمێسکاوییانەی بۆ ماڵئاوایی ڕادەوەشێنران؟

**کۆنفێسۆر:** کەچی هێشتا دەنگت بەدەم ئازاری ئەوانەی بیر و تاسەیان دەکەیت، دەلەرزێت!

**نەناسراو:** تاسەی هیچ شتێک ناکەم، دڵم بۆ گەڕانەوەی هیچ شتێک لێ نادات!

**کۆنفێسۆر:** تاسەی گەنجیشت ناکەیت؟

**نەناسراو:** ئەویان لە هەر شتێکی تر کەمتر! چی لە هێزی ئازارهێنی گەنجی بکەم؟

**کۆنفێسۆر:** ئەی خۆشی و ڕابواردنەکەی؟

**نەناسراو:** قەت هیچ خۆشی و ڕابواردنێکم لە هیچ شتێک نەدیوە، چونکە لەوساوەی لەدایک بووم سەراپای لەشم دڕکئاژن بوو و هەر جارێکیش دەستم بۆ خۆشییەک درێژ کردبێت، دڕک لە پەنجەکانم هەڵچەقیون و شەیتان ئەملا و لای ماچ کردووم!

**کۆنفێسۆر:** ئەمانە خۆشی نین!

**نەناسراو:** بەڵام هێندەش ناخۆش نەبوون: ماڵی خۆم هەبووە، ژنم هەبووە، منداڵ، ئەرکەکانی سەر شانم و بەدەنگەوەهاتنی خەڵکم هەبوون! نا... من لە نابەدڵیدا لەدایک بووم، زڕمنداڵی ژیان بووم، تووڕەکراو و ڕاونراو و بەکورتییەکەی نەفرەتلێکراو بووم.

**کۆنفێسۆر:** چونکە سەرپێچیی فەرمانەکانی خوات دەکرد...

**نەناسراو:** ئەو فەرمانانەی کە هیچ کەسێک، بەپێی فەرمایشتەکانی پاوڵۆس، ناتوانێت پێڕەوییان بکات. بەڵام بۆ دەبێت ئەوەی بەکەسی تر ناکرێت، بەمن بکرێت. بۆ بەتەنیا بەمن؟ چونکە ئەوە لە من چاوەڕێ دەکرا هەرگاڤ نزم و ناکەس بم! لەبەرئەوەی لە هەر کەسێکی تر زیاتر لە من داوا دەکرا!... (دەقیژێنێت.) چونکە ناهەق بوون بەرانبەر بە من!

**کۆنفێسۆر:** دیسان بەزمەکەیە، یاخییەکەی جارانە و دەنگ هەڵدەبڕێت!

**نەناسراو:** ئا... هەردەم یاخی و هەموو کات لەو جێیەی یاخیبوونی لێیە؟ ئێستا با بڕۆین... با لە ڕووبارەکە بپەڕینەوە!

**کۆنفێسۆر:** بۆ پێت وایە، هەروا و بەبێ هیچ خۆئامادەکردنێک دەتوانیت بەرەو ئەو ماڵە سپییە هەڵگەڕێیت؟

**نەناسراو:** ئامادەم! تاقیم بکەوە!

**کۆنفێسۆر:** یەکەم پەیمانێک لە پەیمانەکانی دێر ئەمەیە: بێفیزی!

**نەناسراو:** دووەمیشیان ناوی: مل نەویکردنە! هیچ لەوانیش ڕەوشتێکی تایبەتی من نەبوون و هەر بەتەنیا لەبەر ئەوەش دەمەوێت هێز و توانستی خۆم تاقی بکەمەوە!

**کۆنفێسۆر:** بۆ ئەوەی لووتبەرزیی خۆت بەبێفیزی پێشان بدەیت!

**نەناسراو:** کامیانت پێ خۆشە با ئەو بێت، بۆ من هیچ گرینگییەکی نییە!

**کۆنفێسۆر:** هەموو شتێک؟ دنیا و دیارییە هەرە جوانەکانی، شادی و دڵخۆشیی بێ گوناهی منداڵان، گەرموگوڕیی خۆشیی نێوماڵ، دانپێدانانی ئەوانەی لەگەڵیاندا ژیاویت، دڵخۆشبوون بەرانبەر



بەو ئەرکانەی بەجێت هێناون، هیچ شتێک... هیچ شتێک گرینگ نییە!

**نەناسراو:** بۆ من گرینگ نییە... چونکە من دوور لە هەر هەست و نەستێک بەرانبەر بەشادی و خۆشی لەدایک بووم. جارنا ئیرەییشیان پێ بردووم، بەڵام تێ نەگەیشتووم خەڵک ئیرەییان بە چی بردووە، کوڵی دڵی من بەدبەختییە و هیچی تر، بەرانبەر بەوەی ئەو کاتانەش کە لە بەختی من دەشکێنەوە، نیگەرانم لەوەی زۆر بڕ نەکەن؟

**کۆنفێسۆر:** ڕاستە... ژیان هەرچییەکت لێ داوا کرد پێی دایت، تەنانەت لە دواییی دواییەکانیشدا نەختێک زێڕیش. ئەگەر بەهەڵەشدا نەچووبم تەنانەت پەیکەرێکیشیان بۆ کردیت؟

**نەناسراو:** ڕاستە! پەیکەریشیان بۆ کردم!

**کۆنفێسۆر:** باوەڕت بەپەیکەریش هەیە! کەس نا تۆ؟

**نەناسراو:** بەهیچ جۆرێک، بەڵام ئەوە جۆرە دانپێدانانێک بوو، هەر چۆنێک بێت، دانپێدانانێکی بێ بنەماش نەبوو، کە نە ئیرەیی و نە لێتێنەگەیشتن دەیانتوانی جێی پێ لەق بکەن.

**کۆنفێسۆر:** با وا بێت؟ من هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕ بووم کە گەورەی مرۆڤ لە بیر و بۆچوونی ئەوانی تردایە و بەهەر گۆڕانێکیش لە بیر و بۆچوونی ئەوانی تردا گەورەیی دەتوانێت لێی کەم ببێتەوە و لە هیچیش هیچتر بێت.

**نەناسراو:** بیر و بۆچوونی ئەوانی تر هەرگیز لە بەرانبەر بیر و بۆچوونی مندا مانایەکی ئەوتۆی نەبووە.

**کۆنفێسۆر:** بەڕاستیتە؟

**نەناسـراو:** هیچ کـەسـێکیش هێندەی من لە بـەرانبـەر خـۆیدا ڕەق و تووش نەبووە! هیچ کەسێک هێندە بێفیز نەبووە! هەموو هەر داوای ڕێزیان لە من کردووە، لە بەرانبەریشدا هەر هەموویان پێیان پێدا ناوم و تفیان تێ کردووم. کە کۆتاییەکەشی بەوە گەیشتم کە من ئەرکێکم کەوتووەتە سەرشان بەرانبەر ئەو ڕۆحەی هەردەم نەمرە؛ ئەو ڕۆحەی وەک بارمتە لام دانرابوو، ئیتر کەوتمە سەر کەڵکەڵەی ڕێزلێگرتنی ئەو ڕۆحە نەمرە و هەر ئەوساش مۆرکی بەفیزترینی بەفیزەترینەکانم بەسەردا سەپێنرا ئەوانەش کێ بوون ئەو مرۆکەیان لێ نام؟ بەفیزترینی ئەوانەی لە هەموو کەس بێفیزتر و بچووکترن!

**کۆنفێسۆر:** وا دەبینم کە خۆت کلکت لە قسەکانی خۆت ئاڵاوە و بەرپەرچی خۆت دەدەیتەوە...

**نەناسراو:** تەنانەت منیش! چونکە هەموو ژیان تەنیا بەرپەرچدانەوەیە و هیچی تر: دەوڵەمەندەکان ئەو کەسانەن ڕۆحیان هەژارن، بچووکەکان لە ژمارە نایەن، پیاوانی بچووک دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و گەورەکانیش سەپانی بۆ ئەو پیاوە بچووکانە دەکەن کە لە ژماردن نایەن، هەرگیز بەهەمان شێوەی وەک ئێستا تووشی کەسانێکی بەفیزتر نەبووم! هەرگیز تووشی کەسێکی نەخوێندە نەبووم کە پێی وا بووبێت لە توانایدا نەبووبێت ئەوە هەڵبسەنگێنێت خوێندەواری و فێربوون چین و خۆی لێیان پەنا گرتبێت، من هەموو کات تووشی گوناهی مردن، کە ناخۆشترین گوناهی بەشەرەفانە، بووم... مەبەستیشم لە هەقێکە کە هەیانە و منیش بۆ خۆم لە گەنجیمدا یەکێک لەوان بووم، بەڵام دواتریش یەکێک بووم لە



هەرە خراپترینەکان! چەندیش باوەڕم زیاتر بەخۆم هەبوو، هێند زیاتر و لەوەش زیاتر خراپ بووم!

**کۆنفێسۆر:** ئەی لێرە چی دەکەیت؟

**نەناسراو:** وەک نەختێک پێش ئێستا پێم وتیت، بەڵام با ئەمەشی بۆ زیاد بکەم: مردن بەبێ ئەوەی بمرم!

**کۆنفێسۆر:** مردن و لە لەشی خۆڕزگاربوون! مردن دوور لە تۆیەک کە هەبوویت! چاکە! هێمن بە، ئێستا ئەوانەی بۆ سەردانی ئەم شوێنە پیرۆزە بەڕێوەن بەکەڵەکە دارینەکانیانەوە دەگەن بۆ ئەوەی ئاهەنگی (کۆرپوس کریستۆس) بگێڕن...

**نەناسراو:** (سەیری دەستەڕاست دەکات... دەحەپەسێت.) ئەوە چییە؟

**کۆنفێسۆر:** خەڵکانێکن باوەڕیان بەشتێک هەیە...

**نەناسراو:** کەواتە یارمەتیی بێباوەڕیی من بدە! (ئێستا دیمەنی خۆر دەبینرێت کە کەوتووەتە سەر (مۆنتسرانس)ەکەی کڵێسا کە وەک شووشەی پەنجەرەیەک لەبەر تیشکی خۆردا دەدرەوشێتەوە.) چییە خۆر چووەتە ناو کڵێساکەوە یا...

**کۆنفێسۆر:** ئا... خۆر چووەتە ناو کڵێساکەوە!...

(یەکەمین کەڵەک دەبینرێت کە لە دەستەڕاستەوە دێت. ئەوانەی ناوی جلوبەرگی سپییان پۆشیوە و تاجەگوڵینەیان لەسەر سەرە و مۆمی هەڵگراویان بەدەستەوەیە و لە دەوری پێشنوێژگایەکی بەگوڵ ڕازاوە کۆ بوونەتەوە، کە بەیداخێکی سپیی لەسەر هەڵکراوە و گوڵی شلێری ڕەنگ زێڕینی لەسەر دانراوە و بەدەم بەهێواشی بەڕێکەوتنی کەڵەکەکەوە، گۆرانی دەڵێن.)

خوا لێت خۆش بێت... تۆ ئەی ئەوەی لە خوا دەترسیت،

بێئاتی ئۆمنێس، کوی تیمێنت دۆمینیوم،

تۆ ئەی ئەوەی بەسەر ڕێگەکانی ئەوەوە بەڕێوەیت.

کوی ئامبولانت ئین ڤییس ئێییوس.

تۆ دەبێت لە بەری ڕەنجی خۆت بخۆیت،

لامبۆرێس مانووم توئاروم کوییا ماندوکابیس:

خوا لێتان خۆش بێت و سڵاوی خێرتان لێ بێت!

بێئاتوس ئێس ئێت بێنێ ئێریت.

(پاشان دەڕۆن.)

(کەڵەکی دووەم کە لایەکی پڕە لە کوڕان و لایەکی تری پڕە لە کچان دێت و بەیداخێکی هەڵکردووە و گوڵی پێوەیە.)

با ژنەکەت وەک دارمێوێک بە پیت و بەرەکەت بێت

ئوکسۆر تووا سیکوت ڤیتیس ئەبوندانس،

لەنێو ئەو ماڵەدا تێیدا دەژیت.

ئین لاتێرییبوس دۆموس توئێ.

(پاشان دەڕۆن.)

(کەڵەکی سێیەم، ژن و پیاوانی تێدایە و بەیداخێکی هەڵکردووە و هەنجیر و ترێ و هەنار و کاڵەک و گوڵەگەنم و شتی تری لەسەر نەخشێنراوە.)

فیلیی توی سیکوت نۆڤێلئێ ئولیڤاروم،

با منداڵەکانت وەک چڵەزەیتوونی دەوری مێزەکەت بن.

ئین سیرکویتو مێنسئێ توئێ.

(پاشان دەڕۆن.)

(کەڵەکی چوارەم بەپیرەژن و پیرەمێردەکانی سەریەوە دێت و



بەیداخێکی هەڵکردووە کە وێنەی دارسنەوبەرێکی بەبەفرداپۆشراوی لەسەر نەخشێنراوە.)

ببینە، چۆن خوا لەو پیاوە خۆش بووە،

ئێسسێ سیک بێنێدیکێتور هۆمۆ،

کە لە خوا دەترسێت.

کوی تیمێت دۆمینوم!

(ئەمجا دەڕۆن.)

**نەناسراو:** چییان دەوت؟

**کۆنفێسۆر:** گۆرانیی ئەو کەسانەی کە بۆ سەردانی ئەم شوێنە پیرۆزە دێن!

**نەناسراو:** کێ ئەو گۆرانییەی نووسیوە؟

**کۆنفێسۆر:** کەسێکی دەرباری پاشایەتی...

**نەناسراو:** لێرە؟ ناوی چییە؟ هیچی تری نووسیوە؟

**کۆنفێسۆر:** بەلانی کەمەوە پەنجا لەو گۆرانییانەی نووسیوە و ناویشی داڤیدی کوڕی ئیسایسە. بەڵام بەردەوام هەر لەو جۆرە گۆرانییە دینییانەی نەدەنووسی... کە گەنج بوو، خەریکی شتی تریش بوو... ئیتر وایە!

**نەناسراو:** دەتوانین بڕۆین؟

**کۆنفێسۆر:** هەر ئێستا، بەڵام لە پێشدا دەبێت هەندێک شت بڵێم!

**نەناسراو:** فەرموو!

**کۆنفێسۆر:** چاکە... بەڵام نە زویر بە و نە تووڕەش.

**نەناسراو:** دڵنیا بە!

**کۆنفێسۆر:** بزانە... تۆ لێرە، لەمبەرەوە، پیاوێکی بەناوودەنگی و خەڵک

دەتناسن، بەڵام لەوێ، لەوبەرەوە، لەنێو براکاندا بەتەواوی نە دیو و نە ناسراویت، کەواتە لە کەسێکی ئاسایی و سادە و ساکار زیاتر نیت.

**نەناسراو:** بۆ؟ لەوێ لە دێرەکە کەس ناخوێنێتەوە؟

**کۆنفێسۆر:** دەخوێننەوە، بەڵام شتی باو و ئاسان نا... شتی گرینگ دەخوێننەوە!

**نەناسراو:** بەڵام خۆ هەر نەبێت ڕۆژنامەکان دەبینن؟

**کۆنفێسۆر:** ئەوانە نا کە لەسەر تۆ تێیاندا دەنووسرێت!

**نەناسراو:** کەواتە، لەوبەری ئاوەکەوە، کۆبەرهەمەکانی من لە جێی نەبوونن؟

**کۆنفێسۆر:** کام کۆبەرهەم؟

**نەناسراو:** ئەها! چاکە! ئێستا دەتوانین بپەڕینەوە یا نا؟

**کۆنفێسۆر:** هەر ئێستا! کەس نییە بتەوێت ماڵئاواییی لێ بکەیت؟

**نەناسراو:** (دوای پشوویەک.) با... بەڵام لە ئێستادا کاری نەکردەیە.

**کۆنفێسۆر:** بۆ تووشی هیچ شتێک بوویت نەکرێت؟

**نەناسراو:** لە ڕاستیدا لەو کاتەوە کە چارەنووسی خۆمم بینیوە... نا... نییە!

**کۆنفێسۆر:** چاکە! دەتەوێت کێ ببینیت؟

**نەناسراو:** جارێک لە جاران کچێکم هەبوو، ناوم لێ نابوو سیلڤیا، چونکە بەدرێژاییی ڕۆژ وەک فیچقەگوڵلەیەک دەیخوێند... چەند ساڵێکە نەمبینیوە و ئێستا ڕەنگە کچێکی شازدە ساڵان بێت. بەڵام دەشترسم ئەگەر ئێستا بیبینم دیسان ژیان نرخێک پەیدا بکاتەوە.



**کۆنفێسۆر:** لە هیچ شتێکی تر ناترسیت؟

**نەناسراو:** دەبێت ئەو شتە چی بێت؟

**کۆنفێسۆر:** ئەگەر کچەکەت بەشێوەیەک لە شێوەکان گۆڕابێت؟

**نەناسراو:** ئەگەر گۆڕابێت، تەنیا بەچاکە گۆڕاوە و هەر چاکەشی لێ دەبێتەوە!

**کۆنفێسۆر:** دڵنیایت؟

**نەناسراو:** ئا!

**کۆنفێسۆر:** ئێستا دێت! (بەرەوخوار، بەرەو کەنارەکە، دەبێتەوە و ئیشارەت بۆ دەستەڕاست دەکات.)

**نەناسراو:** بوەستە... بیر دەکەمەوە ئاخۆ ئەوە کارێکی باشە یا خراپە؟

**کۆنفێسۆر:** هیچ زیانێکی نابێت! (دیسان ئیشارەت دەکات.)

(گەمییەک لە ڕووبارەکەوە دەردەکەوێت، کچێکی تێدایە و خەریکی سەوڵلێدانە. کچەکە جلوبەرگی هاوینەی پۆشیوە، سەری ڕووتە و قژە کاڵەکەی بە شان و ملیدا بەرداوەتەوە. لە پشت دارەبییەکەوە لە گەمییەکە دێتە دەرەوە. کۆنفێسۆر لەلای کۆختی کەشتییەوانەکەوە خۆی پەنا دەگرێت، بەڵام هێشتا لە بینەرانەوە دیارە.)

**نەناسراو:** (ئیشارەتی بۆ کچەکە کردووە و کچەکەش بەئیشارەت وەڵامی داوەتەوە.)

**کچەکە:** (دێتە سەر شانۆ، بەرەو نەناسراو ڕادەکات و باوەشی پێدا دەکات و ماچی دەکات.) بابە گیان!

**نەناسراو:** سیلڤیا... کچە خۆشەویستەکەم... سیلڤیا!

**کچ:** ئەی هاوار چی تۆی گەیاندووەتە ئەم شاخوداخانە؟

**نەناسراو:** ئەی تۆ، تۆ چۆن هاتوویت بۆ ئێرە؟ وام دەزانی کە من زۆر بە چاکی خۆم شاردووەتەوە!

**کچ:** بۆ دەبێت خۆت بشاریتەوە؟

**نەناسراو:** تا دەتوانیت کەم پرسیار بکە!... تۆ ئێستا کچێکی گەورەیت و... منیش پیر بووم!

**کچ:** نا... پیر نەبوویت... هێشتا هێندەی ئەوسا کە لە یەکتر جیا بووینەوە... گەنجیت...

**نەناسراو:** کەی جیا بووینەوە...

**کچ:** ئەوسا کە بەجێت هێشتین...

**نەناسراو:** (زمانی دەشکێت.)

**کچ:** دڵخۆش نیت بەوەی یەکترمان بینیوەتەوە؟

**نەناسراو:** (بەکزییەکەوە.) با!

**کچ:** دە کەواتە پێشانی بدە!

**نەناسراو:** بەڵام چۆن بتوانم دڵخۆش بم، کە ئەمە دوا ماڵئاواییمانە لە یەکتر لە ژیاندا!

**کچ:** بۆ، بۆ کوێ دەچیت؟

**نەناسراو:** (دەست بۆ دێرەکە ڕادەکێشێت.) بۆ ئەوێ!

**کچ:** (شەیتانانە.) بۆ دێرەکە!... ڕەنگە ئەوە باشترین شتێکیش بێت.

**نەناسراو:** مەبەستت لەوەیە کە؟

**کچ:** (بەبەزەییپێداهاتنەوە، بەڵام بەنیازێکی چاکەوە.) مەبەستم لەوەیە کە ئەگەر ژیانێکی پڕ لە هەڵە و چەوتیت لە پاش خۆت بەجێ هێشتبێت... (بەمەراییکردنەوە.) ئەوەتا... ئەوە دڵت شکا دیسان! بەڵام شتێکم پێ بڵێ...



**نەناسراو:** تۆ شتێکم پێ بڵێ کچە خۆشەویستەکەم، شتێک کە لە هەر شتێکی تر زیاتر نیگەرانی کردووم... باوەپیارەت هەیە ئێستا...

**کچ:** ئا!

**نەناسراو:** ئێ!

**کچ:** تا بڵێیت کەسێکی چاک... کەسێکی نەرمونیانە...

**نەناسراو:** هەموو کردەوەیەکی چاکیشی لە دەست دێت، کە لە دەست من نابنەوە...

**کچ:** بۆ پێت خۆش نییە کە کەوتووینەتە بەردەستی کەسێکی باشتر؟

**نەناسراو:** باش، باشتر، باشترین... بۆ قژت ڕووتە؟

**کچ:** چونکە (یۆری) شەپقەکەی بۆ هەڵگرتووم.

**نەناسراو:** (یۆری) کێیە؟ لە کوێیە؟

**کچ:** هاوڕێمە و لە خوارەوە لەسەر کەنارەکە چاوەڕێ دەکات.

**نەناسراو:** مارە کراویت؟

**کچ:** نا... بێگومان نا!

**نەناسراو:** ئەی بەنیازیت شوو بکەیت؟

**کچ:** قەت!

**نەناسراو:** بە ڕوومەتە مەرمەڕییەکانتەوە دەیبینم، کە لە ڕوومەتی منداڵێک دەچن زوو لە خەو هەڵسابێت، لە دەنگتەوە دەیبیستم، کە چیی تر لە جریوەی مەلە ڕەنگینە دەنگخۆشەکەی نێو باخ و گوڵان ناچێت و لە قیرەی قەلەباچکە دەچێت، لە ماچە ساردوسڕەکانتەوە هەستی پێ دەکەم، کە هێندەی خۆری مانگی گوڵان بەساردوسڕی دەگرێت، نیگا ساردوسڕە

ڕەقوتەقەکانت پێم دەڵێن کە نهێنییەکت لەژێر سەردایە، مایەی شەرمەزاری و تەرقیبوونەوە، بەڵام پڕ بەدڵیش دەتەوێت خۆتیان پێوە با بدەیت... ئەی خوشک و براکانت؟ ئەوان چۆنن؟

**کچ:** سوپاس... باشن!

**نەناسراو:** هیچی تر هەیە بەیەکتری بڵێین؟

**کچ:** (بەساردییەکەوە.) ڕەنگە نەمانبێت!...

**نەناسراو:** ئێستا زۆر لە دایکت دەچیت؟

**کچ:** چۆن دەزانیت، تۆ کە قەت نەتدەتوانی وا بیبینیت کە هەبوو؟

**نەناسراو:** بەم تەمەنە کەمەوە لەمەش گەیشتوویت!

**کچ:** لە تۆوە تێی گەیشتووم! ئەوەندە نەبێت کە تۆ خۆت لە خۆت تێنەگەیشتوویت!

**نەناسراو:** هیچی ترت هەیە فێرم بکەیت؟

**کچ:** لەوانەیە... بەڵام لە سەردەمی تۆدا بەنەگونجاو دەبینرا.

**نەناسراو:** سەردەمی من، سەردەمێک کە هەبوو و ئێستا بەسەرچووە، وەک چۆن سیلڤیا ئیتر سیلڤیا نییە و بەتەنیا ناوێکە و هیچی تر، بیرەوەرییەکە و هیچی تر! (کتێبێکی گەشتوگوزار لە گیرفانی دەردەهێنێت.) ئەم کتێبی گەشتوگوزارە دەبینیت؟ ئەو پەڵە بچووکانە دەبینیت کە جێپەنجەی چەند پەنجەیەکی بچووکن، ئەوانەش کە جێماچی دەمێکی بچکۆلەی تەڕوبڕن. ئەوانە لە تۆ، کاتێک پێنج ساڵان بوویت و لەسەر کۆشم لە قیتاردا دانیشتبوویت، بەجێ ماون؛ ئەو کاتانەی کە بۆ یەکەمین جار چیاکانی ئالپمان بینی. تۆ پێت وابوو ئەوە ئاسمانە و کە منیش بۆم ڕوون کردیتەوە ئاسمان نییە و (دییە یونگفراو)ە،



داوات کرد کە ناوەکەی، ڕێک لەو جێیەدا کە لە کتێبەکەدا نووسرابوو، ماچ بکەیت!

**کچ:** بیرم نایەتەوە!

**نەناسراو:** بیرەوەرییە جوانەکان بەسەر دەچن و ناشیرینەکان دەمێننەوە! هیچ شتێکت لەبارەی منەوە بەبیردا نایەتەوە؟

**کچ:** با چۆن!

**نەناسراو:** بێدەنگ! دەزانم مەبەستت چییە، شەوێک، ئاخ! بەڵام چ شەوێک! شەوێکی تۆقێنەر! چ شەوێک! سیلڤیا، منداڵە و کە چاوم دەنوقێنم، فریشتەیەکی بچکۆلەی ڕەنگ زەرد دەبینم، کە لەسەر قۆڵم نووستوە، نەخۆشە و کە دیارییەکیشی وەردەگرێت، سوپاسم دەکات... کوا لە کوێیە، لە کوێیە، ئەوەی کە من هێندە تاسە و ئارەزووی دەکەم و چیی تر، ئەگەرچی نەشمردووە، نەماوە؟ کوا؟ تۆ کە لەوێدا وەستاویت، کەسێکی نامۆیت، کەسێک کە لەوە دەچێت قەت نەمناسیبێت و بەدڵنیاییشەوە هیچ تاسە و ئارەزوویەکی بینینەوەی ناکەم. ئاخ... ئەگەر هەر نەبێت سیلڤیا مردوو بووایە، لەنێو گۆڕدا ڕاکشا بووایە، گۆڕستانێکم دەبوو بەخۆم و گوڵەکانمەوە ڕووی تێ بکەم! ... چەند سەیرە! ئەو لە گۆڕستان نییە و لەسەر زەویش نییە! ڕەنگە قەت نەشبووبێت، تەنیا خەونێک بووبێت، وەک هەر شتێکی تر!

**کچ:** (بەمەرایییەوە.) بابە!

**نەناسراو:** ئەوەتا!... نا... ئەو نەبوو و تەنیا دەنگی بوو! ... تۆ دەڵێیت ژیانی من پڕ لە هەڵە و چەوتی بوو؟

**کچ:** ئا... بەڵام بۆ ئێستا باسی ئەوە بکەین...

**نەناسراو:** چونکە دەمەوێت ئەوەت بەبیردا بهێنمەوە کە جارێک لە جاران ژیانی تۆم ڕزگار کرد. یەک مانگی ڕەبەق نەخۆش کەوتبوویت و بەدەست دەمارەتاوە دەتناڵاند، دایکیشت، کە یەکێک لەوانە بوو بیریان دەکردەوە، چاوەڕێی ئەوەی لە دوکتۆرێک دەکرد کە بەژەهرێکی کاریگەر ژیانە پڕ لە ناڵین و ئازارەکەت لە کۆڵ بکاتەوە و من کەوتمە نێوانەوە و تۆم لە دەست مردن ڕزگار کرد و دایکیشت لە زیندان!

**کچ:** باوەڕ بەو قسەیە ناکەم!

**نەناسراو:** بەڵام شتێک کە ڕووی دابێت، ڕاستە... ئەگەرچی تۆ باوەڕیشی پێ نەکەیت!

**کچ:** ئەوەت لە خەوندا دیوە!

**نەناسراو:** کێ دەزانیت ئاخۆ هەر هەموویم بەخەون نەدیوە و ئێستا کە لێرەدا وەستاوم خەون نابینم! ئاخ... خۆزگە وا بووایە!

**کچ:** بابە گیان... دەبێت بڕۆم!

**نەناسراو:** خوات لەگەڵ!

**کچ:** ئەی ناتوانم نامەت بۆ بنێرم؟

**نەناسراو:** مردوویەک نامە بۆ مردوو بنێرێت؟ لەمەودوا چیی تر نامە بە من ناگەن! پێشوازی لە سەردانی هیچ کەسێک ناکەم. لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆشم بەوەی کە یەکترمان بینی، چونکە ئیتر هیچ شتێک لەسەر ڕووی زەوی نەماوە بەخۆیەوە بمبەستێتەوە. (بەدەم ئەم قسانەوە بەرەو دەستەچەپ دەڕوات.) خوات لەگەڵ خاتوون... خوات لەگەڵ خانم، کە نازانم بەکامیان بانگت بکەم؟



... گریانیش پێویست ناکات!

**کچ:** گریانم لە بیردا نەبووە، لە کاتێکدا کە هەلومەرجیش داوای شتێکی لەو جۆرەمان لێ دەکات. کەواتە خوات لەگەڵ! (بەرەو دەستەڕاست دەڕوات.)

**نەناسراو:** (ڕوو لە کۆنفێسۆر.) چاک لە کۆڵی خۆم کردەوە، کۆنفێسۆر! لێکدابڕان بەخشندەییە و باریوە ئەگەر لەسەر ڕازیبوونی هەردوولا بێت. لە کاتێکدا کە مرۆڤایەتی بەهەنگاوی گەورە بەرەوپێش دەڕوات، دانبەخۆداگرتن بەپێی زیادبوون و کەمبوونەوەی ناڵە و گرین لە کەمبوونەوەدایە و، منیش کە لە ژیانی خۆمدا هێندە فرمێسکم بینیون، ئا لەم وشکبوونەوەیەدا هەست بەسەرسووڕمان دەکەم. کچێکی بەهێز و خۆڕاگربوو بوو، ڕێک وەک ئەوەی کە من جارێک لە جاران ئاواتم پێ دەخواست و دەمویست وا بم! ... ئەمەش جوانترین شتێکی ژیان بوو: منداڵێک، فریشتەیەکی ژێر سەربێشکەیەکی سپی و کاتێکیش دەخەوت پەردەیەکی شینی بەسەر دەدرا، شین و تاق تاق وەکو ئاسمان... لە وێنەی نەبوو! ئەی ئاخۆ ئەوەی لە هەموو شت خراپترە چۆن بنوێنێت و لە چی بچێت؟

**کۆنفێسۆر:** تۆ نابێت توورە بیت، دەبێت دڵخۆش بیت، بەڵام لە پێشدا ئەو کتێبی گەشتوگوزارە نەفرەتییە فڕێ دە، چونکە ئەمە دوایین گەشتە!

**نەناسراو:** مەبەستت لەمەیە!... بۆ نا! (کتێبەکە دەکاتەوە و ناوەوەی ماچ دەکات و فڕێی دەداتە ڕووبارەکەوە.) چیی تر؟

**کۆنفێسۆر:** ئەگەر هەر شتێکی زێڕ یا زیویشت پێیە، دەبێت بیدەیت بەهەژاران.

**نەناسراو:** سەعاتێکی زیوینم پێیە و بەزێڕیش قەت نەگەیشتووم.

**کۆنفێسۆر:** سەعاتەکەت بدە بەکەشتییەوانەکە و پەرداخێک شەراب لە بریی وەربگرە.

**نەناسراو:** دوا پەرداخ شەراب! ئەمە وەک ئەوەیە بتکوژن، ڕەنگە ناچاریش بکرێم قژیشم بتاشم؟

**کۆنفێسۆر:** ئا... بەڵام ئەمیان ئێستا نا! (سەعاتەکەی لێ دەستێنێت و لە کۆختی کەشتییەوانەکەدا دایدەنێت و لە دەرگەکەوە چەند شتێک بەگوێدا دەچرپێنێت، بتڵێک شەراب و پەرداخێک وەردەگرێت و لەسەر مێزەکە دایاندەنێت.)

**نەناسراو:** (پەرداخەکە پڕ دەکات، بەڵام لێی ناخواتەوە.) قەت لەوێ، لە سەرەوە، شەرابم نادرێتێ؟

**کۆنفێسۆر:** نە شەراب و نە ژن بەچاوی خۆت دەبینیت، گۆرانیت گوێ لێ دەبێت، بەڵام گۆرانیی وا نا کە لەگەڵ ژن و شەرابدا گوێت لێیان بێت.

**نەناسراو:** ئەوەندەم ژن بینیوە بەس بێت و چیی تر دڵیشم بۆ ئەمیان لێ نادات!

**کۆنفێسۆر:** دڵنیایت؟

**نەناسراو:** تەواو دڵنیا... بەڵام شتێکم پێ بڵێ: چۆن بیر لەو ژنە دەکەنەوە کە بەهیچ جۆرێک ڕێی نادرێت پێ بەرەو ئەودیوی دیوارە پیرۆزەکانتان هەڵبهێنێتەوە؟

**کۆنفێسۆر:** هێشتا لە پرسیار نەکەوتوویت؟

**نەناسراو:** ئەی بۆ هیچ (ئەبەدیسا)یەک ڕێی پێ نادرێت گوێ لە پاکانەی گوناهکاران بگرێت، بۆ ڕێیان پێ نادەن نوێژ ڕێک



بخەن و ئامۆژگاریی ئاینیی خەڵک بکەن؟

**کۆنفێسۆر:** وەڵامی پرسیاری وا نادەمەوە.

**نەناسراو:** چونکە وەڵامەکەت دەبێت لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی مندا لەو بابەتەدا ڕێک بکەوێت.

**کۆنفێسۆر:** ڕاستییەکەی ئەگەر شتێک هەبێت من و تۆ بتوانین لەسەری ڕێک بکەوین، کارەساتە و هیچی تر!

**نەناسراو:** جا لەمە چاکتر هەیە!

**کۆنفێسۆر:** ئێستا شەرابەکەت بخۆوە.

**نەناسراو:** نا... نایخۆمەوە، تەنیا دەمەوێت بۆ دواین جار سەیری بکەم. زۆر جوانیشە...

**کۆنفێسۆر:** بەقووڵی سەرنج لە شت مەدە، بیرەوەرییەکانت لە بنی پەرداخەکەدان!

**نەناسراو:** بیرچوونەوەش، گۆرانی و هێزیش هەروەها لە بنیدان ئەندێشەکردنیش! هەر ڕێک لەبەر ئەوەش هەر هەموویان بەهێز و بەبڕشترن...

**کۆنفێسۆر:** نەختێک چاوەڕێ بە... تا دەچم و کەشتییەکە بەکرێ دەگرم!

**نەناسراو:** بێدەنگ... گوێم لە گۆرانییەکە و دەشبینم! دەیبینم... بۆ نەختێک بینیم، وەک ئەوەی کە ئاڵایەک بەشنەبایەک دەشەکێتەوە، بۆ ئەوەی پاشان وەک پارچە پەڕۆیەک بە دارئاڵاکەوە بنووسێت و لە پارچە پەڕۆیەک زیاتر هیچ شتێکی تر نەبینرێت. بۆ نەختێک هەموو ژیانم بەگشت ئاسوودەیی و دڵتەنگییەکانی خۆیەوە، بەجوانی و چەپەڵییەکانیەوە، بینی،

بەڵام ئێستا چیی تر نابینم!

**کۆنفێسۆر:** (بەرەو دەستەچەپ دەڕوات.) نەختێک چاوەڕێ بە تا دەچم کەشتییەکە دەگرم!

**نەناسراو:** (بەرەو پێشەوەی شانۆ دەڕوات، بەجۆرێک کە تیشکەکانی زەردەپەڕ بەتەواوی لە نێوان درەختەکانی دەستەڕاستەوە دەکەونە سەری و سێبەرەکەی لەسەر زەوی و ڕووبارەکە دەبینرێت.)

**ژن:** (جلوبەرگی پرسەی لە بەردایە و لە دەستەڕاستەوە دێتە ژوورەوە و بەرەبەرە سێبەرەکەی دەگاتە بەرپێی نەناسراو.)

**نەناسراو:** (کە سەرەتا بەتەنیا سەرنج لە سێبەرەکەی خۆی دەدات.) ئەوە چییە!... خۆر!... کە وێنەیەکی بێ گیانی لێ دروست کردووم، وێنەیەکی زۆر گەورە، کە بەسەر ئاوی ڕووبارەکەوە دەڕوات، بەچیاکاندا هەڵدەگەڕێت، بەرەو سەربانی کڵێسای دێرەکە هەڵدەگەڕێت و... ئێستاش ئەوەتا بەرەو تاقی ئاسمان دەڕوات... بەرەو ئەستێرەکان... ئەوەتا لەسەر ئەستێرەکانم... (هەست بەسێبەری ژنەکە لە بەرپێی خۆیدا دەکات.) بەڵام ئەوە کێیە دوام کەوتووە، کێیە گەشتەکەم بەرەو ئاسمان لێ تێک دەدات و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە بەرەو ئەوێ بە شان و ملمدا هەڵبگەڕێت؟ (ئاوڕ دەداتەوە.) ... تۆیت؟

**ژن:** ئا منم!

**نەناسراو:** چەند ڕەشیت! ڕەش و بەدکار!

**ژن:** چیی تر بەدکار نا، لە پرسەدام...

**نەناسراو:** پرسەی کێ؟



**ژن:** میسی!

**نەناسراو:** میسیی کچم!

**ژن:** (دەستەکانی بڵاو دەکاتەوە بۆ ئەوەی باوەشی پێدا بکات، بەڵام ئەم خۆی لادەدات.)

**نەناسراو:** بەختەوەریی بۆ ئەو مردووە بچکۆلانەیە داوا دەکەم و بۆ تۆش بە داخ و پرسەوە، بەڵام خۆم هەست بەهیچ ناکەم و لە هەموو شت بەدوورم!

**ژن:** دڵنەواییی منیش بکە!

**نەناسراو:** بیرێکی جوانە! دڵنەواییی شێتگیری و تووڕەییی خۆم بکەم، لەگەڵ جەلادەکەمدا بگریم و لە بەردەمی کەسێکدا خۆم بنوێنم کە ئێش و ژانی دنیای کردووەتە دڵمەوە!

**ژن:** هیچ هەست و نەستێکت نییە؟

**نەناسراو:** هیچ! ئەو هەست و نەستانەی هەمبوون لە تۆ و لەوانی تردا بەفیڕۆم دان.

**ژن:** ڕاست دەکەیت، بەڵام سەرزەنشتی من مەکە!

**نەناسراو:** نایکەم... نە کاتم هەیە و نە ئارەزووشی دەکەم! بەرەو کوێ؟

**ژن:** بەکەشتییەکە دەڕۆم.

**نەناسراو:** لە بەدبەختیی من، چونکە منیش هەمان ڕێم لەبەرە!

**ژن:** (دەستەسڕەکەی دەگرێت بەدەموچاویەوە و دەگری.)

**نەناسراو:** (دەستەسڕەکەی لێ وەردەگرێت و فرمێسکەکانی بۆ دەسڕێت.) فرمێسکەکانت بسڕە و خۆت بە! ڕەق بە و بێ هەست و نەستیش، ڕێک وەک خۆت!

**ژن:** (دەیەوێت دەست بکاتە ملی.)

**نەناسراو:** (بەهێواشی لە پەنجەکانی دەدات.) دەستم لێ مەدە! هەرکە وشە و نیگاکانت بڕیان نەدەکرد، هەردەم پەنات دەبردە بەر دەستتێوەدان! ببوورە کە پرسیارێکی قۆڕت لێ دەکەم: برسیتە؟

**ژن:** نا... سوپاس!

**نەناسراو:** بەڵام ماندوویت، دانیشە!

**ژن:** (لەسەر مێزەکە دادەنیشێت.)

**نەناسراو:** (بتڵ و پەرداخەکە هەڵدەگرێت و فڕێیان دەداتە ڕووبارەکەوە.) ئەی ئێستا دەتەوێت بۆ چی بژیت؟

**ژن:** (بەخەمبارییەوە.) نازانم!

**نەناسراو:** کەواتە بەتەواوی سەرت لێ هاتووەتەوە یەک! هیچ ئامانجێک لە بووندا نابینیت و هیچ کۆتاییەکی ئەو کلۆڵییەش کە تێی کەوتوویت! چ هاوسۆزی و هاوخەمییەکە ئەمە! چ زیانلێکەوتنێکە کە دێرێکی هاوبەش نییە، ئەگەرنا جووتێکی چاک یەک دەکەوتین... گورگەپیاو هەر ماوە؟

**ژن:** مەبەستت لە...

**نەناسراو:** پیاوی یەکەمت؟

**ژن:** ئەو قەت نامرێت!

**نەناسراو:** وەک جۆرێک لە کرم! ئێستا کە بەتەواوی لە دنیا دوورین و دووریش لە هەموو هیچوپووچییەکانی، پێم بڵێ: ئەوجارە... بۆ ئەوت بەجێ هێشت و ڕەدووی من کەوتیت؟

**ژن:** چونکە خۆشم دەویستیت!

**نەناسراو:** ئەی چەند بڕی کرد؟

**ژن:** تا کتێبەکەتم خوێندەوە و منداڵەکەمان بوو.



**نەناسراو:** ئەی دوایی؟

**ژن:** ڕقم لێت بوو! مەبەستم لەوەیە بڵێم دەمویست بەرەنگاری هەموو ئەو بەدکارییانە ببمەوە کە لە تۆوە فێریان بووبووم، بەڵام نەمدەتوانی!

**نەناسراو:** کەواتە هەر ئەوەندە و هیچی تر! بەڵام ئەوە لە ڕاستەقینەدا چۆن بوو، بۆ هیچ کەسێک دەرناکەوێت!

**ژن:** هەستت بەوە نەکردووە کە هیچ کەسێک، لە ڕاستیدا، بەتەواوی هیچ شتێکی بۆ دەرناکەوێت، هەستت بەوە نەکردووە کە دەتوانیت بیست ساڵ لەگەڵ هەمان کەسدا بژیت، لەگەڵ خوشک و براکانتدا، لەگەڵ باوک و دایکتدا بژیت، بەبێ ئەوەی هیچت لێ ڕوون بێت و هیچت لێ دەربکەوێت.

**نەناسراو:** هەستت بەوەش کردووە! کە هێندە بەباشی هەست دەکەیت، دە پێم بڵێ: چۆن بوو کە منت خۆش ویست؟

**ژن:** نازانم، بەڵام هەوڵ دەدەم بەبیر خۆمیدا بهێنمەوە! (پشوو.) ئا... تۆ ئەو بوێرییە پیاوانەیەت تێدا بوو کە بەرانبەر بە ژنێک بێئەدەب بیت! تۆ لە دوی هاوڕێیەتیی کەسێک دەگەڕایت، نەک لە هاوڕێیەتیی ژنێک! ئەمەش بۆ من جێی شانازی بوو، بۆ تۆش هەروەها!

**نەناسراو:** دە کەواتە ئەوەشم پێ بڵێ، ئەگەر وەک پیاوێک منت بینیبێت کە ڕقی لە هەموو ژنێک دەبووەوە؟

**ژن:** دەیانوت: کەسێکیت چارەت چارەی ژنانی ناوێت؟ هەموو پیاوێکی دروست لە ناخی دڵیدا هەر ئەوەیە و هەموو پیاوێکی چەوتڕۆ و داوێنپیسیش ژنان دەپەرستێت.

**نەناسراو:** خۆ مەبەستت ئەوە نییە بەو قسانەت پشیپشیم بۆ بکەیت؟

**ژن:** ئەو ژنەی پشیشی بۆ پیاوێک دەکات، ژنێکی دروست نییە.

**نەناسراو:** هەست دەکەم چاک بیرت کردووەتەوە؟

**ژن:** ئەوە کەمترین شتێکە کردبێتم و کە بیریشم نەکردووەتەوە بەباشترین شێوە تێگەیشتووم. بێجگە لەوەش، ڕەنگە ئەوەی کە هەر ئێستاکە وتم بۆ ڕقهەڵسانی تۆ بووبێت و لەوەیە تۆ ناوی ئەوەی لێ بنێت و ئەوەی تۆش پێویست ناکات ڕاست بێت.

**نەناسراو:** بەڵام کاتێک لەگەڵ سەرنجەکانی مندا یەک دەگرێتەوە، دەبێت بەشتێک، هەر نەبێت بۆ من، دەبێت بەشتێک کە ڕێی تێ دەچێت ڕاست بێت!

**ژن:** (دەستەسڕەکە بەدەموچاویەوە دەگرێت و دەگری.)

**نەناسراو:** دیسان دەگریت!

**ژن:** بیر لە میسی دەکەمەوە! جوانترین شتمان لە کیس چوو!

**نەناسراو:** نا... جوانترین شت تۆ بوویت، کە بەدرێژاییی شەو دادەنیشتیت و سەیری منداڵەکەتت دەکرد، کە لە جێگەکەتدا خەوتبوو... چونکە بێشکەکەی سارد بوو! (سێ جاران زرمە لە دەرگەی کەشتییەوانەکە هەڵدەستێنرێت.)

**ژن:** ئەوە چییە؟

**نەناسراو:** ئەوەیە کە لەگەڵ مندا دێت و چاوەڕێی من دەکات!

**ژن:** (لەسەر قسە و باسەکەیان بەردەوام دەبێت.) قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ژیان شتێکی هێندە جوان، هێندە جوان وەک منداڵێک، بەهیچ کەسێک بدرێت!

**نەناسراو:** هاوکاتیش هێندە تاڵ!



**ژن:** بۆ تاڵ؟

**نەناسراو:** خۆ تۆ خۆشت جارێک لە جاران منداڵ بوویت و چاکیش لە بیرت دێت، کە ئێمە تازە بووبووین بە هاوسەری یەکتر و بەجلوبەرگی دڕاو و پیسوپۆخڵ و بێ پارە و پوول هاتینەوە بۆ لای دایکت. ئەگەر لە بیرم نەکردبێت... هێندە بەخۆشییەوە بەرەو پیرمان نەهات.

**ژن:** ڕاست دەکەیت!

**نەناسراو:** منیش... من نەختێک لەمەوپێش سیلڤیام بینی! چاوەڕێ بووم جوانترین و باشترین شتێک لە منداڵێکدا هەیە لەو کچەشدا وەک گوڵ گەشابێتەوە...

**ژن:** ئێ!

**نەناسراو:** گوڵێکی سیس و ژاکاوم بینی، گوڵێک کە پێش کاتی گەشانەوەی خۆی گەشابێتەوە... سنگ و بەرۆکێکی بەقووڵداچوو، قژێکی ژاکاو وەک قژی منداڵێکی بێ کەس و دانەکانیشی وەک ئەوەی مشک خواردبنی...

**ژن:** ئۆف!

**نەناسراو:** پێویست ناکات خەفەت بۆ منداڵەکە بخۆیت! ڕەنگە پێویست بکات خەفەت بۆ دواییەکەی بخۆیت، خەمی ئێستای کە گەورە بووە، ڕێک وەک ئەو خەم و خەفەتەی کردیە دڵی منەوە!

**ژن:** کەواتە ژیان ئەوەیە!

**نەناسراو:** ئا... ژیان ئەوەیە! هەر لەبەر ئەوەشە دەڕۆم و خۆم زیندەبەچاڵ دەکەم.

**ژن:** لە کوێ؟

**نەناسراو:** (دەست بۆ دێرەکە ڕادەکێشێت.) لەو سەرەوە!

**ژن:** لە دێرەکە؟ نا... بەجێم مەهێڵە! بەجێم مەهێڵە... کەس لە من تەنیاتر نییە لەم دنیایەدا، زۆر دەستکورتیشم! کە منداڵەکە مرد، دایکم دەری کردم و لەوساوە لە هەورەبانێکدا لەگەڵ ژنێکی بەرگدرووداژیاوم و ئەویش سەرەتا ڕێکوپێک و نەرم بوو بەرانبەرم، بەڵام ئیتر ئێوارەکانی تەنیایی بۆ ئەویش هەر درێژ و درێژتر دەبوونەوە و... لەبەر ئەوە دەرۆیشتە دەرەوە بۆ ئەوەی کەسێک بدۆزێتەوە و... دواییەکەش لە یەکتری جیا بووینەوە. ئێستاش لەسەر ڕێگە سەرەکییەکە وەستاوم و لە خەم و جلوبەرگەکانی بەرم زیاتر هیچی ترم نین و هەر خەمم هەیە بیخۆم، بیخۆمەوە و تێرم بکات و بمخەوێنێت و ناشمەوێت بۆ هیچ شتێکی ئەم دنیایە لە کیس خۆمی بدەم!

**نەناسراو:** (دەگری.)

**ژن:** ئەوە تۆیت دەگریت، تۆ! بێنە با چاوەکانت ماچ بکەم!

**نەناسراو:** ئەمەت لە پێناوی مندا چێشتووە!

**ژن:** بەهیچ جۆرێک لە پێناوی تۆدا نا! تۆ قەت هیچ خراپەیەکت بەرانبەر بەمن نەکردووە، بەڵام من هێندە ئازارم داویت کە ناچار بوویت خانوو و ماڵ و منداڵی خۆت بەجێ بهێڵیت!

**نەناسراو:** ئەوەم بیر نایەت، بەڵام کە خۆت ئەوە دەڵێیت! کەواتە هێشتا هەر خۆشت دەوێم؟

**ژن:** لەوانەیە! نازانم!

**نەناسراو:** ڕەنگە بشتەوێت هەر هەمووی لە سەرەوە دەست پێ بکەیتەوە؟



**ژن:** هەر هەمووی! شەڕەکان؟ نا... نابێت وا بکەین؟

**نەناسراو:** ڕاست دەکەیت، دیسان شەڕەکان دەست پێ دەکەنەوە! لەگەڵ ئەوەشدا چەند زەحمەتە جیابوونەوە!

**ژن:** جیابوونەوە؟ هەر بەتەنیا وشەکە بۆ خۆی بەسە بۆ ئەوەی لێی بتۆقێیت!

**نەناسراو:** کەواتە ئەی چی بکەین؟

**ژن:** نازانم!

**نەناسراو:** ڕاستە... کەس نازانێت چی بکات و لەوەش زیاتر، هەر لەبەر ئەوەش لەمەودوا پەنا دەبەمە بەر باوەڕ و ئیمان دەهێنم!

**ژن:** چۆن دەزانیت کە ئیمان دەهێنیت، لە کاتێکدا کە باوەڕهێنان دیارییەکە؟

**نەناسراو:** ئاخر دیاریش دەبێت داوای بکەیت!

**ژن:** ئەگەر داوای بکەیت، بەڵام من قەت نەمتوانیوە سواڵ بکەم...

**نەناسراو:** منیش خۆم فێر کردووە، بۆ تۆ دەبێت نەتوانیت خۆت فێر بکەیت؟

**ژن:** ئاخر دەبێت لە پێشدا خۆت سووک بکەیت...

**نەناسراو:** ئەمەیان، سەبارەت بە هەر کەسێک، ژیان خۆی پێی هەڵدەستێت...

**ژن:** میسی، میسی، میسی... (شاڵەکەی، پێچاوەتەوە، لەسەر دەستی هەڵی گرتووە و ئێستا وەک منداڵێکی ساوای قۆناخکراو، لەسەر کۆشی دایدەنێت.) بنوو، ڕۆڵە، بنوو! بیری لێ بکەوە! دەیبینم... لێرە دەیبینم و ئەویش بەدەممەوە پێ دەکەنێت، بەڵام جلی ڕەشی لە بەردایە و لەوە دەچێت ئەویش لە پرسەدا بێت!

ئای کە گەوجم! لە پرسەی دایکیدایە، دایکی!... دوو دانی خوارەوەشی هاتوون و سپین... دانی شیرین و دانەکانی تریشی... ئەوان قەت پێ ڕاناگەن دەربێن... نا... بەڵام ناتوانیت ئەوە ببینیت کە من دەیبینم؟ ئەمە خەون و خەیاڵ نییە و ڕاستییە... ئەوە... هەر بەڕاستیش خۆیەتی...

**کۆنفێسۆر:** (لە دەرگەی کۆختی کەشتییەوانەکەوە دێتە ژوورەوە. بە مرومۆچییەوە ڕوو لە نەناسراو.) با بڕۆین! هەموو شتێک ئامادەیە!

**نەناسراو:** هێشتا نا! لە پێشدا دەبێت ماڵەکەم ڕێکوپێک بکەم و ژیانی ئەم ژنەش، کە جارێک لە جاران ژنم بووە، ڕێک بخەمەوە.

**کۆنفێسۆر:** ئەها... دەتەوێت بمێنیتەوە!

**نەناسراو:** نا نامەوێت، بەڵام نامەوێت هیچ ئەرکێک نیوەناچڵ لە دوای خۆمەوە بەجێ بهێڵم! ئەم ژنە لەسەر ڕێگە سەرەکییەکە، بەبێ ماڵ و بەبێ پارە و پوول، وەستاوە!

**کۆنفێسۆر:** جا ئەوە چ پێوەندییەکی بەئێمەوەیە! با مردووەکان مردووەکانی خۆیان بنێژن!

**نەناسراو:** ئەمانەن ڕێنوێنییەکانت!

**کۆنفێسۆر:** نا... ڕێنوێنییەکانی خۆتن!... ڕێنوێنییەکانی منیش ئەوانەن کە خوشکێک لە خوشکەکانی میهرەبانی بنێرم تا ئاگای لەم بەدبەختە، لەم کەسە... لەم... هەر بینیت و خوشکەکەش پەیدا بوو!

**نەناسراو:** دڵنیام!

**کۆنفێسۆر:** (دەستی نەناسراو دەگرێت و بەدوای خۆیدا ڕای



دەکێشێت.) با بڕۆین!

**نەناسراو:** (بە هەناسەساردییەکەوە.) ئۆف! خوای بێ کەسان... یارمەتییەک... دەروویەک!

**کۆنفێسۆر:** ئامین!

**ژن:** (سەیری کۆنفێسۆر و نەناسراوی نەکردووە، بەڵام ئێستا سەر هەڵدەبڕێت و تەماشای نەناسراو دەکات وەک ئەوەی بیەوێت بەدوایدا ڕابکات و بیهێڵێتەوە، بەڵام منداڵە خەیاڵییەکە، کە ئێستا لە باوەشی گرتووە، ڕێی لێ دەگرێت.)

(پەردە.)

دووڕێیانێک بە بەرزاییی چیاکانەوە. چەند کۆختێک لەلای ڕاستەوە. لە دەستەچەپەوە ئەستێلێک کە چەند کەسێکی نەخۆش لە دەوری دانیشتوون و جلوبەرگی شینیان لە بەردایە و دەستەکانیان سوورن. جار ناجارێک هەڵم و کڵپەی شین لە ئاوی ئەستێلەکەوە بەرز دەبنەوە. کە ئەوەش ڕوو دەدات، نەخۆشەکان دەست بەدەمیانەوە دەگرن و دەکۆکن. پشتەوەی شانۆ چیایەکی بە دارسنەوبەر و سەروو داپۆشراوە و تەوقەنەی چیاش تەمومژێکی دێز داپۆشیوە.

نەناسراو لەسەر مێزێک کە لە بەردەم یەکێک لە کۆختەکاندا دانراوە دانیشتووە.

کۆنفێسۆر لە دەستەڕاستی بەشی پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە.

**نەناسراو:** ئاخرێکەی!

**کۆنفێسۆر:** مەبەست چییە: ئاخرێکەی!

**نەناسراو:** هەشت ڕۆژ لەمەوپێش لێرەدا بەجێت هێشتم و وتت: چاوەڕێ بە تا دەگەڕێمەوە.

**کۆنفێسۆر:** ئەی ئامادەم نەکردبوویت بەوەی کە ڕێگەی بەرەو سەرەوە، بەرەو خانووە سپییەکە، درێژ و سەختە!

**نەناسراو:** نکووڵی ناکەم! بەڵام تا کوێی هاتووین؟

**کۆنفێسۆر:** پێنجسەد مەتر! هەزار و پێنجسەد مەتریشمان ماوە!

**نەناسراو:** ئەی خۆر کوا؟

**کۆنفێسۆر:** لە سەرەوەیە، بەسەر هەورەکانەوە...

**نەناسراو:** کەواتە دەبێت هەورەکانیش ببڕین؟

**کۆنفێسۆر:** بێگومان!

**نەناسراو:** ئەی ئەو نەخۆشانە؟ ئەوانە کێن؟ ئەو دەستە سوورانە چین؟

**کۆنفێسۆر:** نامەوێت بەقسەی ناپاک نە خۆم و نە تۆش گڵاو بکەم، هەر بۆیە بەمەتەڵی جوان قسەت لەگەڵدا دەکەم و تۆش کە نووسەریت دەبێت لێیان تێ بگەیت!

**نەناسراو:** بەجوانی قسە بکە، ئێرە پڕە لە شتی ناشیرین و قێزەون!

**کۆنفێسۆر:** دیارە سەرنجت لە هێمای هەسارەکان داوە، کە بەرانبەرن لەگەڵ هەندێک لە کانزاکاندا؟ چاکە! کەواتە ئەوەشت بینیوە کە هەسارەی ڤێنوس بەئاوێنەیەک هێمای کێشراوە، ئەو ئاوێنەیە لە زەمانی کۆندا مس بوو و ئەو کانزایەش ناوی ڤێنوسی لێ نرا و هێمای ئەویشی وەرگرت. بەڵام ئێستا پشتی ئاوێنەی ڤێنوس بە جیوە یا بە هەسارەی موشتەری داپۆشراوە!

**نەناسراو:** پشتی ڤێنوس موشتەرییە! هۆو...

**کۆنفێسۆر:** کەواتە جیوە دیوی ئاوەژووی ڤێنوسە. جیوەش خۆی لە



خۆیدا، وەک ئاوی زەریایەکی ئارام و وەک زەریاچەیەکی بەر خۆرەتاوی هاوینێکی درەنگ، بێ ڕەنگە، بەڵام موشتەری کاتێک کە بەر بەردئەستێ دەکەوێت و دەسووتێت سوور هەڵدەگەڕێت، سوور وەک خوێنی تازە بەربوو، وەک جلوبەرگی گیانکێش، وەکو لێوی قەحبە، لێوی پڕ سووراوی قەحبە، لێوی سووراوکراوی قەحبە بەڕەنگی سووری ئاماڵپەمەیی... تێ دەگەیت یا هێشتا نا؟

**نەناسراو:** بوەستە نەختێک! ڕەنگی سووری ئاماڵپەمەیی جیوە و گۆگردە...

**کۆنفێسۆر:** ئا! موشتەری کە زۆر لە ڤێنوس نزیک بووەوە، دەبێت بسووتێت! ئێستا لەمیان بووینەوە یا نا؟

**نەناسراو:** کەواتە ئەمانە سەرچاوەی گۆگردین؟

**کۆنفێسۆر:** گڕی گۆگردیش هەموو شتێک پاک دەکاتەوە یا هەموو شتێک دەبڕێت کە بۆگەنی کردبێت! هەر بۆیە کە سەرچاوەی ژیان وشک و بۆگەن دەکات، خەڵک بۆ سەرچاوەی گۆگرد دەنێردرێن...

**نەناسراو:** سەرچاوەی ژیان چۆن بۆگەن دەکات؟

**کۆنفێسۆر:** کاتێک ئەفرۆدیت، کە لە ئامێزی پاکی زەریایەوە لەدایک بووە، دەگاتە سەر زەوی و خۆی لە خاک و خۆڵەکەیدا دەگەوزێنێت... ئەوسا سەرچاوەی ژیان بۆگەن دەکات! کاتێک (ئەفرۆدیت ئورانیا)ی بەهەشتی خۆی هێندە سووک دەکات کە دەگات بەئاستی پاندێموس؛ واتە کە دەبێت بە ڤێنوسی کوچە و کۆڵانان، ئەوسا سەرچاوەی ژیان بۆگەن دەکات!

**نەناسراو:** ئەی حەز و ئارەزوو بۆ هەن؟

**کۆنفێسۆر:** حەز و ئارەزووی پاک بۆ ئەوەی بهێنرێنە دی و هیی پیسیش بۆ ئەوەی بخنکێنرێن!

**نەناسراو:** پاک و ناپاک چین؟

**کۆنفێسۆر:** دیسان بیر و بۆچوونەکانت لەوێن؟

**نەناسراو:** لەوانە بپرسە...

**کۆنفێسۆر:** ئاگات لە خۆت بێت! (چاو دەبڕێتە نەناسراو و ئەویش بەزەحمەت خۆی پێ ڕادەگیرێت.)

**نەناسراو:** سنگم... خەریکە دەمخنکێنێت...

**کۆنفێسۆر:** ڕێی هەوات لێ دەگرم، چونکە بۆ وشەی سەرکێش و یاخی بەکاری دەهێنیت... بۆ پرسیاری بۆگەن بەکاری دەهێنیت... لەوێدا دانیشە، دوایی دەگەڕێمەوە... کاتێک کە فێری دانبەخۆداگرتن بوویت و بەهەموو تاقیکردنەوەکاندا ڕۆیشتیت! بەڵام لە بیرت نەچێت، لە هەر کوێیەک بم، گوێم لێتە، چاوم لێتە و هەست بەبوونیشت دەکەم!

**نەناسراو:** کەواتە تاقیم دەکەیتەوە! چاکە!

**کۆنفێسۆر:** بەڵام نابێت لەگەڵ ئەوانەدا کە ڤێنوس دەپەرستن قسە بکەیت!

**مایای پیر:** (لە پشتەوەی شانۆوە دەبینرێت.)

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت، ترساوە.) ئەوە کێیە؟ دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە دوور و درێژە...

**کۆنفێسۆر:** قسە لەگەڵ کێ دەکەیت؟

**نەناسراو:** ئەو ژنە، ئەو پیرێژنە!



**کۆنفێسۆر:** کێیە؟

**نەناسراو:** (هاوار دەکات.) مایا! گوێ بگرە... مایا!

**مایای پیر:** (دیار نەماوە.)

**نەناسراو:** (بەپەلە بەدوایدا دەڕوات.) مایا... مایای هاوڕێم... گوێم لێ بگرە!... دیار نەما!

**کۆنفێسۆر:** کێ بوو؟

**نەناسراو:** (دادەنیشێت.) ئۆف خوا هاوار!... ئاخرێکەی کە بینیمەوە دیار نەما و لێم ون بوو یا... حەوت ساڵ بەهەموو شێوەیەک، بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن و بەهەواڵپرسین و بە... بەدوایدا گەڕاوم...

**کۆنفێسۆر:** بۆ؟

**نەناسراو:** با بۆت بگێڕمەوە: چارەنووسی من و ئەو ئاوا پێکەوە بەستراوە!... مایا دایەنی یەکەم منداڵم بوو... لەو ساڵانەدا بوو کە زۆر ناخۆش بوون... من لە دژی ئەوانەی نادیار بوون، ئەوانەی کە دانی خێریان بەکارەکانمدا نەدەنا، دەجەنگیم! بەشێوەیەک دەمنووسی کە مێشک و دەمارەکانم، وەک چۆن چەوری لەناو ئەلکهولدا دەتوێتەوە، دەتوانەوە... بەڵام تەنانەت ئەوەش بەس نەبوو! من لەو کەسانە بووم کە قەت هێندەیان دەست نەدەکەوت بەشی ژیانیان بکات... چاکە... دوایی ئەو ڕۆژەش هات کە نەمدەتوانی مووچەی کارەکەرەکانمان بدەم... شتێکی تا بڵێیت ناخۆش بوو... کەواتە من بووم بەکارەکەری کارەکەرەکان و ئەوانیش بەسەروەرم! لە کۆتاییدا... هەر نەبێت بۆ ئەوەی ڕۆحی خۆم ڕزگار بکەم، لە دەست شتێک کە زۆر

بەدەسەڵاتتر بوو لە من ڕام کرد... سەری خۆم هەڵگرت و ڕووم لە بیاوان کرد و پاشان لە تەنیاییدا خۆم کۆ کردەوە و... گەڕامەوە! یەکەم شت کە بەبیرمدا هات... قەرزەکان... بوون! حەوت ساڵان بەدوای مایادا گەڕام، بەڵام بێهوودە بوو! حەوت ساڵان تارماییيەکەیم، لە پەنجەرەی قیتارەوە، لەناو کەشتییە هەڵمییەکانەوە، لەو شارانەدا کە بەتەواوی بە من نامۆ بوون و لە وڵاتە دوورەکاندا دەبینی و بەڵام خۆیم بەردەست نەدەکەوت. حەوت ساڵان خەونم پێوە بینی، حەوت ساڵان شەرمم لە خۆم کرد و هەرکە یەک پەرداخ شەرابم دەخواردەوە، هەر بەتەنیا بیرکردنەوەیەک لە مایای پیر لە تەریقیدا سوور هەڵدەگەڕام، مایا... کە لەوە بوو لەو کاتەدا لە خانەی هەژاران ئاویشی دەست نەکەوێت! هەوڵیشم داوە ئەو قەرزەی ئەو بەسەر هەژاراندا بەش بکەم، بەڵام هیچ یارمەتییەکی نەداوم! ئێستاش... لە یەک کاتدا... هەم دەیبنمەوە و هەم لێشم ون دەبێتەوە. (هەڵدەستێت و بەرەو پشتەوەی شانۆ دەڕوات بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێت.) پێم بڵێ... باسی ئا ئەمەم بۆ بکە! من دەمەوێت و دەشتوانم قەرزەکانم بدەمەوە، بەڵام بۆم نییە!

**کۆنفێسۆر:** شێتە! لەبەر ئەوەدا کە لە باسکردن نایەت سەر دانەوێنە، ئەوسا دەبینیت کە باسکردن، پاشان، خۆی پەیدا دەبێت! خوات لەگەڵ! (دەڕوات.)

**نەناسراو:** پاشان؟ هەموو شتێک هەر پاشان!

**کۆنفێسۆر:** ئا... هەر شتێک کە ئێستا نایەت، دوایی! (دەڕوات.)

**ژن:** (دێتە ژوورەوە، بیر و خەیاڵی ڕۆیشتوون، لەسەر مێزەکە بەرانبەر بەنەناسراو دادەنیشێت.)



**نەناسراو:** دیسان تۆیت!... هەمان کەس و هاوکاتیش لەو نەچوو... چەند جوان بوویت، جوان وەک یەکەمین جار کە بینیمیت و داوام لێ کردیت ببم بەهاوڕێت، بەسەگت...

**ژن:** کە تۆ جوان دەمبینیت و منیش جوان نیم، ئەوە دەنوێنێت کە ئاوێنەی جوانی گەڕاوەتەوە نێو چاوەکانت... گورگەپیاو هیچ شتێکی جوانی لە مندا نەدەبینی، چونکە خۆی هیچ شتێکی جوانی نەبوو پێی ببینێت.

**نەناسراو:** بەڵام بۆ ئەوجارە ماچت کردم... بۆ دەبوو ماچم بکەیت؟

**ژن:** زۆرجار ئەوەت لێ پرسیوم، بەڵام من قەت لە توانامدا نەبووە وەڵامەکەی بدۆزمەوە، چونکە نەمزانیوە! بەڵام ئێستا، کە ماوەیەک لێتەوە دوور بووم و بە ڕێگەکەدا بەرەو ئەم بەرزاییيانە، کە هەوای پاکترە و خۆریش نزیکتر... بێدەنگ!... ئێستا ئەو ئێوارەی یەکشەمەیە دەبینم کە تۆ وەک بێ کەسێک، وەک منداڵێکی لە ماڵەوە دەرکراو، وەک چاوشکێنراوێک، چاوت بڕیبووە چارەنووسی خۆت، ئەو هەستی دایکایەتییەیش کە هەرگیز پێ ڕانەگەیشت بەتەواوی بگەشێتەوە و بەزەییيەک، میهرەبانییەک بەرانبەر بەڕۆحی مرۆڤێک، ئیتر خۆمم لە بیر کرد و...

**نەناسراو:** شەرم دەکەم! هەستیش دەکەم کە وابوو...

**ژن:** بەڵام تۆ وەک شتێکی تر تێی گەیشتیت! وەک...

**نەناسراو:** ئەو وشەیە مەڵێ! شەرم دەکەم!

**ژن:** بۆ ئەوەندە خراپ بیرت لێ دەکردمەوە! ئەی هەستت نەکرد کە من سەرپۆشێکم لە نێوان خۆم و خۆتدا، وەک شمشێری سوارێک

که لەسەر جێگەی بووکەکەی دایدەنێت، دادایەوە...

**نەناسراو:** تەریق دەبمەوە... بیر و بۆچوونە خراپەکانی خۆمم بەسەر تۆدا سەپاند! ئینگەبۆری، تۆ شتێکی تر بوویت، شتێکی باشتر لە من... شەرم دەکەم!

**ژن:** ئێستا نەرمونیان دیاریت!

**نەناسراو:** نا... من نا! ئەوە تۆیت نەرمونیانیت!

**ژن:** (بەشەیداییەوە.) تۆیت!... ئۆف... ئێستا پشتەوەی دەمامک و ڕیشە ساختەکەی دەبینم... دەبینم... ئێستا دەیبینم... ئەوەی کە شاردبووتەوە... ئەوەی کە من پێم وابوو لەناو تۆدا دەیبینمەوە... ئەوەی بەدوایدا دەگەڕام... بەدوایدا دەگەڕام... هەندێ جار پێم وابوو کە تۆ کەسێکی دووڕوویت، بەڵام نا... تۆ دووڕوو نیت، نا... نا... ئێمە نەماندەتوانی دووڕوویی بکەین...

**نەناسراو:** ئینگەبۆری... ئێستا لە بەری ئەمبەری ڕووبارەکەوەین و ژیانمان لەژێر خۆمانەوە، لە دوای خۆمان بەجێ هێشتووە... ئاخۆ ئێستا هەموو شتێک چەند جیاواز بن... ئێستا ڕۆحت دەبینم، خۆت کە نموونەیەک بوویت بۆ خۆت، کە فریشتەیەک بوویت و بۆ گوناهکردن ترێنجێنرابوویتە ناو زیندانی لەشتەوە... کەواتە شتێک لە سەرەوە هەیە، شتێک پێشتر هەیە... ئەوە سەرەتا نەبوو کاتێک ئێمە دەستمان پێ کرد و ئەوەش کۆتایی نییە کاتێک ئێمە کۆتاییی پێ دەهێنین. بەشێکی ناتەواوە ژیان، کە نە هیچ سەرەتا و نە هیچ کۆتاییەکی هەیە! هەر لەبەر ئەوەشە زەحمەتە تێی بگەیت!

**ژن:** (بەنەرمییەوە.) زەحمەتە، زۆر زەحمەتە! بۆ نموونە، پێم بڵێ،



ئێستا کاتێک کە هەردووکمان لە بەری ئەوبەری تاوان یا بێ تاوانیدا وەستاوین، چۆن بوو ڕقت لە ژن هەڵگرت؟

**نەناسراو:** با بیر بکەمەوە!... ڕق... لە ژن؟ ڕقلێبوون؟... قەت ڕقم لێیان نەبووە! بەداخەوە... لەو کاتەوە تەمەنم هەشت ساڵان بوو بەردەوام جۆرە پێوەندییەکم لەگەڵ ژنان هەبووە، بە زۆرییش پێوەندییەکی پاک و بێگەرد و سێ جاریش وەک چیایەکی ئاگرپرژێن خۆشەویستیم کردووە... بەڵام بوەستە... هەمووکاتیش هەستم کردووە کە ژنان ڕقیان لێم بووە و... هەمووکاتیش ئازاری مەرگیان پێ چێ شتووم!

**ژن:** چەند سەیرە!

**نەناسراو:** با نەختێکی تریش بیر بکەمەوە... ڕەنگە دڵم لە کەسایەتیی خۆم پیس کردبێت... لەوە ترسابێتم کە بکەومە ژێر کاریگەرییەوە، کاریگەریی کەسێکی ترەوە. یەکەم خۆشەویستم خۆی لێ کردم بە پەروەردەکاری منداڵان و فەرمانڕەوای ماڵ و پەرستار... ئەوەشت لە بیر بێت... پیاو هەن لەگەڵ فەرمانڕەوایی منداڵدا هەڵناکەن و پیاویش هەن لەگەڵ فەرمانڕەوایی ژناندا هەڵناکەن.

**ژن:** (بەڕووخۆشییەوە.) بەڵام تۆ ژنانت بەدوژمنانی مرۆڤایەتی ناو بردووە، ئەوە بەڕاست دەزانیت؟

**نەناسراو:** بێگومان، چونکە ئەوەم نووسیوە، بەڕاستیشی دەزانم! ئەوەشم لە ئەنجامی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە نووسیوە نەک بەپێی بیر و بۆچوون... لە ژندا بۆ فریشتەیەک کە باڵەکانی خۆیم پێ بدات گەڕام و کەوتمە ناو دەستی دێوی زەوییەوە و

ئەویش بەدۆشەکێک کە لە پەڕی باڵەکانی دروستی کردبوو خنکاندمی... بەدوای (ئاریێل)ێکدا گەڕام و (کالیبان)ێکم دۆزییەوە... هەرکە دەمویست بەرز ببمەوە، بەرەو خوارەوە ڕای دەکێشام و... بەردەوامیش گوناهەکانمی بەبیردا دەهێنامەوە...

**ژن:** (بەنەرمییەوە.) دەزانێت (سالۆمۆ) ئەوەی لە هەر کەسێکی تر باشتر ژنان دەناسێت دەڵێت چی؟ ..."هەروەها شتێکم دۆزییەوە، تاڵتر لە مردن: ژنێک... ژنێک کە دڵی لە تۆڕ و داوە و دەستەکانیشی دەستبەندن. هەر کەسێکیش لەلای خوا و لە چاوی ئەودا شیرینە لە دەستی هەڵدێت و ئەوەی گوناهباریشە ئەو دەیگرێت و ئازادیی لێ زەوت دەکات."

**نەناسراو:** منیش قەت لە چاوی خوادا شیرین نەبووم! کەواتە ئەویان سزایەک بوو؟ دوور نییە وا بووبێت!... بەڵام من لە چاوی هیچ کەسێکیشدا شیرین نەبووم و قەت قسەیەکی باشم لەبارەی خۆمەوە لە هیچ کەسێک بەرگوێ نەکەوتووە؟ بۆ؟ هیچ شتێکی باشم نەکردبوو؟ ڕێی تێ دەچێت کەسێک قەت شتێکی باشی لە دەست نەبووبێتەوە؟ ئاخر ناخۆشە کە قەت قسەیەکی خۆشت دەرهەق نەکرێت!

**ژن:** قسەی خۆشت دەرهەق کراوە، بەڵام هەر کاتێک قسەیەکی باش لەبارەی تۆوە دەکرا، نەتدەویست بیبیستیت، وەک ئەوەی شتێک بێت و ئازارت بدات!

**نەناسراو:** ڕاستە... ئێستا بەبیرمدا دێتەوە! بەڵام دەتوانیت پێم بڵێیت بۆ؟

**ژن:** پێت بڵێم بۆ؟ تۆ بەگشتی داوای ئەوە دەکەیت باسی ئەو شتانەت



بۆ بکرێت و بۆ لێک بدرێتەوە کە لە باسکردن و لێکدانەوە نایەن. "کە دڵی خۆمم کردەوە بۆ ئەوەی بزانم حیکمەت چییە... ئەوسا بەسەرسووڕمانەوە گشت کارەکانی خوام بینی، هەر ئەوساش بینم هیچ کەسێک ناتوانێت لەو شتانە تێ بگات کە لەژێر ڕووناکاییی خۆردا ڕوو دەدەن. چەندیش کار بکەیت بۆ ئەوەی لێیان بکۆڵیتەوە، کەچی هەر ناتوانیت لێیان تێ بگەیت و ئەگەر ئەوەی حەکیمیشە بڵێت لێیان تێ دەگەم، هەر لێیان تێ ناگات."

**نەناسراو:** کێ وا دەڵێت؟

**ژن:** (بووکەڵەیەک لە گیرفانی دەردەهێنێت.) ئەکسێلێیستێسی پەیامبەر! ئەمە بووکەڵەکەی میسییە... دەیبینیت... تاسە و ئارەزووی دایکی دەکات... دەیبینیت چۆن زەرد هەڵگەڕاوە و... لەوەش دەچێت بزانێت میسی لە کوێیە، چونکە هەر چۆنێک بیگرم هەر سەیری ئاسمان دەکات... دەیبینیت... چاوەکانی وەک پێشاندەری قیبلەنوما دوای ئەستێرەکان کەوتوون... ئەمە قیبلەنومای منە و هەردەم پێشانم دەدات ئاسمان لە کوێیە... بەڵام چونکە لە پرسەدایە دەبوو جلی ڕەشی لە بەردا بووایە، بەڵام هێندە دەستکورت بووین کە... ئەی دەزانیت ئێمە بۆ بەردەوام بێ پارە بووین؟ چونکە خوا، لەبەر گوناهەکانمان، لێمان تووڕە بوو، "خواناسان لە هیچ شتێکیان کەم نییە."

**نەناسراو:** ئەمە لە کوێ فێر بوویت؟

**ژن:** لەو کتێبەدا کە هەموو شتێکی تێدا نووسراوە... هەموو شتێک! (بووکەڵەکە دەخاتە ژێر پاڵتۆکەیەوە.) دەیبینیت... خەریکە

سەرمای دەبێت... چونکە هەور ئاسمانی داپۆشیوە...

**نەناسراو:** چۆن دەوێریت لەم چیایانەدا بەتەنیا بێیت و بچیت؟

**ژن:** چونکە خوام لەگەڵە... ئیتر خەڵک دەتوانن چی بکەن؟

**نەناسراو:** ئەی بەبینینی نەخۆشەکانی دەوری ئەستێڵکەکە دڵتەنگ نابیت؟

**ژن:** (ئاوڕ لە ئەستێڵەکە دەداتەوە.) نایانبینم... چیی تر هیچ شتێکی ناشیرین نابینم!

**نەناسراو:** ئینگەبۆری! من خووی تۆم خراپ کرد و کەچی تۆ خەریکیت من چاک دەکەیت! دەزانیت... خەونی من ئەوە بوو بەئاشتبوونەوە بگەم – لە ڕێی ژنێکەوە! تۆ باوەڕ ناکەیت! بەڵام وا بوو! ڕێک وەک جاری جاران، هیچ شتێک بۆ من نرخی نەبوو ئەگەر نەمتوانیایە لەبەر پێی ژنێکدا دایبنێم! بەڵام وەک قوربانییەک بۆ جوانی و چاکە، نەک وەک سەرانەیەک بۆ فەرمانڕەوایەکی چڵێس... ئارەزووی من ئەوە بوو ببەخشم، بەڵام ئەو دەیویست ببات، نەک وەربگرێت... ببات... هەر بۆیە ڕقم لێی هەڵگرت! کاتێکیش کە لەوپەڕی بێ دەسەڵاتیدا بووم و پێم وابوو دوایی دوایی ژیانمە، تاسە و ئارەزوویەکم تێدا دروست بوو کە سەر بنێمە سەر ڕانی دایکێک، لە باوەشێکی گەرموگوڕدا بنووم، سەرە ماندووەکەم لەوێدا بنێژم و لەو نەرمونیانییە بخۆمەوە کە لێی بێبەش کرابووم...

**ژن:** دایکت نەبوو؟

**نەناسراو:** نەک هەر ئەوە! هیچ پێوەندییەکیش نەبووە کە بە باوکم یان خوشک و براکانمەوە بمبەستێتەوە... ئینگەبۆری... من کوڕی



کارەکەرەکە بووم، ئەو کارەکەرەی ئاوا لەبارەیەوە نووسراوە: "ژنە کارەکەرەکە و کوڕەکەی لە ماڵ بکە دەرەوە، بۆ ئەوەی کوڕی ئەویش، وەک کوڕەکانی تر، نەبێت بە میراتگرت."...

**ژن:** ئەی دەزانیت (ئیسمایل) بۆ دەرکرا؟ هەر نەختێک پێش ئەوەی ئێستا نووسراوە... چونکە ئەو گاڵتەی بەهەموو شتێک دەکرد! هەروەها ئەمەش نووسراوە: "دەبێت ببێت بەپیاوێکی بەدکار، دەست لە هەموو کەسێک بکاتەوە و هەموو کەسێکیش دەستی لێ بکاتەوە و ببێت بەدوژمنی براکانی خۆشی!"

**نەناسراو:** ئەوەش نووسراوە؟

**ژن:** ئا... کوڕی خۆم... هەموو شتێک لەوێدا نووسراوە!

**نەناسراو:** هەموو شتێک؟

**ژن:** هەموو شت! لەوێدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانت، تەنانەت وەڵامی هەڵەوەڕترین پرسیاریشت، نووسراوە...

**نەناسراو:** پێم بڵێ کوڕەکەم... تا خۆشم بوویت... کە کەسێکیشم خۆش دەوێت، دەمەوێت خزمەتی بکەم، گوێڕایەڵی بم، بەرگەی خراپەکارییەکانی بگرم و ئازار بچێژم و بەرگە بگرم...

**ژن:** منت خۆش نەوێت، ئەوەت خۆش بووێت کە دروستی کردوویت...

**نەناسراو:** بەڵام ئەو منی ناوێت... وەک چۆن باوکم منی نەدەویست!

**ژن:** نا... ئەو خۆی خۆشەویستییە و تۆش ڕق!

**نەناسراو:** تۆش کچی ئەویت، بەڵام من کوڕە دەرکراوەکەیم...

**ژن:** (بەنەرمونیانییەوە.) وس بە! وس!...

**نەناسراو:** ئەگەر دەتزانی ئەم هەشت ڕۆژەی دوایی تووشی چ دەردەسەرییەک بووم... نازانم لە کوێم؟

**ژن:** بۆ؟

**نەناسراو:** ژنێک لە کۆختەکەدایە و بەجۆرێک سەیرم دەکات وەک ئەوەی بۆ ئەوە هاتبێتم دوا شتی لە دەست دەربهێنم... لە هەموو شتێکیش خراپتر ئەوەیە هیچ نالێت... بەڵام پێم وایە کە دەمبینێت، لەبەر خۆیەوە داوا دەکات و دەپاڕێتەوە...

**ژن:** چ جۆرە داوا و پاڕانەوەیەک؟

**نەناسراو:** ئەوانەی بەدوای کەسێکدا دەخوێنرێن کە چاوی پیس بێت، یا بەدبەختی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت...

**ژن:** چەند سەیرە! ئەی بیستووتە دەتوانرێت چاو بشێوێنرێت؟

**نەناسراو:** بێگومان! بەڵام کێ دەتوانێت ئەوە بکات؟

**خانەخوێ:** (دێتە لای مێزەکەوە.) چەند سەیرە! ئەمیش لەوە دەچێت خوشکت بێت؟

**نەناسراو:** لە ئێستادا... ئا... خوشکمە!

**خانەخوێ:** (ڕوو لە ژنەکە.) ئاخرێکەی تووشی کەسێک بووم کە بتوانم ئەمەی پێ بڵێم!... ئەو بەڕێزە ئەوەندە بێدەنگ و کەمدووە کە ناچاریت ڕێزی لێ بگریت، بەتایبەت لە کاتێکدا کە لەوە دەچێت لە پرسەی شتێکدا بێت... بەڵام با بەتۆ بڵێم و بۆ خۆشی گوێی لێ بێت... لەو کاتەوە پێی ناوەتە کۆختەکەمەوە بەخشندەییم بەسەردا باریوە. پێش ئەوە هەردەم بەدبەختیم بەدواوە بووە، کەس کۆختەکەی بەکرێ نەدەگرتم، تاکە مانگاکەم مردبوو، پیاوەکەم خرابووە خانەی ئەلکهولییەکانەوە و منداڵەکانیشم هەموو کات برسی. لە خوا پاڕامەوە، لە ئاسمانەوە، یارمەتییەکم بۆ بنێرێت، چونکە لێرەوە، لەم خوارەوە، چاوەڕێی



هیچ شتێک نەبووم... ئیتر ئەم پیاوە هات... بێجگە لەوەی دووهێندەی کرێیەک کە داوام لێ کرد، دایمێ، بەختیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا و بەخشندەیی بەسەر کۆختەکەمدا باری!... خوا لە گوناهت خۆش بێت بەڕێز!

**نەناسراو:** (بەتووڕەییەوە هەڵدەستێت.) وس بە... کفر دەکەیت!

**ژن:** باوەڕ ناکات! خوای گەورە... باوەڕ ناکات!... سەیرم بکە!

**نەناسراو:** ئێستا... کە تۆ دەبینم، باوەڕ دەکەم! ئەو بۆم دەپاڕێتەوە تا لە گوناهەکانم پاک ببمەوە!... منیش، منی نەفرەتلێکراویش، بەخشندەییم لەگەڵ خۆمدا هێناوە. چۆن؟ چۆن بتوانم باوەڕ بەشتی وا بکەم؟... بەخشندەیی و من، من!

(لە تەنیشت مێزەکەوە دەکەوێت، دەست بەدەموچاویەوە دەگرێت و دەگری.)

**ژن:** دەگری! فرمێسک، بارانی ئاسمان کە بەردیش دەکات بەئاو، لە دڵە بەردینەکەیەوە دەبارێن!... دەگری!

**خانەخوێ:** ئەو! ئەو کە دڵی لە زێڕە و دەستەکانی ئاوەڵان! ئەو کە هێندە باشە لەگەڵ منداڵەکانمدا!

**ژن:** گوێت لێیە؟ گوێت لێیە چی دەڵێت؟

**خانەخوێ:** بەتەنیا یەک شت، یەک شت، لەو بەڕێزە تێ نەگەیشتووم، بەڵام ناشمەوێت لەبەر ئەوە قسەی خراپ بکەم.

**ژن:** ئەویش؟

**خانەخوێ:** شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڵام هەر چۆنێک بێت...

**ژن:** بیڵێ.

**خانەخوێ:** حەزی لە چارەی سەگەکانم نەبوو!

**ژن:** بۆ ئەمە لۆمەی ناکەم، کە حەزی لە چارەی ئەو گیانەوەرە گڵاوە نییە. من قێزم لە هەر شتێکی حەیوانییە، ئەمجا چ لە خۆم یا لە هەر کەسێکی تردا بێت. بەڵام هەر لەبەر ئەوەش ڕقم لە گیانەوەر نییە، چونکە ڕقم لە هیچ شتێکی خوڵقێنراو نییە...

**نەناسراو:** سوپاس... ئینگەبۆری!

**ژن:** دەیبینیت... چاوم لە هەموو شتێکی باشتە، ئەگەر باوەڕیش ناکەیت!... ئەوە کۆنفێسۆریش هات!

**کۆنفێسۆر:** (دێتە ژوورەوە.)

**خانەخوێ:** دە کەواتە من دەڕۆم! چونکە کۆنفێسۆر حەزی لە من نییە.

**ژن:** کۆنفێسۆر هەموو کەسێکی خۆش دەوێت.

**کۆنفێسۆر:** (دێتە پێشەوە، ڕوو لە ژنەکە دەکات.) لە تۆش لە هەر کەسێک زیاتر... چونکە تۆ خۆت چاکیت. ئەگەر خۆشت جوانیت، ئەمەیان نابینم، بەڵام دەشزانم جوانیت، چونکە چاکیت. ... تۆ بووکی گەنجیی منیت، ژنی ڕۆحیی منیت و هەتاهەتایە هەر واش دەمێنیتەوە، چونکە تۆ ئەوەت دا بەمن کە هیچ کەسێکی تر نەیدەتوانی بەدەستی بهێنێت، من لە ڕۆحمدا ژیانی تۆ ژیاوم، ئازارەکانی تۆم چێشتووە، چێژم لە ئاسوودەییی تۆ وەرگرتووە، نا... ئاسوودەیی نا! چونکە تۆ بێجگە لە منداڵەکەت هیچ ئاسوودەیییەکت نەبووە... تەنیا من بووم جوانیی ڕۆحیی تۆم دەبینی و کەسی تر نا! ئا ئەو هاوڕێیەشمان هەستی پێ کردبوو، هەر بۆیە حەزی لێ کردیت... بەڵام بەدکارییەکەی ئەو لە ڕادەبەدەر بوو، تۆش دەبوو ئەو بەدکارییەی بگریتە خۆت تا ئەوی لێ ڕزگار بکەیت...



ئەمجا، لەبەرئەوەی بەدکار بوویت، دەبێت هەرچی لە دۆزەخدایە بەسەر تۆدا ببارێت و لە پێناوی ئەودا ئازار بچێژیت بۆ ئەوەی بەئاشتبوونەوە بگەیت! کاری تۆ لێرەدا تەواو بوو! بڕۆ خوات لەگەڵ!

**ژن:** بۆ کوێ؟

**کۆنفێسۆر:** بۆ سەرەوە! لەوێ کە هەردەوام خۆرەتاوە!

**ژن:** (هەڵدەستێت.) جێیەکیش لەوێ بۆ من هەیە تێیدا بژیم؟

**کۆنفێسۆر:** لەوێ جێ بۆ هەموو کەس هەیە! ... فەرموو!

(لە دوایییەوە بەرەو پشتەوەی شانۆ دەڕوات.)

**نەناسراو:** (نەختێک دەجووڵێت.)

**کۆنفێسۆر:** بێ ئارامیت؟ ... پێویست ناکات بێ ئارام بیت! (دەڕوات.)

**نەناسراو:** (بەتەنیا دەمێنێتەوە.)

**ڤێنوسپەرستان:** (هەڵدەستن. لە نەناسراو نزیک دەبێتەوە و هەڵقەیەک بەدەوریدا دەبەستن.)

**نەناسراو:** چیتان دەوێت؟

**ڤێنوسپەرستان:** بیبارێنە! باوکە!

**نەناسراو:** (تەواو تووڕەیە.) بۆ؟

**دەنگی یەکەم:** چونکە ئێمە منداڵانی تۆین! منداڵانی خۆشەویستی تۆین!

**نەناسراو:** (هەوڵ دەدات لە دەستیان دەرباز بێت، بەڵام دەوری گیراوە.) واز بێنن! وازم لێ بێنن!

**دەنگی دووەم:** (گەنجێکی ڕەنگزەردە.) بابە... دەمناسیتەوە؟

**فریودەر:** (لە بەشی پشتەوەی شانۆ و لەسەر ڕێگەی دەستەچەپی

دوورپێیانەکە دەبینرێت.) هۆو!

**نەناسراو:** (ڕوو لە دەنگی دووەم.) تۆ کێیت، وابزانم دەتناسمەوە... تۆ کێیت؟

**دەنگی دووەم:** ئێریکم، ئێریکی کوڕت!

**نەناسراو:** ئێریک! تۆ! لێرە!

**دەنگی دووەم:** ئا لێرەم!

**نەناسراو:** خوایە بەزەییەک!... تۆش کوڕەکەم، لێم ببوورە!

**دەنگی دووەم:** قەت لێت نابوورم! ... تۆ ڕێگەی سەرچاوەی گۆگردت پێشان داوین! زۆری ماوە بۆ زەریاچەکە؟

**نەناسراو:** (لە جێی خۆی بەردەبێتەوە و دەکەوێت.)

**فریودەر:** هۆو! یوبیلاتە تێمپتاتۆرێس!

**ڤێنوسپەرستان:** گۆگرد! گۆگرد! گۆگرد! هەروەها موشتەری!

**فریودەر:** (دێتە پێشەوە و قاچی بۆ نەناسراو درێژ دەکات و قاچی تێوە دەدات.) هیچوپووچ! ... هەرچییەک بتەوێت سەبارەت بەمە دەتوانیت بەبیری خۆتیدا بهێنێت! ئەمەش لە لووتبەرزی و بەخۆدانازینە نابەجێیەکەیەوە هاتووە! ئەی هەر ئەم نییە کە خۆی بە بزوێنەری هەموو گەردوون و خۆی بەڕێکخەری هەموو ئازار و بەدکارییەک دەزانێت؟ ئەم قەشمەرە پێی وایە گەنجانی ڤێری ئەوە کردووە ڕوو لە ڤێنوس بن و بەدوای ڤێنوسدا بگەڕێن، وەک ئەوەی گەنجان بەر لەوەی ئەمیش لەدایک ببێت هەر ئەوەیان نەکردبێت! لووتبەرزیی ئەو دابین ناکرێت و تا ئەوپەڕی بێ شەرمیش هەوڵی داوە ساختە لە کارێکدا بکات کە بەتەنیا لە دەست من دەبێتەوە و کەسی تر نا! ئێریکی



درۆینە... سڵاوێکی تریشی لێ بکە!

**دەنگی دووەم:** (گەنجەکە خۆی بەرەو نەناسراو دەچەمێنێتەوە و شتێک بەگوێیدا دەچرپێنێت.)

**فریودەر:** گوناهەکانی مەرگ حەوتن، بەڵام ئێستا بوون بە هەشت و هەشتەمینیان دەستیاوی خۆمە و ناوی نائومێدییە! چونکە گومانکردن لە چاکە و هیوابڕین بەلێبووردن و بەخشندەیی وەک ئەوەیە ناوی... (نادڵنیایە بەناوهێنانی خوا و بەجۆرێک ناوی دەهێنێت وەک ئەوەی دەم و لێوی بسووتێنێت.) ... خوا بەخراپە ببەیت. ئەمە لە پاشملە بۆ هەڵبەستن، نکووڵی لێکردن، کفرکردنە... سەیری بکەن چۆن گینگڵ دەدات... سەیری بکەن چۆن...

**نەناسراو:** (لە پڕێکدا هەڵدەستێت و چاو دەبڕێتە چاوی فریودەر.) تۆ کێیت؟

**فریودەر:** براکەی خۆت!... ئەی ئێمە لەیەک ناچین؟... پێم وایە هەندێ سەروڕووت، وێنەی من بەبیردا دەهێنێتەوە.

**نەناسراو:** وێنەی تۆم لە کوێ دیوە؟

**فریودەر:** لێرە و لەوێ!... زۆرجاران لە کڵێساکانم، بەڵام لەنێو پیاوچاکانی کڵێساکاندا نا...

**نەناسراو:** نایەتەوە بیرم کە...

**فریودەر:** هێندە دەمێکە نەچوویتەتە کڵێسا؟... ئا... من، وەک خۆشتان دەزانن، زۆربەی کات لەگەڵ (سانت جۆرج)دا پێشان دەدرێم...

**نەناسراو:** (لەشی دەلەرزێت و دەیەوێت ڕابکات، بەڵام ناتوانێت.)

**فریودەر:** هەروەها هەندێک جار من و فریشتە میکایل لە گرۆیەکدا پێکەوە دەبینرێن، گرۆیەک کە، بۆ دڵنیاییشتان، هێندە شایان و جێی خەنیبوون نییە، بەڵام ئەویش دەتوانێت بگۆڕدرێت، هەموو شتێک دەتوانێت خۆی بگۆڕێت، تا ڕۆژێک لە ڕۆژان دواترین گۆڕان دەبێت بەیەکەمین و لە پێشترینیان... هەمان شت تۆش دەگرێتەوە! تۆ ئێستا کەمێک خەمینی دایگرتوویت، بەڵام ئەویش، ئەگەر هەر هێندە عەقڵت هەبێت و ئەوانە بگۆڕێت کە لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکەیت، دەتوانێت خۆی بگۆڕێت... تۆ تەنوورەت زۆرن و زۆریش بە تەنوورەوە خەریکیت، کوڕی باش! تەنوورەش تەپوتۆز دەکات و تەپوتۆزیش لەسەر چاو و سنگ کۆ دەبێتەوە. وەرە دانیشە... با نەختێک پێکەوە قسە بکەین... (بەگاڵتەوە گوێی نەناسراو دەگرێت و بەرەو مێزەکە دەڕۆن.) دانیشە و بلەرزە کوڕی باش! دانیشە! (دادەنیشن.) دەی! بەچی دەست پێ بکەین؟ نەختێک شەراب و... ژنێک! نا؟ ئەمیان زۆر کۆنە، فێڵ و تەڵەکەیەکی زۆر کۆن، هێندەی کۆنیی دوکتۆر فاوست! چاکە! ئێمە تازەین و حەزمان لەو بەزمەیان نییە و حەزمان لە خۆشی و ڕابواردنە... کەواتە... تۆ بەڕێوەیت بۆ سەرەوە، بۆ لای ئەو پیاوچاکانە، ئەوانەی پێیان وایە کاتێک خەڵک دەنوون گوناهـ ناکەن، ئەوانەی ڕووی دەمیان لە ترسنۆکانە، ئەو ترسنۆکانەی، هەر لەبەرئەوەی چەند جارێک نشوستییان هێناوە، دەستیان لە شەڕوشۆڕی ژیان هەڵگرتووە، ڕووی دەمیان لەو کەسانەیە کە ڕۆحیان دەبەستنەوە، لە بریی ئەوەی بەرەڵای بکەن... با قسەیەکیش لەمیان بکەین! قەت جارێک لە جاران پیاوچاکێک لەو بارە گرانەی هەڵت گرتووە




ڕزگاری کردوویت؟ نازانیت!... ئەی دەزانیت بۆ گوناهـ ماوەیەکە سواری شان و ملت بووە و باری گران کردوویت؟ چونکە لەبەر دەست لێهەڵگرتن و پارێز و هەوەسی خۆکوشتن تووشی ئەو بارە لاوازە بوویت کە هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت سواری ڕۆحت ببێت و بیکات بەماڵی خۆی. تەنانەت لە دووریشەوە دەتوانن ئەوە بکەن!... چونکە کەسایەتیی خۆتت لەناو بردووە و بە چاوی ئەوانی تر دەبینیت، بەگوێی ئەوانی تر دەبیستیت و بەپێی ئەوانی تر بیر دەکەیتەوە. بەکورتییەکەی بەدەستی خۆت ڕۆحی خۆتت کوشتووە. ئەی هەر نەختێک پێش ئێستا لێرەدا دانەنیشتبوویت و بەباشە باسی دوژمنی مرۆڤایەتی، باسی ژنت دەکرد، ژن... ئەوەی بەهەشتی لێ کردین بەدۆزەخ! پێویست ناکات وەڵام بدەیتەوە! وەڵامەکە لە چاوەکانتدا دەخوێنمەوە و لەسەر لێوەکانت دەیبیستم... تۆ باسی خۆشەویستیی پاک بۆ ژنێک دەکەیت! ئەمە خۆشەویستی نییە، حەزە... حەز... کوڕی باش! حەز بەرانبەر بە تاکە ژنێک نا، بگرە بەرانبەر بەهەموو ژنێک و زۆر گرانیش لەسەر هەر یەکێکمان دەکەوێت! دەشڵێیت ئارەزووی ناکەیت، حەزت لێی نییە! ئەی بۆ دەتەوێت لێی نزیک بیتەوە؟ دەڵێیت پێویستت بەهاوڕێیەکە؟ ئەگەر وایە... بۆ هاوڕێیەکی پیاو، چەند هاوڕێیەک، پەیدا ناکەیت!... بەئاسانیش خۆت دەخەڵەتێنیت و دەڵێیت ڕقت لە ژن نییە! بەڵام ئەو ژنە زۆر ڕاست وەڵامی دایەوە: هەموو پیاوێکی دروست ڕقی لە ژنە، بەڵام ناتوانێت لە دەرەوەی ئەو پێوەندییەدا کە لەگەڵ دوژمنەکەیدا هەیەتی بژی و هاوکاتیش ناتوانیت لە دژی نەجەنگێت! هەموو داوێنپیس و

ناپیاوەکان ژنپەرستن! ئەی ئێستا دەڵێیت چی؟ چاکە... ئەمجا نەخۆشەکانی ئێرەت بینیون و پێت وا بووە کە هۆکاری کلۆڵییەک کە بەدەستییەوە دەناڵێنن تۆیت. باوەڕ بکە... ئەوانە چەند کەسێکی تۆکمەوتۆڵن و چەند ڕۆژێکی تر نابات لێرە ڕزگاریان دەبێت و دەگەڕێنەوە سەر کاروباری خۆیان... ئێریکیش، ئێریکی درۆینەش، لە قۆشمەیەک زیاتر نییە! بەڵام تۆ گەیشتوویتە جێیەک کە ناتوانیت منداڵەکانی خۆت لە منداڵی خەڵکی تر جیا بکەیتەوە... ئەی باشتر نییە هەموو ئەوانە، هەموو شتێک، لە کۆڵ خۆت بکەیتەوە؟ چی؟ دەیبینت کە من چۆن دەتوانم بەهاناتەوە بێم و ڕزگارت بکەم... بەڵام خۆ من پیاوچاکیش نیم...

با ئێستا بانگی مایای پیر بکەین!

(پەنجە دەخاتە دەمیەوە و فیکەیەک لێ دەدات.)

**مایای پیر:** (دێتە ژوورەوە.)

**فریودەر:** ئەوە تۆیت؟ لێرە چی دەکەیت و بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟ هیچت هەیە لەگەڵ ئەمەدا باسی بکەیت؟

**مایای پیر:** نەء! کوڕێکی زۆر چاکە و هەردەمیش هەر وا بووە، بەڵام ژنەکەی... زۆر خراپ بوو.

**فریودەر:** (ڕوو لە نەناسراو.) گوێ بگرە!... تۆ قەت پێشتر گوێت لەمە نەبووە... وا نییە!... بەڵام بەپێچەوانەوە! ژنەکەت... ئەو فریشتە چاکە بوو کە تۆ خراپت کرد و هەر هەمووشمان گوێمان لەمە بووە و لە کەس شاراوە نییە!... چاکە... ئەی ئەم باسی چی دەکات؟ دەڵێت حەوت ساڵە بەدەست پەشیمانییەوە گیری



خواردووە، چونکە قەرزاری تۆیە.

**مایای پیر:** جارێک لە جاران نەختێک قەرزاری من بوو، بەڵام وەرم گرتەوە، هەر ئەوەش نا... سووشم لەسەری وەرگرت... زۆر زۆرتر لەو سووەی لە بانکی پاشەکەوتنکردن دەیدەن. ئەمەش تەنیا لە چاکە و پاداشتی ئەودا بوو!

**نەناسراو:** (لە جێی خۆی بەرز دەبێتەوە.) تۆ چی دەڵێیت؟ بڵێیت ئەوەم لە بیر کردبێت؟

**فریودەر:** مایا... وەسڵەکەیت پێیە؟ ئەگەر پێتە! بێنە بزانم!

**مایای پیر:** وەسڵەکە دەبێت لای ئەو بێت، بەڵام من دەفتەری پاشەکەوتی بانکم پێیە و لەوێدا نووسراوە کە قەرزەکانی... لەسەر ناوی خۆی... گەڕاندووەتەوە.

(دەفتەری پاشەکەوتی بانگ دەردەهێنێت و دەیداتە دەست نەناسراو و ئەویش دەیخوێنێتەوە.)

**نەناسراو:** ڕاستە و... ئێستا بیرم دەکەوێتەوە!... بەڵام ئەی حەوت ساڵان ئازارچێشتن و بێ ئابڕوویی لە پای چی! سەرزەنشتی شەوانی درێژی بێ خەوی بۆ!.. بۆ؟ بۆ؟ بۆ؟

**فریودەر:** (ڕوو لە مایا.) تۆ دەتوانیت بڕۆیت! بەڵام پێش ئەوەی بڕۆیت، شتێکی باش لەبارەی ئا ئەمەوە بڵێ کە بەردەوام خەریکی ئازاردانی ڕۆحی خۆیەتی. هیچ شتێکی ئینسانی لەم گیانەوەرە دڕندەیەدا نابینیت، کە خەڵکی ساڵانێکی دوور و درێژە ڕقی هەڵدەستێن و تووڕەی دەکەن؟

**نەناسراو:** (ڕوو لە مایای پیر.) بێدەنگ! هیچ مەڵێ!

(دەست بەگوێیەکانیەوە دەگرێت.)

**فریودەر:** دەی مایا!

**مـــایای پیــر:** چاک دەزانم چۆن باسی دەکەن، بەڵام ئەوە لەبەر ئەو شتانەیە کە دەیاننووسێت و... منیش ئەو شتانەم نەخوێندووەتەوە، چونکە خوێندەواریم نییە و... هیچ کەسێکیش پێویستی بەوە نییە بیانخوێنێتەوە، ئەگەر خۆی نەیەوێت... هەر چۆنێک بێت... ئەو لەگەڵ مندا زۆر باش بووە... بزانە! دەستی گرتووە بەگوێیەوە... ئا... منیش خۆم حەزم لە مەراییکردن نییە... بەڵام دەتوانم بەچرپە پێت بڵێم...

(بەگوێی فریودەردا دەچرپێنێت.)

**فریودەر:** ئەها... هەموو ئەوانەی بەئاسانی کاریان تێ دەکرێت، وەک گیانەوەری درندەیان لێ دێت! ئەمە هەر هەموویان دەگرێتەوە! برۆ... ماڵت ئاوا... مایا!

**مایای پیر:** ماڵی خۆشتان ئاوا بەڕێزان!

(دەڕوات.)

**نەناسراو:** بۆ حەوت ساڵ لەخۆڕا، بێ ئەوەی هیچ گوناهێکم کردبێت، تووشی ئەو دەردەسەرییە بووم؟ بۆ؟

**فریودەر:** (بەپەنجەیەک ئاماژە بۆ سەرەوە دەکات.) لەوێ بپرسە؟

**نەناسراو:** لەوێ کە قەت وەڵامم وەرنەگرتووەتەوە!

**فریودەر:** چی بکەین... ئیتر وایە!... چۆنی دەبینیت... وەک کەسێکی چاک دێمە پێش چاوت یا!

**نەناسراو:** ناتوانم بڵێم: ئا!

**فریودەر:** تۆش هەروەها... تۆش هێندە چاک نیت! دەزانیت ئێمە بۆ واین؟



**نەناسراو:** نەء!

**فریودەر:** چونکە ڕق و بەدکاریی ئەوانەی لە دەوروبەرمانن پێمانەوە نووساون. دەزانیت کە لەوسەرە پیاوچاکانی ڕاستەقینە هەن، کە خۆیان هیچ شتێکی خراپیان نەکردووە، بەڵام لەوێ دانیشتوون و لە بریی خەڵکی تر ئازار دەچێژن، لە بریی کەسانێکی هاودەنگیان کە پڕ بەدنیایەک تاوانیان لە دەست بووەتەوە کە هیی لێبووردن نین و... ئەو فریشتانە هیچوپووچی و بەدکاریی ئەوانیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان و ئێستا بۆ خۆشیان لە چەتە زیاتر لە هیچی تر ناچن. سەبارەت بەوە چی دەڵێیت؟

**نەناسراو:** من نازانم تۆ کێیت، بەڵام تۆ یەکەمین کەسیت کە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەیتەوە کە دەتوانن لەگەڵ ژیان ئاشتم بکەنەوە... تۆ...

**فریودەر:** تۆ چی!

**نەناسراو:** تۆ فریادڕەسیت؟

**فریودەر:** هەر بۆیە...

**نەناسراو:** هەر بۆیە داڵەکەرخۆرەکەیان دایتێ... بەڵام ئێستا گوێ بگرە... قەت بیرت لەوە کردووەتەوە کە هۆیەک، وەک بۆ هەر شتێکی تر، بۆ ئەمەش هەیە و لەخۆڕا نییە؟ گریمان زەوی زیندانێکە و کەسانی ترسناکی تێدا زیندانی کراوە، ئاخۆ ئەوە کارێکی باشە بەرەڵا بکرێن... ڕاستە بەرەڵا بکرێن؟

**فریودەر:** ئەمە چ قسەیەکە؟... ڕاستت دەوێت قەت بیرم لەوە نەکردووەتەوە. ئم!

**نەناسراو:** ئەی بیرت لەمە کردووەتەوە: کە ئێمە بەتاوانەوە لەدایک بووبین...

**فریودەر:** ئەمیان پێوەندیی بە منەوە نییە... بۆ من ئەوەی لە ئێستادا هەیە گرینگە...

**نەناسراو:** چاکە! ئەی پێت وا نییە کە ئێمە هەندێ جار لە شوێنی نابەجێدا سزا دەدرێین و هەر لەبەر ئەوەش پێوەندییەکی لۆجیکی نادۆزینەوە، ئەگەرچی بوونیشی هەیە؟

**فریودەر:** لە لۆجیک پەکمان نەکەوتووە، بەڵام ژیان هەر هەمووی ڕشتەیەکە لە تاوان، لە هەڵە و چەوتییە و ئەمانەش بۆ خۆیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی هیچ گوناهێکیان نییە لە بەراورد لەگەڵ کەموکورتی و لاوازیی ئینسانیدا کە بەهەمان شێوە دووچاری زۆرترین جۆری تۆڵەسەندنەوە دەبێتەوە. هەموو شتێک تۆڵەی دەسەنرێتەوە، تەنانەت هیچوپووچترین هەڵسوکەوتەکانیشمان. کێیە ئەوەی دەتوانێت ببەخشێت؟ مرۆڤی گەورە! ڕەنگە... جار ناجارێک... بەڵام عەدالەتی خوایی قەت!... قەت نابەخشێت!

**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن:** (لە پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە.)

**فریودەر:** ببینە! ئەوە پیاوچاکێکە! بڵێیت هیچ هەڵەیەکی کردبێت، چ خراپەیەکی لە دەست بووبێتەوە؟ با لێی بپرسین!... ئەی گەڕۆکی دڵ پڕ لە ئاشتی، بەخێر بێیت بۆ ئەم شوێنە ئارامەی ئێمە! فەرموو بۆ سەر مێزی سادە و ساکاری ئەوانەی دەستیان لەماڵی دنیا هەڵگرتووە، ئەو مێزەی هیچ شتێکی لەسەر نییە، تا فریوی پێ بخۆیت!



**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن**: سوپاس، هاوڕێیانی گەڕۆکی نێو دۆڵی گریە وناڵین...

**فریودەر:** گریە و ناڵینی تۆ چییە؟

**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن**: شتێکی تایبەت نییە، بەپێچەوانەوە!... کات... کاتی ڕزگاربوونە و منیش بەرەو سەرەوە بەڕێوەم تا خۆم لە گوناهان پاک بکەمەوە و گەردنم خۆش و ئازاد بکەم!

**نەناسراو:** گوێ بگرە! من و تۆ پێشتر یەکترمان بینیوە؟

**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن**: پێم وابێت!

**نەناسراو:** سێسار! تۆ سێساریت!

**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن:** ئەو بووم، بەڵام چیی تر نا!

**فریودەر:** ها ها! چ ناساندنێکی خاوەن شکۆیانەیە... سوپاس... هەر بەڕاستیش لە خۆتان دێت! بەڵام پێمان بڵێ! باسی بکە!

**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن:** هەر ئێستا... ئێستا کە ئیتر مافی قسەکردنم هەیە و... تۆبەکردنیشم کۆتاییی هاتووە. ئەوساکە لەلای دوکتۆرێک یەکترمان بینی، من لەوێ وەک شێتێک دەستبەسەر بووم و وا گومان دەکرا کە من بەدەست ئەو خەیاڵبڵاوییەوە تووشی دەردەسەری خۆم بووبووم کە خۆم وەک سێسار دەهاتە پێش چاو. بەڵام ئێستا با نەناسراو گوێی لە ڕاستییەکەی بێت و بزانێت ئەوە لە چ پێوەندییەکدا ڕووی داوە: من قەت لەسەر ئەو باوەڕە نەبووم، بەڵام ناچار بووم لەبەر ڕاڕایییەک کە تووشی ویژدانم بووبوو،

خۆم وا پێشان بدەم... هاوڕێیەک، هاوڕێیەکی خراپ، بەڵگەی نووسراوی بەدەستەوە بوو کە من دووچار و قوربانیی دەستی بەهەڵەتێگەیشتنێک بووم، بەڵام کە سەرە هاتە سەر ئەوەی قسە بکات، قڕوقەپی لێ کرد و بێدەنگ بوو، ئیتر منیش بێدەنگییەکەی ئەوم وەک داوایەک لێکدایەوە کە دەبێت منیش بێدەنگ بم و... ئازار بچێژم. بۆ بێدەنگ بووم و بۆ خۆم تووشی ئەو ئازارە کرد؟ ئا!... لە سەردەمی گەنجیمدا تووشی دەردەسەرییەک بووبووم. میوانی ماڵێک بووم لە دوورگەیەکی دوورەدەست لای پیاوێک کە بەهۆی پێدانی هەندێک دیاریی نائاساییییەوە لە کاروبارەکەیدا پلە بە پلە سەر کەوتبوو و چووبووە پێشەوە بە تایبەت بەهۆی ئەو لووتبەرزییە نابەجێیەوە کە تووشی بووبوو. ئەو پیاوە لە تەنیاییدا و لە ئەنجامی بیرکردنەوەی زۆرەوە دووچاری بیر و بۆچوونی زۆر سەیر بوو سەبارەت بە کەسایەتیی خۆی. هەستم بەمە کرد، بەڵام لێی بێدەنگ بووم. بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان ژنەکەی، لەبەرئەوەی متمانەی پێم هەبوو، پێی وتم پیاوەکەی هەندێک جار خراپ سەری لێ دەشێوێت و خۆی بە یۆلیۆس سێسار دەزانێت. چەندان ساڵ من ئەم ڕازەم، بەوپەڕی ویژدانەوە، لە دڵمدا شاردەوە و لای هیچ کەس نەمدرکاند، چونکە هەر بەشێوەیەکی سروشتی من کەسێکی بێئەمەک نیم. بەڵام ژیان پوشت و ناچیزە و دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک ئا ئەو سێسارە بەخراپترین شێوە خۆی لە نزیکترین چارەنووسی من هەڵدەقورتێنێت و ئیتر منیش لە ڕق و تووڕەییدا ڕازی خۆ



بەسێسار زانینەکەی ئاشکرا دەکەم و ئەمجا ئەو کەسەی کە پێشتر هیچ خراپەیەکی دەرهەق نەکردووم دەبێت بەمایەی گاڵتەوگەپ، بەجۆرێک کە سەرلەبەری ژیان و بوونی دەشێوێت. ئەمجا ئێستا گوێ لەوە بگرن کە (نێمسیس) چۆن جڵەو دەگرێتە دەست خۆی! ساڵێک دوای ئەوە کتێبێکم نووسی ڕاستییەکەشی من نووسەرێکی سەرکەوتوویش نیم و لەو کتێبەمدا باسی چەند شتێکی تایبەت بە ژیانی خێزانیی خۆمم کردبوو، وەک ئەوەی چۆن لەگەڵ ژولیای کچمدا یاریم دەکرد کچەکەشم ڕێک وەک کچەکەی سێسار ناوی ژولیا بوو- یا لەگەڵ ژنەکەمدا چۆن بووم و ئەومان بە ژنی سێسار ناو دەبرد، چونکە هیچ کەس بەخراپە باسی ئەوی نەدەکرد... چاکە! ئەو یارییە، کە خەسوویشم تێیدا بەشدار بوو، زۆر بەگران لەسەر من کەوت... دواتر کە پاکنووسی کتێبەکەمم خوێندەوە، ئەوسا مەترسییەکەیم بۆ دەرکەوت و بەخۆمم وت: ئەمە ماڵت کاول دەکات. ئیتر بەنیاز بووم هەمووی لەتوپەت بکەم و بیدڕێنم، بەڵام بڕوا دەکەن یا نا، قەڵەمەکەم ئەمەی لێ نەسەلماندم و دەنگێکیش لە ناخمەوە پێی دەوتم: مەیگۆڕە، چۆنە با وا بمێنێتەوە!

ئیتر ئەو وەک خۆی مایەوە و ژیانی منیش بەقوڕ گیرا!

**نەناسراو:** ئەی بۆ ڕێت نەدا هاوڕێکەت ئەو نامەیە بڵاو بکاتەوە کە هەموو شتێکی تێدا ڕوون کرابووەوە؟

**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن:** نەخێر! کە کارەساتەکەش ڕووی دا، یەکسەر هەستم بەمە کرد: ئەمە کاری

خوایە و منیش لەبەر بێ ئەمەکی و پێنەزانینی خۆم دەبێت ئەو ئازارەش بچێژم!

**نەناسراو:** هەر وایشت کرد؟

**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن**: بەهیچ جۆرێک! بەڵکو بەخۆم پێ کەنیم و هیچ خۆم تێک نەدا! هەر لەبەر ئەوەش بەئارامی و بێفیزییەوە سزاکەی خۆمم وەرگرت و خواش بەبەزەییی خۆی باری گرانی سەر شانی سووک کردم و هەستم بەهیچ سووکایەتی و گاڵتەپێکردنێکیش نەکرد.

**فریودەر:** چیرۆکێکی سەیر بوو! بەڵام ئەو شتانەش ڕوو دەدەن!... ئێستا بڕۆین! دوای ئەم هەموو بەزم و هەرایە، کات کاتی ئەوەیە بکەوینە ڕێ!... خۆتان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشن، تا بەبەرزاییەکاندا هەڵزنێن!

**نەناسراو:** بەڵام من چاوەڕێی کۆنفێسۆر دەکەم!

**فریودەر:** لەو ون نابیت، خەمت نەبێت! لەوێش، لە دێیەکەی سەرەوە ئەمڕۆ دادگە بۆ کێشەیەکی هەر زۆر تایبەت دەگیرێت و منیش دەبێت لەو کێشەیەدا شاهیدی بدەم. با بڕۆین! با بڕۆین!

**نەناسراو:** بۆ نا! چ لێرە بم و چ لە سەرەوە، هەر یەک شتە!

**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن:** (ڕوو لە نەناسراو.) ئەوە کێیە؟

**نەناسراو:** نازانم! لە کەسێکی سەر بەگۆبەن دەچێت؟

**یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن:** هەر چۆنێک بێت! کەسێکی ئاسایی نییە!

**نەناسراو:** کەسێکی بەگومانە! کەسێک کە بەشی خۆی ژیانی دیوە.



**فریودەر:** با بڕۆین منداڵان... با بڕۆین! تا لە ڕێگە چیرۆکتان بۆ بگێڕمەوە... با بڕۆین!

(بەرەو بەشی پشتەوەی شانۆ دەڕۆن.)

تەلانێک لەسەر ئەو چیایەی دێرەکەی لەسەر هەڵکەوتووە، لە دەستەڕاستەوە لاپاڵێکی بەردین و لە دەستەچەپیشەوە هەروەها. بەشی پشتەوەی شانۆ لە دوورەوە دەبینرێت و وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە کێشرابێت ڕووبارێک و دەوروبەرەکەی کە بە شار، گوند، کێڵگە و دارستان تەنراوە دەبینرێن و لە دووری دووریشەوە بەشێکی زەریا دەبینرێت. دارسێوێک کە سێوی پێوەیە لە بەشی پشتەوەی شانۆدا دەبینرێت. لەژێریدا مێزێکی درێژکۆلە دانراوە و کورسییەکیش لە سەرێکی مێزەکەوە دانراوە و لەسەر باری درێژییش نیمکەت بۆ دانیشتن هەن.

لە دەستەڕاستی بەشی پێشەوەی شانۆدا سووچێکی خانووی دادپرسیی گوند دەبینرێت.

هەور بەری ئاسمانی گوندی گرتووە.

لەسەر کورسیی ئەوسەری مێزەکە دادپرس دانیشتووە و لەسەر نیمکەتەکانیش یاریدەرانی دادپرس دانیشتوون. تاوانبارکراو لەلای دەستەڕاستی دادپرسەوە وەستاوە، شاهیدەکان لە دەستەچەپیەوە وەستاون و یەکێک لە شاهیدەکان فریودەرە.

گوێگرەکانیش، دووانیان یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن و نەناسراون، لێرە و لەوێ، لە دەوروبەری دادپرس وەستاون.

**دادپرس:** تاوانبارکراو لێرەیە؟

**تاوانبارکراو:** بەڵێ، لێرەیە!

**دادپرس:** ئەمە چیرۆکێکی زۆر ناخۆشە و هەم کێشەی بۆ دروست کردووین و هەم کۆمەڵگە بچکۆلەکەشمانی دووچاری شەرمەزاری کردووە. (فلۆریان ڕێیشەر)ی بیست و سێ ساڵان، بەوە تاوانبار کراوە کە مارەبڕاوی (فریتز شلیپتیتسکا)ی کوشتووە و مەبەستیشی بووە بیکوژێت. ئێمە ئێستا لێرەدا لە بەردەم ڕوودانی کوشتنێکداین و بڕیارەکانی یاساش ڕوون و ئاشکران... فلۆریان هیچ شتێکی هەیە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی بیڵێت، یا شتێک کە ببێت بەهۆی ئاسانکردنی ئەو بارودۆخە ناخۆشەی ئێستا تێی کەوتووە؟

**تاوانبارکراو:** نا هیچم نییە!

**فریودەر:** هۆو!

**دادپرس:** تۆ کێیت؟

**فریودەر:** نوێنەری تاوانبارکراو.

**دادپرس:** بێگومان تاوانبار مافی ئەوەی هەیە کە یەکێک بەنوێنەری خۆی دەستنیشان بکات، بەڵام پێم وا بێت لەم حاڵەتە ڕوون و ئاشکرایەی بەردەمماندا ئەو شتانەی خراونەتە بەردەمی دادگە ڕێی بۆ خەڵک خۆش کردووە کە بڕیاری بێ چەندوچۆنی خۆی بدات و بۆ تاوانبارکراویش ئاسان نییە کە بتوانێت سۆز و بەزەیی ئەوان بەلای خۆیدا دابشکێنێت، وایە یا نا؟

**خەڵک:** بڕیاری لەسەر دراوە و بڕاوەتەوە!

**فریودەر:** لای کێوە؟

**خەڵک:** لەلای یاساوە و بەپێی کارێک کە پێی هەڵساوە!



**فریودەر:** گوێ بگرن!... لەبەرئەوەی من نوێنەری تاوانبارکراوم و لە جێی ئەوم، ئەوەی ئەوی پێ تاوانبار کراوە، هەرچییەکە دەکەوێتە ئەستۆی منیش و منیش تاوانبارم... هەر بۆیە داوا لە دادگە دەکەم ڕێم پێ بدات من لە بریی ئەو قسە بکەم!

**دادپرس:** ناتوانم ئەمە ڕەد بکەمەوە!

**خەڵک:** فلۆریان بڕیاری بەسەردا دراوە و بڕاوەتەوە!

**فریودەر:** دە ئێستا با پێکەوە گوێ بگرین! (پشوو.) چاکە!... من گەیشتبوومە تەمەنی هەژدە ساڵان و فلۆریانە کە قسە دەکات و کەسی تر نا هیچ هەڵەیەک لە هەست و نەستەکانمدا، چونکە لەژێر چاودێریی دایکێکی لە خواترسدا بووم، نەبوو و پاک و بێگەرد بوون و هیچ فریو و هەڵخەڵەتاندنێکیش لە دڵمدا نەبوو، هیچ، چونکە هیچ ناخۆشییەکم نەک نەبینیبوو و هەستیشم پێی نەکردبوو. هەر ئەوساش بوو کە تووشم بوو بەتووشی هەر فلۆریانە کە قسە دەکات کچێکی گەنجەوە کە لە بەرچاوی مندا جوانترین بوونەوەر بوو کە لەسەر ئەم زەوییە خراپ و پڕ لە تاوانە بینیبێتم، چونکە یەک پارچە نەرمونیانی و چاکی بوو. دەست و دڵ و داهاتووی خۆمم پێ دا و... ئەویش بەهەموو شتێکم ڕازی بوو، پەیمانی پێ دام کە لەگەڵمدا ڕاستگۆ بێت و پەیمان نەشکێنێت. پێنج ساڵان لە پێناوی (ڕاکل)ەکەی خۆمدا کارم کرد و پووش بەپووشم بۆ هەڵچنینی هێلانە بچکۆلەکەمان دەچنییەوە کە بەنیاز بووین پێکەوە دروستی بکەین. (پشوو.) هەموو ژیانم لە دەوری خۆشەویستیی ئەو کچە دەسووڕایەوە و لەبەر ئەوەش کە خۆم پەیمانی خۆم و ئەمەکی خۆمم بەرانبەر

بەو بەهیچ شتێک نەدەگۆڕییەوە، هیچ گومانێکیشم لە بەرانبەر بەئەمەکیی ئەودا نەبوو!... ساڵی پێنجەمین... لە دروستکردنی کۆختە بچکۆلەکەمان بووبوومەوە و ئەوەی بۆ نێو کۆختەکەش پێویست بوو ئامادەم کردبوو... هەر ئەوسا بۆم دەرکەوت کە ئەو یاریی بەژیانی من کردووە و لەگەڵ، بەلای کەمەوە سێ کەسدا، دەستی تێکەڵ کردووە...

**دادپرس:** شاهیدت هەن؟

**پەردەداری دادگە:** سێ شاهید هەن و من یەکێکیانم!

**دادپرس:** بەتەنیا شاهیدیی تۆ بەسە!

**فریودەر:** ئیتر کوشتم، لەبەر تۆڵەسەندنەوە نا، بگرە لەبەر ئەو بیرە نادروستانەی کە لە ئەنجامی بێ ئەمەکی و پەیمانشکێنیی ئەوەوە تووشی بووبووم، چونکە هەر چۆنێک دەمەویست وێنەکەی لە مێشکمدا بسڕمەوە، وێنەی دۆستەکانیم لێ دەردەکەوتن و بەدزییەوە تێکەڵ بەخوێنەکەم دەبوون، بەجۆرێک لە کۆتاییدا وا دەهاتە پێش چاوم کە لە پێوەندییەکی نابەجێدا لەگەڵ سێ پیاودا کە ژنێک تێیدا بووبێت بەهەڵقەی پێوەندیی نێوانمان– دەژیام!

**دادپرس:** چاکە!... کەواتە دڵت لێی پیس کردبوو!

**فریودەر:** ئا... دڵ لێپیسکردن، ئەو هەستە پاک و بێگەردەی کە ڕێ نادات هیچ شتێکی نامۆ تێکەڵ بە هەست و نەستەکانمان ببێت... ئەگەر ئەوەشم نەکردایە و ئەگەر دڵم لێی پیس نەکردایە، دەبوو بەناچاری ژیانم تێکەڵ بەژیانی کەسێکی بەدکار و نادروست بکردایە و ئەوەشم نەدەویست. هەر بۆیە



دەبوو ئەو لەناو ببرایە بۆ ئەوەی بیر و بۆچوونەکانم لەو گوناهانە پاک ببنەوە کە بەشارای مەرگیان گەیاندبووم، کە ئەمە هەر خۆی بەتەنیا بەسە بۆ ئەوەی پێی تاوانبار کراوم. قسەیەکی لەمە زیاتریشم نییە!

**خەڵک:** تاوانبار ئەوەیە کە کوژراوە! خوێنی خۆی لەسەر خۆیەتی!

**دادپرس:** ئەوەی کوژراوە تاوانبارە، چونکە ئەو هۆکاری ڕوودانی تاوانەکە بووە!

**باوکی کچە کوژراوەکە:** دادپرسی بەڕێز، دادپرسی کچە کوژراوەکەم و ئێوەش هاووڵاتییان! ڕێم بدەن با قسەیەک بکەم!

**دادپرس:** با باوکی کچە کوژراوەکە قسە بکات!

**باوکی کچە کوژراوەکە:** ئێوە کچێکی کوژراو تاوانبار دەکەن و منیش دەمەوێت لە بریی ئەو قسە بکەم! مارییا، مارییای کچم، بێ هیچ دوودڵییەک خۆی دووچاری تاوانێک کردووە و هەرچییەکیشی کردووە بەرەنجامی بەدکاریی ئەم پیاوە بووە! ئەمیشیان بێ هیچ دوودڵییەک!

**خەڵک:** بێ هیچ دوودڵییەک! بەڵام تاوانبار ئەوە!

**باوکی کچە کوژراوەکە:** ڕێم بدەن با وەک باوکی ئەو قسەیەک بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، نەک بۆ پارێزگاریکردن لەو، بکەم. مارییای کچم لە تەمەنی پازدە ساڵاندا تووشی بوو بەتووشی پیاوێکەوە، پیاوێک کە ئەرکی ئەوە بوو، وەک چۆن داهۆڵ تەیروتیور بەرەو خۆی ڕادەکێشێت، سەرنجی کچانی گەنج بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەو بەو مانایەی هەموومان پێی ئاشنایین گومڕا نەبوو، چونکە ئەو هەر بەوەندە کە بتوانێت سۆزی ئەوان بەلای

خۆیدا ڕابکێشێت و هەست و نەستەکانیان بەتەڵەوە بکات، دڵی ئاوی دەخواردەوە، بۆ ئەوەی پاشان دەست بەڕوویانەوە بنێت، تا بیانبینێت چۆن بەدەست دڵ و باڵی تێکوپێکشکاوی خۆیانەوە ئازار دەچێژن... چۆن سوێ دەچێتە دڵیانەوە، ئازارێک کە لە هەموو ئازارێکی تر بەسوێترە!

ئەمجا مارییا سێ ساڵ لەبەر نەخۆشیی دەروونی لە دامەزراوەیەک لەژێر چاودێریدا مایەوە. کاتێک هاتە دەرەوە بەتەواوی تێکوپێک شکابوو، بووبوو بەچەند پارچەیەکەوە، بەکورتییەکەی، بووبوو بەچەند کەسێک. ئەو فریشتەیەک بوو بۆ خۆی، لەلایەکەوە کەسێکی لە خواترس و لەلایەکی تریشەوە شەیتانێک بوو سووکایەتیی بەهەموو شتێکی پیرۆز دەکرد. چەندان جار بینیومە کە چۆن یەکسەر دوای سەماکردن شوێن شور و شەیداییی خۆی کەوتووە و چووە بۆ لای فلۆریانی خۆشەویستی، هەروەها لێم بیستووە کە چۆن لە ئاست ئەودا سەروسیما و زمانی خۆی گۆڕیوە، بەجۆرێک کە توانیومە سوێند لەسەر ئەوە بخۆم ئەوە کچەکەی من نییە و کەسێکی ترە. بەڵام ڕاستییەکەی، هەرچۆنێک بووبێت، بۆ من هەر هەمان کەس بووە و هەر بەهەمان چاویش سەیرم کردووە. ئیتر تاوانبار کچەکەمە، یا ئەوەی فریوی داوە و ڕێی لێ ون کردووە؟ کامیان تاوانبارن؟

**خەڵک:** ئەو بێ تاوانە! کوا ئەوەی فریوی داوە و ڕێی هەڵە کردووە؟

**باوکی کچە کوژراوەکە**: ئەوەتا!

**فریودەر:** ئا... من بووم؟



**خەڵک:** بەردبارانی بکەن!

**دادپرس:** لە یاسا لامەدەن! با گوێی لێ بگرین؟

**فریودەر:** چاکە! گوێ بگرن... ئارگۆسییەکان... گوێ بگرن!... بەم جۆرە بوو... خزمەتکارتان، کە بەهەژاری، بەڵام لە دایک و باوکێکی تا ڕادەیەک بەڕێز، لەدایک بووە، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێنەوە سەر ئەو جۆرە باڵندە دەگمەنانەی کە لە تافی لاویی خۆیاندا بەدوای خولقێنەری خۆیاندا دەگەڕێن بەڵام بێگومان بەبێ ئەوەی بتوانن بیدۆزنەوە – لەبارێکی ئاساییدا ئەمە کاری پەپووە پیرەکانە و ئەمانیش تەنیا لە دوا دواییەکانی ژیانیاندا بیریان دەکەوێتەوە خۆیانی پێوە خەریک بکەن و ئەم خۆخەریککردنەشیان لەخۆڕا نییە! لە کاتێکدا کە ئەم گەڕانە گەنجانەیە پاکبوونەوەی هەست و نەستەکان و شەرمنی بەدوادا دەهاتن، کە تەنانەت پەرستارەکانیشی پێیان پێ دەکەنین و گاڵتەیان پێیان دەهات. بەڵێ... ئێستا ئێمە، کاتێک کە دەبیستین ئەو گەنجە دەیویست جلەکانی ژێرەوەی لە تاریکیدا بگۆڕێت، پێ دەکەنین! بەڵام ئەگەرچی ئێمە ئێستا بەتەواوی دەستمان بۆ بەرتیلی ڕەقوتەقیی ژیان پان کردووەتەوە، کەچی ناچاریشین شتێکی جوانی تێدا بدۆزینەوە و کە پیریش بووین، شتێکی تێدا بدۆزینەوە کە کاریگەری لەسەرمان هەبێت، بەڵام ئێستا بەو جۆرەی کە هەین لێرەدا وەستاوین و بەو بێ گوناهییە مندالانەیە پێ دەکەنین! ئێوە ئەی ئەوانەی گوێتان بۆ قسەمان شل کردووە، پێی پێ بکەنن، گاڵتەی پێ بکەن... تکایە!

**دادپرس:** (بەتوندییەکەوە.) گوێگرەکان ناناسێت!

**فریودەر:** کەواتە تەریقبوونەوەیە و سەروسەکوتی خۆم دەگرێتەوە!... چاکە... ئەو، خزمەتکارەکەی خۆتان، کەوتە تەمەنی گەنجییەوە و تووشی بوو بەتووشی زنجیرەیەک داوەوە کە لەسەر ڕێی بێ گوناهیی ئەودا دانرابوون! گوناهکاری پیر منم، بەڵام ئا لەم کاتەدا لە شەرماندا دەموچاوم سوور هەڵدەگەڕێت. (شەپقەکەی دادەکەنێت.) فەرموون... سەیرم بکەن... کە بیر لەوە دەکەمەوە ئەو گەنجە چۆن بەرچاوی ڕوون بووبووەوە لە دنیایەکدا کە دنیای ژنەکەی (پۆتیفەر) بوو و دەوری ئەوی تەنیبوو! لەو دنیایەشدا هەر بەتەنیا تاکە ژنێک لە ئارادا نەبوو، بگرە... نا... نەخێر... ڕاستییەکەی من لە بریی هەموو ڕەگەزی مرۆڤ و ڕەگەزی ژنان... داوای لێبووردن دەکەم... شەرم دامدەگرێت! کاتی وا هەبووە باوەڕم بەچاوی خۆم نەکردووە و پێم وا بووە کە شەیتان چاوی کوێر کردووم... ئەو پێوەندییەی لە گشت پێوەندییەکان پیرۆزترە... (زمانی خۆی دەگەزێت.) نا... دەمی خۆت داخە! ئێستا سەرلەبەری ڕەگەزی مرۆڤ وا هەست دەکات لە پاشملە باسی دەکرێت!... دەی! تا تەمەنم بوو بە بیست و پێنج ساڵان چیم لە دەست هات و لەوەش زیاتر درێخیم نەکرد و هێشاش هەر بەردەوام بووم... بەڵام لەوە زیاتر بڕم نەکرد و کەوتم... ئا... چونکە پێیان دەوتم (یوسف) و... (یوسف)یش بووم!... ئیرەییم بەوە دەبرد کە لە دەستم دەوەشایەوە و... هەستم بەوە دەکرد کە بەنیگای ژنێکی ناپاک پێ کراوم... بەڵام بەرەنجام، زۆر فێڵبازانە لە خشتە برام و خۆم دا بەدەستەوە! هەر ئەوساش بووم بەکۆیلەی حەز و



ئارەزووەکانی خۆم، زۆرجاران لای (ئۆمفالە) خەریکی ڕستن بووم و تا ئەوپەڕی سووکایەتیم پێ کرا و ئازارم چێشت! ئازار بەڵام چ ئازارێک! بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بەتەنیا لەشم بوو کە سووکایەتی پێ دەکرا و ڕۆحم بۆ خۆی لەسەر ژیانی خۆی... دەتوانم بڵێم ژیانی پاکی خۆی... بەردەوام بوو. بەبێ ئەوەی هیچ گوناهێکیشم لە دەست بوەشێتەوە کچانی پاک و بێگەرد لە دەوروبەرم کۆ بوونەوە، ڕەنگە ئەوانیش هەمان هەستیان هەبووبێت کە بەرەو یەکتر ڕای دەکێشاین، چونکە بێ هیچ خۆهەڵکێشانێک، بەتەواوی سەرنج و دڵیانم بردبوو... بەڵام من نەمدەویست لەوە زیاتر بڕۆم، کەچی ئەوان لەوە زیاتریان دەیویست و کاتێکیش کە خۆم لە دەست ئەو مەترسییەی بەڕێوە بوو ڕزگار کرد، وەک خۆیان دەیانوت دڵیانم شکاندبوو. بە کورتییەکەی: من هەرگیزاوهەرگیز کچێکی بێ گوناهم فریو نەداوە!... سوێندیش دەخۆم... ئەمجا ئیتر ئاخۆ من چ گوناهێکم هەیە لە بەرانبەر ئەو دڵشکان و خەم و خەفەتەدا کە ئەو کچە گەنجە دووچاریان بووبوو، دڵشکانێک کە دواییەکەی لێی کرد بەنەخۆشیی دەروونی؟ ئاخۆ... بەپێچەوانەوە... من کارێکی باشم نەکردووە، کە لەو هەنگاوە پاشگەز بوومەتەوە کە دوور نەبوو ببێت بەهۆی ئابڕووچوونی؟ دەی! ئێستا کێ یەکەم بەردەم تێ دەگرێت؟ کەس!... کەواتە گوێگرەکانی خۆمم نەناسیون! منیش، کە پێم وابوو وەک قەشمەرێک لێرەدا وەستاوم و دوا وتە لەبارەی بێ گوناهیی پیاوانەی خۆمەوە دەکەم... سەرلەنوێ هەست دەکەم گەنج بوومەتەوە و دەمەوێت داوا لە ڕەگەزی مرۆڤ بکەم نەختێک

پۆزش بهێنێتەوە و داوای لێبووردنم لێ بکات! ئەگەر بە ڕێککەوت ئەو زەردەخەنە سەیر و تایبەتەم لەسەر لێوی ئەو ژنە نەبینیایە کە کاتێک گەنج بووم فریوی دام! وەرە پێشەوە ژن... وەرە و سەیر بکە بەتوانای ڕووخێنەرانەی خۆت چیت بەرهەم هێناوە! سەیر بکە چۆن تۆوەکانی چەکەرەیان کردووە...

**ژن:** (بە شەرمەوە، بەڵام بەشکۆوە، دێتە پێشەوە.) من بووم! با منیش بۆتان بگێڕمەوە... چیرۆکە سادە و ساکارەکەی خۆمتان سەبارەت بەو کەسە بۆ بگێڕمەوە کە لە گەنجیدا فریوی دام، کە بەخۆشحاڵییەوە ئێستا لێرە و لە بەردەم هەمووماندا ئامادەیە...

**دادپرس:** هاوڕێیان! ناچارم لێرەدا ڕای بگرم، چونکە ئەگەر بێتو بەردەوام بین تا چیرۆکی (ئێڤا) و بەهەشت ڕاناوەستین و...

**فریودەر:** ئەی کێ بوو فریودەری (ئادەم)! هەر ئەوەشمان دەویست، دەمانویست بەوە بگەین! (ئێڤا) بوو! با ئێڤا بێتە پێشەوە! ئێڤا! (پاڵتۆکەی لە هەوادا ڕادەوەشێنێت، قەدی درەختەکان لە یەکتر دوور دەکەونەوە و ئێڤا دەردەکەوێت، قژی بە دووریی خۆیدا ئاڵاندووە و بە کەمەربەندێکیش کەمەری خۆی داپۆشیوە.) دەی ئێڤا، ئێڤای دایکمان، تۆ بوویت باوکمانت فریو دا. تاوانبار تۆیت! بۆ پارێزگاریکردن لە خۆت چیت هەیە بیڵێیت؟

**ئێڤا:** (سادە، بەڵام بەشکۆوە.) مارەکە بوو فریوی دام!

**فریودەر:** ئەوەیە وەڵام! ئێڤا خۆی ڕزگار کرد! با مارەکە بێتە پێشەوە! (ئێڤا دیار نامێنێت.)

**فریودەر:** با مارەکە بێتە پێشەوە!



(مارەکە بەقەدی دارێکەوە دەبینرێت.)

**فریودەر:** ئەوەتا ئەوەی هەر هەموومانی فریو دا! ئەی تۆ! کێ تۆی فریو دا مار!

**هەموو پێکەوە:** (تۆقیون.) دەمت داخە کافر!

**فریودەر:** مار! وەڵام بدەوە!

(هەورەبرووسکەیەک و بەدوایدا هەورەگرمە، هەموویان، بێجگە لە فریودەر کە کەوتووە، ڕادەکەن. نەناسراو و یەکێک لەوانەی سەردانی شوێنی پیرۆز دەکەن و ژنەکەش ماونەتەوە.)

**فریودەر:** (کەوتووە، بەڵام خەریکە هەڵدەستێتەوە، وەک ئەو پەیکەرە کۆنەی کۆیلە پێشان دەدات.) کایوسا فینالیس یا بنەمای سەرەکی... ناتوانیت ئەمەیان بدۆزیتەوە!... بەڵام ئەگەر گوناه، گوناهی مارەکە بێت، کەواتە ئێمە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بێ گوناهین... بەڵام نابێت ئەمە بەڕەگەزی مرۆڤ بوترێت!... هەر چۆنێک بێت لەوە دەچێت تاوانبارکراو خۆی لەم بەزمە دەرباز کردبێت و دادگەش وەک دووکەڵ ڕەوییەوە! با... حوکم مەدە! حوکم مەدە، دادپرس!

**ژن:** (ڕوو لە نەناسراو.) وەرە لەگەڵم!

**نەناسراو:** بەڵام دەمەوێت گوێ لەم پیاوە بگرم...

**ژن:** بۆ؟ ئەو وەک منداڵێکی بچکۆلە لە هەموو شتێک دەپرسێت، هەموو شتێک کە ناتوانرێت وەڵامی بدرێتەوە. نەتبیستووە کە منداڵان چەند پرسیار دەکەن: "بابە، بۆ خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت؟" دەتوانیت وەڵامی ئەمە بدەیتەوە؟

**نەناسراو:** ئم!

**ژن:** یا ئەمە: "دایە، کێ خوای دروست کردووە؟" ئەمیان بە پرسیارێکی قووڵ دەزانیت وا نییە! وەرە!

**نەناسراو:** (لەبەرئەوەی فریودەر بەتەواوی سەرنجی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، نایەوێت بڕوات.) بەڵام ئەوەی لەبارەی (ئێڤا)وە وتی، ئەویان تازە بوو...

**ژن:** تازەی چی! من کە هەشت ساڵ بووم، ئەوەم لە مێژووی ئینجلیدا خوێند و ئەوەش کە ئێمە گوناهی باو و باپیرانم بەمیرات بۆ دەمێنێتەوە لە دەستووری وڵاتدا هەیە... وەرە... کوڕم... وەرە!

**فریودەر:** (هەڵدەستێت، خۆی ڕاست دەکاتەوە و بە شەلەشەل بەسەر تاشەبەردی لای دەستەڕاستدا سەر دەکەوێت.) وەرە با دنیات پێشان بدەم، ئەو دنیایەی کە پێت وایە دەیناسیت و ناشیناسیت!

**ژن:** (سەر دەکەوێتە سەر تاشەبەردەکەی دەستەچەپ.) وەرە، کوڕی خۆم، تا ئەو دنیا جوانەت پێشان بدەم کە خوا خوڵقاندوویەتی، ئەو دنیایەی دوای ئەوەی فرمێسکی خەم چاوی تەپوتۆز لێ نیشتوومی شتووەتەوە ناسیومە... وەرە بۆ لام!

**نەناسراو:** (دوودڵە، لە نێوان هەردووکیاندا وەستاوە و نازانیت چی بکات.)

**فریودەر:** (ڕوو لە ژنەکە.) ئەی لە فرمێسکەکانتەوە دنیات چۆن بینی؟ وەک دەرکەوتنی دارەبیی کەنار ئاوێکی بەهاژەوهوژ! پێچەڵپێچێک لە هێڵی چەماوە، کە درەختەکان تێیدا وەک ئەوەی سەرەوژێر وەستابن دەبینرێن!... (ڕوو لە نەناسراو.) نا... کوڕی خۆم... نا... من لە شووشەی دووربینەکەمەوە کە لەبەر



تین و تاوی ڕقدا وشک بوونەتەوە، بەتەلیسکۆپەکەم هەموو شتێک وەک خۆیان چۆنن، ڕاست و ڕەوان، ڕێک وەک ئەوەی خۆیان چۆنن، دەبینم!

**ژن:** تۆ چی لەبارەی شتەوە دەزانیت، کوڕی خۆم؟ ئەوە شتەکان نین کە دەچنە نێو چاوتەوە، بگرە تەنیا وێنەی شتەکانن و وێنەش وێنەی هەڵخەڵەتێنی شتەکانە، نەک شتەکان خۆیان. کەواتە تۆ شەڕ لەسەر وێنەکان، وێنەی هەڵخەڵەتێنی وێنەکان دەکەیت!

**فریودەر:** گوێی لێ بگرن! گوێ لەم فەیلەسووفە بچکۆلە تەنوورە لەبەرە بگرن!... کە لە تەنیشت کرۆنیۆنەکەی (زیوس)ەوە، لە تەلاری هەرە گەورەی چیاکاندا، وەستاوە و داوای ڕووبەڕووبوونەوە و مشتومڕ دەکات! هۆلا!

**ژن:** ئەو... هاوڕێکەم، پیاوەکەم، منداڵەکەم لێرەیە و هیی خۆمە! هەر ئەوەندە بیەوێت گوێم لێ بگرێت، هەموو شتێک هەم بۆ ئەو و هەم بۆ منیش بەچاکە دەشکێتەوە!... وەرە بۆ لام هاوڕێم... وەرە... چونکە ڕێگەکە ئەمەیە! ئێرە چیای (گاریزم)ە و هەر لێرەش لێخۆشبوون و بەخشندەیی دەدرێت و ئەوێش (ئێبال)ە کە تێیدا نەفرەتت لێ دەکرێت!

**فریودەر:** ئا... ئێرە (ئێبال)ە و تێیدا نەفرەتت لێ دەکرێت: "با، ئەی ژن، لە پێناوی تۆدا، زەوی بەنەفرەت بێت و تۆش بەدەم ژانەوە منداڵت ببێت، با مەیل و ئارەزووت هەردەم ڕوو لە پیاوان بن و خواستەکانیشت بکەونە دەست پیاو و ئەو بڕیاریان بەسەردا بدات." ... هەروەها: "تۆش ئەی پیاو، با لە پێناوی تۆدا، خاک بەنەفرەت بێت و داهاتی بەرووبوومیشت پڕ بێت لە دڕک و داڵ و

چاڵوچۆڵییەکانیش بەئارەقەی نێوچەوانت ئاو بدەیت." ئەوە خوا بوو وای وت، نەک من!

**ژن:** هەر خواش بوو لە گوناهی یەکەم ژن و پیاو خۆش بوو و هەر ئەویش بوو حەوتەمین ڕۆژی پیرۆز کرد، دوای ئەوەی لە دروستکردنی دنیا بووەوە، دروستکردنێکی ڕێکوپێک و چاک. بەڵام تۆ، بەڵام ئێمە، ئێمە خراپمان کرد و هەر لەبەر ئەوەش، لەبەر ئەوە... بەڵام جێی ئەوەی دوای پەیامی خوا دەکەوێت لە (گاریزم)ە، کە هێشتا بەخشندەیی و لە گوناهبووردن تێیدا دابەش دەکرێن. خوا دەڵێت: "تۆ ئاسوودە و بێگوناه، لەنێو شار و کێڵگەکاندا، دەژیت! سەبەتەکەت و ئەو قاپە درێژکۆلەیەی خواردنی تێدا دەخۆیت، ئەو دەروازەیەی لێوەی هاتوچۆ دەکەیت بەرەکەتیان تێ دەکەوێت و بارانی ئاسمان بەسەر کێڵگەکانتدا دەبارێت و داهاتت دەبووژێتەوە تا منداڵانت پێی بگەشێنەوە. قەرز دەدەیت بە زۆر کەس، بەڵام خۆت قەرز لە هیچ کەس ناکەیت و دەسەڵاتت لەسەر دەسەڵاتی هەموو کەسێکەوە دەبێت و نابیت بەژێردەستەی کەس. هەر ئەوەندە شوێن پەیامی خوا بکەویت، بەخشندەیی و میهرەبانیی ئەوت بەردەوام لەگەڵدا دەبێت."

کەواتە وەرە هاوڕێم، وەرە دەستت بخە دەستمەوە! (لە سەرچۆک دەکەوێت و وەک بپاڕێتەوە هەردوو دەستی دەنوقێنێت.) تکات لێ دەکەم، بەناوی ئەو خۆشەویستییەوە کە جارێک لە جاران پێکەوەی بەستبووین، بەیادی ئەو منداڵەوە کە بەیەکترەوە گرێی دابووین، بەهەمان هێزی خۆشەویستیی دایکێکەوە... خۆشەویستیی دایکێک... چونکە وەک دایکێک



خۆشم ویستویت، تۆ ئەی ئەو منداڵەی ڕێت هەڵە کردووە و من لە شوێنە تاریک و شاراوەکانی نێو دارستانان بە دوایدا گەڕاوم و لە ئاکامدا برسی و بە دەست نەبوونی خۆشەویستییەوە سیس و لارەمل دۆزیمیتەوە... وەرەوە منداڵی کڵۆڵ، وەرەوە و سەرە ماندووەکەت بنێرە سەر دڵم کە هەر لەوێشدا، پێش ئەوەش چاوت بە ڕووناکیی خۆر بکەوێت، ماندوویێتیت ڕەویوەتەوە.

(بەدەم ئەم قسانەوە دەگۆڕێت و کراسەکەی لە بەری بەردەبێتەوە و سەرتاپا وەک ژنێکی سپیپۆش دەردەکەوێت و قژیشی بەسەر شان و ملیدا بەربووەتەوە و سنگ و بەرۆکی تۆکمەوتۆڵی دایکانەی دەبینرێت.)

**نەناسراو:** دایکە!

**ژن:** ئا کوڕم... دایکتم... دایکت! لە ژیاندا قەت بۆم نەبوو دەست بەسەرتدا بهێنم... هێزە بەدەسەڵاتەکان ڕێی ئەمەیان لێ گرتبووم... بۆ؟ نەمدەوێرا بپرسم بۆ!...

**نەناسراو:** بەڵام دایکی من مردووە!

**ژن:** مردبوو... بەڵام مردووەکان مردوو نین و خۆشەویستیی دایک بەسەر مردنیشدا سەر دەکەوێت! دەزانیت؟ وەرە کوڕەکەم... تا پاداشتی ئەو ئەرکە بدەمەوە کە لەسەر شانم بوو، ئەو ئەرکەی کە دەبوو بەجێی بهێنم و نەمهێنا! وەرە با لەسەر ئەژنۆکانم تا ئارام دەگریت ڕات بژێنم و بتشۆم تا لە ڕق و گوناهان و... (دەیەوێت وشەیەک بڵێت، بەڵام نایەتە سەر زمانی.)... پاکت بکەمەوە. وەرە! با سەروقژت بۆ دابهێنم کە بەئارەقەی پەشیمانی ئاڵۆسکاوە و کراسە سپییەکەت لەبەر ئاگردانی

ماڵەکەمدا بۆ وشک بکەمەوە، ئەو ماڵەی کە قەت نەبوو بەماڵی خۆت، تۆ کە قەت خۆشیت بەچاوی خۆت نەبینی، تۆ ئەی کوڕەکەی (هاگار)؛ کوڕی ژنە خزمەتکارەکە، ئەی ئەوەی وەک کۆیلەیەک لەدایک بوویت، تۆ کە هەموو کەسێک دەستی لێ هەڵهێناویتەوە!... تۆ کە هێندەی بۆیان کرابێت بەقووڵی پشتیان کێلاویت... وەرە... با برینەکانت ساڕێژ بکەم و خەمەکانت بگرمە ئەستۆی خۆم و لە بریی تۆ بەدەم ئازارەوە بناڵێنم... وەرە!

**نەناسراو:** (هێندە گریاوە کە هەموو لەشی لەگەڵیدا کەوتووەتە لەرزین، بەرەو تاشەبەردی دەستەچەپ کە دایکەکەی لەسەر وەستاوە و باوەشی بۆ کردووەتەوە، دەڕوات.) وا هاتم!

**فریودەر:** ئێستا ئیتر هیچم پێ ناکرێت!... بەڵام جارێکی تر چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوە.

(لە پشت تاشەبەردەکەوە ون دەبێت.)

(پەردە.)

لە شوێنێکی بەرزتری سەر چیاکە، بەردەڵانییەک کە بەزەلکاو دەور دراوە سەری لە هەوران گیر کردووە. دایکەکە لە پێشدا دێت و بەسەر تاشەبەردێکدا هەڵدەگەڕێت، تا لەنێو هەورەکاندا ون دەبێت. نەناسراو شوێنەون لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە.

**نەناسراو:** هۆ... دایە! دایکە! بۆ ئاوها بەجێم دەهێڵیت؟ بۆ بەجێم دەهێڵیت، لە کاتێکدا کە خەریک بوو خۆشترین خەونم دەهاتە دی؟

**فریودەر:** (دێتە پێشەوە.) خەونت بەچییەوە بینی؟ بیگێڕەوە!



**نەناسراو:** خۆشترین ئاوات، نهێنیترین تاسە و ئارەزووم، دوا نوێژ و پاڕانەوەم!... ئاشتبوونەوە لەگەڵ ڕەگەزی مرۆڤ، لە ڕێی ژنێکەوە...

**فریودەر:** لەگەڵ ئەو ژنەی کە فێری ڕقی کردیت...

**نەناسراو:** ئا ئەو... لە کاتێکدا کە ئەو بوو بەستمی بەزەوییەوە، وەک ئەو خڕکەبەردەی لەبەر پێی کوێلەیەک بەر دەبێتەوە و ناتوانێت لێی هەڵبێت...

**فریودەر:** هەموو کات باس هەر باسی ژنە و... ژن!

**نەناسراو:** ئا... ژن! سەرەتا و کۆتایی... هەر نەبێت بۆ ئێمەی پیاوان. کەچی لە پێوەندیی نێوان خۆیاندا هیچ نین!

**فریودەر:** کەواتە: لە خۆیاندا هیچ و بۆ ئێمەش هەموو شتێک، بۆ ئێمە و لە ئێمەوە هەموو شتێک! هەم ئابڕوو و هەم بێ ئابڕووییمان، باڵاترین ئاسوودەیی و قووڵترین ئازاری ئێمە، لە گوناهان پاککەرەوە و مەرگی ئێمە، پاداشت و سزای ئێمە و هێز و بێهێزیی ئێمە!

**نەناسراو:** بێ ئابڕووییمان! تۆ وات وت! تۆ کە پیاوێکی حەکیمیت باسی ئەم مەتەڵەیانم بۆ بکە. هەر کاتێک لەگەڵ ژنێکدا، ژنی خۆم، ژنێکی جوان، ژنێک کە تا ڕادەی پەرستن دەمپەرست، هەر کاتێک قۆڵم لە قۆڵی دەکرد و بە بەرچاوی خەڵکەوە لەگەڵیدا دەڕۆیشتم شەرمم دەکرد، وەک ئەوەی شەرمم لە لاوازیی خۆم کردبێت، شەرمم دەکرد. ئەم مەتەڵەم بۆ هەڵبهێنە! بۆ؟

**فریودەر:** شەرمت دەکرد؟... نازانم بۆ!

**نەناسراو:** تەنانەت تۆش ناتوانیت وەڵام بدەیتەوە؟

**فریودەر:** تەنانەت منیش!... بەڵام من هەردەم کە لەنێو خەڵکدا لەگەڵ ژنەکەمدا بووم دڵم تەنگ دەبوو، چونکە هەستم بەوە دەکرد کە چۆن لە ڕێی سەیرکردنی خەڵکەوە پیس دەبوو و منیش لە ڕێی ئەوەوە پیس دەبووم.

**نەناسراو:** کاتێکیش کە کارە شوورەییهێنەکەی دەکرد، هەستت بە بێ ئابڕووی دەکرد! بۆ؟

**فریودەر:** (ئێڤا)ی یۆنانییەکان ناوی (پاندۆرا) بوو. (زیوس) لە بەدکاری و دڵڕەقیی خۆیەوە (پاندۆرا)ی دروست کردبوو تا ئازاری پیاوان بدات و بەسەریاندا زاڵ بێت!... کە شووی کرد سندووقێکی بەدیاری دایە، کە هەموو بەدبەختییەکانی دنیای تێدا بوو. با بڵێین زۆر ئاسانترە ئەم مەتەڵی (سفینیکس)ە لێ هەڵبهێنرێت ئەگەر بێتو لە (ئۆلۆمپیوس)ەوە بۆی بڕوانین وەک ئەوەی لە باخ و باخاتی بەهەشتەوە بۆی بڕوانین! بەڵام هەرگیزاوهەرگیز بەتەواوی بۆمان هەڵنایەت! منیش هەر نەبێت هێندەی تۆ فێڵبازم! بێجگە لەوەش، کە بیری لێ دەکەمەوە، تا ئەمڕۆش هەر تام و چێژ لەو جوانترین شتە دەبینم کە خوا پێی داوین!... بڕۆ! تۆش هەروا بکە!

**نەناسراو:** مەبەستت لە گەورەترین خەیاڵی (شەیتان)ە! چونکە ئەو ژنەی لای من جوانترین ژنە، لەوانەیە لای خەڵک زۆر ناشیرین بێت! بۆ منیش هەروەها، ئەگەر بێتو خراپ بێت، لە ناشیرینترین ژن ناشیرینتر دەبێت لە بەرچاوم! کەواتە جوانی چییە؟



**فریودەر:** تیشکێکە، تیشکدانەوەی چاکەکاریی خۆتە. (دەست بەدەمییەوە دەگرێت.) بەنەفرەت بێت! ئەوە لە دەمم دەرچوو و... دێوەکەش بەرەڵا بوو!

**نەناسراو:** دێو؟ چاکە! ئەگەر ژن دێو بێت، چۆن دێوێک دەتوانێت ئارەزووی شاکار و چاکەکاریم پێ بدات؟ چونکە لە یەکەمین باردا ئەمە لە من ڕووی دا: جوانییەکەیم بینی و ئیتر حەز و ئارەزوویەک بەسەرمدا زاڵ بوو کە دەمویست لەو بچم و هەروەها هەمان نرخی ئەویشم هەبێت. لە سەرەتادا ئەم شتانەم تاقی کردنەوە: بەخۆنواندن و خۆشتن و بۆن و بەرامە لەخۆدان و جلوبەرگی جوان دەستم پێ کرد، بەڵام لە گاڵتەبەخۆکردن زیاتر هیچم بەهیچ نەکرد! پاشان لە ناوەوە دەستم پێ کرد: خووم بەوەوە گرت جوان بیر بکەمەوە، جوان قسە بکەم و ڕێکوپێک هەڵسوکەوت بکەم! ئیتر، ڕۆژێک لە ڕۆژان، کە ئەم شتانە کاری لەسەر ڕۆحی کرد، وەک خۆی دواتر دەیوت، شێوەی یەکترمان گرت! هەر ئەوەش بوو یەکەمین جار ئەم وشە جوانانەی بەدەمدا هات: خۆشم دەوێیت! کەواتە شەیتانێک چۆن دەتوانێت لە نرخی ئێمە بەرز بکاتەوە، بوونەوەرێکی دۆزەخ چۆن دەتوانێت پڕمان بکات لە چاکە؟ چۆن؟ نا... ئەو فریشتە بوو، بێگومان فریشتەیەکی باڵشکاو و خۆشەویستییەکەشی تیشکێکی شکاوەی ڕووناکییە گەورەکە، ڕووناکییە ئەبەدییەکە، بوو؛ ئەو ڕووناکییەی کە خۆشی دەوێین و گەرممان دەکاتەوە! خۆشی دەوێین!... خۆشی دەوێین!

**فریودەر:** چییە پیاوی پیر دەتەوێت وەک دوو گەنج لێرەدا بوەستین و

پیتەکانی کێشەی خۆشەویستی بجووینەوە...

**کۆنفێسۆر:** (دێتە ژوورەوە.) ئەوە ئەو هەڵەوەرە چی دەڵێت؟ هەموو ژیانی بەقسەکردنەوە بەفیڕۆ داوە و هیچیشی بەهیچ نەکردووە!

**فریودەر:** دەمویست ببم بەقەشە، بەڵام داواکەم بەدەست نەگەیشت!

**کۆنفێسۆر:** بەڵام چاوەڕێی دەکەیت، کەواتە یارمەتیم بدە با پێکەوە ئەو سەرخۆشە بدۆزینەوە کە خۆی لەم زەلکاوەی ئێرەدا خنکاندووە. دەبێت لێرە بێت، چونکە شوێنپێیەکانیم هەڵگرت تا ئێرە نەوەستامەوە.

**فریودەر:** کەواتە ئەو پیاوەیە کە لەژێر ئەو چڵوچێوانەدا کەوتووە!

**کۆنفێسۆر:** (چەند چڵوچێوێک هەڵدەداتەوە و لاشەیەک دەبینرێت، دەموچاوی سپی، دەموچاوی گەنجێکە و جلوبەرگی تەواوی لە بەردایە.) خۆیەتی! (بەدەم سەرنجدان لە مردووەکەوە بیر و خەیاڵی دەڕوات.)

**فریودەر:** مردووەکە کێ بوو؟

**کۆنفێسۆر:** سەیرە!

**فریودەر:** پیاوێکی قۆز بوو! زۆر گەنجیش!

**کۆنفێسۆر:** نا هاوڕێیان! پەنجا و چوار ساڵان بوو! کە هەفتەیەکیش لەمەوپێش بینم لە شەست و چوار ساڵان دەچوو! چاوی وەک ئەو لینجاوەی لە هێلکەشەیتانۆکەی نێو باخان بەجێ دەمێنێت زەردێکی تۆخ و لەبەر خواردنەوەش لاچاوەکانی خوێنیان لێ دەچۆڕا، بەڵام هەر بەتەنیا لەبەر ئەوەش نا، بگرە لەبەر باری گران و ئەو کلۆڵییەی تێی کەوتبوو خوێن دەگریا! دەموچاوی وەک جگەرێکی سەر تەختەی قەساب قاوەیی و هەڵئاوساو بوو



و لە شەرمانیشدا خۆی لە چاوی خەڵک دەشاردەوە... لەوە دەچوو تا دواهەناسەش لە ئاست ئاوێنەی تێکوپێکشکاوی ڕۆحیدا تەریق ببێتەوە، هەر بۆیەش دەموچاوی خۆی بەو چڵوچێوانە داپۆشی. بینیم چۆن لە دژی بارگرانیی خۆی دەجەنگی، بینیم، دوای ئەوەی لە کاری مامۆستاییەکەی دەرکرابوو، چۆن لەسەر چۆک کەوتبوو لە خوا دەپاڕایەوە ڕزگاری بکات... بەڵام!... ئەوەتا... ئێستا ئیتر ڕزگاری بووە! ئەمجا سەیری بکەن، سەیر بکەن چۆن ئێستا دوای ئەوەی خراپەکاریی لە کۆڵ بووەتەوە، چاکە و جوانییەکەی گەڕاونەتەوە و وەک نۆزدە ساڵانێک دێتە پێش چاومان!... ئەمە گوناهە، کە وەک سزا، خۆی بەسەردا سەپاندووە!... بۆ؟ ئەمە شتێکە بۆ ئێمە نییە بیزانین. وەک ئاماژەیەک ئەمە نووسراوە: "ئەوەی ڕقی لەوەیە کە لەسەر ڕێی ڕاستە، دەبێت وەک تاوانبارێک ژیان بەسەر ببات!"... یا... من لە گەنجیدا دەمناسی! ئێستا بەبیرمدا دێتەوە کە... ئەو هەردەم تا ئەوپەڕی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە نەیاندەخواردەوە خراپ بوو. ڕەخنەی لێ دەگرتن و نەفرەتی دەکردن، هاوکاتیش سەرگەرمییەک کە خۆی لە شەرابی دەبینی لە سەروو هەموو خۆشییەکی تری ژیانەوە بوو لای ئەو!... ئێستا ئیتر ڕزگاری بووە! ڕزگار لە گوناه! ڕزگار لە شەرم و ناشیرینی... بەڵێ... بەمردوویی جوانە! مردن ڕزگارکەرە!... گوێت لێیە... ڕزگارکەر... تەنانەت ناتوانیت کەسێک کە دەخواتەوە لەو حەزە خراپەی ڕزگار بکەیت!...

**فریودەر:** تاوان وەک سزا؟ بیرێکی خراپ نییە! تا ڕادەیەکیش قووڵە!

**کۆنفێسۆر:** منیش هەروا بیر دەکەمەوە! ئەوە بابەتێکی نوێت بۆ

گفتوگۆ دەست کەوت!

**فریودەر:** بەڕێزان... بۆ نەختێک بەجێتان دەهێڵم... تا یەکتر دەبینینەوە! (دەڕوات.)

**کۆنفێسۆر:** پێش نەختێک لەگەڵ ژنێک بینیمیت! کەواتە فریودان هەر لە ئارادایە؟

**نەناسراو:** بەو ئاراستەیە نا کە تۆ مەبەستتە!

**کۆنفێسۆر:** کام ئاراستە؟

**نەناسراو:** ڕاستییەکەی من تا ئێستاش لەسەر کەڵکەڵەی ئاشتبوونەوەم لەگەڵ ڕەگەزی مرۆڤ و ژندا و... لە ڕێی ژنەوە!... لە ڕێی ئەو ژنەشەوە کە جارێک لە جاران ژنم بوو و ئێستا لە ڕێی تەنگانە و خەم و خەفەتەوە هەڵکشاوە و پاک بووەتەوە، بووە بەو کەسەی کە جارێک لە جاران پێم وابوو کە دەبێت ببێت. بەڵام...

**کۆنفێسۆر:** بەڵام؟...

**نەناسراو:** ئەزموونەکان فێریان کردووین چەند لە یەکترەوە نزیک بین، هێندە لە یەکترەوە دوورین و تا لە یەکتریشەوە دوور بین، لە یەکترەوە نزیکین.

**کۆنفێسۆر:** من هەرگاف ئەمەم زانیوە! (دانتە)ش دەیزانی کە هەموو ژیانی خاوەنی ڕۆحی (بیاتریس) بوو، (بێهۆڤن)یش، کە لە دوورەوە بووبوو بەیەک لەگەڵ (تێرێز ڤۆن برونسڤیک)دا کە ژنی کەسێکی تر بوو، دەیزانی!...

**نەناسراو:** بەڵام هێشتا... خۆشی هەر بەتەنیا لە نزیک ژنەوە دەدۆزرێتەوە!



**کۆنفێسۆر:** کەواتە لێی نزیک بە!

**نەناسراو:** تۆ شتێک لە بیر دەکەیت: ئێمە لە یەکتر جیا بووینەتەوە!

**کۆنفێسۆر:** باشتر! هەموو هاوسەرییەکی نوێ بەوە دەست پێ دەکات و لەوەش باشتر ئەوەیە کە هەردووکتان تازەن.

**نەناسراو:** لەو باوەڕەدایت... کەس هەبێت لە یەکترمان مارە بکات؟

**کۆنفێسۆر:** من؟ زۆر داوا دەکەیت!

**نەناسراو:** ئەمەم لە بیر کردبوو! بەڵام یەکێکی تر هەر دەدۆزرێتەوە... شتێکی تریش ئەوەیە کە ماڵێک پێکەوە بنێین!...

**کۆنفێسۆر:** تۆ هەندێک جار بەختت هەیە، ئەگەرچی ناتەوێت ببینیت. لەو خوارە، لەلای چەمەکەوە، خانوویەکی بچکۆلە هەیە، تازە دروست کراوە و خاوەنەکەی قەت نەیبینیوە، ئینگلیزێک بوو، کە خەریک بوو ژن بهێنێت، بەڵام ژنەکە لە دوا چرکەدا لە شووەکەی پەشیمان بووەوە... دەفتەردارەکەی دروستی کرد، کە هیچ کام لە ژن و پیاوەکە چاویان پێی نەکەوتبوو. دەیبینیت، تازە بەتازە و دەستی بەر نەکەوتووە!

**نەناسراو:** کەواتە هیی کرێیە؟

**کۆنفێسۆر:** ئا!

**نەناسراو:** کەواتە خۆم تووشی ئەمەش دەکەم و سەرلەنوێ دەست بەژیان دەکەمەوە!

**کۆنفێسۆر:** داشدەبەزیت!

**نەناسراو:** لە هەورەکان!... لە خوارەوە هێشتا خۆرەتاوە و لێرە، لەم سەرەوە، هەوا هێندەی ئەوێ قورس نییە.

**کۆنفێسۆر:** چاکە! کەواتە بۆ ماوەیەک لە یەکتر جیا دەبینەوە!

**نەناسراو:** بۆ کوێ دەچیت؟

**کۆنفێسۆر:** بۆ سەرەوە!

**نەناسراو:** منیش بۆ خوارەوە، بەرەو زەوی، زەویی دایک کە سنگوبەرۆکی نەرموشل و باوەشی گەرمە...

**کۆنفێسۆر:** تا ئەو کاتەی دیسان تاسە و ئارەزووی ئەوە دەکەیت کە وەک بەرد ڕەق و سپی و ساردوسڕە... خوات لەگەڵ! سڵاو لەوانەی ئەوێ بکە!

(هەریەکە و بەلایەکدا دەڕوات.)

(پەردە.)

هۆڵێکی نانخواردنی جوان، دیوارەکانی لە تەختە گیراون. ئاگردانێکی کاشیکراو بەکاشیی مایۆلیک. مێزی نانخواردن لە نێوەڕاستی هۆڵدا و لەسەر مێزەکە گوڵدانی پڕ لە گوڵ دانراون، دوو مۆمدان کە مۆمیان تێدا دەگرێت و مێزێکی درێژکۆلەی بە نەخش و نیگار ڕازاوە لە دەستەچەپەوە دانراوە و هەمەچەشن خواردنی لەسەرە. لە دەستەڕاستەوە پەنجەرەیەک. لە بەشی پشتەوەی شانۆدا دوو دەرگە هەن، دەرگەی دەستەچەپ کراوەیە و لێیەوە ژووری ئارایشتی ژنەکە دەبینرێت و ژوورەکەش بەڕەنگی سەوزی کاڵ و (ماهۆگنی) ڕازێنراوەتەوە. لامپایەک لە مسی زەرد کە چرایەک لەنێو پەردەکەیدا داگیرساوە، دانراوە. دەرگەی دەستەڕاست داخراوە. لەلای دەستەچەپی ئەو مێزەوە کە خواردنی لەسەرە دەرگەیەک هەیە.

نەناسراو لە دەستەچەپەوە دێتە ژوورەوە، وەک زاوا جلوبەرگی پۆشیوە و ژنیش جلی بووکێنیی پۆشیوە و هەردووکیان جوانی



و گەنجییان لێ دەبارێت.

**نەناسراو:** بەخێر بێیت بۆ ماڵەکەم خۆشەویست، ماڵی تۆ و ماڵی من، بووکەکەم، بەخێر بێیت بۆ ماڵەکەت، ژنەکەم.

**ژن:** سوپاس هاوڕێی خۆشەویست! لە ئەفسانە دەچێت!

**نەناسراو:** ئەفسانەیەک! کۆئەفسانەیەک خۆشەویست، کە خۆم نووسیومن.

(هەریەکە و لە بەرێکی مێزەکەوە دادەنیشێت.)

**ژن:** بڵێیت ئەمە ڕاستەقینە بێت، زۆر جوان دێتە پێش چاوم.

**نەناسراو:** قەت هێندە جوان، هێندە گەنج، نەمبینیویت!

**ژن:** لە چاوی خۆتەوە دەبینیت...

**نەناسراو:** کە فێر بوون ببینن! لە چاکەکاریی تۆشەوە فێری بینین بوون...

**ژن:** ئەویش لە خەم و خەفەتەوە فێر بوو...

**نەناسراو:** ئینگەبۆری!

**ژن:** یەکەم جارە ناوم دەهێنیت!

**نەناسراو:** یەکەم جار؟ من قەت پێشتر تووشی ئینگەبۆری نەبووم، قەت پێشتر تۆم نەناسیوە، تۆ کە ئێستا لە ماڵەکەماندا دانیشتوویت. ماڵ! وشەی خۆش! شتی خۆش، کە قەت پێشتر خاوەنیان نەبووم. ماڵ و ژن! تۆ یەکەم ژنمیت، تاکە ژنمیت، چونکە ئەوەی جاران هەبوو، بەسەرچوو! ڕێک وەک سەعاتێک لەمەوپێش!

**ژن:** (ئۆرفیۆس) گۆرانییەکەت ژیان و جوانیی بەم بەردە مردووانە داوە! بەگۆرانییەکەت ژیان لەنێو منیشدا بژێنەوە...

**نەناسراو:** ... (ئوریدیکە)، ئەی ئەوەی لە ژێرزەوییەوە هێنامیت! ژیانی نێو تۆم خۆش دەوێت! دەتهێنمەوە پێش چاوی خەیاڵ و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەخت بەرەو ئێمە بێت، چونکە ئێستا ئەو مەترسییانە دەناسین کە دەتوانین خۆمانیان لێ لابدەین!

**ژن:** مەترسییەکان!... ئێرە چەند خۆشە! وەک ئەوەیە ژوورەکە پڕ بێت لە میوانی نادیار کە بەخێرهاتنی ئێمە دەکەن! لە گیانی پاک کە بەرەکەت بەسەر خۆمان و ماڵەکەماندا دەبارێنن!

**نەناسراو:** گڕی مۆمەکان وەک ئەوەی نوێژ بکەن ئارامن و گوڵەکانیش بیر دەکەنەوە... بەڵام هێشتا...

**ژن:** وس!... لە دەرەوە شەوی هاوینە، گەرم و تاریک، ئەستێرەکان گەورە و چاو بەفرمێسک بەسەر دارسنەوبەرەکانەوەن، وەک گڕی کریسمەس... ئەمە خۆشبەختییە! مەهێڵە لە دەستمان بەربێت!

**نەناسراو:** (لە بیر و خەیاڵاتی خۆیدایە.) بەڵام هێشتا...

**ژن:** وس!

**نەناسراو:** (هەڵدەستێت.) گوێم لە دەنگی گەیشتنی شیعرێکە، شیعرێک بۆ تۆ!

**ژن:** مەیڵێ، چونکە دەیبینم... لە چاوەکاندا دەیبینم!

**نەناسراو:** چونکە منیش لە چاوەکانی تۆدا خوێندمەوە!... بێجگە لەوەش، ناتوانم بیڵێم، چونکە وشەی نییە!... بەرامەی هەیە، ڕەنگی هەیە و... ئەگەر بیڵێم، دەمرێت! جوانترین شت ئەوەیانە هێشتا لەدایک نەبووە! ئەوەش کە بەدەستت نەهێناوە لە هەموو شت شیرینترە!



**ژن:** وس بە!... ئەگەرنا میوانەکانمان دەڕۆن!

(بێدەنگی.)

**نەناسراو:** ئەمە خۆشییە... بەڵام ناتوانم بیگرم!

**ژن:** سەیری بکە، هەڵی مژە، چونکە نایەڵێت بگیرێت!

(بێدەنگی.)

**نەناسراو:** سەیری ژوورە بچکۆلەکەی خۆت دەکەیت!

**ژن:** وەک مێرگێکی نێوەڕاستی هاوین سەوزی کاڵ! کەسێک، کەسانێکیش، لەوێن!

**نەناسراو:** بیرەکانی منن!

**ژن:** بیرە چاکەکانت، بیرە جوانەکانت...

**نەناسراو:** ئەو بیرانەی تۆ پێت داوم!

**ژن:** هیچم هەبوو بیدەم بەتۆ؟

**نەناسراو:** تۆ؟... هەموو شتێک! بەڵام من ئەوسا دەستبەتاڵ نەبووم بۆ ئەوەی وەریان بگرم! هێندەش پاک نەبوون تا دەست بە دڵە بچکۆلەکەتدا بهێنم...

**ژن:** خۆشەویست... خەریکە ئاشت دەبینەوە...

**نەناسراو:** لەگەڵ ڕەگەزی پیاو و لەگەڵ ژندا و... لە ڕێی ژنەوە؟ ئا... خەریکە ئاشت دەبینەوە و خوا لە گوناهی تۆش، لەنێو ژناندا، خۆش بێت!

(لامپا و مۆمەکان دەکوژێنەوە، هۆڵەکە تاریک دەبێت، بەڵام ڕووناکییەکی کز لە لامپاکەی ژووری ئارایشتی ژنەکەوە دەبینرێت.)

**ژن:** بۆ وا تاریک بوو؟

**نەناسراو:** لە کوێیت خۆشەویست؟ دەستتم بدەرێ! دەترسم!

**ژن:** لێرەم، هاوڕێم!

**نەناسراو:** ئەو دەستە بچکۆلەیەی لە تاریکیدا بۆم درێژ کرا، ئەو دەستەی بەنێو درک و بەسەر بەرددا ڕێنوێنیی کردم! دەستە بچکۆلە و نەرمونیانەکە! دەستم بگرە بەرەو ڕووناکی، بەرەو ژوورە گەرم و ڕووناکەکەت، بەرەو ژوورەکەت کە وەک سەوزێکی کاڵە وەک ڕەنگی هیوا.

**ژن:** (دەستی دەگرێت بەرەو ژوورە سەوزە کاڵەکە دەڕۆن.) دەترسیت!

**نەناسراو:** تۆ کۆترێکی سپیت، کۆترێک کە هەڵۆیەکی ترساو پەنای بردووەتە بەر، کاتێک کە هەورەگرمەی ئاسمان هەورەکانی ژێرەوەی ڕەش کردوون، چونکە کۆترەکە دڵنیایە و هەورەکانی ئاسمانی تووڕە نەکردووە...

(لە دەرگەکە نزیک بوونەتەوە و پەردە دادەدرێتەوە.)

هەمان هۆڵ، ئەوی لەسەر مێزەکە بووە، لابراوە. ژن لەسەر مێزەکە دانیشتووە و هیچ ناکات، لە بێتاقەت دەچێت. لە دەستەڕاستی بەشی پێشەوەی شانۆدا، لە خوارەوەی، پەنجەرەیەک کراوەتەوە. بێدەنگی.

**نەناسراو:** (دێتە ژوورەوە، کاغەزێکی بەدەستەوەیە.) دە ئێستا گوێ بگرە!

**ژن:** هەروا زوو تەواو بوویت؟

**نەناسراو:** هەروا زوو؟ بەڕاستیتە؟ من حەوت ڕۆژ بەم شیعرە بچکۆلەیەوە خەریک بووم. (بێدەنگی.) ڕەنگە تاقەتت نەبێت گوێی لێ بگریت؟



**ژن:** (بەوشکییەکەوە.) نا... دڵنیا بە نا!

**نەناسراو:** (لەسەر مێزەکە دادەنیشێت و سەرنجی لێ دەدات.)

**ژن:** بۆ وا سەیرم دەکەیت؟

**نەناسراو:** دەمەوێت بیرەکانم ببینم؟

**ژن:** بەڵام خۆ گوێت لێیان بووە؟

**نەناسراو:** گوێلێبوون هیچ نییە: دەمەوێت بیانبینم!... چونکە ئەوەی دەوترێت لە هەموو شت بێ نرخترە... بیخوێنمەوە؟ نا... بۆم نییە! چونکە چیی تر هیچت لە من ناوێت.

**ژن:** (وەک ئەوەی بیەوێت قسە بکات.)

**نەناسراو:** دەموچاوت پێم دەڵێت: بەسە ئیتر، هێندەت هەڵلوشیوم وشک بوومەتەوە، هێندەت خواردووم پووچ بوومەتەوە، کوشتوومت، کەسایەتیمت، خۆمت، کوشتووە... منیش لە وەڵامدا دەڵێم: چۆن، خۆشەویست؟ چۆن؟ من تۆم کوشتووە؟ من کە دەمویست هەرچییەکی خۆم هەیە بەتۆی بدەم، من کە ڕێم پێ دایت لە بەنرخترینی ئەوانەی بە ژیانێکی دوور و درێژ و لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و هەوڵەکانی خۆمدا لەنێو بیاوان و دار و درەختی شیعر و هونەردا بەدەستم هێنابوون، بنۆشیت...

**ژن:** نکووڵی لەمە ناکەم، بەڵام ئەوە هیی خۆم نەبوو!

**نەناسراو:** خۆت؟ هیی خۆت چییە؟ هیی ئەوانی تر!

**ژن:** هیی تۆش؟ هیی ئەوانی تر بوو، نەک هیی خۆت!

**نەناسراو:** نا! ئەوەی من تاقیم کردووەتەوە و لە ژیاندا دیومە، هیی خۆمە و هیی هیچ کەسێکی تر نییە! هەرچییەکیش خوێندوومەتەوە، بووە بە هیی خۆم، لە کاتێکدا کە وەک

شووشەیەک شکاندوومە و جارێکی تر تواندوومەتەوە و شووشەی تر و شێوەی ترم لێ دروست کردووە.

**ژن:** بەڵام من قەت نابم بە هیی تۆ...

**نەناسراو:** من بووم بە هیی تۆ!

**ژن:** چیت لە من دەستکەوت؟

**نەناسراو:** تۆ ئەوە دەپرسیت؟

**ژن:** هەر هەمان شتە – ناتبینم بیری لێ بکەیتەوە! بەڵام هەست دەکەم کە هەستی پێ دەکەیت! بەهیوای ئەوەی لێت دوور بکەومەوە!

**نەناسراو:** دەبێت نەختێک لێتەوە دوور بم بۆ ئەوەی بتوانم بتبینم! ئێستا ڕێک ئەوەتای لە بەرچاوم و وێنەکەت ڕۆشن نییە!

**ژن:** چەند نزیکتر، هێندە دوورتر!

**نەناسراو:** تۆ ئەوەت وت!... بەڵام کە لە یەکتر دوور دەکەوینەوە، تاسە و ئارەزووی یەکتر دەکەین و کە یەکتریش دەبینینەوە، تاسە و ئارەزووی لە یەکتر دوورکەوتنەوە دەکەین.

**ژن:** ئەی لەو باوەڕەدایت یەکترمان خۆش بووێت؟

**نەناسراو:** ئا... بەڵام وەک خەڵکی ئاسایی نا، وەک خەڵکی نائاسایی. ئێمە دوو دڵۆپە ئاوین، کە لەوە دەترسین زۆر لە یەکتر نزیک ببینەوە و ئیتر وەک دوو دڵۆپ نەمێننەوە و ببن بەیەک.

**ژن:** ئەمجارەیان مەترسییەکانم دەناسی و دەمانویست خۆمانیان لێ لابدەین... بەڵام وا پێ دەچێت خۆلادان لە مەترسییەکان ئاسان نەبێت!

**نەناسراو:** یا ڕەنگە هەر هیچ مەترسییەک لە ئارادا نەبووبێت، بگرە کۆمەڵە پێویستییەکی ڕەق و تووش لە ئارادا بووبن کە وەک



یاسا لە شورای نەمرەکاندا نووسرابێت. (بێدەنگی.) خۆشەویستیت هەموو کات لە ڕق دەچوو. کاتێکیش بەختیارت دەکردم، ئەو بەختیارییەت پێ ڕەوا نەدەبینیم، کە پێت دابووم! بەڵام کە دەتبینم بەتەواوی دڵم ناخۆشە، خۆشت دەویستم!

**ژن:** دەتەوێت بەجێت بهێڵم؟

**نەناسراو:** ئەگەر وا بکەیت، دەمرم!

**ژن:** ئەگەر بشمێنمەوە، من دەمرم!

**نەناسراو:** دەبا بەیەکەوە بمرین و لە ژیانێکی باڵاتردا وەک دوو خۆشەویست بژین، خۆشەویستییەکی خۆمانە... کە وا پێ دەچێت خۆشەویستییەک بێت لەم دنیایەدا جێی نەبێتەوە، با لە جێیەکی تردا پێکەوە بژین، کە نە دوورکەوتنەوە و نە نزیکبوونەوەی تێدایە، لە جێیەکدا کە دوو یەکە و ژمارە و کات و شوێن، وەک ئەوانەی ئێرە نین!

**ژن:** دەمویست بمرم! بەڵام چیی تر نامەوێت... چونکە پێم وایە هەر ئێستا مردووم!

**نەناسراو:** هەوای ئێرە زۆر قورسە!

**ژن:** کەواتە کە وا دەڵێت، خۆشت ناوێم!

**نەناسراو:** ڕاستیت دەوێت کاتی وا هەن، کە تۆ نیت. بەڵام کاتی واش هەن، کە ڕق کتومت لە دووکەڵێکی خنکێنەر دەچێت.

**ژن:** منیش هەست دەکەم، کە لێم تووڕەیت وەک ئەوە وایە دڵم بیەوێت لە سنگمەوە بێتە دەرەوە.

**نەناسراو:** کەواتە ڕقمان لە یەکترە...

**ژن:** یەکتریشمان خۆش دەوێت...

**نەناسراو:** ڕقمان لە یەکترە، چونکە یەکترمان خۆش دەوێت، ڕقمان لە یەکترە، چونکە بێ یەکتری هەڵناکەین و ڕقمان لەو پەیوەندییە کە پێکەوەی بەستووین، ڕقمان لە خۆشەویستییە، ڕقمان لە خۆشترین شتە، کە تاڵترین شتیشە، چاکترین شتێک کە لەم ژیانە دەبێتەوە. گەیشتووینەتە کۆتایی!

**ژن:** وایە!

**نەناسراو:** چ گاڵتەپێکردنێکە کاتێک ژیان بەگاڵتە ناگریت و چ بەگاڵتە وەرگرتنێکیشە، کاتێک بە گاڵتەپێکردنەوە لە ژیان دەڕوانیت. تۆ دەبوو دەستە بچکۆلەکەت بدەیتە دەستم و بەرەو ڕووناکیم ببەیت، چارەنووسی نەرمونیانیشت چارەنووسی منیش نەرمونیان بکات، منیش دەبوو تۆ لەسەر دەستەکانم بەرزت بکەمەوە و لە قوم و زەلکاوان بتپارێزم... بەڵام تۆ تاسە و ئارەزووی خوارەوەت دەکرد و دەتویست باوەڕ بەمنیش بهێنیت کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان بەرزبوونەوە و دابەزیندا نییە و هەردووکیان هەر یەکن. هەر بۆیە لە خۆم دەپرسم، ئاخۆ ڕێی تێ دەچێت، کاتێک منت لە خراپەکارییەکانم ڕزگار کرد، خراپەکارییەکان بووبن بە هیی تۆ و چاکەکارییەکانی تۆش لە تۆوە هاتبێتن بۆ من؟ ئەگەر جارێک لە جارێک خراپەیەکم لەگەڵدا کردبیت، داوای لێبووردنت لێ دەکەم و دەستە بچکۆلەکەت ماچ دەکەم، ئەو دەستە بچکۆلەیەی کە هەم دەیلاواندمەوە و هەم دەیڕوشاندم... ئەو دەستە بچکۆلەیەی لە تاریکییەوە... بەرەو ئەو گەشتە دوور و درێژەی لە ڕێماندا بوو بەرەو دیمەشق ڕێنوێنیی کردم...



**ژن:** ئەمە بۆ لێکدابڕانە؟ (بێدەنگی.) بۆ لێکدابڕانە؟ (بێدەنگی.)
(بەڕێی خۆیدا دەڕوات.)

**نەناسراو:** (لەسەر کورسییەکی لای مێزەکە دەتلیسێتەوە.)

**فریودەر:** (سەر لە پەنجەرەکەوە دەردەهێنێت و بەدەم جگەرەکێشانەوە ئانیشک دەخاتە سەر قەراغەکەی.)
سیێست لامور! نهێنیترینی گشت نهێنییەکان، بێوەیترینی گشت بێوەییەکان و نادڵنیاترین شتی گشت نادڵنیاییەکان.

**نەناسراو:** دیسان تۆیت؟

**فریودەر:** قڕەقڕ و دەمەدەم لە هەر کوێیەک بن، هەمیشە، لەوێم و لە پێوەندیی خۆشەویستیشدا بەردەوام قڕەقڕ و دەمەدەم ئامادەن!

**نەناسراو:** هەموو کات!

**فریودەر:** هەموو کات! دوێنێ لە بیرەوەریی بیست و پێنج ساڵەی زەماوەندێکدا بووم! بیست و پێنج ساڵ هەر بەدەم خۆشە و... بەدرێژاییی ئەو ماوەیەش قڕەقڕ و بەیەکداهەڵشاخان لە ئارادا بووە... ئەو پێوەندیی خۆشەویستییەش کە لە نێوانیاندا هەبووە، لێوانلێو لە قڕەقڕ و دەمەدەم بەهەموو جۆرەکانیەوە، هەم بچووک و هەم گەورە! بەڵام هێشتا هەر یەکتریان خۆش دەویست، پڕ بەڵ سوپاس و ستایشی یەکتریان دەکرد بۆ هەرچییەکی باش لە نێوانیاندا ڕووی دابوو و ئەوەی خراپیش بوو بەیەکجارەکی بۆ هەتاهەتایە لە بیریان کردبوو چونکە یەک چرکەی بەختەوەری جێی دە ڕۆژی نێو دۆزەخێکی ئاساییی پڕ لە یەکتری درزیئاژن کردن و بەقامچی بەربوونە یەکتر دەگرێتەوە. ئیتر وایە... ئەوەی نایەوێت خراپە لە خۆی بگرێت،

چاکەشی بۆ نابێت! توێکڵ زۆر تاڵ و دەنکیش تا بڵێیت شیرین!

**نەناسراو:** ئەگەرچی زۆر بچووکیشە!

**فریودەر:** ماین لییبهر فرێوند! بچووکە، بەڵام خۆشە!... بەڵام پێم بڵێ، (مادۆنا)کەت بۆ ڕۆیشت؟... لەبەرئەوەی نازانیت، وەڵامیشت نییە. ئێستا با بڕۆین و ئوتێلەکە بەکرێ بگرینەوە!... ئەوە تابلۆی ڕاگەیاندنەکانیشە! با ئەمەی پێدا هەڵبواسین: "بۆ کرێ!". یەکێک دێت و یەکێک دەڕوات! سیێست لاڤی؟ ژوورێک بۆ گەشتیارێک!

**نەناسراو:** قەت ژنت هێناوە؟

**فریودەر:** بێگومان!

**نەناسراو:** ئەی بۆ لێی جیا بوویتەوە؟

**فریودەر:** بەشێوەیەکی سەرەکی... ڕەنگە ئەمە شتێکی سەیر بێت بۆ من... بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی کە... تۆ خۆشت دەزانیت... پیاو ژن دەهێنێت بۆ ئەوەی ماڵێکی هەبێت و ڕووی تێ بکات، لە ماڵێکدا بێت و ژنیش بۆ ئەوەی لەو ماڵە بێتە دەرەوە. ئەو دەیویست لە ماڵ بێتە دەرەوە و منیش دەمویست ماڵێکم هەبێت تا تێیدا بژیم! من وا خولقابووم کە نەمدەویست لەگەڵ ئەو کەسانەدا بم کە ئەو حەزی دەکرد لەگەڵیان بێت، چونکە پێم وابوو کە ئەو بەسەیرکردنی پیاوان پیس دەبێت. هەندێک جاریش ژنە گەورەوگران و جوانەکەم لە بەرچاوی ئەوانی تردا دەبوو بە مەیموونە سەماکەرەیەک و منیش بەرگەم نەدەگرت و نەمدەتوانی ئەوە ببینم! ئیتر لە ماڵەوە دەمامەوە!



ئەویش لە دەرەوە! کە دواتریش بینیمەوە، ئەو بووبوو بەکەسێکی تر! ئەو... کە کاغەزێکی سپی و بێگەرد بوو، سەرلەبەر ڕەش کرابووەوە، دەموچاوە پاک و جوانەکەشی پڕ بووبوو لە نیگای پڕ لە گاڵەپێکردنی پیاوانێکی نامۆ و کەسنەدیو، دەشمتوانی بەئاسانی وێنەی بچووککراوەی پاسەوانان و ئەوانەی شەڕ لەگەڵ گادا دەکەن لە چاوەکانیدا ببینم، دەمتوانی دەنگی غەوارەی پیاوە نامۆکان لە دەنگیدا ببیستم، لەوێش کە ئاوازە هەرە ناوازە و گەورەکانی تێدا لێ دەدران، بووبوو بەجێی لێدانی ئاوازی پیاوانێکی کەسنەدیدە و شوێنەون و لەسەر مێزەکەشمان هیچ شتێکی تر نەمابوو، لەو کتێبانە زیاتر کە لای ئەو جۆرە پیاوانەوە دەخوێنرانەوە. بەکورتییەکەی، هەموو بوون و ژیانی من، ڕوو لە سووکایەتی بوون بەرەو جێیەک کە تەنیا کەسانێکی نامۆی تێدا هەبوو کە لە ڕووی ڕۆحییەوە بووبوون بە ئاشقە و ماشقەی ژنەکەم... ئەمەش لەگەڵ سروشتی مندا نەدەهاتەوە کە هەردەم ژن جێی سەرەکیی تێیدا هەبووە و مایەی خۆشترین تاسە و ئارەزوو بووە بۆ من... ئیتر ئاخۆ پێویست دەکات ئەوەش بڵێم کە بەدەنگەوەهاتن و بەرەوپیرچوونی ئەو جۆرە پیاوە نامۆیانە، هەموو کات مایەی قێزەونی و پشتێکردنی من بووە! ئەویش بۆ خۆی بووبوو بەشاژنی بلیمەتیی ئەو شتانەی کە من قێزم لێیان دەبووەوە! ئەمەشی ناو لێ نابوو "پاراستنی کەسایەتیی خۆی!" دەتوانیت لەمە تێ بگەیت؟

**نەناسراو:** لێی تێ دەگەم، بەڵام بەدوای لێکدانەوەیدا ناگەڕێم!

**فریودەر:** بەڵام هێشتاش ئەو ژنە پێی وابوو کە خۆشی دەویستم. هەروەها منیش، منیش بەجۆرێک خۆشم دەویست کە نەمدەویست لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا قسە بکەم، چونکە پێم وا بوو، ناپاکییەک بەرانبەر بەو دەکەم، ئەگەر خۆشی لە شتێکی تردا، تەنانەت لە هەڵسوکەوتکردنیش لەگەڵ پیاواندا، ببینم. من ژنم هێنابوو تا لەگەڵ ژنێکدا بم و هەر بۆ ئەوەیش لەگەڵ ژنێکیشدا بم، دەستم لە هەموو هاوڕێکانی خۆم بەردا و لێیان دوور کەوتمەوە... من بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا بم، ژنم هێنابوو، بەڵام بە تەنیاییەک گەیشتم کە ئەوسەری لە هیچ کوێوە دیار نەبوو! لە ماڵ و نێوماڵیشدا دەستم لە هیچ نەدەگرتەوە، بۆ ئەوەی ژنێک بۆ پیاوانێکی نامۆ پەیدا بکەم تا لەگەڵیاندا بێت! سیێست لامور، ماین لیێبر فرێوند!

**نەناسراو:** پیاو نابێت قەت باسی ژنی خۆی بکات!

**فریودەر:** نا... چونکە ئەگەر بەباشە باسی بکەیت، خەڵک پێت پێ دەکەنن و ئەگەر بەخراپەش باسی بکەیت، دڵ و سەرنجی هەموو خەڵک دەبن بەهاوسۆز و هاوهەستی ئەو و دڵیان پێی دەسووتێت و ئەگەر سەبارەت بەباری یەکەمیش بپرسیت بۆ پێ دەکەنن، هیچت بۆ دەرناکەوێت و هیچ بەهیچ ناکەیت...

**نەناسراو:** ڕاستە... قەت بۆت دەرناکەوێت کێت مارە کردووە، قەت سەری لێ دەرناکەیت وەک ئەوەی ئەو کەسێک نەبێت! پێم بڵێ: "ژن چییە؟"

**فریودەر:** نازانم! ڕەنگە کرمێک، قۆزاخەیەک، بێت کە جارێک لە جاران لە ژینەخەونی ئەوەوە پیاوێک پەیدا ببێت. ژن لە منداڵێک



دەچێت، بەڵام منداڵ نییە، جۆرێکە لە منداڵ، بەڵام هێشتا لە منداڵ ناچێت. بەرەو خوارەوە ڕات دەکێشێت، کاتێک دەتەوێت بەرز ببیتەوە! بەرەو سەرەوەش کاتێک کە دەیەوێت بەرەو خوارەوە دابشکێت!

**نەناسراو:** هەردەم دەیەوێت قسەی لەگەڵ قسەی پیاوەکەیدا یەک نەبێت و لەگەڵ ئەو کەسانەدا هاوسۆز و هاوهەست بێت کە لەگەڵ پیاوەکەیدا هیچ هاوهەستی و هاوسۆزییەکیان نییە، ناسکترین ڕووکەش بەسەر نێوەخنێکی ڕەقوتەقەوە، چاکی و نەرمونیانی بەسەر دڵڕەقی و خراپییەوە! بەڵام دیسانیش... هەر کاتێک کەسێکم خۆش ویستبێت، هەموو کات چاکتر و جوانتر بووم و...

**فریودەر:** تۆ ئا! ئەی ئەو؟

**نەناسراو:** ئەو؟ ئەو بەردەوام لە سەروبەندی پێگەیشتنی خۆشەویستییەکەماندا بەرەودوا پێگەیشتووە و تووشتر و خراپتر بووە!

**فریودەر:** دەتوانیت ئەمە ڕوون بکەیتەوە؟

**نەناسراو:** نا... بەڵام جارێک لە جاران کە بەدوای وەڵامی مەتەڵەکاندا دەگەڕام و خۆمم بەناڕاست دەزانی، پێم وابوو کە ئەو هەرچی خراپییەک لە مندا هەبوو هەڵی مژی و منیش هەرچی چاکییەک!

**فریودەر:** پێت وایە کە بەجۆرێکی تایبەت ساختەیە؟

**نەناسراو:** ئا و نەء... کە ئەو هەوڵ دەدات لاوازییەکانی خۆی بشارێتەوە، بەتەنیا هەر بۆ ئەوەیە وا پێشان بدات کە شەرمنە

و خواست و ئاواتەکانی بەرز و باڵان: تەنیا قەحبە ڕاستگۆیە و هەر لەبەر ئەوەشە کە باوەڕی بەوە هەیە تەنیا خۆپەرستییە وا لە مرۆڤ دەکات کاری چاکەی لە دەست ببێتەوە و سووک سەیری دڵسۆزیی خەڵک دەکات.

**فریودەر:** دەی شتی زۆرتر لەسەر چاکیی ژن!

**نەناسراو:** جارێکیان هاوڕێیەکی ژنم هەبوو. هەر زوو هەستی پێ کرد کە کاتێک دەمخواردەوە، لە کاتی ئاسایی ناشیرینتر دەبووم... لەبەر ئەوە داوای لێ کردم و پێی داگرت کە ئیتر نەخۆمەوە!... ئێوارەیەکم لە بیرە... پێشتر چەند سەعاتێک لە قاوەخانەیەک خەریکی قسە و باسی خۆمان بووبووین. کە لە سەعات دە نزیک بووەوە، داوای لێ کردم بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە و چیی تر نەخۆمەوە. دوای ئەوەی شەوباشمان لە یەکتر کرد، لە یەکتر جیا بووینەوە. چەند ڕۆژێک دواتر پێم زانی کە ئەو ئێوارەیە دوای ئەوەی لە من جیا بووەتەوە چووە بۆ ئاهەنگێک و تا بەیانی خواردوویەتییەوە. وتم: "بۆ نا!"، چونکە ئەوسا بەدوای چاکییەکانی ژندا دەگەڕام... "ئەو چاکەی منی ویست، بەڵام خۆی ناچار بوو لەبەر خاتری بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی تا ئەو ڕادەیە خۆی سووک بکات و دابەزێت."

**فریودەر:** بیرکردنەوەیەکی جوانە و پاراستنیشی پێویست! ئەو دەیویست تۆ لەو باشتر بیت، باڵاتر و پاکتر، تا بتوانیت سەیرت بکات! بەڵام تۆ ناتوانیت لێکدانەوەیەکی یەکسان و جوان بۆ ئەمە بدۆزیتەوە؟ ژن هەموو کات خراپ و لە پیاوەکەی ناڕازییە و پیاویش هەموو کات باش و بەئەمەک و پێزان



بەرانبەر بەو، ئەو هەرچییەک لە توانایدا بێت دەیکات، بۆ ئەوەی بۆ ژنی ئاسانتر بکات و ژنیش هەموو شتێک دەکات، تا ئێش و ئازاری ئەو زیاتر بێت.

**نەناسراو:** ئەمە ڕاست نییە! جارنا، بێگومان، وا دێتە پێش چاو... جارێکیان هاوڕێیەکی ژنم هەبوو، کە دەیویست هەرچی هەڵەوپەڵەیەک خۆی هەیبوو، بیسەپێنێت بەسەر مندا. بۆ نموونە تا بڵێیت خۆی خۆش دەویست و هەر لەبەر ئەوەش منی بەخۆپەرستترین پیاو ناو دەبرد، پیاوێک کە هەر بەتەنیا خۆی خۆش دەوێت و بەس. ئەو خۆی دەیخواردەوە و منیشی ناو نابوو مەیخۆر، خۆی بەدەگمەن کراسی دەگۆڕی و بەمنی دەوت پیس. دڵی، تەنانەت لە هاوڕێ پیاوەکانم، پیس بوو، کەچی منی ناو نابوو ئۆتێلۆ. خۆی کوشتەی دەسەڵات بوو، کەچی بەمنی دەوت نێرۆ. خۆی دەستقوچاو بوو، کەچی منی ناو نابوو ئارپاگۆن.

**فریودەر:** ئەی بۆ ئەوسا جوابت نەدایەوە؟

**نەناسراو:** خۆت چاک دەزانیت بۆ!... هەر ئەوەندە باسی ئەوەم بۆ بکردایە کە ئەو خۆی چۆنە، نانی خۆمم دەبڕی و... منیش ئەوەم نەدەویست...

**فریودەر:** ئا توت پریکس!... خۆیەتی... ئەوەیە سەرچاوەی خۆسووککردن! خۆت بەوە ڕاهێنا بێدەنگ بیت و ئاکام کەوتیتە ناو تەونێک لە درۆ و چاوڕاوەوە...

**نەناسراو:** بوەستە نەختێک!... پێت وا نییە کە ژن و مێردان دەتوانن هێندە کەسایەتیی خۆیان تێکەڵ بەیەکتر بکەن کە نەتوانرێت

ئەوەی هیی ئەمیان و ئەوەی هیی ئەویانە لە یەکتر جیا بکرێنەوە، کە نەتوانرێت کەسی خۆشیان لە یەکتر جیا بکرێنەوە و نەتوانرێت هەڵەی ئەمیان لە هیی ئەویان جیا بکرێنەوە. ئەو هاورێ ژنە دڵپیسەم، کە منی ناو نابوو ئۆتێلۆ، منی لەگەڵ خۆی تێکەڵ کردبوو، خۆی بەمن پێناسە دەکرد...

**فریودەر:** دەشێت وا بێت!

**نەناسراو:** ئەوەتا... زۆرجاران، ئەگەر پێ لەسەر ئەوە دانەگریت: "هەڵە، هەڵەی کێیە؟"، زۆرترینی لێکدانەوەکان بەدەست دەهێنیت... کەواتە کاتێک ژن و مێردان لەگەڵ یەکتردا ناتەبا دەبن، وڵاتیش بە قوڕ دەگیرێت و لەتوپەت و ئەمەش گەورەترین ناهاوئاهەنگییەکە کە هەبێت.

**فریودەر:** جاری وا هەیە دێمە سەر ئەو باوەڕەی ژنێک ناتوانێت پیاوێکی خۆش بووێت!

**نەناسراو:** لەوانەیە! چونکە "خۆشم دەوێت!" کارێکی کارا و "ژن"یش ناوێکی ناکارایە. پیاو خۆشی دەوێت و ژن خۆش دەویسترێت، پیاو دەپرسێت و ژنیش تەنیا وەڵام دەداتەوە!

**فریودەر:** ئەی کەواتە خۆشەویستیی ژن چییە؟

**نەناسراو:** خۆشەویستیی پیاوە!...

**فریودەر:** ئافەرین! لەبەر ئەوەش، کاتێک پیاو دەست لە خۆشەویستیی ژن هەڵدەگرێت، ژن لێی دەبێتەوە!

**نەناسراو:** ئەی دوایی...

**فریودەر:** وس!... ئەوە کەسێکە بەرەو ئێرەوە دێت، ڕەنگە بیەوێت خانووەکە بەکرێ بگرێت!



**نەناسراو:** پیاوە یا ژن؟

**فریودەر:** ژنێک و... پیاوێک!... بەڵام... پیاوەکە لە دەرەوە وەستاوە و... ئاوڕ دەداتەوە و بەرەو دارستانەکە دەڕوات... شتێکی سەیرە!

**نەناسراو:** کێیە؟

**فریودەر:** خۆت سەیر بکە!

**نەناسراو:** (لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکات.) ئەوە ئەوە!... ژنی یەکەممە، یەکەم خۆشەویستیمە و...

**فریودەر:** کە وا پێ دەچێت پیاوی دووەمی بە جێ هێشتبێت و... لەگەڵ پیاوی سێیەمیدا هاتبێت بۆ ئێرە، کە بەهەندێ جووڵەی لەشیدا لەوە دەچێت بیەویت خۆی لە باوبۆرانێک بدزێتەوە... دەی... دەی... بەڵام ژنەکە لەوە ناچێت هەستی بەمەبەستە پڕ لە ڕق و کینەکەی ئەو کردبێت... سەیرە، شتێکی گرینگە و... دەڕۆم و گوێ دەگرم تا بزانم...

(دەڕوات و دیار نامێنێت.)

**خانم:** (لە دەرگەکە دەدات.)

**نەناسراو:** وەرە ژوورەوە!

**خانم:** (دەچێتە ژوورەوە.)

(بێدەنگی.)

**خانم:** (بە تووڕەییەکەوە.) هاتووم بۆ ئەوەی خانووەکە بەکرێ بگرم...

**نەناسراو:** فەرموو!

**خانم:** (دوودڵە.) ئەگەر بمزانیایە لە کێی بەکرێ دەگرم، ئەمە ڕووی نەدەدا!

**نەناسراو:** جا چ فەرقێکی هەیە!

**خانم:** دەتوانم نەختێک دابنیشم؟ ماندووم!

**نەناسراو:** بەخۆشحاڵییەوە!

(هەریەکە و لە سەرێکی مێزەکەوە دادەنیشێت، لەو جێیانەدا کە پێشتر نەناسراو و ژنەکە، لە دیمەنی پێشوودا، دانیشتبوون.)

**نەناسراو:** دەمێکە ئاوها پێکەوە دانەنیشتووین!

**خانم:** بە گوڵ و مۆمەوە لەسەر مێزەکە... ئێوارەیەک...

**نەناسراو:** کە من وەک زاوا خۆم گۆڕیبوو و تۆش وەک بووک...

**خانم:** گڕی مۆمەکان وەک لە نوێژکردندا بن ئارام بوون و گوڵەکانیش بیریان دەکردەوە...

**نەناسراو:** مێردەکەت لە دەرەوەیە؟

**خانم:** نەء!

**نەناسراو:** کەواتە هێشتا بەدوایدا دەگەڕێیت... بەدوای ئەوەدا کە نییە؟

**خانم:** نییە؟

**نەناسراو:** نا... نییە! بەردەوام هەر هەمان شتیشم پێ دەوتیت! بەڵام تۆ باوەڕت نەدەکرد و دەتویست خۆت تاقی بکەیتەوە!... ئەی ئێستا چی! تاقیت کردووەتەوە یا نا؟

**خانم:** نا هێشتا!

**نەناسراو:** بۆ مێردەکەتت بەجێ هێشت؟ (بێدەنگی.) لێی دەدایت؟

**خانم:** ئا!

**نەناسراو:** چۆن دەیتوانی بەو جۆرە خۆی لە بیر بکات؟

**خانم:** تووڕە بوو!



**نەناسراو:** بۆ تووڕە بوو؟

**خانم:** بۆ هیچ.

**نەناسراو:** چۆن بۆ هیچ؟

**خانم:** (هەڵدەستێت.) نەخێر... زۆر سوپاس! چیی تر تاقەتی نەفرەت و قسەی ڕەقی تۆم نەماوە! کوا ژنەکەت؟

**نەناسراو:** پێش نەختێک ڕۆیشت!

**خانم:** بۆ؟

**نەناسراو:** ئەی تۆ بۆ بەجێت هێشتم؟

**خانم:** چونکە هەستم دەکرد چۆن لە من دوور دەکەوتیتەوە و بۆ ئەوەش بەجێ نەهێڵرێم، خۆم ڕۆیشتم!

**نەناسراو:** لەوانەیە وا بووبێت! بەڵام چۆن دەتزانی وا بیر دەکەمەوە؟

**خانم:** (دادەنیشتێتەوە.) چۆن؟ ئێمە پێویستمان بەوە نەبوو قسە بکەین، تا بیرەکانم بۆ یەکتر ئاشکرا بکەین.

**نەناسراو:** بەڵام ئێمە کاتێک پێکەوە دەژیاین هەڵەیەکمان کرد، یەکترمان بە بیرە خراپەکانمان تاوانبار دەکرد، کە هەر بەتەنیا بیرکردنەوە بوون و هیچی تر و هیچ کاریگەرییەکیان بە کردەوە لەسەر ژیانمان نەبوو، لە بریی ئەوەش ژیانێکی واقیعییانە بژین، ژیانێک دەژیاین لێوانلێو لە خۆنائاگایی... بۆ نموونە من جارێک لە جاران بینیم دڵت بەسەیرکردنی پیسیی پیاوێکی نامۆ دەکرێتەوە، بەناپاکی تاوانبارم کردیت.

**خانم:** لەوەدا تۆ هەڵە، بەڵام لەسەر هەق، بوویت! چونکە بیرەکانم گوناهبار بوون.

**نەناسراو:** پێت وایە ئەو خووەی من کە "هاوسۆز و هاوهەستی تۆ

نەبووم!" ڕێی لە تەقینەوەی خواستە بەدەکانی تۆ گرتبێت، ڕێی گرتبێت لەوەی بڕن بە کردەوە؟

**خانم**: با بیری لێ بکەمەوە!... ئا... وا بوو... بەڵام لە ڕقی ئەوە بوو کە سیخوڕێک هەموو کات، کە سیخوڕی خۆم بوو، سیخوڕیت بەسەرەوە بکات نەک لە...

**نەناسراو:** سیخوڕی خۆت نەبوو، سیخوڕی ئێمە بوو... هیی هەردووکمان...

**خانم**: بەڵام من پێم وابوو هیی خۆمە، پێم وا بوو کە تۆ هیچ مافێکت نییە دەستی تێ بخەیت و کاتێکیش ئەوەت کرد، ڕقم لێت هەڵگرت و بۆ ئەوەش لەسەر خۆم بەدەنگ بێم و لەسەر خۆم بکەمەوە بەگومانلێکردن تاوانبارم کردیت!... من ئێستا دەتوانم دان بەوەدا بنێم کە... گومانەکانت لە جێی خۆیاندا بوون و... بەرەنجامی بیرتیژیت بوون!

**نەناسراو:** ئۆو!... دەزانیت کە شەوانە شەوباشمان لە یەکتر دەکرد و وەک دوو هاوڕێ دەچووین دەخەوتین، جار ناجارێک لە خەو هەڵدەستام و هەستم دەکرد چۆن ڕق و کینەت وەک ژەهر بەسەرمدا دەپرژاند، بەجۆرێک کە ناچار بووم، لە ترسی ئەوەی نەبا بخنکێم، جێگەی نووستنەکەم بەجێ بهێڵم... شەوێک بەدەم ئەوەوە کە شتێکی قورس خراوەتە سەر تەپڵی سەرم خەبەرم بووە و... کە سەیریشم کرد تۆ بە خەبەریت و دەستت لە دەمم نزیک کردبووەوە... پێم وابوو شووشەیەک ژەهرت لە بەردەمدا ڕاگرتووە بۆ ئەوەی هەڵی بمژم و بۆ ئەوەی بەتەواوی دڵنیا بم... دەستم گرتیت و...



**نەناسراو:** لە بیرمە!...

**خانم**: ئەی چیت کرد؟

**خانم**: هیچ! هەر ڕقم لێت بوو!

**نەناسراو:** بۆ ڕقت لێم بوو؟

**خانم**: چونکە مێردم بوویت! چونکە نانی تۆم دەخوارد!

**نەناسراو:** پێت وایە هەردەم هەر وا بێت؟

**خانم**: نازانم، بەڵام هەست دەکەم!

**نەناسراو:** بەڵام هەندێک جاریش ڕقت لێم بوو، بەسووکی سەیرت دەکردم!

**خانم**: ئا... کە خۆت سووک دەکرد! پیاوی عاشقیش بەردەوام خۆی سووک دەکات!... دەزانیت لەخۆبایی چییە؟... پیاوی عاشق... ڕێک وەک کەڵەشێرێک!

**نەناسراو:** ئەگەر هەر پیاوێکی عاشق لە بەرچاوی ئێوە سووک بێت، چۆن دەتوانن خۆشتان بووێتەوە؟

**خانم**: خۆشمان ناوێت!... ماوەیەک بەرگەی دەگرین و... دوایی بەدوایی یەکێکی تردا، کە خۆشی ناوێین، دەگەڕێین!

**نەناسراو:** بەڵام کە ئەویش گەیشت بەوەی خۆشی بووێن، بەدوای سێیەمدا دەگەڕێن؟

**خانم**: ڕەنگە وابێت!

**نەناسراو:** زۆر سەیرە! (بێدەنگی.) لە بیرمە تۆ هەموو کات خەونت بەکەسێکەوە دەبینی و ناوت لێ نابوو (تۆریادۆر) و منیش بە "قەسابی ئەسپ!" تەرجەمەم کردبوو! لە ئاکامیشدا تۆ بە(تۆریادۆر)ەکەی خۆت گەیشتیت، ئەویش لە لێدان زیاتر

هیچی تری نەدایتێ، نە منداڵ و نە نان و نە هیچ! (تۆریادۆر) هەردەم شەڕ دەکات! (بێدەنگی.) جارێک لە جاران خۆم فریو دا و کێبەرکێی (تۆریادۆر)م کرد! دەستم کرد بە پایسکیل لێ خوڕین، وەرزشکردن، شمشێربازی و شتی تر. بەڵام تۆ ئەوساش قێزت لێم دەبووە! کەواتە: مێرد بۆی نییە ئەوە بکات کە دۆست دەیکات!... پاشان خەونت بەکوڕانەوە بینی!... یەکێکیان لەسەر فەرشە برۆکسلییەکە دادەنیشت و بەیتە شیعری هیچوپووچی بۆت دەخوێندەوە و... بەیتەکانی من بەکەڵکت نەدەهاتن!... ئەو کوڕەشت دەستکەوت؟

**خانم**: ئا... بەڵام شیعرەکانی خراپ نین!

**نەناسراو:** با خراپن... هاوڕێم... خراپن! چونکە دەیناسم و ئەو کێشی منی وەرگرتووە و بەرانبەری بۆ داناون.

**خانم**: (هەڵدەستێت و بەرەو دەرگەکە دەڕوات.) داناوەشێیت!

**فریودەر:** (لە دەرگەکەوە دێتە ژوورەوە و نامەیەکی پێیە.) نامەیەک! بۆ خانم...

(نامەکە دەداتە دەستی.)

**خانم**: (نامەکە دەخوێنێتەوە و لەسەر کورسییەک دەتلێسێتەوە.)

**فریودەر:** نامەیەکی بچکۆلانەی ماڵئاواییە!... ئیتر وایە... پێوەندیی خۆشەویستییە و لە سەرەتادا بۆ هەر هەموومان قورسە!... ئەوەش کە سەبری نییە و قورسییەکانی سەرەتا نابەزێنێت... دەستی لە میوە زێڕینەکان گیر نابێت! کوڕانیش هەردەم بێ سەبرن!... کوڕی گەنج نەناسراو و کەسنەدیدە! ئێستا هیچی ترت دەوێت؟



**نەناسراو:** (هەڵدەستێت، شەپقەکەی هەڵدەگرێت.) (ئەننا)ی بەستەزمان!

**خانم**: بەجێم مەهێڵە!

**نەناسراو:** ناچارم!

**خانم**: مەڕۆ! تۆ لە هەموویان باشتر بوویت!

**فریودەر:** ڕەنگە ئێوەش بتانەوێت لە سەرەتاوە دەست پێ بکەنەوە؟ لەوانەیە ئەوە دڵنیاترین ڕێ بێت بۆ کۆتاییهێنان بە پێوەندیی نێوانتان، چونکە هەر ئەوەندە یەکتریان دۆزییەوە، یەکتر ون دەکەن!... خۆشەویستی چییە؟ هەریەکەتان، پێش ئەوەی لە یەکتر جیا ببینەوە، بەخێرایی شتێک سەبارەت بەخۆشەویستی بڵێن!

**خانم**: نازانم چییە. ئەو شتەی کە لە هەموو شت باڵاتر و جوانترە و دەبێت بەنزمترین و ناشیرینترین!

**نەناسراو:** کاریکاتێرێکی خۆشەویستیی یەزدانییە.

**فریودەر:** ڕووەکێکی یەک ساڵە، کاتی مارەبڕین گوڵ دەکات و لە هاوسەریدا تۆو فڕێ دەدات و دوایی مل بەرەو خاک لار دەکاتەوە، سیس دەبێت و دەمرێت!

**خانم**: جوانترین گوڵەکان تۆویش ناکەن! گوڵەباخیش گوڵی خۆشەویستییە!

**نەناسراو:** گوڵەزەنبەقیش گوڵی بێ گوناهی! تۆویش دەکات، بەڵام بێجگە لە ماچ... گوڵەکەی خۆی بۆ هیچ شتێکی تر ناکاتەوە!

**فریودەر:** بەڵکو بەخونچەکانی خۆی دەپیتێت و هەر لەوانیشەوە گوڵەزەنبەقی نوێ سەر دەردەکەن، وەک چۆن (مینێرڤا)ی

داوێنپاک لەسەری (زیوس)ەوە، نەک لە وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتییەوە، هاتە دەرەوە!... بەڵێ... منداڵان.. لە زۆر شت تێ گەیشتووم، بەڵام ئەمەیان نا: خۆشەویستەکەی ڕۆحی من چی داوە لە... (دوودڵە.)

**نەناسراو:** بیڵێ!

**فریودەر:** ... چی داوە لە خۆشەویستیی بەهێز، کە زەماوەندی گشت ڕۆحەکانە و لەگەڵ پیتاندن و زاوزێدا خەریکە!

**نەناسراو و خانم پێکەوە:** ئەوەی ویستی بیڵێت، وتی!

**فریودەر:** قەت لەوە تێ نەگەیشتووم کە چۆن ماچێک، کە وشەیەکی لەدایکنەبووە، وتەیەکی بێدەنگ، زمانی بێدەنگی ڕۆحەکانە، دەتوانرێت لە کردەیەکی پیرۆزدا بە... نەشتەرکارییەک... بگۆڕدرێتەوە! نەشتەرکارییەک، کە بەردەوام بە گریان و چۆقەچۆقی دان کۆتاییی پێ دێت. قەت لەوە تێ نەگەیشتووم کە چۆن ئەو شەوە پیرۆزە؛ یەکەمین شەو، کە دوو ڕۆح لە خۆشەویستیدا یەکتر ماچ دەکەن، چۆن بەخوێنڕژان، بە دەمەدەمێ، ڕق و ڕق لە یەکتر بوونەوە و... بەسووک سەیرکردنی یەکتر کۆتاییی دێت. (دەست بەدەمیەوە دەگرێت.)

**نەناسراو:** گریمان چیرۆکی گوناهـ ڕاستە؟ دەبێت بەدەم ژانەوە منداڵت ببێت...

**فریودەر:** ئەوسا ڕەنگە لەوە تێ بگەین کە...

**خانم:** ئەوە کێیە ئەو قسانە دەکات؟

**فریودەر:** گەڕۆکێکی ئاساییی سەر ڕێی ژیان، ئەو ڕێیەی لە لمی فشەڵە!



**خانم:** (هەڵدەستێت.)

**فریودەر:** کەواتە ئامادەیت بڕۆیت!... کێ لە پێشدا دەڕوات؟

**نەناسراو:** من!

**فریودەر:** بۆ کوێ؟

**نەناسراو:** بەرەو سەرەوە! ئەی تۆ؟

**فریودەر:** من لێرە، لە خوارەوە، دەمێنمەوە، لەگەڵ...

(پەردە دادەدرێتەوە.)

هۆڵێکی گەورەی نێو دێرەکە کە لەسەر شێوەی (گۆتی) دروست کراوە. لە بەشی پشتەوە ڕێزە پایەیەک کە سەرەوەیان لە شێوەی نیوە تاقدا پێکەوە بەستراون دەبینرێت کە بەسەر باخچەی دێرەکەدا دەڕوانێت. لە نێوەڕاستی باخچەکەدا فوارەیەک کە پەیکەرێکی مارییای پاکیزە بەسەرەوەیە و بەگوڵی سپیی لاسکدرێژ دەور دراوە دەبینرێت.

دیوارەکانی هۆڵەکە بەکورسیی داربەڕوو، کە لە شێوەی خاچدا دروست کراون و بەدیوارەکانەوە توند کراون، تەنراون. جێگەی سەرۆک دێری خاچپەرستان لە نێوەڕاستی بەشی دەستەڕاستی هۆڵەکەدایە و نەختێک لە شتەکانی تری نێو هۆڵەکە بەرزتر هەڵکەوتووە. لە نێوەڕاستی هۆڵەکەدا خاچێکی زۆر گەورە دانراوە. تیشکی هەتاو لەسەر پەیکەری مارییای پاکیزەیە لە باخچەکەدا.

**نەناسراو:** (لە پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە، جلێکی ئاودامانی ڕەش و زبری لە بەردایە، لەوانەی کەشیشی خاچپەرستان لە بەری دەکەن و بەپەتێک لە کەمەری توند کردووە و سۆڵی لە

پێدایە. لەنێو دەرگەکەدا دەوەستێت و لە هۆڵەکە دەڕوانێت، پاشان بەرەو خاچەکە دەڕوات و لە بەردەمیدا دەوەستێت. دوا بڕگەی سروودێکی ئاینیی خاچپەرستان، لەوسەری باخچەکەوە، دەبیسترێت.)

**کۆنفێسۆر:** (لە پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە، جلوبەرگی ڕەش و سپیی پۆشیوە، قژی درێژە و ڕیشنە و بەدەنگێکی نزم کە بەئاستەم دەبیسترێت.) سڵاو!

**نەناسراو:** سڵاو لە خۆشت!

**کۆنفێسۆر:** ئەم خانووە سپییە چۆن دەبینیت؟

**نەناسراو:** هێشتا هەر ڕەش دەبینم...

**کۆنفێسۆر:** تۆ هێشتا هەر ڕەشیت، بەڵام هێندە نابات و بەتەواوی سپی دەبیتەوە!... ئەمشەو خۆش نووستیت؟

**نەناسراو:** وەک منداڵێکی ماندوو، بەبێ ئەوەش خەون ببینم... بەڵام پێم بڵێ: ئەو هەموو دەرگە داخراوانە چین؟

**کۆنفێسۆر:** وردە وردە فێر دەبیت بیانکەیتەوە.

**نەناسراو:** خانووبەرەیەکی تا بڵێیت گەورەیە؟

**کۆنفێسۆر:** ئەوسەری دیار نییە و سەرەتاکانی دروستکردنی دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژگاری (کارل)ی مەزن و دواتریش لەلایەن دامەزراوەی ئاینییەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک ڕێی لێ بگرێت گەورە و گەورەتر بووە و بێ ئەوەش کە بەر باوبۆرانی هیچ گۆڕانکارییەکی ئاینی بکەوێت، وەک شوێنەوارێکی مێژوویی کولتووری ڕۆئاوا، لە جێی خۆیدا، بەو لووتکە بەردینەوە، ماوەتەوە: بیروباوەڕی خاچپەرستان کە ڕەگ و ڕیشەی بۆ



(هێلاس) و (ڕۆما) دەگەڕێتەوە.

**نەناسراو:** کەواتە هەر بەتەنیا دامەزراوەیەکی ئاینی نییە؟

**کۆنفێسۆر:** نا... هەموو زانستەکان و هونەرە جوانەکان، هەروەها کتێبخانە و مۆزە و تاقیگە و ڕوانگەی ئەستێران و... کە دواتر خۆت دەیانبینیت. لێرە کشتیاری و باخەوانیش دەکرێت و لەژێر دێرەکەشدا نەخۆشخانەیەک بەسەرچاوەی گۆگردەوە بۆ خەڵکی ڕەمەکی هەیە...

**نەناسراو:** شتێکی تریش، پێش ئەوەی دەست پێ بکەن، کێ سەرۆک دێرە؟

**کۆنفێسۆر:** (دەخەنێت.) سەرۆک دێر!... تەنیا، لە وێنەی نییە و شارەزاییەکی بێ هاوتایە لە هەموو شتێکدا... نەختێکی تر خۆت دەیبینیت!

**نەناسراو:** ڕاستە کە دەڵێن زۆر پیرە؟

**کۆنفێسۆر:** تەمەنێکی زۆری بەسەربردووە... لە سەرەتای ئەم چەرخەدا لەدایک بووە و ئێستاش وا خەریکە چەرخ کۆتاییی دێت...

**نەناسراو:** هەردمیەش هەر لێرە، لە دێرەکە، نەبووە؟

**کۆنفێسۆر:** نا... هەرگاڤ هەر لێرە، لە دێرەکە، نەبووە، بەڵام هەموو کات دڵ و دەروونی لێرە بووە و... جارێک لە جاران، حەفتا ساڵانێک پێش ئێستا، وەزیر و دووجاریش ڕاگری زانکۆ و سەرۆکی هەموو قەشەکان و... وس... وس... وا لە نوێژ بوونەوە!

**نەناسراو:** کەواتە لەو جۆرە قەشانە نییە کە لایەنگرن و باری خۆیان بەسەر جێگرەوەکانیدا دەسەپێنن؟

**کۆنفێسۆر:** بەهیچ جۆرێک! بەڵام ژیاوە و تێکەڵ بەخەڵک بووە و زیاتر دڵی لەوێیە وەک لای دین...

**نەناسراو:** ئەی باوکەکان؟

**کۆنفێسۆر:** ئەوانیش کەسانی حەکیمن، هەریەکە و چیرۆکی خۆی هەیە و هیچیان لە هیچیان ناچن...

**نەناسراو:** ژیانێکی ئاساییش نەژیاون...

**کۆنفێسۆر:** هەموویان ژیانێکی ئاسایی ژیاون، نەک جارێک، بگرە زیاتریش، نوچیان داوە و کەوتوون و هەڵساونەتەوە، نقوم بوون و سەرکەوتوونەتەوە... پەلەت نەبێت!

**نەناسراو:** بەڵام بێگومان سەرۆک دێرە کە پرسیارم لێ دەکات، نەک ئەوان و پێشت وا نەبێت لە هەموو شتێکدا لەگەڵیدا یەک بگرمەوە...

**کۆنفێسۆر:** بەپێچەوانەوە، تۆ دەبێت ئەوە بیت کە هەیت و تا بۆشت دەکرێت بیروڕاکانی خۆت بپارێزیت!

**نەناسراو:** رێ بەبیروڕای دژیش دەدرێت لێرە؟

**کۆنفێسۆر:** لێرە؟... تۆ منداڵێکیت و لە دنیایەکی منداڵانەشدا ژیاویت و یاریت بە بیر و بۆچوون و وشە کردووە و لەو هەڵەیەدا ژیاویت کە زمان، کە شتێکی تەواو ماتریالییە، دەتوانێت ببێت بەپۆشاکێک بۆ هەست و بیر کە بەئاستەم هەستیان پێ دەکرێت. ئێمە، کە هەڵەمان دۆزیوەتەوە، تا لە توانامدا بێت کەم دەدوێین، چونکە هەست بەدەروونی یەکتر دەکەین و دەیبینین، ئێمە لە رێی "مەشقی رۆحییەوە" هەستەکانی خۆمان فێر کردووە کە بووین بەزنجیرەیەک و هەستێکی پڕ لە حەز و



هاوئاهەنگیی هاوبەشمان هەیە کاتێک راوبۆچوونەکانمان بەتەواوی هاوچوونن. سەرۆک دێر، کە لە هەموومان زۆرتر خوێندوویەتی، دەتوانێت، کاتێک بیروڕای کەسێکمان بەرێی هەڵەدا بڕوات، هەستی پێ بکات، ئەو لە هەندێ رووەوە لە (گالڤانۆمێتر)ی ئەندازیاری تەلەفۆن دەچێت و، وتم لەو دەچێت نەک ئەوە! ئاگەداری دەکاتەوە کەی و لە کوێی هێڵی تەلەفۆندا دەیبڕێت. هەر لەبەر ئەوەش ئێمە هیچ نهێنییەکانمان لە بەرانبەر یەکتردا نییە، پێویستیشمان بەوە نییە پاکانە بۆ یەکتر بکەین تا خۆمان لە گوناهەکانمان پاک بکەینەوە. باش ئەمەت لە بیر بێت، کاتێک لە بەرچاوی سەرۆک دێردا دەوەستیت، کە هەموو شتێک دەبینێت و لە هەموو شتێک ورد دەبێتەوە.

**نەناسراو:** لێم دەپرسێتەوە؟

**کۆنفێسۆر:** نەخێر! تەنیا هەندێک پرسیاری ئاسایی و ئاسانن، کە پێش ئەوەی دەست بەمەشقکردن بکەیت... وس!... وا هاتن!

(نەختێک دوور دەکەوێتەوە.)

(سەرۆک دێر لە پشتەوەی شانۆوە دێتە ژوورەوە، سەرتاپا سپیی پۆشیوە و کاپوشینەکەی، کە بەشێک لەو جلوبەرگەیە کە لە بەریدایە، لە سەر کردووە، پیاوێکی باڵابەرز، قژی سپی و درێژ و ریشیشی سپییە –وەک سەری (زیوس)–، دەموچاوی زەردهەڵگەڕاو بەڵام توندوتۆڵ و بێ چرچولۆچە. چاوی گەورەن، سێبەر دەوری داون و برۆکانی ئەستوورن. کەسایەتییەکی هێمنی پڕ لە ئارامی و شکۆداری هەیە. دوازدە لە باوکەکانی

کلێسا کە جلوبەرگی ڕەش و سپییان لە بەردایە لە دوایەوە دەڕۆن و کاپوشینە ڕەشەکانیان لە سەر کردووە. یەک لە دوای یەک لە ئاستی خاچە گەورەکە دەنوشتێنەوە و پاشان دەڕۆن و لە جێی خۆیاندا دەوەستن.)

**سەرۆک دێر:** (دوای ئەوەی نەختێک لە نەناسراوی ڕوانیوە.) لێرە لە چی دەگەڕێیت؟

**نەناسراو:** (سەرسووڕماو، بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕێت، بەڵام نایدۆزێتەوە.)

**سەرۆک دێر:** (بەنەرمییەکەوە، بەڵام توند و هاوکاتیش پڕ لە دڵنەوایی.) ئاشتی! وا نییە؟

**نەناسراو:** (بە سەر و بە دەمیش ئاماژە دەکات و قسەکەی دەسەلمێنێت.)

**سەرۆک دێر:** بەڵام کە هەموو ژیان خۆی شەڕە، چۆن ئاشتی لەنێو ئەوانەدا کە دەژین دەدۆزیتەوە!

**نەناسراو:** (بێ وەڵامە.)

**سەرۆک دێر:** دەتەوێت ڕوو لە ژیان وەربگێڕیت، چونکە وا هەست دەکەیت ژیان فریوی داویت و سووکایەتیت پێ کراوە؟

**نەناسراو:** (بەنزمییەوە.) ئا!

**سەرۆک دێر:** کەواتە سووکایەتیت پێ کراوە، بەناهەق هەڵسوکەوتت لەگەڵدا کراوە! ئەو ناهەقییانەش هەر لە منداڵییەوە دەستیان پێ کردووە و تۆش، وەک منداڵێکی بێ گوناهـ، نەتتوانیوە لەوە تێ بگەیت کە ئاخۆ چ تاوانێکت کردووە، تا لە بەرانبەریدا سزا بدرێت! چاکە... تۆ جارێک لە جاران بەناهەق تاوانبار کرایت



بەوەی کە میوەت دزیوە، ناچار کراویت ئەو تاوانە ببەیتە سەر خۆت، ئەشکەنجە دراویت تا درۆ بەدەم خۆتەوە بکەیت و داوای لێبووردنیش لە هەڵەیەک بکەیت کە هەڵەی تۆ نەبووە و تۆ نەتکردووە. وایە؟

**نەناسراو:** (بەدڵنیاییەوە.) ئا وابوو؟

**سەرۆک دێر:** چاکە... وابووە و تۆش قەت نەتتوانیوە لە بیر خۆتی ببەیتەوە! قەت!... گوێ بگرە، تۆ کە شتت وا ئاسان بیر ناچێتەوە، "ڕۆبینسۆنی سویسراییت" لە بیرە؟

**نەناسراو:** (بەگرژییەکەوە.) ڕۆبینسۆنی سویسرایی؟

**سەرۆک دێر:** ئا!... چیرۆکی ئەشکەنجەدانی تۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٧، بەڵام کریسمسی ساڵی ١٨٥٦، واتە ساڵێک پێشتر، کتێبی ڕۆبنسۆنی سویسراییت دزی و لە ترسی سزادانیش لەژێر یەکێک لە دۆلابەکانی موبەقدا شاردتەوە...

**نەناسراو:** (سەرسووڕماو و دەسڵەمێتەوە.)

**سەرۆک دێر:** دۆلابەکە بۆیەی قاوەیی کرابوو و لە بەشی سەرەوەی جلوبەرگ هەڵواسرابوو، لە بەشی خوارەوەش پێڵاو دانرابوون. لە بەرچاوی تۆ دۆلابەکە، چونکە تۆ منداڵێکی بچکۆلە بوویت، تا بڵێیت گەورە بوو و بەخەیاڵی تۆ دۆلابێک بوو کە کەس نەیدەتوانی بیجووڵێنێت... بەڵام کاتی پاککردنەوەی ماڵ، پێش جەژنی هەڵسانەوە، دۆلاب جووڵێنرا و ئەوەی لەژێریدا شاردرابووەوە، دەرکەوت! لە ترساندا تاوانەکەی خۆتت خستە ملی یەکێک لە هاوڕێکانت و ئەو گوناهبار دەرچوو، تووشی سزا و ئەشکەنجە بوو، چونکە گوایا قسەکانی تۆ جێی باوەڕ

بوون و کەسیش گوێی لە قسە و بیانووی ئەو نەگرت... ئا لەوێوەیە کە چیرۆکی ئازارچێشتنی تۆ وەک زنجیرە ڕووداوێکی لۆجیکی دەست پێ دەکات. ئەم لۆجیکە قەبووڵ دەکەیت؟

**نەناسراو:** ئا! سزام بدە!

**سەرۆک دێر:** نا، من سزادەر نیم و خۆشم کە منداڵ بووم... شتی لەو جۆرەم کردووە... بەڵام ئیتر پەیمان دەدەیت کە تا هەتاهەتایە ئەم چیرۆکی ئێش و ئازارەی خۆت لە بیر بکەیت و چیی تر نەیگێڕیتەوە؟

**نەناسراو:** پەیمان بێت! هەر ئەوەندە ئەوەی کە ناهەقیم لەگەڵیدا کردووە لێم ببوورێت!

**سەرۆک دێر:** ئەو گەردنی خۆش و ئازاد کردوویت! وا نییە پاتەر ئیسادۆر؟

**پاتەر ئیسادۆر:** (دوکتۆرەکەی بەشی یەکەمی بەرەو دیمەشقە و هەڵدەستێت.) لە قووڵاییی دڵمەوە!

**نەناسراو:** ئەوە تۆیت؟

**ئیسادۆر:** ئا منم!

**سەرۆک دێر:** (ڕوو لە ئیسادۆر.) یەک وشەی تریش، تەنیا یەک وشە، بڵێ پاتەر ئیسادۆر!

**ئیسادۆر:** چاکە! ساڵی ١٨٥٦ بوو کە من تووشی ئەو ئەشکەنجەیە بووم! بەڵام ساڵی ١٨٥٤ یەکێک لە براکانم، لەبەرئەوەی من لەخۆڕا بەشتێک، شتێکی ناڕاست، گوناهبارم کردبوو، تووشی هەمان ئازار و ناخۆشی بوو... (ڕوو لە نەناسراو.) کەواتە ئێمە هەردووکمان بەهەمان شێوە تاوانبارین و کەسمان پاک نین و



پێشم وابێت قوربانییەکەی منیش ویژدانێکی تەواو پاک و بێگەردی نەبوو! (دادەنیشێت.)

**سەرۆک دێر:** ئەگەر ئێمە هەر ئەوەندە بمانتوانیایە دەست لە یەکتر گوناهبارکردن هەڵبگرین و بەتایبەتیش دەست لە گوناهبارکردنی "هەقی ئەبەدی!" هەڵبگرین، ئەوسا... چونکە ئێمە بەگوناهەوە لەدایک دەبین و نەوەی ئادەمین!... (ڕوو لە نەناسراو.) دەتویست شتێکیش بزانیت؟ وا نییە؟

**نەناسراو:** دەمەوێت بزانم مانای قووڵیی ژیان چییە؟

**سەرۆک دێر:** مانای هەرە قووڵ؟ کەواتە دەتەوێت ئەوە بزانیت کە کەس نابێت بیزانێت! پاتەر ئوریێل!

**پاتەر ئوریێل:** (کوێرە، هەڵدەستێت.)

**سەرۆک دێر:** (ڕوو لە نەناسراو.) سەیری ئەو باوکە کوێرە بکە! ئێمە وەک بیرەوەرییەک پێشی دەڵێین ئوریێل ئاکۆستا و ڕەنگە خۆت بیناسیت؟

**نەناسراو:** (بەئیشارەت وا پێشان دەدات کە نایناسێت.)

**سەرۆک دێر:** دەبوو هەموو گەنجێک بیناسیایە! ئوریێل ئەکۆستا پورتوگالییەک بوو لە خێزانێکی جوولەکە، بەڵام بەبیروڕای دینی خاچپەرستان پەروەردە کرا. هەر زوو لە تەمەنی گەنجییەوە کەوتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی... خۆت تێ دەگەیت... کە بزانێت ئاخۆ ڕاستە عیسا خوا بووە یا نا، ئاکامیش بەوە گەیشت کە چووە سەر دینی جووەکان. دوای ئەوەش دەستی بەلێکۆڵینەوە کرد لەسەر نووسراوە مووسایییەکان و نەمریی ڕۆح و بەرەنجامیش بەوە گەیشت کە ڕابینەکان دایانە دەست

پیاوانی ئاینیی خاچپەرستان بۆ ئەوەی سزا بدرێت. ماوەیەک دوای ئەوە گەڕایەوە سەر دینی جوولەکە و سیناگۆگای جوولەکان. بەڵام چونکە دەیویست بزانێت و هیچ سنوورێکی بۆ زانین نەبوو، دەستی کردەوە بەلێکۆڵینەوەکانی تا گەیشت بە "هیچ!" و لە داخی ئەوەش کە نەیتوانی بگات بەوەی بزانێت نهێنیی قووڵ چییە گوللەیەکی نا بە سەری خۆیەوە و خۆی کوشت... ئەمجا سەیری پاتەر ئوریێلی خۆشمان بکە... ئەمیش جارێک لە جاران زۆر گەنج بوو و دەیویست بزانیت و دەیویست هەردەم لە پێشەوەی هەر بزووتنەوەیەکی نوێخوازییەوە بێت و دنیابینیی نوێی دەدۆزییەوە. با ئەوەش بڵێین کە ئەو هاوڕێی گەنجیی منە و تەمەنیشمان هێند دوور نییە لە یەکترەوە... چاکە... ساڵی ١٨٢٠ ئەوەی دۆزییەوە بەفەلسەفەی ڕۆشنگەری ناو دەبرێت، کە بیست ساڵێک بوو لە گۆڕ نرابوو. بەپێی ئەم فەلسەفەیە، کە وەک کلیلێک سەیر دەکرا گشت دەرگەکان بکاتەوە، دەتوانرا هەموو قفڵێکی پێ بکرێتەوە، وەڵامی هەموو پرسیارێکی پێ بدرێتەوە و بەگژ هەر بەرەنگاربوونەوەیەکیشدا بچێتەوە و بیبەزێنێت. هەموو شتێک تەواو ئاسان و تەواو ڕوون بوو. لەو ڕۆژگارەدا پاتەر ئوریێل بوو بەگەورەترین نەیاری هەموو دینێک و کەوتە ڕاوەدوونانی (مێسمێریتەکان)، ئەوسا بەوانەی کە دەیانتوانی بەشێوەیەکی موگناتیسی خەو لە خەڵک بخەن دەوترا مێسمیریتەکان، ساڵی ١٨٣٠ ئەم پاتەر ئوریێلەی هاوڕێمان بوو بەیەکێک لە لایەنگرانی (هێگڵ)، بێگومان نەختێکیش درەنگ فریای ئەوە کەوتبوو. دیسان، لەو ڕێیەوە، باوەڕی بە خوا هێنایەوە، بەڵام ئەمجارەیان خوا لە سروشت و



خواوەند لە مرۆڤ خۆیدا و پاشان بۆی دەرکەوت کە ئەو خۆشی خواوەندێکی بچکۆلەیە. بەڵام لە بەدبەختیی ئەو، وەک چۆن دوو (ڤۆلتێر) هەیە، دوو (هێگڵ)یش هەبوو و هێگڵی دواییان، یا با بڵێین ئەو هێگڵەیان کە کۆنەپارێز بوو، خوای (هەموو شتەکان)ی خۆی هێندە گەشە پێ دابوو کە بتوانێت لەگەڵ دینی خاچپەرستیدا سازش بکات و ئیتر ئەوسا پاتەر ئوریێل، کە قەت نەیدەویست لە هیچ شتێک دوا بکەوێت، بوو بەخاچپەرستێکی عەقڵانی، ئەمەش ئەو ئەرکە سپڵە و پێنەزانەی خستە ئەستۆی ئەو کە بکەوێتە هەم بەرەنگاربوونەوەی عەقڵانییەت و هەم بەرەنگاربوونەوەی خۆی. با لەبەر خاتری پاتەر ئوریێل خۆی ئەم چیرۆکە دڵتەقێنەی ئەو کەمێک کورتتر بکەمەوە. ساڵی ١٨٥٠ بوو بەماتریالیست و دیسان دوژمنی دینی خاچپەرستان. ساڵی ١٨٧٠ بوو بەیەکێک لەوانەی دەتوانن بە ڕێگەی موگناتیسی خەڵک بخەوێنن، ساڵی ١٨٨٠ بوو بەخواناس و ساڵی ١٨٩٠ بیری لە خۆکوشتن کردەوە! هەر لەو ڕۆژگارەشدا بوو یەکترمان بینی. لەسەر کورسییەک لە (ئونتەر دێن لیندن) لە بەرلین دانیشتبوو و کوێر بووبوو. ئا ئەم ئوریێلە کوێر بوو و ئوریێلیش خۆی بەمانای "خوا ڕووناکیی منە!" دێت... کە بەدرێژاییی یەک چەرخ دەست بەمەشخەڵی ڕۆشنگەرییەوە لە پێشەوەی هەموو بزووتنەوە نوێخوازەکان دەڕۆیشت! (ڕوو لە نەناسراو.) دەیبینیت، ئەو دەیویست بزانێت، بەڵام ڕێی نەدرا بزانێت! هەر لەبەر ئەوەشە ئێستا بڕوای هێناوە و بڕوا دەکات!... شتێکی تر هەیە بتەوێت بیزانیت؟

**نەناساراو:** تەنیا یەک پرسیاری تر؟

**سەرۆک دێر:** بیڵێ!

**نەناسراو:** ئەگەر پاتەر ئوریێل لەسەر هەمان بڕوای ساڵی ١٨١٠ بمایەتەوە، خەڵک پێیان دەوت کۆنەپارێز یا کەونارا و بەڵام کە ئەوەی نەکرد و دوای پێشکەوتنەکانی ڕۆژگارەکەی خۆی کەوت و دەستی لە بیروباوەڕەکانی کاتی گەنجی بەردا، خەڵک وتیان پەیمانشکێن، بەواتایەکی تر: هەرچۆنێکی بکردایە هەر لۆمەیان دەکرد.

**سەرۆک دێر:** ئەوەت بەلاوە گرینگە خەڵک چی دەڵێن؟... پاتەر کلێمێنس، دەتوانم باسێکی تۆ و گرینگیی تۆ بۆ قسە و قسەڵۆکی خەڵک بکەم؟

**پاتەر کلێمێنس:** (هەڵدەستێت و بەئیشارەت قەبووڵکردنی خۆی ڕادەگەیەنێت.) پاتەر کلێمێنس یەکێک لە گەورەترین نیگارکێشی پۆرترێتی ئێمەیە... لە دەرەوە و لەناو خەڵکدا بەناوێکی ترەوە دەناسرێت و زۆر بەناوبانگیشە! چاکە... پاتەر کلێمێنس ساڵی ١٨٣٠ گەنج بوو. هەستی دەکرد کە بەهرەی نیگارکێشیی هەیە و هەموو دڵ و دەروونی خۆی دا بەنیگارکێشان. لە تەمەنی بیست ساڵاندا پێشانگەیەکی کردەوە. خەڵک، ڕەخنەگران، مامۆستایان و دایک و باوکان لەسەر ئەوە یەک بوون کە کارێکی هەڵەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و هیچ بەهرەیەکی نیگارکێشی نییە، ئیتر لەبەرئەوەی قسەی خەڵکی بۆ کلێمێنسی گەنج گرینگ بوو، خۆی لەو کارە دوور خستەوە و ڕووی کردە کارێکی تر و خەریکی کتێب چاپکردن



بوو. لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، کە ئیتر کەوتبووە پێش سێبەری ژیانەوە، نیگارەکانی سەردەمی گەنجیی لەلایەن کەسێکی نەناسراوە هێنرانەوە نێو ناوانەوە و وەک شاکارگەلێکی بێ هاوتا لەلایەن خەڵک، ڕەخنەگران، مامۆستایان و خزم و خوێشەوە ناسێنران. بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو! کاتێک پاتەر کلێمێنس داخی دڵی خۆی لە دەست خراپیی دنیا هەڵڕشت، دنیا زۆر بێ بەزەییانە کەوتە گاڵتەپێکردنی: "بۆ هێشتت بخەڵەتێیت!" ئەمەش دڵی پاتەر کلێمێنسی شکاند و بەدەم خەم و خەفەتەوە ئەو دنیایەی بەجێ هێشت و بەیەکجارەکی هاتە ئێرە بۆ لای ئێمە. ئێستا ئیتر ئەوانەی هەموو لە کۆڵ بووەتەوە و لێرە ئاسوودە ژیان دەباتە سەر! وا نییە پاتەر کلێمێنس؟

**پاتەر کلێمێنس:** وایە! بەڵام چیرۆکەکە لەوێدا تەواو نابێت. نیگارەکانی من تا ساڵی ١٨٨٠ لە مۆزەخانەیەک هەڵواسرابوون و جێی ڕێزگرتن و پەسندی خەڵک بوون. بەڵام لە پڕێکدا تام و چێژی خەڵک گۆڕان... تا ئەوەی ڕۆژێک لە یەکێک لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکاندا بەشێوەیەک لەسەریان نووسرا وەک ئەوەی مایەی شەرمەزاری بن بۆ ئەو مۆزەخانەیە و هەر دوای ئەوەش پێچرانەوە و لە هەورەبانێکدا دانران!

**سەرۆک دێر:** (ڕوو لە نەناسراو.) چیرۆکێکی خراپ نییە، وا نییە؟

**پاتەر کلێمێنس:** هێشتا تەواو نەبووە!... چونکە ساڵی ١٨٨٠ تام و چێژی خەڵک دیسان گۆڕانەوە و پرۆفیسۆرێکی ئەکادیمیای هونەر لە نووسینێکدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە شوورەییە بۆ

نەتەوەکەمان شاکارەکانی من لە هەورەبانێکدا هەڵواسراون. نیگارەکان دیسان دەرهێنرانەوە و لەوساوەش وەک چەند کارێکی (کلاسیک) چاویان لێ دەکرێت. بەڵام ئاخۆ ئەمە تا کەی بەردەوام بێت!... ئەوەتا کوڕی گەنج ئەوە خۆت دەیبینیت کە شکۆی دنیایی لە چی پێکهاتووە! ڤانیتاس ڤانیتاتوم ڤانیتاس!

**نەناسراو:** کەوا بێت، ئەوە دەهێنێت بژیت؟

**سەرۆک دێر:** لە پاتەر مێلخەر بپرسە، کە نەک بەتەنیا دنیای پڕ فرووفێڵ و فریودانی تاقی کردووەتەوە، بگرە دنیای ناڕاستی و واتا دژ بەیەکەکانیشی تاقی کردووەتەوە. لەگەڵی بڕۆ، تا گالێری نیگار و وێنەکانت پێشان بدات و بەسەرهاتەکانت بۆ بگێڕێتەوە!

**نەناسراو:** پڕ بەدڵ، هەر کەسێک بتوانێت شتێکم فێر بکات دوای دەکەوم و لەگەڵیدا دەڕۆم!

**پاتەر مێلخەر:** (دەستی نەناسراو دەگرێت و لە هۆڵەکە دەڕۆنە دەرەوە.)

پێشانگەی تابلۆ و نیگارەکانی نێو دێرەکە، زۆربەی پۆرترێت، بەڵام هەموویان پۆرترێتی دووسەر.

**پاتەر مێلخەر:** کەواتە: لە پێشدا تابلۆیەکی بچکۆلەی دیمەنی دەشتودەری شانیگارکێشێکی نەناسراو... بەناوونیشانی "دوو بورجەکە". ڕەنگە بۆ خۆشت بەسویسرادا گەڕابیت و خۆیانت لە ڕاستیدا بینیبێت؟

**نەناسراو:** بەسویسرادا گەڕاوم!



**پاتەر مێلخەر:** چاکە! لە وێستگەی ئامستێگ لەسەر ڕێگەی ئاسنینی گۆسارد بورجێکت بینیوە کە پێی دەوترێت سڤیگ-ئوری و کە شیللەر لە "ویلەم تێل"ەکەی پێیدا هەڵدەڵێت. ئەو بورجە وەک مۆنۆمێنتێک بۆ بیرەوەریی ئەو زوڵم و زۆرەی لەلایەن ئیمپراتۆری ئەڵمانیاوە لە دانیشتوانی ئوری دەکرا هەڵبەستراوە! چاکە! لەوبەری سانت گۆساردەوە، بەدیوی ئیتاڵیادا، وەک خۆشت دەزانیت، وێستگەی بێلینزۆنا هەیە. بورج زۆرن، بەڵام لە هەموویان سەیرتر ناوی کاستێل دئورییە. ئەمیان بۆ بیرەوەریی ئەو زوڵم و زۆرە هەڵبەستراوە کە کانتۆنەکانی ئیتاڵیا بەدەست دانیشتوانانی ئورییەوە دووچاری بوون! ئێستا تێ گەیشتیت؟

**نەناسراو:** ئازادی! ئازادی بەرانبەرە لەگەڵ: ئازادبوون بۆ زوڵم و زۆرکردن. ئەمیانم پێشتر نەبیستووە!

**پاتەر مێلخەر:** ئەمجا با، بێ هیچ پێشەکییەک، بێینە سەر پۆرترێتەکان! ژمارە یەکی کەتەلۆگەکە. بوکاشیۆ بە دوو سەرەوە، هەموو پۆرترێتەکانمان بەلانی کەمەوە دوو سەریان هەیە. هەمووشمان چیرۆکەکەی دەزانین! ئەو پیاوە گەورەیە، بەچیرۆکە بێڕەوشت و لە خوانەترسەکانی خۆی، کە پێشکێش بە شاژن یوهانای نیاپڵ کردن، دەستی بەنووسین کرد، ئەو شاژنەی چووە بن کلێشەی کوڕەکەی بیرگیتای پیرۆزەوە و فریوی دا. بۆکاشیۆ بەوەش کۆتاییی پێ هێنا کە وەک کەسێکی پیرۆز لە یەکێک لە دێرەکاندا لەبارەی (دۆزەخ)ەکەی دانتە و شەیتانەکانیەوە وانە بڵێتەوە، ئەو شەیتانانەی کە بۆ خۆی، لە

سەردەمی گەنجیدا، پێی وابوو دەتوانێت بەسەیرترین شێوە لە دۆزەخ دەریان پەڕێنێت!

ئێستا خۆت دەبینیت کە ئەو دوو دەموچاوانە چۆن ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە و سەیری یەکتر دەکەن.

**نەناسراو:** بەڵام ئەوەی پێی بڵێیت گاڵتەوگەپ، کە لە پیاوێکی خۆناسی وەک بۆکاشیۆی هاوڕێمان چاوەڕوان دەکرێت، بەو تابلۆیانەوە دیار نییە!

**پاتەر مێلخەر:** ژمارە دووی کەتەلۆگەکە. دوکتۆر لوسەری دووسەرە. خەباتگێڕی چاوپۆشی و سنگفراوانی لە گەنجیدا و خەباتگێڕی دژی سنگفراوانی و چاوپۆشی لە پیریدا! لەوە زیاتر پێویست دەکات!

**نەناسراو:** نا! پێویست ناکات!

**پاتەر مێلخەر:** ژمارە سێی کەتەلۆگەکە. وەرگرتنی پارە لەلایەن گوستاڤ ئەدۆلفی گەورەوە لە کاردینال ڕیکێلیوسی کاسۆلیک بۆ خەباتکردن لە پێناوی پرۆتستانییەتدا و هاوکاتیش وەک بێلایەن مانەوە لە بەرانبەر دەستەی کاسۆلیکییەکاندا.

**نەناسراو:** پرۆتستانتەکان ئەم دژایەتییە سێ لایەنییە چۆن لێک دەدەنەوە؟

**پاتەر مێلخەر:** دەڵێن درۆیە!... ژمارەی چوارەمی کەتەلۆگەکە، شیللەر، نووسەری دەستەی چەتەکان، هەڵبژێردراو وەک هاووڵاتیی بەشان و شکۆی پاریس لەلایەن شۆڕشی فەرەنساوە ساڵی ١٧٩٢، بەڵام لە ساڵی ١٧٩٠یشەوە ئەندامی ئەنجوومەنی دەوڵەتیی مێینینگن و خەلاتکراو لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتیی



دانیمارکەوە ساڵی ١٧٩١... دیمەنەکە ئەنجوومەنی دەوڵەتی و هاوڕێی گۆتەی خاوەنشکۆ- کە ساڵی ١٧٩٨ دیپلۆمی شەرەف لە پیاوانی شۆڕشی فەرەنسایی وەردەگرێت، پێشان دەدات. ئیتر بیر لە دیپلۆمی حکوومەتی ترس و تۆقاندن بکەوە، ساڵی ١٧٩٨، کە شۆڕش کۆتاییی هات و وڵات کەوتە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەوە! حەزم دەکرد ئەوسا لەوێ بوومایە و ئەندامی ئەنجوومەنی دەوڵەتی و هاوڕێ خاوەن شکۆکەیم بەچاوی خۆم ببینیایە! بەڵام ئەمیشیان بەجێی خۆی! چونکە دوو ساڵ دوای ئەوە، یا لە ساڵی ١٨٠٠دا، خۆی بۆ ئەندامی هەمان ئەنجوومەن دەپاڵێوێتەوە و لە بەرانبەریدا وەک بەئەمەکی و پێزانینی خۆی بۆ ئەنجوومەنی پێشتر (دیێ گلۆکە) دەنووسێت و داواش لە هێمنی و ئارامبوونەوە لە شۆڕشگێڕان دەکات. ژیانە ئیتر! بەڵام ئەمیشیان هەر بەجێی خۆی و ئێمە خەڵکانی ڕۆشنبیرین و هەم حەزمان لە (ڕێوبێر) و هەم حەزمان لە (دیێ گلۆکە)یش و گۆتە و شیلەریشمان خۆش دەوێن!

**نەناسراو:** بەرهەم دەمێنێتەوە و بەرهەمهێنیش خۆمان خۆش!

**پاتەر مێلخەر:** سەبارەت بە گۆتە... ڕاست دەکەیت! ژمارە پێنجی کەتەلۆگەکەمان. کاتێدراڵەکەی شتراسبورگ و گۆیتز ڤۆن بێرلیشن، دوو دەنگبەرزکردنەوەی هونەری گۆتی ئەڵمانی لە ئاست هونەری گریک و ڕۆمادا. دوا دواییەکانی ژیانی ڕووی لە کلاسیکیزم کرد و دژی هەر شتێکی ئەڵمانیایی وەستایەوە. گوتە لە دژی گۆتە! ئێستا ئەو شتە نەریتییە ئۆلۆمپیاییە هێمن و هاوئاهەنگە و... تاد لەنێو گەورەترین ناهاوئاهەنگیدا لەگەڵ

خۆیدا ببینە. بەڵام ئەم نزمبوونەوە و داکەوتنە، کاتێک کە ڕێبازی نوێی ڕۆمانتیکی دەردەکەوێت و لەگەڵ تیۆرییە (گوێتز)ییەکانی گۆتەدا لە دژی (ئیفێنگیای)ی گۆتە خۆی دەکەونە ململانێوە، دەبێت بەدڵەڕاوکێ و بێ ئارامی. بەجۆرێک کە ئەو "خوانەناسە گەورەیە!" بەوە کۆتاییی پێ دەهێنێت، کە لە بەشی دووەمدا، (فاوست) هەڵدەگەڕێنێتەوە و وای لێ دەکات کە لەلایەن مارییای پاکیزە و فریشتەکانەوە ڕزگار بکرێت و ئەمەش لەلایەن ئەوانەوە کە بەکارەکانی ئەو سەرسامن چاوپۆشیی لێ دەکرێت و گرینگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت.

هەروەها ئەوەش کە کەسێکی وەک ئەو کە بەو ڕوونی و چاوکراوەییەوە دەیبینی، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا هەموو شتێک، تەنانەت ئەو شتانەش کە بەئاسانی لێیانەوە دەیبینی، "جوان" و "دەگمەن" دەبینێت. دوا تاسە و ئارەزووشی لە ژیاندا ئەوە بوو کە نەختێک "ڕووناکیی زیاتر!" ببینێت. بەڵام ئەمیش بەجێی خۆی! ئێمە خەڵکانێکین ڕۆشنبیر و هەر چۆنێک بێت گۆتە هەر گۆتەی خۆمانە!

**نەناسراو:** هەقیشمانە!

**پاتەر مێلخەر:** ژمارە شەشی کەتەلۆگەکە. ڤۆڵتێر! ئەمیان لە دوو سەر زیاتری هەیە!... خوانەناسێک کە هەموو ژیانی بۆ ئەوە تەرخان دەکات پارێزگاری لە خوا بکات! ئەو کەسەی کە گاڵتە بەهەموو شت و کەسێک دەکات، دەبێت بەمایەی گاڵتەوگەپی خەڵک چونکە "وەک منداڵێک باوەڕی بە خوا بوو.". نووسەری (کاندید)ێک کە گاڵتەی بەهەموو شتێک دەکرد، ئاوها دەنووسێت:



بەوپەڕی حەز و ئارەزووی گەنجیمەوە
بەدوای تام و چێژی تۆدا گەڕام،
بەپووچیی تۆ سەرسام بووم و،
شیرینیم بوو بەژەهری مار،
کە بەفری پیریش سەرمی سپی کرد،
ئەوسا پووچیی تۆم لێ دەرکەوت.

دوکتۆر "لە هەمووشتزان!" کە پێی وابوو، لەبەر ڕۆشناییی ژیری و زانستدا، سەر لە هەموو شتێکی نێوان ئاسمان و زەوی دەردەکات، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا ئاوها دەنووسێت:

پێم وابوو لە ئاسمانی زانستدا ڕووناکییەک دەدۆزمەوە
تا ڕێگەم ڕۆشن بکات و ڕێنوێنم بێت،
کەچی هێشتا ڕێم هەر ڕوو لە تاریکییە و
هەرچییەکیش دەیزانین ڕوو لە نەمان!
هیچ نەزانین ڕووم لە تۆیە و
زانین تۆش ناسۆری دەروون!

بەڵام ئەمیشیان هەر بەجێی خۆی و ڤۆڵتێر بۆ زۆر شت بەکار دێت، جوولەکەکان لە دژی عیسای مەسیح و خاچپەرستانیش، ئەگەرچی ئەو وەک (لوسەر) دژەجوولەکەش بوو، لە دژی جوولەکەکان بەکاری دەهێنن! (شاتۆبریان) ئەوی دژی کاتۆلیکییەت بەکار هێنا و تا ئەمڕۆش پرۆتستانتەکان ئەو دژی کاتۆلیکییەت بەکار دەهێنن! ئەویش پیاوێکی خراپ نەبوو!

**نەناسراو:** ئەی کەواتە بیروڕاتان چییە؟

**پاتەر مێلخەر:** ئێمە بیروڕامان نییە، باوەڕمان هەیە، وەک پێشتریش

پێم وتوویت! هەر بۆیە یەک سەریشمان هەیە، کە ڕێک لە سەروو دڵمانەوەیە!... ژمارە حەوتی کەتەلەگۆکەش. ناپۆلیونە! بەرهەمی شۆڕش خۆی! ئیمپراتۆری خەڵک، نێرۆی ئازادی، داپڵۆسەری یەکسانی و "برا گەورە!"ی برایەتی. بەڵام ئەو لە هەموو دووسەرەکان فێڵبازتر، چونکە دەیتوانی بەخۆی پێ بکەنێت، لە بەرزییەوە بەسەر ناهاوئاهەنگییەکانی خۆیدا بڕوانێت، پێست و ڕۆحی بگۆڕێت و پڕاوپڕیش لەگەڵ هەر گۆڕینێکی نوێدا بگونجێنێت، دڵنیا و سەرپشک و بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە!

بەتەنیا یەک کەسیش هەیە کە لەو بارەدا بتوانرێت لەگەڵیدا بەراورد بکرێت، ئەویش کیێرکەگاردی دانیمارکییە. ئەمیش هەر لە سەرەتاوە هۆشیار بوو بەو (پارتێنۆگێنێسیس)ەی ڕۆح، یا ئەو توانستەی کە هەر لە ژیاندا بتوانیت بەبێ پەرش و بڵاوبوونەوە، بەبێ ئەوەی قەڵەم بڕوێنیتەوە، وەچە بخەیتەوە. هەر لەبەر ئەوە و لەبەر ئەوەش کە نەبێت بەقەشمەر بەدەست ژیانەوە، لەژێر چەند ناوێکی خواستراودا نووسی، کە هەریەکێکیان نوێنەری "قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی بوو!". بەڵام ئاخۆ سەرنجیشت لەوە داوە، کە ئەوەی دەسەڵاتی لە هەر کەس و شتێکی تر زیاتر بەسەر ژیاندا دەشکێت، ئەوی کرد، لەگەڵ ئەو هەموو وریاییەی ئەودا لە بەرانبەر خۆی و دەوروبەردا، بەقەشمەر. کیێرکەگاردێک کە هەموو ژیانی دژی فەرمانڕەواییی قەشەکانی کڵێسای دەوڵەت و واعیزەکانی کڵێسا بوو، لە کۆتاییدا لەبەر دەستکورتی، خۆی بوو بەواعیز! ئیتر وایە... ئەوانەش ڕوو دەدەن!



**نەناسراو:** دەسەڵاتە هەرە باڵاکانیش فێڵ دەکەن...

**پاتەر مێلخەر:** دەسەڵاتە هەرە باڵاکان فێڵ لە فێڵبازان دەکەن و گاڵتە بە لووتبەرزان دەکەن، بەتایبەت لەگەڵ ئەوانەی کە پێیان وایە بەتەنیا هەر خۆیان لەسەر هەقن و بەتەنیا هەر خۆشیان دەزانن! ژمارە هەشتی کەتەلۆگەکەش ڤیکتۆر هوگۆیە. ئەوەی خۆی لەتوپەت کرد. سەرداری فرەنسا، گەورەی ئیسپانیا، هاوڕێی پاشایان، نووسەری سوسیالیستی منداڵانی بەدبەختی کۆمەڵ. بێگومان سەردارانیش بەناپاکێک کە لە ڕێبازی خۆی هەڵگەڕابێتەوە بانگیان دەکرد و سوسیالیستەکانیش بەچاککەرەوەی دەستگاکانی کۆمەڵ. ژمارە نۆی کەتەلۆگەکەش، کۆنت فریێدریش لیۆپۆڵد ڤۆن ستۆلبێرگە، کە کوێرانە و بەوپەڕی دەمارگیرییەوە کتێبێکی بۆ پرۆتستانتییەت نووسی و یەکسەریش دوای ئەوە ڕووی کردە کاتۆلیکییەت و پشت لە بیروباوەڕەکانی خۆی!... شتێک کە کەسێکی زیرەک ناتوانێت لێکی بداتەوە بۆ! موعجیزەیەک! یا دوور نییە، بتوانرێت وەک گەشتێکی بچووکی بەرەو دیمەشق چاوی لێ بکرێت؟ ژمارە دەش، (لافایێت)ی قارەمانی ئازادی و شۆڕشگێڕ، ئەو لافایێتەی ناچار بوو فرەنسا بەجێ بهێڵێت، چونکە کاتێک ویستی یارمەتیی لودڤیکی شازدەم بدات، وەک کۆنەپەرستێک سەیری کرا و پاشان لەلایەن نەمساوییەکانەوە گیرا و وەک شۆڕشگێڕێک گوێزرایەوە بۆ (ئۆلمۆتز)! لە ڕاستیدا ئەو کامیان بوو؟

**نەناسراو:** هەردووکیان!

**پاتەر مێلخەر:** با بڵێین هەردووکیان! دوو لەتی کەسێک کە دەبن بەیەک

کەس! ژمارە یازدە. بیسمارک. ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە دژ بەخۆی بوو! دیپلۆماتێکی سەرڕاست، کە سوور بوو لەسەر ئەوەی ڕاستیوتن گەورەترین تەڵەکە و درۆیە. ناچار کرا ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لەلایەن دەسەڵاتە هەرە باڵاکانەوە! کە شەش ساڵەکانی کۆتاییی ژیانی دابنیشێت و خۆی وەک درۆزنێکی هۆشیار لە قاو بدات... ماندوویت! کەواتە با لێرەدا بیبڕینەوە!

**نەناسراو:** ئیتر وایە، ئەگەر هەمان بیر و بۆچوونت هەبێت، هەموو ژیانت لەسەر بیروڕاکانی خۆت سوور بیت، بەپێی یاساکانی سروشت پیر دەبیت و بەکۆنەپەرست، بەکەسێکی کۆن کە لە جێگەی خۆیدا چەقیوە ناو دەبرێیت و ئەگەر دوای یاساکانی گەشەکردنیش بکەویت، لەگەڵ سەردەمەکەی خۆتدا پێ هەڵبگریت و بەرەوپێش بچیت، ئەگەر لەگەڵ گوژمی هەردەم تازەی گیانی سەردەمەکەی خۆتدا خۆت نوێ بکەیتەوە، بە شلوشەوێق و ڕاڕا و هەڵگەڕاوەت دەزانن.

**پاتەر مێلخەر:** لەوەتی دنیاش دنیایە هەروا بووە! بەڵام ئاخۆ کەسێکی تێگەیشتوو ئەوەی بەلاوە گرینگە چ ناوێکی لێ دەنرێت؟ لە بووندا چی بیت، هەر ئەوەیت؟ نە کەم و نە زۆر!

**نەناسراو:** کەواتە کێیە کە ڕاوبۆچوونی بەردەوام لە گۆڕان و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاواز ڕێک دەخات؟

**پاتەر مێلخەر:** لە ڕاستیدا تۆ بۆ خۆت دەتوانیت وەڵامی ئەوە بدەیتەوە و بەم شێوەیەش: دەسەڵاتە هەرە باڵاکان خۆیانن کە بیروڕاکان پەرە پێ دەدەن و بڵاویان دەکەنەوە، بەجۆرێک کە لە بازنەیەکی ڕوون و ئاشکرادا دەردەکەون.... (هێگڵ)ی فەیلەسووفی ئەم



سەردەمەی ئێستامان، کە خۆی لە خۆیدا دووانەیەکە، بۆ هەردوو بەشەکەی (هێگڵ)ی چەپڕۆ و (هێگڵ)ی ڕاستڕۆ، لە هەر کەسێکی تر چاکتر شتە دژبەیەکەکانی نێو ژیان و مێژوو و ڕۆحی، بەپێی هاوکێشە ئەفسووناوییەکەی: تێزەکان، چەسپاندنی ڕاستیی شتێک، دژەتێزەکان، پێکهێنان و یەکخستن و تێگەیشتن و توانای تێگەیشتن، دۆزیوەتەوە!...
ئەمجا کوڕی گەنج، زۆر گەنجیش نا! تۆ ژیانت بە پەسندکردنی هەموو شتێک دەست پێ کردووە، پاشان بەردەوام بوویت و بەوە گەیشتویت کە بەپێی بیر و بۆچوونەکانی خۆت نکووڵی لە هەر شتێک بکەیت. ئێستا دەست لە تێگەیشتن و توانای خۆت بۆ تێگەیشتن هەڵبگرە! کەواتە: چیی تر لووتبەرز و لەخۆبایی مەبە! مەڵێ: یا ئەم یا ئەو! بەڵکو بڵێ: ئەمیش و ئەویش! بەوشەیەک یا دووان: هەستی مرۆڤایەتی، یا ملکەچکردنی بەناچاری!

(پەردە.)

لە شوێنی سروودی ئاینی خوێندنی کڵێسایەکی بچووکی دێرەکە تابوتێکی سەربەتاڵ دانراوە، بەقوماشێک کە بەدامێنی تابوتەکەدا شۆڕ بووەتەوە داپۆشراوە و دوو مۆم دەسووتێن.

**کۆنفێسۆر:** (دێتە ژوورەوە، دەستی نەناسراوی گرتووە و نەناسراو وەک کەسێک کە تازە بڕوا بە ئاینی خاچپەرستان دەهێنێت کراسێکی ئاودامانی سپیی لەبەر کردووە.) بەباشی بیرت لەو هەنگاوە کردووەتەوە کە دەتەوێت بینێیت؟

**نەناسراو:** زۆر بەباشی!

**کۆنفێسۆر:** هیچ پرسیارێکی ترت هەیە؟

**نەناسراو:** پرسیارکردن؟ نا!

**کۆنفێسۆر:** کەواتە لێرە بوەستە، تا دەستەی کڵێسا و برایان و باوکان دەهێنم و دەست بە ئاهەنگە ئاینییەکەمان دەکەین.

**نەناسراو:** چاکە! با وا بێت!

**کۆنفێسۆر:** (دەڕوات.)

**نەناسراو:** (تەنیا، بیر دەکاتەوە.)

**فریودەر:** (دێتە پێشەوە.) ئامادەیت؟

**نەناسراو:** ئەوەندە ئامادەم کە هیچ پرسیارێکم نەماوە بۆ تۆ.

**فریودەر:** تۆ کە ئێستا لە پێچاڵی گۆڕدایت، تێ دەگەم! لەو تابوتەدا ڕادەکشێیت و خۆت وا پێشان دەدەیت مردوویت، ئادەمی پیر سێ خاکەناز خۆڵی دەکرێتە سەر و سروودی (دۆ پرۆفوندیس)یش دەخوێنرێت. پاشان لەنێو مردووانەوە زیندوو دەبیتەوە، ناوە کۆنەکەی خۆتت خستووەتە لاوە و وەک منداڵێکی تازەلەدایکبوو ناو دەنرێتەوە!... ناوت چی دەبێت؟

**نەناسراو:** (وەڵام ناداتەوە.)

**فریودەر:** نووسراوە: یوهانەس؛ برا یوهانەس، چونکە تۆ لە بیاوان ئامۆژگاریی ئاینیی خەڵکت کردووە و...

**نەناسراو:** لێم تێک مەدە!

**فریودەر:** پێش ئەوەی بچیتە ناو بێدەنگییە دوور و درێژەکەوە، نەختێک قسە لەگەڵ مندا بکە، چونکە دوایی بۆ ماوەی یەک ساڵ بۆت نییە قسە بکەیت!

**نەناسراو:** چاکتر! قسەکردنیش بەرەنجام وەک خواردنەوە بوو بەبارگرانییەک بۆم و ئیتر قسەکردن بۆ... کاتێک کە وشەکان خۆیان ناتوانن بیر بکەنەوە؟



**فریودەر:** کە ئێستا لە پێچاڵی گۆڕدایت، ژیان هێندە تاڵ و ناخۆش بوو؟

**نەناسراو:** ئا، ژیانی من!

**فریودەر:** بێ هیچ خۆشییەک؟

**نەناسراو:** با، خۆشییەکی زۆر، بەڵام کورتخایەن و وەک ئەوەی کە بەتەنیا هەر بۆ ئەوە بێت قووڵتر هەست بە ئێش و ژانی نەبوونی خۆشی بکەیت!

**فریودەر:** ئەی ناتوانین، بەپێچەوانەوە، بڵێین ئێش و ژان بۆ ئەوە هەبوو، تا لە خۆشی بهێنێتەوە ئاراوە!

**نەناسراو:** دەتوانرێت هەموو شتێک بوترێت...

(ژنێک، منداڵێک بە باوەشەوە بەرەو ناولێنان، بەسەر شانۆکەدا دەڕوات.)

**فریودەر:** سەیرکە ساوایەک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرێت دەبرێت تا مەلاشووی بە ئێش و ژان هەڵبهێنرێتەوە.

**نەناسراو:** منداڵی نەگبەت، منداڵی بەستەزمان!

**فریودەر:** ئەویان دەسپێکی بەسەرهاتی کەسێک و... (بووک و زاوایەک بەسەر شانۆدا دەڕۆن.) ئەمیان... خۆشترین و تاڵترین شت! ئادەم و حەوا لە بەهەشت، کە هەفتەیەکی تر دەبێت بە دۆزەخ و دوو هەفتەش دوای ئەوە دەبێتەوە بە بەهەشت...

**نەناسراو:** خۆشترین شت! ڕووناکترین شت!... یەکەمین، تاکترین، دواترین، ئەوەی مانایەکی بە ژیان دا، هەروەها منیش جارێک

لە جاران لەبەر خۆرەتاودا دانیشتم، ڕۆژێکی بەهار، لە تەلانێکدا، لەژێر یەکەمین درەختدا کە تازە لقوپۆپی سەوزی دابوو و چڵێکیشی کەوتبووە سەر سەرێک و سەرپۆشێکی سپیش وەک تەمومژی بەیانییان بەسەر دەموچاوێکدا، کە دەموچاوی مرۆڤێک نەبوو، هاتبووە خوارەوە و... پاشان تاریکی هات!...

**فریودەر:** لە کوێوە؟

**نەناسراو:** لە ڕووناکیی خۆیەوە!... ئەگەرنا نازانم لە کوێوە!

**فریودەر:** ئەوە دەبێت بەتەنیا سێبەر بووبێت، نەک تاریکی، چونکە بۆ ئەوەی سێبەر هەبێت دەبێت ڕووناکی هەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی تاریکی هەبێت، پێویست ناکات ڕووناکی هەبێت!

**نەناسراو:** بیبیرەوە! ئەگەرنا قەت کۆتاییی نایەت!

(کۆنفێسۆر و دەستەی کڵێسا دەردەکەون.)

**فریودەر:** (ون دەبێت.) تا دوایی!

**کۆنفێسۆر:** (قوماشێکی ڕەشی گەورەی هەڵگرتووە، کە بەسەر تابوتدا دەدرێت.) خوایە دوا پشووی پێ بدە!

**دەستەی سروودخوێنان:** ڕووناکیی ئەبەدی تۆش ڕێی بۆ ڕووناک بکەوە!

**کۆنفێسۆر:** (نەناسراو بەقوماشەکە دادەپۆشێت.)

لە ئاشتیدا بحەوێتەوە!

**دەستەی سروودخوێنان:** ئامین!



## پەڕاوێزەکانی بەشی سێیەم

(١) جەزویت: ڕێبازێک لە ڕێبازەکانی دینی خاچپەرستان و خاوەن شێوازی تایبەت بەخۆی.

(٢) مۆتسترانس: بە عەرەبی: وعاء القربان المقدس.

(٣) کۆرپۆس کریستوس: کورتکراوەی فێستوم سانکتیسیمی کۆرپۆریس ئێت سانگیونیس کریستی، واتە: جەژنی خوێن و لەشی عیسای مەسیح.

(٤) دییە یونفراو: چیایەکە لە بێرنێر ئوبێرلاند لە سویسرا و لووتکەکەی ٤١٥٨ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە و دەکەوێتە کانتۆنێن بێرنەوە و بناری چیاکەش دەکەوێتە هەرێمی ڤالایسەوە.

(٥) جۆب: یەکێک لەو پەیامبەرانەی لە تەوراتدا باسی دەکرێت.

(٦) ئەبەدیسا: سەرۆکی دەستەی ئەو ژنە خاچپەرستانەی تەرکی دنیایان کردووە.

(٧) ئەفرۆدیتە ئورانیا: هۆمێرۆس لەبارەی ئەفرۆدیتە ئورانیاوە دەنووسێت کە ئەو کچی زیوس و دیۆنێس بووە، بەڵام ئەوەی زیاتر بڵاوە ئەوەیە کە کچی ئورانۆس (ئاسمان) بووە و هەر بۆیەش بە ئەفرۆدیتە ئورانیا بانگ دەکرێت. بەگشتیش هەر دەوترێت ئەفرۆدیتە.

(٨) پاندێموس: چەند گەڕام پاندێموسم بۆ ڕوون نەبووەوە.

(٩) ئارییێل، کالیبان، سۆلۆم و ئیسمایل: لە تەوراتدا ناویان هاتووە.

(١٠) سانت جۆرج: بەپێی پێڕەوی زۆربەی کڵێسا کاسۆلیکییەکان یەکێک لە چواردە یارمەتیدەرەکانە.

(١١) میکایل: یەکێک لە سێ فریشتەکانی دینی خاچپەرستانە و دووانەکەی تر جبرائیل و ڕافائێلن.

(١٢) نێمێسیس: بەپێی ئەفسانەی گریکی، خوداوەندی سزا و تۆڵەسەندنەوەیە.

(١٣) ئارگۆسییەکان: خەڵکی یۆنانی کۆن.

(١٤) ژنەکەی پۆتیفەر: لە ئینجیلدا ناوی نییە، بەڵام بەپێی نەریتی هەردوو دینی جوولەکەکان و موسڵمانان بە زولەیخا ناو دەبیرێت و ئەو ژنەیە کە هەوڵی دا

یوسف لەخشتە ببات، بەڵام کاتێک یوسف نایەوێت هیچی لەگەڵدا بکات، ئەم بەوە تاوانباری دەکات کە گوایا هەوڵی داوە دەستدرێژیی لێ بکات و کە پۆتیفەریش بەمە دەزانێت یوسف دەگرێت و دەیخاتە زیندانەوە.

(١٥) ئۆمفالە: بەپێی ئەفسانەی گریکی شاژنی لیدیێن بووە، بەوە بەناوبانگە کە هێراکلێسی پاڵەوانی وەک کوێلە لای خۆی ڕاگرتووە و ڕۆڵی یەکتریان بینیوە: هێراکلێس بەجلوبەرگی ژنانەوە و ئۆمفالەش وەک شەڕوانێک لە بریی هێراکلێس.

(١٦) زیوس: خوداوەندی خوداوەندەکان و فەرمانڕەوای ئاسمان.

(١٧) گاریزم و ئێبال: دوو چیان کە لە تەوراتدا ناویان هاتووە.

(١٨) کاشیی مایۆلیک: جۆرە کاشییەکە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ دوورگەی مایۆرکای ئیسپانیایی.

(١٩) ماهۆگنی: دار و تەختەیەکی قاوەییی ئاماڵسوورە و لە دروستکردنی خانووبەرە و ناوماڵدا بەکار دەهێنرێت.

(٢٠) ئۆتێلۆ: کارەکتەری سەرەکیی شانۆنامە بەناوبانگەی شێکسپیر.

(٢١) نێرۆ: لەدایکبووی ٣٧/١٢/١٥ تا ٥٤/١٠/١٣ی پاش زاین و یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆما کە لە سەردەمی ئەودا دەسووتێت و ئەمەش دەبێت بەهۆی کۆتاییهێنان بەدەستەڵاتی و دەکوژرێت.

(٢٢) هارپاگۆن: پاڵەوانی شانۆنامەی (پیسکە)ی بەناوبانگی مۆلێر. باوکی سێلێت و ئەلیس و داخوازیکاری ماریان.

(٢٣) گۆتی: ناوێکە هەم بۆ شێوازێکی هونەری و هەم بۆ سەردەمێک و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسای چەرخی دەیەمین و تا چەرخی چواردەمینیش لە سەرانسەری ئەوروپادا بڵاو بوو.

(٢٤) پاتەر: باوکی ڕۆحانی کڵێسای خاچپەرستان.

(٢٥) قەڵەم: مەبەست لە قەڵەمی ڕووەکە.



تێبینی: خوێنەر، بۆ زیاتر شارەزابوون لە ژیان، کار و بەرهەمەکانی ئۆگۆست ستریندبێرگ، دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (ستریندبێری، سۆناتای تارمایی لە نێوان ڕاینهارت و بێریماندا، بەشی شەشەم: ستریندبێری ژیانی مرۆڤێکی پڕ لە داهێنان، بیۆگرافیا) نووسینی: دانا ڕەئووف، ٢٠٠١، چاپی کوردستان، دەزگای سەردەم و چاپی سوێد.